# خودا

# لە نێوان

# حەقیقەت و ئایین و ئەفسانەدا

نووسینی: فواد عوسمان

من تەنها ئەو،ئەو هەموو من/بوین بە گەردونێکی بێ بن
(انا الحق)ی دا (مِن لَدُن) / بـوون و نـەبـوونـی مـنی ون
بە خەیاڵما نایە کە هەم/هەم کە هەم، هەر ئەوەم کە هەم
هەموو دەم، هەربووم وهەرهەم/لە ژمارە نایە بوونی من
من بێ کۆتا ، خۆمم تەنها / لەگەڵ خودا، بێ هیـچ مەودا
یەک وجودین ،بەبێ جودا / لای مـن یـەکـە ژیـن و مردن

فؤاد عثمان

وتەی نوسەر

دوای سی ساڵ بیرکردنەوەو پرسیار لە خۆ کردن . گەیشتمە ئەو دەرەنجامانەی

که دەیخەمەبەر دیدی خوێنەران و ڕۆشنبیران دەربارەی خواناسی

بەلای منەوە پێویستە خواناسی بکرێتە بابەتێکی زانستی و لە مەنهەجەکانی خوێندن بخوێندرێ ،وەکو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زەویناسی

لەوانەیە هەندێک لە خوێنەران و ڕەخنەگران وا بەبیریان دابێ کە من خوا بچوک دەکەمەوە بۆ بابەتێکی سادەی پرۆسەی خوێندن .نەخێر بەڵکو دەبێ ئەو مەنهەجی خواناسیە ، هەموو لایەنە فەلسەفی وزانستی و ئیمانی و عیرفانی و مەعریفی و ڕۆشنبیری بگرێتەوە بە فراوانی و بە قووڵی

لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا بۆم دەرکەوت کە ئەگەر خوایەک هەبێ ، ئەوا دەبێ بۆ هەموومان بێ. نەک موڵکی ئاینێک و مەزهەبێک و بیروباوەڕێک و فەلسەفەیەک . وە ئەو مافە بدرێ بەهەموو کەسێک بۆ چۆنیەتی ناسینی خوا

لەهەر پەنجەرەیەکەوە لە خواناسی بڕوانی ،تۆ تەنها گۆشەیەک

سنوورێکی خواناسی هەست پێ دەکەی . بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە تەنها پەنجەرەیەک نیە بۆ ڕوانین لە خواناسی، بەڵکو هەر شتێک و کەسێک پەنجەرەیەکە بۆ ڕوانین لەگۆشەیەکی خواناسی

تێگەیشتنی من لەو سۆنگەیەوە هەموو سنورە دەسکردەکانی تێپەڕاندو گەیشتە ئەو ئاستەی کە بڵێ بەقەد هەشت ملیار کەسی دانیشتوانی ئێستای سەرزەوی

هەشت ملیار پەنجەرە هەیە بۆ ڕوانین لە خواناسی وهەرپەنجەرەیەک وئاینێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی .واتە خوا بۆ هەریەکێک لە ئێمە، ئاینێکی تایبەتی تۆمار کردوە لە ناخمان .هەرکەسەو ئاینی خۆی بۆخۆی .ئاینی کەس بۆ کەس نابێ

لەسەر ئەو نەهجە، دەستم دایە نوسینەوەی ئەو کتێبەی وا لەبەردەستی ئێوەیە

هیوادارم سوودی هەبێ بۆتان. یان هەرهیچ نەبێ ، سەرەتایەکی تازەبێ لە خواناسیدا

ڕێزم قەبووڵ بفەرموون

پێشەکی

ئەم کتێبە بۆ ڕاست کرڕنەوەی ئەو چەمک و بەهابالآیانەن کە ئاین بە لاڕێیدا بردوە لە پێناو پارێزگاری کردن لەو دەستنوسانەی کە خۆیان بەناوی خوا دایانتاشیوەو پارێزگاری لێ دەکەن . کتێبی پیرۆز بیانوێکە بۆ شێواندنی ئەو چەمکانەی کە لە کتێبەکەم ئاماژەم پێداوە. ئاین ئەگەر بریتی بێ لە بەهای بالآو ڕەوشتی جوان، پێشوازی لێ دەکەم .بەڵام ئەگەر ئاین خۆ هەڵقوتێنەر بێ لە هەموو شتێک ودەست لەهەموو کون و قوژبنەکانی ژیان وەربدا،لای من ڕەت کراوە یە. نەک لە پەنای خوا ،بگرە لە پەنای هەزاران خواش دابێ ، دەبێ پەردەی لەسەر ڕووی داماڵی و حەقیقەتی دەرخەی کە نابێ ئاین وابێ و ئەمە ئیشی ئاین نیە کە خۆ هەڵقوتێنەرو دواتر خۆسەپێنەر بێ چونکە سرووشتی مرۆڤ ئەمە ڕەت دەکاتەوە. زۆرینەش هەرگیز شوێنی حەقیقەت پڕ ناکاتەوە.

ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێ ،وەک (ژیان ، بوون، خوا ، ئاین ، مرۆڤ، سرووشت ، جیهانی نادیار، خەڵقی مرۆڤ ، ئەفسانە ، کۆمەڵێک بابەتی تر)

هەر بابەتێک لەو بابەتانە لەچەند ڕەهەندێکەوە بۆی چووم . هەوڵم داوە زۆر کورتی بکەمەوە ،هەرچەندە هەندێک بابەت هەویرێکەو ئاو زۆر دەکێشێ. بە پێی توانا هەوڵم داوە ئەوەی کە مەبەست بێ بیگەیەنم . هیوادارم کاتتان لێ نەگرم و ئەو کتێبە سوودی هەبێ بۆتان.

هەرگیز خودا خۆی ناکاتە بابەت.

خودایەک بەو هەموو مانایەوە کە ناسیومانەو دەیناسین، هەرگیز خۆی ناکاتە بابەت. خوایەک بەو هەموو تێگەیشتنەوە کە هەمانە بۆی ،خۆی ناخاتە مەقامی باس کردنەوە.خودایەک بەو هەموو کارە سەرسوڕهێنەوە ،مرۆڤ بەخۆیەوە سەرقاڵ ناکا. خودایەک بەو هەموو بێدەنگیەوە ، دەنگە دەنگ دروست ناکا لەنێو بوونەوەرانی بۆ سەلماندنی حەقیقەتی بوونی خۆی . خودا کاتی پێ بەخشیوی بۆ سەلماندنی خۆت . کاتت لێ ناگرێ بۆ سەلماندنی خۆی. خودا هێزی پێ بەخشیوی تا بەرگەی هەموو ئاڵەنگەریەکان بگری . هێزت کۆنترۆڵ ناکا لەپێناو ملکەچ پێکردنت. خودا خۆشەویستی پێ بەخشیوی تا خۆتی پێ خۆشەویست کەی ، داوای خۆشەویستی لێ نەکردووی بۆ خۆی. خودا ویستی پێ بەخشیوی بۆ گۆڕانکاری. نەک ویستی خۆی زاڵ کات بەسەرت دا. خودا ژیانی پێ بەخشیوی بۆ ژیانکردن. نەک ژیانت بکاتە پاشکۆ بۆ مردن. خودا هۆشی پێداوی بۆ هۆشمەندی . هۆشت نابا بەخەیاڵاتی دوێنێی ڕابردوو بەیانی داهاتوو.

خودا ئەندامەکانی جەستەی پێ بەخشیوی ، بە دیاری لێت وەرناگرێتەوە بە بیانووی دونیایێکی تر . خودا ئازادی پێ بەخشیوی تا خۆتی پێ ئازاد کەی . کۆیلەیی لێت ناوێ تا خۆتی پێ ڕیسوا بکەی بەناوی کۆیلایەتی کردن بۆ خودا . هەموو شتێکی خودا بێ بەرامبەرە تەنها ئاگایی نەبێ ،لە بەرامبەردا هەموو حەقیقەتەکانت تێدا تۆمار کردبێ. خودا بۆ هەموو شتێکە ، لە هیچ شتێک بێبەری نیە. خودا سوکنایی هەموو شتێکە ، خودا ئارامی هەموو شتێکە . خودا ڕۆشنایی هەموو شتێکە. خودا خودای هەموو شتێکە.

)نەبوون-عدم-سفر(حەقیقەتە.
زانست پێی وایە : دەرەنجامی دوو بڕی یەکسانی پۆزەتیف ونێگەتیف کۆیان دەکاتە سفر.)تا ئێستا زانست بەوە گەیشتوە کە هەموو دروستکراوەکان بریتینن لە(هیچ – سفر)ئەگەر ئەو بابەتە بەشێوەیەکی ماتماتیکی لێک بدەینەوە(هیچ - سفر)هیچ نیە جگە لەسەرەتای-( ٢-٣-٤-٥-٦)..تاکۆتایی کە بێکۆتاییە .بەڵام هاوکێشە حەقیقیەکە بەو شێوەیە نیە. چونکە هەموو شتێک دژی خۆی هەیە ،کە لە کتێبە ئاینیەکان ،ناسراوە بە(زوجین)واتە: ئەگەر(١)هەبێ ،ئەوا دەبێ هاودژەکەشی هەبێ-(١)بەو شێوەیەش ئەم بۆ چوونە پشت ڕاست دەبێتەوە کە (سفڕ-هیچ)تەنها سەرەتایەکە بۆ ژمارە سرووشتیەکان . کەواتە :مادام هەموو شتێک هاودژی خۆی هەیە(زوجین)، سفڕ نابێتە سەرەتای هەموو شتێک بەڵکو تەنها ناوەڕاستی دوو جیهانی بێکۆتاییە . کەواتە ئەوەی کەتا ئێستا زانست پێی گەیشتووە دەربارەی بوون، تەنها گەیشتنە بە( نەبوون)هێشتا نەزانراوەونەسەلمێنراوە جیهانی بەر لە( نەبوون-هیچ) چۆنە. واتە ئەو جیهانانەی کە ئێمە ڕاگوزەر دەبین پێیدا ،تەنها ژمارە مووجەبەکانە. دونیاکەی تر نازانین ژیان چۆن تێیدا دەگوزەرێ
هاوکێشەیەکی ماتماکیکیە کە(هەرشتێک کۆتایی نەبوو، ئەوا سەرەتایشی نیە)بەڵام ئەگەر گوتت ژمارە بێکۆتایەو بەڵام سەرەتایەکی هەیە.ئەویش لە(سفر)ەوە دەست پێ دەکا .نابێ ئەوە مەنتیق نییە بوونێک بێکۆتابێ و سەرەتایشی هەبێ. بەڵکو هەموو بوونێکی بێکۆتا سەرەتایەکەشی بێکۆتایە .
چونکە هەروەک گوتمان: هەموو شتێک ،هاودژی خۆی هەیە . ئەمە ڕێک وەک ئەوە وایە ،کە دوو ئاوێنە بێنیتە بەرامبەریەک و خۆتیش لە ناوەندی هەردوو ئاوێنەکەدا بیت و لەهەردوو ئاوێنەکەدا ،بەچەندەهاجار بێکۆتایی وێنەدانەوەی خۆت دەبینی لەهەردوو ئاوێنەکەدا ،کە ئەگەر هەردوو ئاوێنەکە بشوبهێنین بەهەردوو جیهانی بێکۆتایی ،چ بەباری موجە ب،چ بەباری سالب .بەڵێ بێگومان هەموو شتێک هاودژی خۆی هەیە
وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ( الذاريات٤٩ /

تەنها (هیچ – سفر) هاودژی نییەو تاکە

ئەودیوی بوون ، جیهانی نادیار یان نەبوون .ئەی دژە بوون چیە؟

هەریەک لەم دەستەواژانە ،فەزاومەغزای خۆی هەیە .بوون ، واتە ئەو شتانەی کە هەستیان پێ دەکرێ لەڕێگەی هەستەکانەوە .دەمانەوێ قەبارەی بەشێک لەهەوا دەستنیشان بکەین .بۆ ئەو مەبەست، پەنا دەبەینە بەر باڵۆنێک کە بەبێ هەواکە ، ڕووبەروقەبارەی جانتایەکی سەفەرکردنە .بەڵام کاتێ کە پڕی دەکەی لە هەوا ، ئەوا قەبارەو ڕووبەرەکەی چەند هێندە زیاد دەکا .بەهەمان شێوە . هەموو شتێکی جیهانی بوون، وەک باڵۆنەکە وایە .نەبوونەکەش وەک نموونەی هەواکە وایە .ئەو هەبوونە بە پڕبوونی لەو نەبوونە ،قەبارەکەی بەتەواوی دەردەکەوێ .زانایان دەڵێن :گەردوون بە قەد یەک دەنکە (نۆک) بووە، کاتێ تەقیوەتەوە(واتە کاتێ وەک پەڕەشووت کراوەتەوە )ئیتر لەگەورە بوون فراوان بوون دایە تا ئێستا ، واتە نموونەی باڵۆنەکە ،کە تا ئێستا هەوای تێ بکرێت و لە فراوان بوون و گەورە بوون دابێ .گەردوونیش بەهەمان شێوە .وەک باڵۆنەکە هەڵگری ئەو بەشەی نەبوونە بەقەد قەبارەکەی خۆی.

بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ،ئەو پرسیارەیە(ئەی دژەبوون چیە؟) ئێمە باسی هەرسێ ڕەهەندی دیارو نادیارو نەبوونمان کرد، بەڵام ڕەهەندێکی تریشمان هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین ، ئەویش دژە بوونە .ئەگەر بێین ئەو ڕەهەندانە بەشێوەیەکی بیرکاریانە ( ماتماتیکیانە) گوزارشتی لێ بکەین، ئەوا هەبوون( دیار ) ژمارە سرووشتیە موجەبەکان دەگرێتەوە .بۆ نموونە( ١/٢//٣..... تابێکۆتایی ) وەهەروەها نەبوون، ژمارە ( سفر) دەگرێتەوە کە ژمارەیەکی سەربەخۆیەو هاودژی نیەو بێ لایەنە لەنێوان هەموو ژمارە تەواوەکان و هاودژەکانیان .وە نادیار ئەو ژمارانەن کە لەنێوان مەوداکاندا هەن .بۆ نموونە لەنێوان مەودای سفر بۆ یەک کۆمەڵە ژمارەیەکی نادیاری بێکۆتا هەیە .ڕەنگە بۆ ئێمەی کەسانی ئاسایی هیچ بەهاو گرنگیکیان نەبێ .بەڵام ڕەنگە بۆ کەسانی پسپۆڕو زانا ، زۆر بە نرخ و گرنگ بێ .

بەڵام بێجگە لەمانە ، کۆمەڵەیەکی ترمان هەیە کە هاودژن بە پێچەوانەی بەرەوپێش چوون و گەشەسەندن .کە بە زمانی ماتماتیکی پێی دەڵێین( : سالب



-نێگەتیف) بۆنموونە وەک(-١- ٢-/٣-/-٤ ......) بەهەمان شێوە ئەویش بێکۆتایە

وه (سفر- نەبوون) خاڵی دەسپێکه بۆ هەردوو جیهانی هەبوون و دژەبوون .بەڵام ئایا ئەوەی له ماتماتیکدا بۆته ڕاستیەکی بنەڕەتی ، ئایا له زانستەکانی تریشدا بەهەمان شێوەیه .یان ئایا تەرجومه کراوەته سەر ژانرەکانی تری بواری زانستی؟؟؟ که ڕەنگه بەو هۆیەوه بتوانین جیهانی بەر له تەقینەوەکەش ئاشکراکەین لەڕێگەی ئەم ڕێسایەوه .

هیچ بوونێک بێ ژیان نابێ و نیە ،ژیان نیشاندەری بوونە،جۆری ژیان نیشاندەری جوری بوونەکەیە. گرنگ تێگەیشتنە لە بابەتەکە نەک بەستنەوەی مانا بە دەستەواژە ، لێرەدا مەبەستمە بڵێم( ئەوەی کەپێی دەڵێن :گیان- ڕۆح)خودی ژیانکردن وجۆری ژیانکردنی هەر تەنێکە. کەواتە هیچ گرفتێکمان نابێ ئەگەر لەجیاتی گیان بڵێین ژیان.

ژیان و بوون ،دوو حەقیقەتی پێکەوە گرێدراون و دەرکەوتەی خوایەتی خوان. کەواتە: ئەگەر ژیان نەبێ ، بوون نیە .چونکە گەردیلەی تەنەکان پرۆتۆن و ئەلیکترۆنەکان و ئەو هێزوجوڵەیەی کەلەنێوانیان دا هەیە ،ئەمەیە ژیانی هەر شتێک . بەنەمانی ئەو هێروجوڵەیە(ژیان) ئەو بوونە لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

بەهەرحاڵ ،چۆنیەتیی ژیانکردن ،جۆری بوونەکەو ئاگاییەکەی دەستنیشان دەکا ئاگایی لە بوونێکەوە بۆ بوونێکیتر دەگۆڕێ بەگوێرەی خەلقی بوونەکە. بۆیە ئاگایی لە مرۆڤدا جیایە لە ئاگایی لە تەنێکی تردا.

ئەو ئاگاییە لە مرۆڤدا، مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوەی قوڵتر دەبا ، چونکە ئاگایی مرۆڤ لەسەرووی بیرکردنەوەی خۆیەتی .بۆیە بیر لە بوونی جیهانێکی تر دەکاتەوە. بۆ نموونە : بەشێوەیەکی قوڵتر لە قۆناغەکانی هاتنە دونیای خۆی ورد دەبێتەوە. کاتێک کە دەبینێ لە جیهانی سپێرم و تۆوە کە تەمەنی تەنها چەند چرکەیەک بووە، ڕاگوزەر بووە بۆ قۆناغێکیترو جیهانێکیتر کە ناو ڕەحمی دایکەو تەمەنی چەند هێندە زیادی کردوە بۆ چەند مانگێک ، کە لە قۆناغی پێشوودا تەنها چەند چرکەیەک بوو. دواتر هاتۆتە قۆناغێکیترو جیهانێکی چەندەها جار فراوانتر کە تەمەن و جیهانەکەی چەندان جار لەوەی پێشووتر زۆرترو فراوانترە. بۆیە بیرۆکەی جیهانێکی ترو چەندین جیهانی تری لە ئاگاییدا گەشە دەکات و دەکەوێتە خەیاڵ کردن بۆ جیهانی دوای ئەوجیهانەی کەتێیدا دەژیت. بەڵام بەنەمانی ئەو ژیانە لەنێو ئەو بوونەدا، بوونەکەش شی دەبێتەوەو نامێنێ . بەڵام ئەو ئاگاییەی کە ئەو بوونە بەرهەمی هێناوە ،هەردەمێنێ ،چونکە سلکەکەی ڕاستەوخۆ لەخواوە هاتوە.



بەڵام ڕەنگە بوونێکی تر ئاستی ئاگایی تەنها لە ئاستی بیرکردنەوەی خۆیدا بێ ، بۆیە تەنها وا دەزانێ هەر ئەو ژیانەیە کەتێیدا دەژی. وە لەوانەشە تەنێک

خواو زانست.

هیچ زانینێکی دیاریکراوی سەد دەر سەد نیە دەربارەی خوا واتە: هەر چەندی دەربارەی خوا بزانین، هێشتا هەر سەرەتای ناسینە. زانینی مرۆڤ ،مەحکومە بە زانستەوە. زانستیش پڕۆسەیەکە تێیدا زانین تەنها ڕۆڵی سەرکەوتنە بەسەر پەیژەکانی زانست دا . بۆیە تێگەیشتنی مرۆڤوابەستەیە بە زانینەوە ،وە زانینیش وابەستەیە بە زانستەوە. لێرەوە زانست و باوەڕ ڕۆڵیان دابەش دەبێ . باوەڕ بۆ بوونە ،بە ڵام زانست بۆ لێکۆڵینەوەیە لەو بوونە .

کاتێ دەڵێین زانست، مەبەستمان زانستێکی دیاری کراو نیە چونکە هەموو بوونێک لەنێو چوار چێوەی زانست دا دانراوە. بۆیە لەهەر لایەکەوە هەوڵی خواناسی بدەی .هەوڵەکەت دەچێتە ناو چاورچێوەی یەک لەو زانستانەوە.

هیچ زانینێکی ڕەها دەربارەی خوا نیە . بەڵکو زانست تەنها ئامرازێکە بۆ زانینی زیاتر دەربارەی خوا . خواش لە هەموو لایەکەوە بێ کۆتایە.

بابزانین دەربارەی ئەو بابەتە قورئان چیمان پێ دەڵێ و بەراوردی دەکەین لەگە خوای ڕاستەقینە .

یەکەم / خوا گەورەیە .قورئان دەڵێ)عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ(الرعد٩ لەو ئایەتەدا قورئان باس لە گەورەیی خوا دەکا .کەواتە خوا شێوەو قەبارەی هەیە .ئەم گوزارشتە قورئانیە سەر بۆ چەند پرسیارێک دەکێشێ ، کە وەڵامدانەوەیان دەبێتە مایەی سەرسوڕمان. وەک : کێ ئەم قەبارەیەی بەو ئەندازەیە بۆ بڕیار داوە؟ ئایا ئەو قەبارەو شێوەیە چۆنە ؟ وە ئایا ئەو قەبارەو شێوەیە بە بەراورد بە چ شتێک گەورەیە؟ ئەگەر قەبارەو شێوەی هەبێ ،خۆ دەبێ لە ماددەیەک دروست کرابێ .ئینجا لێرە سەردەکێشێ بۆ ئەو ماددەیەی کە خوای لێ پێک هاتوە کە لە خاڵی دووەم دا ئاماژەی پێ دەدەین.

دووەم / خوا ڕووناکیە .هەروەک قورئان دەڵێ):۞ **اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ ۖ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(٣٥)** النور لێرەدا پێکهاتەی جەستەی خوای دیاری کردوە بە نوور واتە ڕووناکی . دەی کەوایە کێ ئەم نوورەی دروست کرد و خوای لێ خەلق کرد ؟ ئەی پێش نوور خوا هەبوو نەبوو؟ ئەی لەو حاڵەتەدا تاریکی دەبێتە چ؟ دەبێتە هاودژ ؟ ئەی کێ تاریکی دروست کرد؟

سێیەم / خوا چاوو گوێی هەیە.وەک قورئان دەڵێ):مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ ۗ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (٢٨) لقمان .جگە لەوەش، وەزیفەو ئەرکی بیستن و بینینی پێ بەخشیوە. کە دەڵێ:قَالَ لَا تَخَافَا ۖ إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَىٰ(٤٦) طه لە ئایەتەکەدا ئاماژە بەوە دەدا کە خوا دەبینێ و دەبیستێ.



لێرە ئەوەیە کە ئەگەر خوا پێویستی بە هیچ نییە، ئەی بۆ گوێچکەو چاوی هەیە؟ ئەی ئەمە مانای ئەوە نییە کە خوا پێویستی بەو دوو دەزگایە هەیە تا ئاگاداری هەموو شتەکان بێ؟ ئەی ئەگەر چاوو گوێی نەبوایە؟

چوارەم / خوا دەستی هەیە .هەروەک قورئان دەڵێ): قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ۖ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ(٧٥) ص بەڵێ بە تێڕوانینی قورئان، خوا دوو دەستی هەیە .دوو دەستیش کارەکانی دیارە چۆنن ، تەنها کارێک یان دووکاری پێ ئەنجام دەدرێ تا تەواوی دەکا .بۆیە قورئان لەو بارەوە دەڵێ) :﴿يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ (الرحمن .واتە :هەر ڕۆژێک و کارێک دەکا . بەڵام ئایا خوای ڕاستەقینە ، خۆی کار دەکا یان کاروبارەکانی خۆی داوەتە دەست سرووشت و گەردوون؟چونکە ئێمە دەبینین لەهەر چاوتروکانێکدا ملیارەها کار لە گەردوون دا ئەنجام دەدرێ .

پێنجەم /خوا ،نەفسی هەیە .بە پێوەری قورئان ، خوا نەفسی هەیە .هەروەک دەڵێ): وَإِذَا جَاءَكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِنَا فَقُلْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ ۖ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ ۖ أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِن بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٥٤) یان دەربارەی عیسا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ):وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ(١١٦) المائدە

شەشەم / خوا قاچی هەیە.هەروەک قورئان لەوبارەوە دەڵێ: يوم يكشف عن ساق ويدعون الى السجود فلا يستطيعون)القلم٤٢ کە فەرموودە ئەم ڕاستیە پشتڕاست دەکاتەوە بەوەی کە دەڵێ:يكشف ربنا عن ساقه ،فيسجد له كل مؤمن ومؤمنة، ويبقى من كان يسجد في الدنيا رياء وسمعة، فيذهب ليسجد فيعود ظهره طبقا واحدا.کەواتە : ئەو اللهیە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ مرۆڤ . کە لە بابەتی ئەفسانەکاندا ڕوونی دەکەمەوە کە تەنانەت ئادەمیشی هەر لەسەر شێوەی خۆی دروست کردوە.



حەوتەم / خوا هەستی هەیە. وەک) تووڕە بوون ، خۆشەویستی ، ڕەزامەندی ( هەروەک لە قورئان دەربارەی تووڕەیی

دەڵێ):بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ۖ فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ۚ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٩٠ البقرة) وە دەربارەی خۆشەویستیش دەڵێ): إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ(٤) الصف .وەدەربارەی نەفرەت کردن دەڵێ ): وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا(٦) الفتح.

دەپرسم ئەرێ ئاخۆ ئەمە خوایە یان جۆرە مەخلوقێکی فەزائی کە کت و مت هەموو شتێکی لە منی مرۆڤ دەچێ و هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ من . حەوتەم / خوا ،ڕق وتوڵەی هەیە . قورئان لەو بارەوە پێمان دەڵێ) : فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ(٤٧) ابراهيم . وەدەربارەی سزا دەڵێ): يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ(١٠) الصف . ئینجا خوا لە کەمین دایە لە خەڵکی، هەروەک قورئان دەڵێ ):إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ (١٤)الفجر .ئینجا قامچی بە دەستەوەیە .هەروەک دەڵێ) :فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ(١٣) الفجر .دەپرسم ئەرێ چۆن دەبێ خوا وابێ؟ ئەمە هەر کت و مت مەخلوقێکەو خۆی لە خەڵک کردوە بە خوا.

چونکە ئەسڵ وانیە خوا ،)بوون (بێ . چونکە ئەگەر بوون بێ، ئەی کێ هێنایە بوون؟ بەڵکو عەقیدەی ڕاست و دروست بۆ خوای ڕاستەقینە ئەوەیە کە دەبێ خوا هێنەرە بوون بێ نەک بوون .

ئەو خوایەی لە پەڕاوە ئاسمانیەکان ئاماژەی پێدراوە، تەنها خوایەک

دروستکراوی نێو پەیامەکانەو هیچ پەیوەندیەکی بە خوای ڕاستەقینەوە نیە.



جیاوازی نێوان خودا و (الله)

ڕەنگە ئەم ناوونیشانە هەندێک نامۆبێ بۆ خوێنەری کورد بەڵام پێم باش بوو کە خوێنەری کورد لەو حەقیقەتە ئاگادار کەمەوە کە تەنانەت ئیسلامیەکانیش

گەیشتونەتە ئەو حەقیقەتەو ئەو خاڵە کە لە جیاتی خودا، دەستەواژەی (الله) بەکار بێنن . بۆیە منیش بە مافی خۆم و گەلەکەمی دەزانم کە بەرگری لە خودا بکەم و بەراوردی بکەم لەگەڵ (الله).

جیاوازیەکەش لێرەوە دەست پێدەکا کە خودا ئەو هێزە سرووشتیەیە کە لە ناخی مرۆڤایەتیەوە بەشێوەی سرووش هەستی پێکردوە. بەڵام (الله) زاتێکە کە کەسێک خۆی کردوە بە نوێنەری ئەوو لە جیاتی ئەو قسە بۆ خەڵک دەکات و لەبری ئەو حوکم دەدات و فەرمان بەناوی ئەوەوە دەردەکات. بۆیە لەم سۆنگەوە ئێمە هەموو ئاینە ئیبراهیمیەکان دەخەینە یەک تای تەرازوو ، وە قورئان دەکەینە زمانحاڵی هەموو ئاینە ئیبراهیمیەکان . چونکە قورئان بە حیساب کۆتا پەرتووکی ئاسمانیەوبەپێی قورئان، هەیمەنەی هەیە بەسەر هەموو پەڕاوە ئاسمانیە ئیبراهیمیەکان و کۆکراوەی صوحوف و فورقان و قەریان و ذیکر و زەبوورو وەصایەی عەشەرەیە.

بەڵام خودا کە وێنەی گرتوە لەسەر سرووشتی بیروباوەڕی مرۆڤ ، بابەتێکی ترەو لەڕێی سرووشتی خودەوە ، پیت و وشەکانی لە ناخی مرۆڤدا چاندوە، مرۆڤ لە ڕێی خوێندنەوەی پەرتووکی خودا (کە سرووشتە) حەقیقەتی خودای بۆ دەردەکەوێ و دۆزیویەتیەوە.

لێرەدا ئاین و عەقڵ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوەو جیاوازی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو خوایەی کە یەکێکیان ئەو خوایەیە مرۆڤی دروست کردوە ،وە ئەوی تریان ئەو خوایەیە مرۆڤ دروستی کردوە.

اللهی ناو پەڕاوە ئاسمانیەکان کە مرۆڤ دروستی کردوە، بریتیە لەو اللهیەی کە کۆت و بەندی وەڵامە کۆنکرێتیەکانی ناو پەڕاوە ئاسمانیەکان و تاهەتایە ئەو اللهیەی پێوە مەحکومەو ناتوانێ لە بەندوبڕگەکانی ناو ئەو پەڕاوانە ڕزگاری بێ. بەڵام ئەو خودایەی کە هێنەرەبوونی هەموو شتێکە، لە پرسیارە وجودی و خلودی و وەڵام نەدراوەکانەوە خۆی ئەپدێت دەکاتەوە. واتە تاکو پرسیار کردن دەربارەی



(خودا) بوونی هەبێ، نیشانەیە بۆ خودای هێنەرەبوونە.

اللهی ناو پەڕاوە ئاسمانیەکان لەگەڵ نوسینەوەی لەسەر پەڕەکان، نیشتە سەر کاغەزو لە کۆتا وشەدا کۆتایی هات. بەڵام خودای ڕاستەقینەی هێنەرەبوون ،

لەگەڵ هەر هاتنە بوونێکدا یان دۆزینەوەی هەر بوونێکی تازەدا. نوێ دەبێتەوە . واتە خودای ڕاستەقینەی هێنەرەبوون لەهەر چاوتروکانێکدا لە نوێ بوونەوەدایە.

اللەی پەڕاوە ئاسمانیەکان لایەنگیری لایەکی جەمسەرەکانە .واتە : لایەنگیری تاریکیە بەسەر ڕووناکی یان لایەنگیری لایەنی چاکەیە بەسەر خراپەدا، یان لایەنگیری ڕووی سپییە بەسەر ڕووڕەشیدا، یان لایەنگیری ئاشتیە بەسەر جەنگدا یان لایەنگیری نێرە بەسەر مێدا . بەڵام خودای ڕاستەقینە، هێنەرەبوونی هەموو جەمسەرە دژبەیەکەکانە لە پێناو مانەوەو بەردەوامی توخمەکان و گۆڕانکاریەکان.

اللەی پەڕاوەکان پێی وایە کە مرۆڤی لە باشترین شێوەو بێ کەم وکوڕی دروست کردوە . ئەوە مرۆڤە خۆی وێڵ و سەرگەردان دەکات و بەرەو ناڕێکی و تاریکی دەڕوات. بەڵام خودا هەموو شتێکی لە هەڕەمەکی و ناڕێکی دروست کردوەوهێزو وزەو هۆشی خۆڕێکخستنەوەی پێداوەو وردە وردە بەرەو کامڵ بوون و ڕێک و پێک بوون هەنگاو دەنێ.

اللەی پەڕاوەکان تەنها نەتەوەیەک و هۆزێک و بنەماڵەیەک و کەسێک و زمانێکی هەڵبژاردوە بەسەر هەموو جیهاندا. بەڵام خودا هەموو هێنراوە بوونەکانی کردۆتە هەڵبژاردە ، واتە: هەر بوونێک ،هەڵبژاردەیەکە لە هەڵبژاردەکانی خودا.

اللە، بەهۆی سیفەتەکانەوە بوونی هەیەو بوونی خۆی دەسەلمێنێ ، بەڵام خودا،بوونی شتەکانی کردۆتە هۆکاری هاتنە بوونی سیفەتەکان.

اللە ،هەتا ڕوخسەت(ئیزن) نەدا، هیچ بوونێک هیچ شتێکی پێ ناکرێ و هیچ جوڵەیەکی پێ ناکرێ. بەڵام خودا هەر لەگەڵ ڕوخسەتدانی هاتنە بوونی هەر شتێکدا ، ڕوخسەتی تەواو دێتە بوون. تا ئەو شتە بوونی هەبێ ،ڕوخسەتدراوی هەموو شتێکە بەپێی ئەو دۆخ و یاسایەی کەپێوەی پابەند کراوە.

اللە، فەرمانی کردوە کە هەموو شتێک دەبێ خۆی ڕادەستی(اسلم-مسلم)ی ئەو بکا. بەڵام خودا ،هەموو شتێکی بەڕادەستکراوی هێناوەتە بوون ، بۆ نموونە :



من دڵم لێدەدا ، ئەوە بەدەست من نییە ،ئەوە خۆی ڕادەستکراوی خودایە.

الله، له پەنای چەند کارێکەوە ستایشی خۆی دەکا کە خەڵک بە گەورەو پیرۆزی دەزانن . بەڵام خودا چەندەها شاکاری سەرسوڕهێنەری هێناوەتە بوون کە پێویستە ئێمە پەی پێ ببەین. واتە : گەورەیی خودا لە شاکارە نەبینراووشاراوەو نەزانراوەکانیدایە.

الله، مەحکومە بە کات بۆ کار کردن و خوڵقاندن و سەرکەوتن و خۆناساندن و خۆسەلماندن. بەڵام لای خودا، کات لە دایک بووی بوونە. واتە :بوون، دایکی کاتە.

الله، هێز بەکاردێنێ لە هەموو حاڵەتێکدا. بەڵام خودا هێز دەبەخشێ بە جوڵەو وزەی هەر شتێک و تەنێک کە زیاد لە سنووروسرووشتی خۆی بەگەڕکەوتوە. وەلەگەڵ هەر بوونێکیشدا هێزێکی سرووشتی بۆ بەرنامەڕێژکردوە.

الله ،مرۆڤی بە پەراوەکان بەرنامەڕێژکردوە. بەڵام خودا ، مرۆڤی بەعەقڵ وهۆش بەرنامەڕێژ کردوە.وە کام هۆش وعەقڵ هێزی ڕاکێشان و کێش کردنی زیاتربێ، ئەو زیاتر ئەوانی تر ،کێش دەکا بۆلای خۆی.

الله، ژمارە بۆ دروستکراوەکان و کاتی دروست کردن بەکاردێنێ. بەڵام لەهێنانە بوونی شتەکان لای خودا ،ژمارە بوونی نیە. هەموو شتێک بێ ژمارەیە.

الله، خۆشبەختی خستوتە دونیایەکی خەیاڵی وناوی لێ ناوە بەهەشت. بەڵام خودا، نهێنی وخۆشبەختی وکلیلی خۆشگوزەرانی لەنێو هەستەکاندا جێهێشتوە . مرۆڤ لەسەریەتی خۆی بەدوایدا بگەڕێ.

الله ، چیرۆکخوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی(ئادەم وحەواو ئیبلیس و عیساوموسا محمد و خدری زندەو کێ وکێی ترە) بەڵام خودای هێنەرەبوون ، لەگەڵ هێنانەبوونی هەرشتێک ، چیرۆکێکی لە سووری ژیانیدا بۆ دادەڕێژێ .

الله، چیرۆکی خۆی تەواو کردوەو چیرۆکی ئەوو ڕۆڵی ئەو لەسەر زەمین تەواو



بووە بە (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا] المائدة[٣: ئەو کۆتایی بەخۆی هێناوە ، بەڵام خودا هەموو چرکەساتێکدا لەهەرشتێکدا چیرۆکێکی نوێ و نەزانراووتازەیە

الله، زۆر تامەزرۆی بەکۆیلەکردنی خەڵک و ملکەچ پێکردنیەتی. بەڵام خودا هەموو شتێکی بەئازادی ڕەها بەهەموو لایەکدا پەرش وبڵاوکرد.

الله ،هەموو شتێکی نادیارەوغەیبە. بەڵام خودا هێنەرەبوونە ،بەبەرچاوی خۆمانەوە هەست بەبوونی ئەو بوونە دەکەین وەهەست بە گەشە کردنیشی دەکەین.

الله، تەنها یەک پەنچەرەی هەیە بۆ خۆناساندن بە مرۆڤ ،ئەو پەنچەرەیەش هەرخودی مرۆڤ دروستی کردوەو ناوی لێناوە (کتێبی پیرۆز). بەڵام خودا، هەرشتێک و بوونێکی کردۆتە پەنجەرەیەک بۆ ئەو ناسین.

الله ، خاوەن شەریعەتێکە کە بۆتە بەدیلی هەموو یاسا زانستیەکان. بەڵام خودا هەموو شتەکان و کاروبارەکانی ڕادەستی دەستی یاساکردوەو هەرشتێک یاسای تایبەت و سەرمۆری خۆی هەیە.

الله ،دەرچوون لە یاساکانی هێنانەبوون وتێکدانی سووڕی ژیانی شتەکان وشێواندنی دۆخەکان ،بە موعجیزە(پەرجوو)دەزانێ. بەڵام یاساکانی سرووشت بەو شێوەیەی کە هەیە، گەورەترین موعجیزەی خودایە.

الله، بەرگەی بەڕێوەبردنی ئەو هەموو بوون و کاروبارە ناگرێ، بۆیە کاتێکی داناوە بۆ کۆتایی بەهەموو ئەو چیرۆک وداستانانەو پشوودان وڕێستێکی تاهەتایی بۆخۆی دەستەبەرکردوەو بەهەشتێکیشی بۆ شوێنکەوتوانی خۆی دروست کردوەوهەرچی مرۆڤ حەزی لێ بێ و داوای بکات، ئەو دەڵێ بەسەرچاو ، تەنها ڕۆڵی دێوەکەی ناوفانۆسەکەی بۆ ماوەتەوە. بەڵام کاروبارەکانی خودا، بوون لەسەر بوونە . بوون لە ژێر بوونە .بوون لەنێو بوونە. بوون لە پێش بوونە، بوون لەدوای بوونە. بوون لەگەڵ بوونە. هەروەک گوتمان ژمارەش ڕۆڵی نیە لای خودا.



خوا چیە؟ یان خودا کێیە؟ یان خودا چۆنە؟

لەبەر ئەوەی خودا بۆ گشتە،بۆیە من نایبەستمەوە بە ئاین ،بەڵکو دەیبەستمەوە بەتێگەیستن و ناسینی مرۆڤ . جا هەندێک پێیان وایە خوا هێزە، هەشە پێی وایە

خوا یاسایە، هەشە پێی وایە خوایە وزەیە،هەشە پێی وایە خوا ڕۆحە، هەشە پێی وایە ماهیەتە.

بەڵام من پێم وایە ئەمانەی سەرەوە هەریەکەیان بەشێکە لە گشت، من پێم وایە خوا (محاط و ذات)ە واتە: دەوردەری هەموو شتێک و ناوکڕۆکی هەموو شتێک ، بەڵام هەرشتێکی کەهێناوەتە بوون ،ئازادی تەواویشی لەگەڵدا هێناوەتە بوون.

دەورەدانی شتەکان لەگەورەترین بازنەی بێ سنووروبێ شوماردایە. وە ناو کڕۆکەکەش ،ناوەوەی بچوکترین یەکەی بوونە .

واتە: خودی بوونەکە لەناوەڕاستی هەردوو بارەکەدایە. بوونێک لەنێوان هەردوو خولگەی دەرەکی ناوەکیدا.

ئیترئەو حاڵەتانەی بەشێکن بۆ گشت،وەک (یاساگەردوونیەکان،هێزی نێوان تەنەکان و گەردیلەکان، وزەی ساردی وگەرمی وسالب و موجەب، هێزی کێش کردن وڕاکێشان و دوورکەوتنەوە،ڕۆحی شتەکان،هەموو ئەو شتانەو ئەوانی هاوشێوەی ئەمانە)پڕکەرەوەی نێوانی بۆشایی خولگەکان و شتەکانن لە دەرەوەو ناوەوە.

بەکورتی واتە: خوا پڕکەرەوەی ماوەی نێوان هەموو مەوداکان و بۆشاییەکانە لە دەرەوەو ناوەوەی هەمووشتەکان.



ئێمە چین؟

ئێمە وجودی حەقیقی نین ، بەڵکو وجودی کۆپی کراوی حەقیقەتین.

وجودی حەقیقی خودایە ، بەڵام نەک ئەو وجودەی کە بەستراوەتەوە بەلایەنی ماددەو خودای پێ تەجسیم بکرێ ، بەڵکو ماهیەتەکەی ، وجودی حەقیقیە.

بەڵام ئێمە(یان بابڵێم هەموو شتەکان بەسیفەتە جیاوازیەکانیانەوە)، کۆپی کراوی ئەو وجودە حەقیقیەین.

وە ئەو وجودە حەقیقیە (کە خودایە) دەوری دەرەوەی هەموو شتەکانی داوە ، وە ناواخنی شتەکانیشە لەناوەوە. واتە وجودی ئێمە ،تەنها توێکڵەکەیە لەنێوان دەرەوەو ناوەوەی خۆمان ، وەئەو توێکڵە بۆتە شوناسی ناسینەوەمان و جیاکردنەوەمان لە شتەکانی تر.

چەندین زانا سەری نایەوە لەلێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، چونکە مێژوو هەمیشە بەهێزەکان لە بەرژەوەندی خۆیان نوسیویانەتەوە .چەندین زانا وێڵ بوون بەدوای ئەو ڕووداوانەی کە هێشتا ڕوویان نەداوە .بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە پێشبینی سەدان ساڵی بۆ دەکرێ .چەندین بەرنامەو ئاین بەبیانووی غەیب بوونی ڕابردوو داهاتوو، دەرفەتیان لەعەقڵ و بیروباوەڕی خەڵک هێناو خۆیان پێ بەهێز کردو دەستیان بەسەر تەختی دەسەڵات و دەستیان بەسەر دڵی خەڵکدا گرت .

ئەو ڕاکردنە لە دەست ئێستا بۆ ڕاردوو داهاتوو ،نیشانەی بێدەسەڵاتیە لە ئێستابوونی خۆت، بێدەسەڵاتیە لە ئێستایی خۆت .چونکە تۆ تەنها دەسەڵاتی ئێستات پێدراوەو تەنها ئێستا لە ژێرکۆنترۆڵی تۆیەو موڵکی تۆیە .

سەیری ئێستایی سرووشت بکە ،چۆن خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ یاسا خواییەکان و ژینگەی ئێستادا، تەنانەت گیانەوەری واهەیە لە گەڵاییکەوە دەچێ بۆ گەڵاییێکی تر، بەگوێرەی ڕەنگی گەڵاکە ،ڕەنگی خۆی دەگۆڕێ .

ئێستابوونت لە پێش هەموو شتێکەوەیە ، بۆیە لە ئێستادا بژی .کورد دەڵێ :ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە

به نموونەیەک دەچمە ناو بابەتەکە .بێنە پێش چاوی خۆت کە ئێمە هەموومان ماسین لەنێو دەریایێکدا ، ئایا ماسی پێویستی بەچییە بۆ ژیان ؟ بێگومان بە پلەی یەک ئاو .ئێستا پرسیارەکە لێرە ئەوەیە .ئایا هیچ لە ئاوەکەو گەورەیی دەریاکە کەم دەبێتەوە بەژیانی ماسیەکان؟ بێگومان نەک هەر نەخێر ،بەڵکو ژیانی تایبەتی و شاهانەی هەمووان بەندە بەو ئاوەو هیچیش لە ڕووبەری دەریاکە کەم ناکاو نایگۆڕێ و شێلو نابێ، لەهەمان کاتیشدا هەموو ماسیەکان غەرقن لەناو ئاوەکەو هەمووخانەیەکی لەشیان بەهرەمەندە بە ئاوەکە .بەهەمان شێوە ئێمە وەک ماسیەکان ، غەرقین لەنێو خوایەتی خوا بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەک بەسەر خوایەتی خوادابێ ، هەموومان لەنێو خوایەتی خوادا ژیان دەکەین ،

ژیانێکی تایبەتیو شاهانەو سەربەخۆو ئازادانە .

بابێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان ،کە ئەویش ڕیزیەتیە لە کارەکانی خوا .با نموونەیەک لە ژیانی خۆمان بێنینەوە بۆ ئەو بابەتەکە
ئەگەر بمانەوێ ئامێرێکی تازە دابێنین کە پێشتر لەو شێوەیە بوونی نەبووە ، بێگومان هەر لەخۆوە ناگاتە کۆتاقۆناغی کامڵ بوون و ئیش کردن .چونکە هەر کارێک لەو جۆرە ،سەرەتا بیرۆکەیەک یان بیردۆزەیەک لە پشتیەوەیە ،ئینجا دەچێتە قۆناغی زانست وسەلماندن ، دواتر کەسەلمێنرا ،ئینجا ویستێک دێتە پێشەوە بۆ لە ئەستۆ گرتنی کارەکەو چاوەڕێی فەرمانێکە بۆ دروست کردن ، لە دوای هەموو ئەو قۆناغانەش ئینجا هێشتا پێویستی بە لیژنەیەکی پسپۆڕی هەیە لە بواری فیزیاو هەندەسەو یاسا و ئابووری و چی و چی .

بوونی هەرشتێک (کە بووەو هەیەو دەبێ )هەڵگری ئەو حەقیقەتەن کە بیردۆزەیەکی ئیلاهیانە هەبووە بۆی ئینجا چۆتە قۆناغی عیلمی خواو دواتر بە ئیرادەی خوادا قۆناغی بڕیوەو چۆتە قۆناغی مەشیئەتی خواو لەقۆناغی ئەمری ئیلاهیدا ئیزنی پێدراوە بۆ خولقان، خولقانیش بە قۆناغی یاساکان گوزەری کردوەو وردە وردە نەش و نمای کردوە نەک (في طرفة عين) لە چاوتروکانێکدا یان بە (کن فیکون)ێک کارەکە جێ بەجێ بووبێ .نەخێر .بەڵام ئەوەی کە ئێمە بەچاو دەیبینین و بەشێوەی حازرەکی لە پێش چاومانە ،هەریەک لەو بابەتە بینراوانە

ڕەنگە بەچەندەها قۆناغ گەیشتبێ بە ئێرەو چەندەها ملیار ساڵ تەمەنی بووبێ

.خوایەتی خوا بەو بارەدا تەواوترە نەک ئەو بارەی دەڵێ نەخێر خوا فەرمانی بەهەر شتێک بووبێ ، یەکسەر بووە .ئەی ئەگەر وایە ، ئەی بۆچی لە مەیدانی واقیع بەچاوی خۆمان نایبینین بۆ نموونە گوڵێک کە پێشتر بوونی نەبووە لەسەرزەوی لەیەک چاو تروکان بڕوێ ؟

نەخێر ڕیزیەتی کاروبارەکانی خوا وابەستەیە بە کات و قۆناغ بەندی. .



خواڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی تۆیە لەگەڵ تێگەیشتنت تەعریف دەبێ

من هەمیشە کار لەسەر ئەوە دەکەم کە تۆی بەڕێز تەنها شوێنکەوتەی بیروهزری خۆت بی ،نەک شوێنکەوتەی هێزێک کە لە دەرەوەی خۆت بێ .بۆ ئەم مەبەستە بیرم لەوە کردەوە کە تۆ تەنها ئەوە بە ڕاست بزانی کە بۆ خودا بە ڕاستی دەزانی .نەک ببیتە شوێنکەوتەی تێگەیشتنی من لە چۆنیەتی بیروباوەڕم بۆ خودا .دواتر بۆ ئەوەی کە خوداکەی خۆت شەن وکەو کەی لەنێوان ئەو هەموو) وحدة االوجود، وحدة الشهود، وحدة النور، وحدة الذات ، وحدة سر الذات ،وحدة الزمن،وحدة الارقام(و کۆمەڵێک وەحدەتی تر کە کراون بە پێوەر بۆ ناسینی خوا ، وە بۆ ئەوەی کە خوایەک بناسی کە خۆت باوەڕت پێیەتی

بۆیە من ئەو گوزارشتەی ناونیشانی بابەتەکەمم هەڵبژاردو پەسەندم کرد . چونکە لە ڕاستیدا خودا هەر ئەو خودایەیە کە لەنێو بیروباوەڕی تۆ جێی خۆی کردۆتەوەو شوێنی خۆی گرتوە .وە هەر ئەو ڕەنگدانەوەیەیە کە لەگەڵ تێگەیشتنت دا تەعریف بووەو هەموو ڕاستیەکانی پێ تەرجومە دەکەیت بەو شێوەیەی کە خۆت مەبەستتە . گرنگ چەندایەتی و چۆنایەتی بیروباوەڕی خۆتە بۆ خوا . چەندین کەس بەو بیروباوەڕەوە لەنێو ئاینەکان و دەرەوەی ئاینەکان دا ، موعجیزەیان خولڵقاندوە .لەکۆتاییدا هەموو ڕێچکۆڵەکان دەچنەوە سەر یەک شاڕێگە

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بەردی بناغەی ڕاستیەکەیە ئەوەیە کە تۆ چەندە دەتوانی ئەو وجودە لەخۆت دا بەرجەستە بکەیت و خۆتی پێ ڕۆشن بکەیتەوەو ئەو ڕۆشناییە سنووری تۆ ببەزێنێ و پەخش بێ بۆ زۆرترین ودوورترین و فراوانترین مەودا .چونکە ئەو ڕووناکیەی کە لە ڕووناکیەکانی تر بەهێزتربێ، ڕووناکیەکانی تر ون دەکات و ڕووناکی خۆی زاڵ دەکا .دڵت بە بیروباوەڕی خۆت خۆش بێ ، لەگەڵیدا پێکەوە ژیان بکە .دەرگای هەستەکانی خۆتی بۆ واڵا کە .تۆ بەقەد هەموو خانەکانی لەشت ، هەستت هەیە .هەر هەستێک نهێنیێکی خوای لەخۆ گرتوە .هەستەکانت بکە بە پەیژەی بیروباوەڕت



خودا ، نە دروستکارە(الخالق) وە نە پێکهێنەرە (الصانع) بەڵکو خودا

هێنەرەبوونە (جالب الوجود)

واتە: خوا شتەکانی هێناوەتە بوون، بەڵام قانونە فیزیاییەکان (هێزو جوڵەو کێش کردن و پەستان و چڕبوونەوەو کشان و........)بوونەتە هۆکاری دیزاین کردن و داڕشتنەوەی ئەتۆمەکان بۆ هەر شێوەو قەبارەیەک.

خوا هێنەرە بوونی توخمەکانە کە سەرەتاییترین جۆری توخمیش بریتیە لە ڕووناکی و تاریکی . دواتر لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئەو دوو توخمە، توخمەکانی تری وەک (خاک ، ئاسن ،هەوا،ئاو، بەرد......)دروست بوون. ئینجا لەوانیشەوە (بەکتریاو خانەو قەوزەو.....) ئینجا لەوانیشەوە (بوونەوەران و گیانداران و دارودرەخت و گژوگیا......)دروست بوون. ئینجا زنجیرەی دروستبوونەکان دراوەتەوە دەست بوون .

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە (خودا ،هێنەرە بوونە وە بوونیش خالیق و دروستکارە، وە لەنێویشیان دا مرۆڤ ئەو کائینەی کە پێکهێنەرە واتە صانیع).

خوا، هێزی داوەتە بوون کەوا خۆی ڕێکخاتەوە بەسیفەتی خالیقیەتی بوون .چۆن؟ بۆ نموونە ئەو زەویەی ئێمەی هێنایە بوون کە تۆپەڵە ئاگرێک بوو . ئەو بوونە دوای ملیارەها ساڵ و بەبەردەوامی لەخۆڕێکخستنەوەدایە تاکو ئەوشێوەیەی ئێستای وەرگرتوە کە هەسارەیەکی شینەو بریتیە لە ئاوو هەواو داروبارو گژوگیاو گیانداران و مرۆڤ.

وەهەروەها چۆن خوا ئەو دەسەڵاتەی داوە بەبوون لە خالیقیەت ، بەهەمان شێوەش ئەو بوونە دەسەڵاتی داوە بەمرۆڤ لە پێکهێنان(الصانع) واتە: ئەوە مرۆڤە کە بەهۆی ئەو دەسەڵاتە هزریەی لەلایەن بوونەوە پێی دراوە، دەتوانێ دوو توخم لێک بدا یان تێکەڵیان بکا یان توخمەکان لەبەریەک هەڵوەشێنێتەوەو شتی تازەی لێ دروست بکا.



سرووشت خۆی خالیقە.

لە زنجیرەی پێشوودا گوتمان: خوا نە خالیقە و نە پێکهێنەرە ، بەڵکو خوا هێنەرە بوونە (جالب الوجود).

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەم ، گوتمان: سەرچاوەی بوون بریتیە لە گەرمی و ساردی، ڕەنگە بوونێکی تریش هەبێ کە بووبێتە هۆکار بۆ دروست بوونی ساردی وگەرمی . هەر لەبەر ئەمەشە کە دەڵێم :خودا هێنەرە بوونە . لەنێو هەبوونێک ، هەبوونێکی تر دێنێتە بوون .

ئینجا بابێینەوە سەر باسەکەی خۆمان کە ڕیزبەندیەکە لە ساردی وگەرمیەوە دەست پێ دەکات ولە پێکداکێشانی ئەو دوو هێزەدا (وەک چۆن هەردوو تەزووی کارەبایی بەریەک بکەوێ، ڕووناکیەکی گەورەو دەنگێکی گەورەی لێ دروست دەبێ، بەهەمان شێوەش) ڕووناکی و دەنگێکی گەورەی گەردوونی دروست بووە کە زانایان ناویان لێ ناوە (تەقینەوە گەورەکەی بیگ بانک)،دوای ئەو تەقینەوە گەورەیە ،بوون دابەش بووە بەسەر هێزی ڕووناکی و تاریکی. لەهێزە ڕووناکیەکەوە بارستەی ئاگرین (تۆپەڵی ئاگری یان پشکە ئاگر)دەرچووە. بە تێپەڕبوونی کات(بەملیارەها ساڵ) ئەو بارستە ئاگرانە (هەرچەندە من پێم وایە ئەو بارستە ئاگرانە بەردەوام دروست دەبن ، هەندێکیان هەر نەماون و هەندێکیان تازە پەیدا دەبن و هەندێکیشیان وەک ئێستای ئەو هەسارەیەی ئێمەن و لەتەمەنی هەسارەکەی ئێمەدان)ئەو بارستە ئاگرانە وردە وردە دۆخە گازی و سووتانەکەیان لە دەست داوەو بەرەو سارد بوونەوەو خۆڵەمێش بوون هەنگاویان ناوە ، لە دواییدا ڕەنگی ئەو خۆڵەمێشە بۆ شێوەی خاک و بەردی هەسارەکان گۆڕاون .واتە لە ئەستێرەوە بەرەو هەسارە بوون.

جا ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمە بیڵێم ، ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیە کە خوا بەو بوونەی داوە(هەڵبەتە لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە لە سنووری ئەو بوونەدا هەن) .

هەسارەی ئێمەش (زەوی) ئەو دەسەڵاتەی لەخواوە وەرگرتوە (دەسەڵاتی خالیقیەت) واتە هەرچی لەسەرزەمین کە تۆ هەستی پێ دەکەی، لەلایەن ئەو سرووشتەوە خوڵقێنراوە. لەبەرچی؟



لەبەر ئەوەی خوا، کاری نارێک و نا ئەندازەیی ناکا .وە خوا، کارەساتی کوێرانەی سروشت ئەنجام نادا( وەک بوومەلەرزەو گڕکان و لافاوو چی وچی). بەڵکو ئەمە خوایە دەسەڵاتی تەواوی داوە بەسرووشت و سرووشتیش کوێرانە و بێ ئەزموون

کارەکان ئەنجام دەدات . وە سرووشت لەڕێی خۆ ڕێکخستنەوەوە لە ناجێگیری وناڕێکی و نائەندازەییەوە بەرەو ڕێک و پێکی دەچێ و لەهەڵەکانی خۆی سوود وەردەگرێ بۆ خۆ ڕێکخستنەوە.

بۆ نموونە ، لە خولّقاندنی مرۆڤەوە(مرۆڤ لە سەرەتادا ئەو ئاگاییەی ئێستای نەبووە) بەردەوام لە ڕێکخستنەوەی مرۆڤ دابووە ،تا ئاستی هۆشمەندیی مرۆڤی گەیاندۆتە ئاستی ئێستای.

بەڵێ. تا ئێستاش سرووشت کارەکانی خۆی بەکوێرانە ئەنجام دەدات و لەکاتی لافاوو بوومەلەرزەدا ، ناپرسێ ئەو شوێنە خەڵکی هەژارو داماوی تیایە یان نا ، وەکاتێ دیاردە سرووشتیەکانیش ئەنجام دەدا ، گوێ ناگرێ لە هاوارونالّەو گریانی مندالّی لەلافاودا خنکاوو دایکی جگەرسووتاو .

ئەمەش لەبەر دوو هۆکار

یەکەم/ چونکە خوا ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی پێداوە.

دووەم / چونکە لەهەوڵی ڕێکخستنەوەی هەسارەی زەمین دایە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سرووشتی سەر ئەم زەمینە (واتە یەکەم دەسپێکی ئەزموونی سرووشت) سرووشت تەنها بیری بەلای خولّقاندنی هەواو ئاودا چووە، دواتر ئەزموونەکەی پەرەی سەندوە بۆ خولّقاندنی قەوزەو بەکتریا، دواتر بۆ بوونەوەران و زیندەوەران.

بەڵام هەموو سەرەتاکان بەناڕێک و پێکی بوون. تەنانەت زانایان باس لەچەندین جۆری گیانەوەران دەکەن کە نەیانتوانیوە خۆیان بگونجێنن و لەناوچوون. تەنانەت ئاسەواری ناڕێک و پێکیەکانی سرووشت تا ئێستاش ڕەنگدانەوەیان هەیە. لە بڕی باران بارینی زۆر لە شوێنێک و کەمی باران بارین لە شوێنێکی تر . لەساردی شوێنێک و گەرمی شوێنێکی تر . لە پیت و فەڕی شوێنێک و بیابان بوونی



شوێنێکی تر، تەنانەت نائەندازەیی لەکارەکانی وەک نێوانی مەودای داری دارستانەکان بەنائەندازەیی وناڕێکی .

ئەگەر بمانەوێ نارێکی و نائەندازەیی خولْقاوەکانی سرووشت بژمێرین ،هێندە زۆرن لەژمارە نایەن. بەڵام سرووشت بەردەوام لە خۆڕێکخستنەوەدایە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە بۆیە سروشت ڕەحم بەکەس ناکا لەکاتی خۆ ڕێکخستنەوەیدا

ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە سرووشتیانە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخواوە هەبوایە، ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە خوا کەڕ بێ بەرامبەر گریانی منداڵێک کە لافاو لوولی دەدا ؟ ئایا دەکرێ خوا دەستەوسان بێ بەرامبەر گورگێک کە پەلاماری ڕانە مەڕێک دەدا بەدڕندانەترین شێوە؟ ئەمەو چەندەها نموونەی تریش دەیسەلمێنێ کە خوا دەسەڵاتی خالیقیەتی داوە بە سرووشت و سرووشتیش بەو شێوەیە شتەکان دەخولقێنێ و دواتر سوود لە ئەزموونە هەڵەکانی خۆی وەردەگرێ بۆ خۆ ڕێکخستنەوە.

کەواتە :باوەڕدارو بێباوەڕ هەمان باوەڕیان بەخوایەک هەیە کە خوایەکەو قسە دەکات و دێت و دەچێت وجەستەی هەیەو سیفەتی هەیە. لە جەوهەردا یەک باوەڕن لە ڕواڵەتدا جیاوازن.

باوەڕدار هەموو بەڵگەکانی لە پێناو ەسپاندای ئەو حەقیقەتەدایە کە خوا لەگەڵ پێغەمبەرەکەی ئەو بەزمانی گەلەکەی ئەو قسەی کردوەو دەست وقاچی هەیە و چاوو گوێچکەی هەیە و سیفاتی هەیەو ئیمانەکەی ئەو هەر لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە بێ ئاگا لەوەی کە ئەگەر خوا بەو شێوەیە بێ ، ئەوا مەخلوقە نەک خوا . واتە مەخلوقێکی پەرستوە تا ئێستا نەک خودا

لە بەرامبەریشدا بێ باوەڕ ، خوا ڕەت دەکاتەوە. جیاوڵزی ناکا لەنێوان ئەو جۆرە خوایەو ماهیەتی خوا ، واتە : خوای باوەڕدارەکانی لێ بۆتە پەرجەکزدار بۆ ڕەت کدنەوەی تەواوی مانای خوایەتی بوون.

ئینجا لە هەردوو لاوەش کەوتونەتە شرۆڤەکردنی ئەو باوهڕە جەقبەستوەو ماهیەتی خوا راوەتە دەرەوەی بازنەکە.

دروست کردن و تێکشکاندنی خوا لە هەردوولاوە .باوەڕدار بە خەیاڵ میزاجی خۆی خوا دروست دەکات و پێی وایە خوا لە ڕێی پەیامەکانەوە بەو شێوەیە وەسف و پێناسەی خۆی کردوە. وە بێباوەڕیش تەنها هەر ئەو حوایە دهشکێنێ کە باوڕدارەکە دروستی دەکات و پێی وایە خوا شتێک نیە جگە لەو دروستکراوە حەیاڵی و میزاجیەی باوەڕ.



باوەڕی ساختە( ئیمانی موزەییەف)

ئێمە باسی ئیمانداری ڕاستەقینەمان کردوەو گوتومانە :ئیمانداری ڕاستەقینە، کەسێکە شوێن ڕاستیەکان دەکەوێت نەک شوێن کەسێک یان بەرنامەیێک یان دینێک .لێرەشدا ئەمجارە باسی پێچەوانەکەی دەکەین .ئەویش باوەڕی ساختەیە .بابزانین باوەڕی ساختە چیەو بە چ پێوەرێک باوەڕداری ساختەچی بناسینەوە .
هەرگیز وا بیر نەکەیتەوە کە مرۆڤی دووڕوو واتە باوەڕداری ساختەچی ،چونکە لە مرۆڤی دووڕوو ،خراترمان هەیە .ئیمانداری ساختەچی ڕێک پێچەوانەی ئیمانداری ڕلستەقینەیە ، ئەو هیچ حەقیقەتێک نازانێ چیە، تەنها یەک حەقیقەت هەیە لای ئەو .ئەویش ئەو کەسە ئاینیەیە کە ناوی لێ ناوە پێغەمبەرو گەیاندوویەتیە ئاستی خوا، لای ئەو تەنها ئەو کەسە حەقیقەتی ڕەهایە .بۆتە خزمەتکاری دینێک یان بەرنامەیەک و پێشەواکانی لێ بۆتە خوا و هەردەم )سمعنا واطعنا(یان بۆ دەکا.

هەرکەسێکت بینی بەو شێوەیە ، ئەوا بە دڵنیاییەوە بزانە کەئەو کەسە ئیماندارێکی ساختەچیە .
ئەو جۆرە کەسانە ،چ بێویژدانیەک هەیە ،بەدڵی خۆیان ئەنجامی دەدەن بەناوی خواوە .
بەناوی خواوە خۆیان لە خەڵک جیا دەکەنەوە .

بەناوی خواوە ،خۆیان پێ لە خەڵک باشترو پاکترە .

بەناوی خواوە ،خۆیان دەکەن بە نوێنەری خوا .

بەناوی خواوە ،خۆیان دەکەن بە پارێزەری)محامی(خوا.

بەناوی خواوە، خەڵک کافر دەکەن.

بەناوی خواوە، خۆیان لە خەڵک تووڕە دەکەن.

بەناوی خواوە، خۆیان لە خەلک گرژو مۆن دەکەن .

بەناوی خواوە، شەڕوکوشتارو جیهادو قیتال دەکەن .



بەناوی خواوە ،نەزرو قوربانی و خوێن ڕشتن ئەنجام دەدەن.

بەناوی خواوە ، جنێو دەدەن .

بەناوی خواوە ، ڕیابازی دەکەن

بەناوی خواوە، فێڵ لەخەلک دەکەن و خەلک لەخشتە دەبەن.

بەناوی خواوە ، سەرە ڕۆیی دەکەن .

بەناوی خواوە، زیادە ڕۆیی دەکەن

.بەناوی خواوە ، حەرام حەڵاڵ دەکەن .

بەناوی خواوە، حەڵاڵ حەرام دەکەن.

بەناوی خواوە ،دین بەسەر خەلکیدا دەسەپێنن .

بەناوی خواوە ،ڕێگری لە ئازادی خەلک دەکەن .

بەناوی خواوە، لەززەت لە خراپەکاری دەکەن .

بەناوی خواوە ، حوکم دەکەن و فتواو فەرمان دەردەکەن .

بە ناوی خواوە ، بەدڕەوشتی ئەنجام دەدەن .لە پێناوی خوا ،دڵ ڕەقن..لە پێناوی خوا، بێ ویژدانن .

لە پێناوی خوا، درۆزنن.لە پێناوی خوا، داوێن پیسن.

لە پێناوی خوا، دڵپیسن.لە پێناوی خوا، نیاز خراپن .

لە پێناوی خوا، پیلان گێڕن .لە پێناوی خوا، بێ ڕێزن.

لە پێناوی خوا ، جاش و کلکی ئەم و ئەون .

لە پێناوی خوا، سیخوڕن .

هەموو شتێکیان لەبەر خواو لە پێناوی خواو بەناوی خواوە ئەنجام دەدەن.



خاڵی بەهێزو خاڵی لاوازی باوەڕ ،بۆتە موعجیزەی ئاین

خاڵی بەهێزی باوەڕ بریتیە لەچاندنی تۆوی باوەڕ بوون بە شتە نادیارەکان وەک خودا (بەو شێوەیەی کە ئاینەکان گوزارشتی لێ دەکەن) فریشتە، دواڕۆژ، ژیانی ناوگۆڕ، بەهەشت و دۆزەخ . کە هیچ پرسیارێک لەخۆ هەڵناگرێ. وە لە پەنا ئەو باوەڕەوە ،کاهینانی ئاین بەرنامەکانی خۆیان بەسەر حەڵکدا دەسەپێنن وە بەستنەوەی هەموو سلکەکانی ژیان بەو جیهانە خورافیاتەوەو دەست و پێ بەستنی مرۆڤی باوەڕدار.

وەخاڵی لاوازیشی ئەوەیە کە مرۆڤێکی لاوازی بێ ئیرادەی ترسنۆک بەرهەم دێنێ لەهەموو حاڵەتێکدا زەشی تەنها پاڕانەوەیە. جێگای بەزەییە . چونکە خاڵە بەهێزەکە کاهینانی دین دەستیان بەسەردا گرتوە. بەڵام شوێنکەوتەی باوەڕ بۆ ئەوەی هەر لە ژێر کۆنترۆڵ دابێ ، پێویستە لەترسێکی قووڵدا بژی.

باوەڕی ئایندار لەسەر بنەمایەکی میزاجیانە ڕادەهێنرێ ،هەرکاتێک مەبەستیان بێ، بۆی شل دەکەن و دەڵێن خوا لەهەموو گوناهێکت خۆش دەبێ. هەر کاتێک مەبەستیان بێ ، لێی توند دەکەن و دەڵێن : هەرگیز ئەو تاوانە لێ خوش بوونی نیە . بەبێ ئەوەی باوەڕدار بپرسێ : ئەگەر خوا لە هەموو گوناهێک خۆش دەبێ . ئەی مانای چیە کە هەرگیز لێت خۆش نابێ؟

بابەتێکە کە خەڵکی پێ کۆ دەکرێتەوە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا کە زیاتر دەسەڵات لێی سودمەند دەبێت و زیاتر بۆ مەڕاندنی کۆمەڵگایە. ئەگینا خودا هیچ پێویستی بەوە نیە کە خۆی دابەزێنێتە ئەو ئاستە بۆ خۆنمایش کردن تا ڕاددەی نەرجسیەت .

ئینجا بەوەشەوە نەوەستێ وسوێندی لەسەر بخوا. سوێند خواردن لە پێناو حەقیقەتێکدا هەر لۆژیک نیە . بۆ نموونە قورئان چەندین سوێندی لەم شێوەیەی تۆمار کردوە (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا (١) وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا (٢) وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا (٣) وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا (٤) وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا (٥) وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا (٦) وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا)الشمس

سوێند خواردن بۆ ساغکردنەوەی کاڵایەکی ماوە بەسەرچووە ،واتە کاڵایەکی خراپ

ئەوەش لە دەرەنجامی ئەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەو جۆرە بیروباوەڕانە لە سەردەمانی خۆیان دا ڕەواجی نەماوەو بۆتە ئێکسپایەری فەرهەنگی کۆمەڵگا ، بۆ ئەوەی بەزۆر دەرخواردی کۆمەڵگا بدررێتەوە، دووبارە دایانڕشتۆتەوەو بە سوێند خواردن بە دەمی خواوە . ئەمە تەنها لە اللهیەکی ساختە دەچێ . چونکە خودا بەو پێناسەیەی کە لە ئاگایی مرۆڤ وێنەی گرتوە ، خوداییێکە پێویستی بەوە نیە کە ئەو ڕاکە ڕاکەی بێ بە دوای ئێمەدا . بەڵکو ئەوە ئێمەین کە دەبێ ڕاکە ڕاکەمان بێ بە دوای ناسینی دا.

الله بەکاردێنن لە تێگەیشتنی خۆیاندا بۆ ساغکردنەوەی کاڵای ئاین ، کاهینانی ئاین هەندێکیان بە لە ئاو هەڵکێشان و هەندێکی تریان بە وتنی شەهادەو تەنانەت هەندێکیان بە بەڵێندان بەشێخێک وپیاوچاکێک (کە پێی دەڵێن تەوبەکردن لەسەر دەستی پیرو شێخ)

ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن.

بەم شێوەیە شوێنکەوتەی ئاین لەبری ئەزموون کردنی بیروباوەڕ ، سەپاندنی بیروباوەڕ بەناوی فەرمانی خودا بەکاردێنن بۆ مەڕاندنی شوێنکەوتەکانیڵن.

بەڵام لە ڕاستیدا وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە بیروباوەڕێک دەوەستێتە سەرخودی بیروباوەڕەکە نەک بێباوەڕی و باوەڕدار

کەسانێک هەن بیروباوەڕیان بەو شێوەیە تەلقین دەدەن و گرەو لەسەر شتێک دەکەن بۆ باوەڕهێنان .هەمووومان چیرۆکی مووساو فیرعەونمان بیستوە لەو گرەوەی کە کردیان بۆ باوەڕهێنان ،ئەویش بە نیشان دانی ئایەتەکانیان بوو لە کۆتاییدا مووسا گرەوەکەی بردەوەو ساحیرەکان چوونە پاڵی .هەقمان بەڕاستی وناڕاستی چیرۆکەکە نییە .بەڵکو هەقمان هەیە لەسەر ڕاستی ئەو حەقیقەتەی کە تەنانەت ئاینەکان گرەویان بەکارهێناوە بۆ بەدەست هێنانی باوەڕی خەڵک . خۆبەدەستەوەدان لەسەر بنەمای گرەو ، قومارێکە بۆخۆی .کەتێیدا یان هەموو شتێ بە دەست دێنی ،یان هەموو شتێ دەدۆڕێنی .بۆیە هەرگیز مەچۆرە نێو ئەو قومارەوە .چونکە لەوانەیە هەموو شتێ بدۆڕێنی .وەک فیرعەون .لەوانەیە فێلێکی وات لێ بکەن ،تاکو مردن نەتوانی لەژێر باری ئەو دۆڕاندنە بێیتە دەرەوە .

بێنە پێش چاوی خۆت .گریمان لەگێمێک دۆڕای ، بەڵام ئایا ئەم یاریە دەبێتە یاریەکی تەندروست کە بەیەک گێم تەواو بێ ؟

هەرگیز مەچۆرە ناو ئەو گرەوە .چونکە لە وانەیە بەرامبەرەکەت ، لەسەدا یەکی بیروڕاکانی تەواوبێت و لەسەر ئەو یەکەیە گرەوت لەگەڵ بکات کەحەقیقەتە.وەلەوانەیە تۆش سەدا نەوەدو نۆی بیروباوەڕەکەت حەقیقەت بێ و سەدا یەکی ناتەواو، بەرامبەرەکەت ئەو سەدا یەکەت بدا بەزەویدا و سەدا نەوەدو نۆیەکەت لەو قومارە لێ بەرێتەوە ، هەروەک چۆن مووسا لەفیرعەونی بردەوە . وەهەرگیز باوەڕ بە پەیامێک مەکە کە پشت بە گرەو ببەستێ..

وە هەرگیز بیروباوەڕی خۆت مەخە سەرمێزی قومارو گرەو کردنەوە.



ئەو سیفاتانەی دراونەتە پاڵ خوا

سیفاتەکان وەک) :الله | الرحمن | الرحيم | الملك | القدوس | السلام | المؤمن | المهيمن | العزيز | الجبار | المتكبر | الخالق | البارئ | المصور | الغفار | القهار |الوهاب | الرزاق | الفتاح | العليم | القابض | الباسط | الخافض | الرافع | المعز |المذل | السميع | البصير | الحكم | العدل | اللطيف | الخبير | الحليم | العظيم | الغفور | الشكور | العلي | الكبير | الحفيظ | المقيت | الحسيب | الجليل | الكريم | الرقيب | المجيب | الواسع | الحكيم | الودود | المجيد | الباعث | الشهيد | الحق | الوكيل | القوي | المتين | الولي | الحميد | المحصي | المبدئ | المعيد ا المحيي | المميت | الحي | القيوم | الواجد | الماجد | الواحد | الأحد | الصمد | القادر | المقتدر | المقدم | المؤخر | الأول | الآخر | الظاهر | الباطن | الوالي | المتعالي |البر | التواب | المنتقم | العفو | الرءوف | مالك الملك | ذو الجلال والإكرام | المقسط | الجامع| الغني | المغني | المانع | الضار | النافع | النور | الهادي | البديع | الباقي | الوارث | الرشيد | الصبور(

هەرچەندە ئەمە بەگوێرەی ئاینی ئیسلام ژمارەکەی ئەوەندەیە ، بەڵام لەوانەیە لە ئاینەکانی تر زیاتر بێ .بەڵام ئەم سیفاتانە ئەگەر لێیان ورد بیتەوە ، بۆت دەردەکەوێ کە ئەمانە سیفاتی مەخلوقین) دروستکراوین(، چونکە هەریەک لەو سیفاتانە بەتێپەڕبوونی کات و لە دەرەنجامی بەریەک کەوتنی هۆشەکانەوە دروست بوون . واتە دوای دروس بوونی شتەکان ، ئینجا ئەو سیفاتانە دروست بوون

بچووک کردنەوەی خوا لەو سیفاتانە، خوا دەخاتە بازنەی دروست بوونەوە بەڵام ئایا چ بەریەککەوتنێک لەنێوان هۆشمەندی خواو هۆشمەندیەکانی تردا ،وای کردوە کە خوا ببێتە هەڵگری ئەم سیفاتانە؟ ئەمە ناشێ وناکرێ و نابێ . چونکە خوا لە مەقامێکی ترە بەدەر لە مەقامی سیفات . بۆ نموونە : ئایا دەکرێ خوا(المنتقم – تۆڵەسێن)بێ؟، خۆ ئێمە هەموومان دەزانین حاڵەتی تۆڵەسەندنەوە چیە . ئەو کاتەیە کە کەسێک دەستدرێژیت دەکاتە سەرو تۆش توانات نییە تۆڵەی لێ بسەنیتەوە ، چاوەڕێی هەلێکی تا دەرفەتت دەبێ تۆڵە بسێنیتەوە .ئایا دەکرێ هیچ بوونێک بگاتە ئەو ئاستە کە دەست درێژی بکاتە سەر خوا؟ وە ئایا خوا

هێندە بێدەسەڵاتە و لەسەر کات وەستاوە بۆ تۆڵە سەندنەوە؟ دواتر چ دەستدرێژیەک لە موڵکی خوا کەم دەکا تاکو خوا تۆڵەی مافی خۆی بکاتەوە؟

یان سیفەتێکی تر (خالق) بەپێی ئەم سیفەتە دەبێ الله بتوانێ هەموو شتێک دروست بکا. کاتێک دەڵێین (دەبێ بتوانێ) ئێمە لە خومانەوە ئەو قسەیە ناکەین، چونکە سیفتەفتێکی هەیە بۆ توانین کە توانای خەلق کردنی هەموو شتێک دەدا بە الله . بەڵام ئایا ئەو اللّەیە دەتوانێ خودایەکیتر دروست بکات کە هەمان سیفەتی دروستکردنی گەردوون و زەمین ئاسمان و هەرچی لەناویاندا و لەنێوانیاندایە؟

ئینجا هەموو سیفاتەکان بخە تای تەرازووی هەمان ئەو پێوەرو پێوانەوە، چیی لێ دەردەچێ جگە  لە شتێک کە ناگونجێ لەگەڵ مەقامی خوایەتی بوون دا

ئەم سیفاتانە دەرەنجامی دروست بووی مامەڵەو بەریەککەوتنەکانن . لە کۆمەڵە بوونێکەوە بۆ کۆمەڵە بوونێکی تر دەگۆڕێن . بۆ نموونە سیفاتی گەردیلەی تەنە شلەکان جیان لە سیفاتی تەنە ڕەقەکان . سیفاتی گیانداران لەگەڵ سیفاتی مرۆڤ جیان . سیفاتی کۆمەڵگە مرۆییە سەرەتاییەکان جیان لەگەڵ سیفاتی کۆمەڵگەی مرۆڤە شارستانیەکان .هەرچەندە هەندێ بنەماو خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە بەڵام لە زۆربەی بابەتەکان لێک جیان

بۆیە بەو سیفەتەی  کە خوا هێنەرە بوونە، هەر ئەو هەبوونە ئەو سیفەتانەی هێناوەتە بوون

ئایا دەشێ خوا دەزگای سیخوڕیی هەبێ؟

مما یلفظ من قول الا لدیە رقیب عتیدٌ (١٨ ) ق ..واتە :هەر قسەیەکی لەدەم دەردە چێت خێرا چاودێرێکی ئامادە، تۆماری دەکات.

مرۆڤ بە هۆی هەستەکانیەوەیە کەوا دەتوانێ بە شێوەیەکی تەندروست بژی . هەر کاتێک چاودێری چڕ بەناوی ئیمان و چاودێری خواوە لەسەر ئەو هەستانە دانرا، ئیتر لەو جۆرە حاڵەتەدا لوتکەی ئیمان دەبێتە ئەوەی )یان نابێ هیچ هەستێکت دەربڕی ، بۆ ئەوەی ئیمان لە دەست نەدەی، یان دەبێ ئەو ئیمانە لە بیرو هەستت دەرکەی (خۆی گرفتەکە لێرەدا لەوەیە کە ئەو جۆرە ئیمانە ،پشکۆی ئاگری ئاینی لەبەر چاوت کردۆتە نووری ڕێ ڕۆشن کەرەوە .ئەی ئەگەر ئەمە سەرلێشێواوی نەبێ ،چییە .کەناویان لێ ناوە ئیمان .

خوا بێ بەرییە لەوەی کە ئەو تۆمەتی جاسووسی کردنەی دراوەتە پاڵی .پەڕاوی بەناو ئاسمان هەر خۆی دەڵێ :خوا دەبینێ و دەبێستێ و ئاگاداری هەرچی هەیە لەناو سینەکاندا کەچی لەولاوە دەڵێن :خوا کامێرای چاودێری)رقیب وعتیدی ( داناوە لەسەر خەڵکی و چاودێریان دەکات و خەڵک چی بکەن ، یەکسەر ئەو جاسووسانە دەیکەنە ڕاپۆرت و بۆ لای خوای دەنێرن و خوای لێ ئاگادار دەکەنەوە .
مرۆڤ کائینێکە پێکهاتوە لە کۆمەڵێک هەڵچوونی دەروونی هەست و سۆز.وغەریزەی ئاژەڵی ، چەندە بیرکردنەوە خۆراکیەتی ،هێندەش غەریزە بەدیوە سرووشتیەکەی پێویستیەتی. ئەمە ئەسڵی پێکهاتەکەیەتی .ئیدی بۆ دەبێ دەزگای جاسووسی لەسەر ئەو هەڵچونە دەروونی و هەستی و سۆزیانە هەبێ .بە پێشکەوتووترین شێوە کە لەناوەوەی ناخی مرۆڤ و لەگۆشە هەرە هەستیارەکان دا جێگیر کراوە .ئایا شتی وا دەبێ؟ئایا خوای ڕاستەقینە ،هەرگیز شتی وا دەکا؟ ئایا ئەمە خوایە یان دەزگای سیخوڕی؟

نەخێر ئەمە کاری خوانیە کەدەزگای سیخوڕی هەبێ .بەڵکو خوا ئەو هەست و سۆزو بیروئەندێشەوهەڵچونانەی پێداوی ، بۆ ئەوەی بتوانی بەهۆیەوە بگەیتە ئاستێکی باڵاتر لە مرۆڤ بوون .

نەفرەتی خوا ( لعنة الله: عذابە ، والطرد من رحمتە)

نەفرەت کردنی خوا لە هەر شتێک .نەفرەت حاڵەتێکە بۆ هەتا هەتایی لە شتێک یان کەسێک ، نەفرەت حاڵەتێکی جادوو ئامێزە بۆ چارە ڕەش بوونی هەر شتێک کە نەفرەتەکەی بەر دەکەوێ، وە هەر کەسێکی تر دەستی بۆ بەرێ ،وەک تاعوون ئەویش دەیگرێتەوە .

دەپرسم :ئەرێ دەبێ تاعوونێکی لەو شێوەیە لە خواوە دەربچێت و بەر هەر شتێک بکەوێ ، هەڵی پڕووکێنێ؟ ئەرێ دەچێتە عەقڵەوە کە خوا هێندە دڵ ڕەش و دڵ ڕەق بێ و ئیرادەی لێخۆش بوونی نەبێ لە شتە نەفرەت لێکراوەکە؟ ئەی بۆچی سیفەتی لێبووردەیی)عفو(تان داوەتە پاڵی؟

بەرامبەر لەعنەتی خوا ،وجودێکی وەهمیتان خوڵقاندوەو هەموو نەفرەتی خواتان تێدا چڕ کردۆتەوەو ناوتان ناوە ئەهریمەن)شەیتان.(

ئەرێ دەچێتە عەقڵەوە ؟خوایەک بوونەوەرێک بخوڵقێنێ و نەزانێ بگەڕێتەوەو تەوبە بکا)هەر بە گوێرەی عەقیدەکەی خۆتان(؟ ئەرێ دەچێتە عەقڵەوە کە خوا هەڵەیەکی کردبێ بەوەی کە ئەو بوونەوەرە کۆنترۆڵی گەڕانەوەی لە دەست داو، لە بری ئەوەی خوا چاو پۆشی لەو لاوازیە بکات و

بێت و لە جیاتی ئەوە نەفرەت بنێرێتە سەر ئەو بوونەوەرە؟

ئینجا لە هەمووی خۆشترو سەیرتر ئەوەیە کە هەر ئەو نەفرەتیە دوعای لێ وەربگیرێت و بە نەمری بمێنێتەوە )بە گوێرەی عەقیدەی خۆتان(، ئینجا لەوش سەیرتر ،بەرامبەر ئەو سەرپێچیە دەسەڵاتێکی بێ سنوری پێ بدەی کە بەقەد خوایەک دەسەڵاتدار بێ )هەر بە گوێرەی عەقیدەکەی خۆتان (؟

ئیتر ئەوە نەفرەتە یان نیعمەت ؟ کە لە بەرامبەر یاخی بوون بە دەستی هێناوە؟ لە ڕێی ئەو پرسیارو دیمەنانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نەفرەت)اللعنە (ی خوا ، هیچ بنەماییێکی نییە جگە لە خورافەی ئاینی .چونکە ئەگەر بەو پێوەرەبێ ، کەواتە هەرچ مرۆڤی هەق ویستە ،بەر نەفرەتی خوا کەوتوە .چونکە لەسەر هەق ، هەموو هەقێکی دەخورێ.

ئاایا ترس بۆ خوایه یان بۆ (بت)

بابەتی ترس لە خوا ،بابەتێکە زۆر لە پەڕاوە ئاسمانیەکان داکۆکی لەسەر دەکرێتەوە،بۆ نموونە ،وەک):خشیة، تقوی، خوف،ورع(هەر کام لەم جۆرە ترسانە ،پەیوەندی هەیە بە لایەنێکی دەروونیەوە .بەڵام لە ڕاستیدا خوا ئەو حەقیقەتەیە کە بۆ سەلماندنی خوایەتی خۆی ،هەرگیز ترس وەک ئامرازێک بەکارناهێنێ .

بەڵکو ترس لەو بەرواڕو مێژووەوە سەری هەڵداوە کە کەسانێک هەڵدەستان بە شکاندنی بتەکان، بۆیە بتپەرستەکان بۆ پاراستنی گیانی بتەکانیان هەڵساون بەو داهێنانە لە پەرستش .خەڵکیان ترساندوە بەوەی کە هەر کەسێک دەست بۆ خواکەیان بەرێت، ئەوا خواکەیان تۆڵەیان لێ دەسێنێت و کارەساتیان بەسەر دێنێت .

هەر ئەو کلتورو بیروباوەڕە گوازراوەتەوە بۆ ناو ئەو ئاینانەی کە گوایا دژی بتپەرستین.

ترسان لە خوا هیچ بنەمایەکی خواناسی تێدا نیەو تەندروست نیە بۆ خواناسی

ئەو سیفاتانەی کە دراونەتە پاڵ خوا،هی مرۆڤن.

بەهێزکردنی ئەو سیفاتانە بەهۆی هەوڵ و ئەزموونەوە زیاتر دەردەکەون وبەهێزتر دەبن . مرۆڤ وەک کێڵگەی ئەو سیفاتانە وایە . خوا تۆوی هەموو ئەو سیفاتانەی لەو کێڵگەیەدا چاندوە . ئەوە تۆی کە دەبێ ئاودێروچاودێری بکەی و پەروەردەیان بکەی، گەڵاو گوڵ و بەری داری سیفەت ،خوا دەیبەخشێ . تۆ کاری خۆت بکەو کارت بەسەر کاری خواوە نەبێ.

بۆ نموونە تۆوی سیفەتی (عالم-زانای )لە تۆدا چاندوە . تۆ دەبێ ئەو سیفەتە بەپێی ڕێکارویاساکانی تایبەت بەخۆی وکەشەکردنی خۆی ، بگریتەبەر تاکو دەبێتە درەختێک و بەری زانست دەگرێ . دابەش کردنی کاری تۆ لەگەڵ کاری خوا ئەوەیە . کاری خوا تۆوەکەو بەرەکەیە .کاری تۆش ئاودێری وچاودێریە.

ئێمە هەموومان ، هەڵبژێردراوی خواین

بە پێچەوانەی ئاینەکانەوە، لە خواناسی ڕاستەقینەدا ، شتێک نیە بەناوی کۆمەڵێکی دیاریکراوی هەڵبژێردراوی خوا ) واتە :ئەوەی کەلە بیروباوەڕی خەڵکیدا پێی دەڵێن پێغەمبەرایەتی(

نەخێر چونکە ئەمە لەگەڵ ویستی خوایەکی ڕاستەقینەدا یەک ناگرێتەوە .چونکە ویستی خوای ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەر شتێک بوونی هەبێ ، بەو شێوەو قەبارەو ڕوخسارەی کە هەیەتی ، بەو کوالێتی ونەخشەسازی و دیزاینەی کە خوا بۆی کردوە ، ئەوە بریتیە لە هەڵبژاردەیی خوا بۆ ئەو شتە . کەواتە ئێمە هەموومانهەڵبژاردەی خواین

خوای ڕاستەقینە ، فەزڵی هەڵبژاردنی هیچ شتێکی نەداوە بەسەر هیچ شتێکی تردا بۆ نموونە) ئۆکسجین (بوونێکە هەڵبژاردەی خوایە . ئایا ئەگەر ئەو بوونە نەمێنێ ، ژیانی چەندەها گیانەوەر دەکەوێتە بەر مەترسی؟ وەئایا هاوسەنگی ژیان لەسەر هەسارەکەمان چی بەسەردێ؟ وە ئایا کەش و هەوای سەزەمین چیی بەسەردێ؟

یان) هێزی کێش کردن .(ئایا ئەگەر هێزی کێش کردن نەما ، ئەو بوونەی کە ئێستا لەبەر چاوتە چی بەسەر دەهات؟ تەنها هێزی کێش کردن بەسە) ئەگەر ئەو هێزە نەما (هەموو تەنەکان و گەردو گەردیلەکان لەبەریک هەڵدەوەشان و دیزاینی ئەو شتانەی کە ئێستا دەیانبینین و هەستیان پێ دەکەین ، هیچی نەد ەما

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەموو بوون بەبێ جیاوازی ،هەڵبژاردەی خوایە

بە دیوێکی تر، زانست سەلماندویەتی کە سپێرمی پیاو دەگوازرێتەوە بۆ ناو ڕەحمی ئافرەت لە هەزارەها کرمۆکە تەنها یەکێکیان دەگات بە هێلکۆکەی ئافرەتەکەو یەکدەگرێ و دەبێتە کۆرپەلە. واتە : تۆ لەناو ئەو هەموو (حیوان منوی)ەدا تاکە هەڵبژاردەی کە بێیتە دونیا.

هەموو کەسێک پێغەمبەرێکە

ئەگەر بەتەواوی ئەو ناونیشانە ورد کەینەوە،ئەوا دەبێ بڵێین

هەموو شتێک پێغەمبەرێکە

هەموو شتێک پێغەمبەری ئەو خوایەیە کە لەخودی خۆیدایە .چونکە خوا ،واتە بوون و ژین . هەرشتێک بوونی هەبێت ، ئەوا بێگومان ژینیشی هەیە ، کەواتە هیچ شتێک بێ بوون و ژین نیە، وە خواش بریتیە لەو بوون و ژینە

هەموو شتەکان پێغەمبەری ئەو بوون و ژینەن و پەیامی ئەو بوون و ژینە دەگەیەنن بەشتەکانی تر .هەرشتێک بۆیە ژینی هەیە، تاکو لەماوەی ئەو ژینەدا ، ئەو بوونەی خۆی بسەلمێنێ .سەلماندنی ئەو بوونە بریتیە لە گەیاندنی پەیامی ئەو بوونە

وە مرۆڤیش یەکێکە لەو شتانەی کە بوون و ژینی هەیە و لە ماوەی ئەو ژینەدا دەبێ ئەو بوونەی خۆی بسەلمێنێ بە گەیاندنی ئەو پەیامەی کە ئەو بوونەی پێ بەرنامە ڕێژکراوەو مرۆڤ پێغەمبەری ئەو پەیامەیە

کەواتە :هەموو کەس پێغەمبەری خواکەی خۆیەتی . بەپێچەوانەی ئاین کە پێی وایە خوایەک هەیە لە دەرەوەی بوونە)مرۆڤ (و تەنها چەند کەسێکی هەڵبژاردوە بۆ ئەو کارە

بیروباوەڕی خواناسانەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پێغەمبەرێتی بۆ هەموو کەسێک و شتێکەو کۆتایی نەهاتوەوخوا پەیوەندی نەپچڕاندوە .بەڵام بیروباوەڕی ئاینی پێی وایە کە خوا تەنها چەندکەسێکی هەڵبژاردوەو پێغەمبەرایەتی کۆتایی هاتوەو خوا بەکۆتا هێنانی پێغەمبەرێتی ڕاگەیاندوەو پەیوەندی پچڕاندوە

وەزیفەی پێغەمبەرێتی

لە زنجیرەی دووەمدا باسی پێغەمبەر بوونی هەموو شتێکمان کرد بەگشتی و مرۆڤ بە تایبەتی .وەباسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەر بوون تا هەتاییەو کۆتایی نایەو بەردەوامە.

لەو بابەتەشدا باسی وەزیفەی پێغەمبەرێتی دەکەین. کە هەر شتێک بە ئەندازەی بوون و پێویستی وگرنگی و ئاستی هۆشمەندی خۆیەوە قورسایی ئەوبارەی دەکەوێتە سەرشان.

مرۆڤیش بەشێکە لەو هاوکێشەیە. مەرج نییە لە هەموو شتەکان زیاتر قورسایی ئەوبارەی کەوتبێتە سەرشان ، ڕەنگە لە مرۆڤ گرنگتریش هەبێ لەنێو بوون کە ئەو ئەرکەی بە ئەندازەی ئاستی خۆی بکەوێتە سەرشان . بەڵام جۆریەتی پێغەمبەرایەتیی مرۆڤ بریتیە لە هۆش . خۆ ڕەنگە لە هۆش گرنگتریش هەبێ کە زانستی ئێمە بڕی ناکا .

بەهەرحاڵ پێغەمبەرێتی ئێمە قورساییەکەی دەکەوێتە سەر هۆش و بیرکردنەوە و لەو ڕێیەوە خوا پەیامی خۆی نمایش دەکا .

خۆدزینەوەلەو ئەرک وبەرپرسیاریێتیە بەهەر بیانوێک بێ، تاوانێکی گەورەیە. ڕەنگە بیانوەکە ئاینێک یان بیروباوەڕێک یان بێ ئاگایی یان نکوڵی کردن یان خۆلادان و خۆدزینەوەبێ یان ڕاکردن یان هەست پێ نەکردن بێ.

بەهەرشێوەیەک بێ، تۆ پێویستە بچیتەوە ژێر ئەو ئەرک وبەرپرسیاریێتیەوە. ئەو کاتە دەبیت بە پێغەمبەر بە مانای وشە.

پەیامی خوا

لە زنجیرەكانی پێشوودا ڕوونمان كردەوە پێغەمبەر چیەو كێیەو ماناو وەزیفەی پێغەمبەرایەتی چیە بۆ گەیاندنی پەیامی خوا .ئەی بابزانین پەیامی خوا چیە؟

لە زنجیرەی ئەمجارەدا باسی پەیامی خوا دەكەین .پەیامی خوا ،واتە :هەر هێزێک لەتۆوە ئاڕاستە بێ بۆ دەوروبەرو كاریگەری بخاتە سەر . وە ببێتە هۆی ڕێكخستنەوەو نووێبوونەوە. ئەوە دەبێتە پەیامی خوا بۆ شتەكانی تر

پەیامی خوا بەرفراوانەو هەموو شتێک دەگرێتەوە ، نەک بابەتێكی نووسراو

پەیامی خوا لە عەقڵی شتەكانەوە دەردەچێ كە عەقڵی مرۆڤیش یەكێكە لەو عەقڵانەی كە پەیامی خوای لێوە پەخش دەبێ

مامۆستا پەیامبەرە ،پەیامی پەروەردەو فێركردن دەگەیەنێ ئەندازیارێک پەیامبەرە .پەیامی دیزاین كردن وئاوەدان كردنەوەی وڵات دەگەیەنێ .شاعیر پەیامبەرە .پەیامی شیعر دەگەیەنێ . زانایەک پەیامبەرە .پەیامی زانست دەگەیەنێ

كەواتە هەموومان پەیامبەرین .وە هەموومان خاوەن پەیامێكین ، وە خوا ،جۆری پەیامی بۆ هەڵبژاردوین ، نەک چەند كەسێک بۆ پێغەمبەرایەتی

کیتابی خوا.

ئەو بابەتە جیایە لەگەڵ بابەتی (پەیامی خوا، چونکە پەیامی خوا ،واتە : ئەو نامەیەی خوا کە لە ڕێگەی تۆوە دەگات بە هەموو شتەکان. بەڵام کیتابی خوا تەنها بۆ تۆیە نەک بۆ شتەکان. بۆ چۆنیەتی ژیان کردن و ڕێ کردن لە دونیا. هەربوونێک کە دەخولقێ ، کیتابی تایبەت بەخۆی دادەبەزێتە سەری .واتە :هەر بوونێک پەڕاوی تایبەتی خۆی هەیە .

ئێمە کە باسی ئەو بابەتە دەکەین ،بۆ ئەوەیە کە بزانین هەموو وجودێک ،کتابی چۆنیەتی ژیانکردنی ڕۆژانەی لەگەڵ خەڵق بوون دا دابەزێنراوەتە سەری و بەپێی ئەو کتابە بەرنامە ڕێژ کراوە .واتە هەر وجودێک پەڕاوێک ،نەک هەموو وجود وتەنها یەک پەڕاو.

سەرەتا پێویستە ئێمە لە ئەسڵی پەڕاو تێبگەین، پەڕاو ئەو چەند پەڕە کاغەزە نییە کەشتی لەسەر دەنوسرێ ،یان ئەو پارچە تەختەیە نییە کە پێی دەڵێین )ئەلواح ( بەگوێرەی عەقیدەی ئیماندار، گوایا بۆ مووسا دابەریوە .وا وێنای دەکەن کە خوا دوو دەستی هەبێت و بە دەست و پەنجە نورانیەکانی خۆی .چەند ڕستەیەکی لەسەر نوسیبێ .نەخێر .کتاب واتە ئەو بەرنامەیەی کە داونلۆد کراوەتە سەر عەقڵی ئەو بوونە تا لە سووڕی بەردەوام بوونی )بوون(ی خۆیدایە .وە بەگوێرەی ئەو کیتابە ،ئەو بوونە هیدایەت وەردەگرێ و ژیان دەکا .بۆ نموونە :بێچوە مراوی، هەرکە لە نێو هێلکە دێتە دەرەوە، سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی دەکا . کە چاوی بە گۆمە ئاوێک کەوت ،یەکسەر دەچێتە ناو ئاوەکەو مەلە دەکا .کێ دەستی گرت و فێری کرد؟ بێگومان تەنها هیدایەتی لەو کتابە وەرگرت کە دابەزێنراوەتە سەری بۆ ناسینەوەی گۆمە ئاوەکەو مەلە کردن تێیدا .یان کاتێک بەرخێکی ساوا لە دایک دەبێ .یەکسەر هەڵدەستێتەوە سەر پێ و دایکی دەناسێتەوەو دست دەکا بە مژینی گوانی دایکی .کێ ئەمانەی فێرکرد؟ بێگومان هەموو لەناو ئەو کیتابە نووسراوە کە ئێمە پێی دەڵێین ):فیطرە (یان سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا ،کێ زەوی فێر کرد کە تا جووڵەی تێدایە، ئەوە ئاڕاستەی جوڵەکەیەتی بەدەوری خۆردا .بەڵێ .بێگومان هەموو بوونێک کە

دەخولْقێ ، خوا کیتابی تەنزیل دەکاتە سەری .نەک لە ڕێگەی فریشتەیەکەوە تەنها دابەزێنرابێتە سەر چەند کەسێک ٤٤.

سرووش (وحي)

سرووش وشەیەکە کورتکراوەی) سەروو -هۆش (واتە : ئەو ئیلهامەی لە سەرووی هۆشەوە دێت بۆ مرۆڤ ، وە لە زمانی عەرەبیش) وحي (لە )ایحاء(ەوە هاتوە ، ئەویش واتە :ئیلهام لەهەردوو زمانەکەدا واتە :ئەو هەستە تایبەتەی کە دەبێتە ڕێنیشاندەر

سرووش بەپێی ئاینەکان واتە : پەیوەندی خوا لەگەڵ چەند مرۆڤێک بەناوی پێغەمبەرێتیەوە، وە پەیوەندیەکی تایبەتە و بۆ کەسێکی هەڵبژێردراوو بۆ کاتێکی دیاری کراو

بەڵام سرووش بەلێکدانەوەیەکی خواناسانەی ڕاستەقینە، واتە : ئەو هەستەی کە خوا دەیخاتە هزری هەرشتێکەوە .بۆ نموونە : کاتی بوومەلەرزە کۆمەڵێک گیانەوەر هەست پێ دەکەن. بەڵام بۆ مرۆڤ ،واتە :ئەو پرسیارانەی کە خوا دەیخاتە هزریەوەو مرۆڤ ئاڕاستە دەکا بە گەڕان بەدوای وەڵامەکەیدا .ئەمەیە سرووشی خوایی و سرووشی ڕاستەقینە

بەڵام لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە ئەو ڕاستیە شێوێنراوەو کراوە بە موڵکێکی تایبەت بەسەر ڕابەرە ئاینیەکەیاندا بۆ ئەوەی شوێنکەوتوانی خۆیانی پێ کۆنترۆڵ و دەستەمۆ بکەن

کەواتە بەو پێوەرە، خوا لەڕێی ئەو سرووشەوە، بەردەوام وبێ پچڕانەوە لەگەڵ هەموو شتێک لەپەیوەندیدایەو سرووش بۆ هەموو شتێک دەنێرێ .وە سرووش نەپچڕاوەو ناپچڕێ ، چونکە پچڕانی سرووش واتە کۆتایی هاتنی پەیوەندی خوا لەگەڵ هەموو شتێک

بەڵێ .منیش سرووشم بۆ دێ و تۆش سرووشت بۆ دێ بەبەردەوام ، سرووش ڕێنیشاندەرو ڕێ ڕۆشن کەرەوەیە

وێستگەکانی خواناسی

کۆمەڵێک وێستگە هەن بۆ هەست کردن بەخواو بەخواناسی ،وەک ( بیرکردنەوە، هزر، ئەندێشە، ویژدان، سۆز، خورپە ،تێڕامان) بەڵام ئێمە کەم بەکاریان دێنین ، یان بەکاری دێنین بەڵام لە شتی تردا، یان بەکاری دێنین بەڵام شتێکی تر ئەولەویەتە.

هەروێستگەیەک ،پەنجەرەیەکە لەگۆشەیەکی خواناسی دەڕوانێ ، واتە ئەگەر ویستت لە کاروبارێکدا خوای ڕاستەقینە بناسی، پێویستە لەهەموو گۆشەنیگاکانەوە لێی بڕوانی ئینجا بڕیاری خۆتی لەسەر بدەی . نەک کتێبێکی پیرۆز ،یان کەسێکی پیرۆز ، یان پەیکەرێکی پیرۆز ،یان گیاندارێکی پیرۆز، یان خاکێکی پیرۆز ، یان شوێنێکی پیرۆز، یان کاتێکی پیرۆز ، یان هەر شتێکی پیرۆز بکەیتە وێستگەی خواناسی ، دڵنیابە ئەو گۆشەنیگایانە ، تەنها خوایەکی پیرۆزکراوت نیشان دەدەن نەک خوایەکی ڕاستەقینە.

ئایا خوا بەر لەتۆ بڕیاری  داوە ، یان بەهۆی تۆوە بڕیار دەدا؟

بێگومان ئەگەر هەموو شتێک بڕیار لەسەردراو بێ ، کەواتە مرۆڤ تەنها ڕۆبۆتێکە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان. مرۆڤ ئامێر نیە ،چونکە ئامێر پێویستی بەو ڕۆحە خوداییە نیە . ئەو ڕۆحە خوداییە بۆیە لەتۆدا بوونی هەیە ،تا ڕاستەوخۆ لە جێگەی خوا بڕیار دروست بکا. تۆی مرۆڤ بڕیار دروستکەری وبڕیاردەری

خودا لەجیاتی کەس بڕیار نادا. بەرپرس نیە لە بڕیاردان . خودا هێنەرە بوونە . تۆ ئەو بوونە پڕ دەکەیتەوە بە بڕیارو ئاگایی و ویست و هەڵوێست و هەوڵ و تێکۆشان و بنیاتنان و گەشە کردن و بەرەو باڵایی چوون.

ئاینی خوا کامەیە؟

ئاین واتە)بەرنامە- منهج (بەڵام بەبەکارهێنانی دەستەواژەی) ئاین (تێ دەگەین لەوەی کە بەرنامەیەکە پەیوەستە بە پیرۆزیەکانی کۆمەڵگاوە

بۆیە ئێمەش ئاین وەک خۆی باس دەکەین و حەقیقەتەکەی چۆنە، ئێمە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین و دایماڵین لەو هەموو چڵک و ژەنگ و وەهم و خورافات و بازرگانی پێوە کردنەی پیاوانی ئاینی

هەوڵ دەدەین کەوا فیترەی مرۆڤ چۆنی بخوازێ و قەبوڵی بکا، ئێمەش لەسەر ئەو خاڵە بوەستین . بە دابەش کردنی بەسەر سێ جۆر پەیوەندیدا

یەکەم /پەیوەندی مرۆڤ بە خودی خۆی . واتە : گەڕانەوە بۆ ئەو دەرچانەی کە خوا لەڕێیەوە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ مرۆڤ ، وەکو ویژدان، عەقڵ ، نەفس . ئەم جۆرە ئاینە لەناخەوە کاری خۆی دەکات و مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات و ڕێکی دەخاتەوە .بە پشت بەستن بە بیرو ئیجتیهادی خۆی .بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ ئاینێکی دەسکرد.

دووەم /پەیوەندی مرۆڤ بەکۆمەڵگاوە .ئەم جۆرە ئاینەش ، پەیوەندی مرۆڤ ڕێک دەخاتەوە لەگەڵ کۆمەڵگا .لەو بابەتانەی کە نامۆن لەنێو کۆمەڵگاکەو دزێون و قەدەغەن و حەرامن .یان ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵگا پشتگیری لێ دەکات و پێی دەڵێ حەلاڵ و ڕێگەپێدراو .بەڵام بە مەرجێک کە هەردوو حاڵەتەکە پشت بەستوو بێ بە لایەنی زانستیەوە . واتە لەسەر بنەمایەکی زانستی پەیوەندیەکان لەگەڵ کۆمەڵگا ڕێک بخرێنەوە

سێیەم /پەیوەندی مرۆڤ بەخواوە .ئەو پەیوەندیە زۆر تایبەت و شاراوەو نهێنیەو کۆدی پەیوەندی هیچ کەس بەخواکەیەوە بۆ کەسێکی تر ناشێ و نابێ . واتە هەرکەسەو کۆدی تایبەتی خۆی هەیە کە ناخی لەگەڵ خوادا دەکرێتەوە .واتە ئەم ئاینەش وەکو ئاینی یەکەم) پەیوەندی خۆت لەگەڵ خود (ئاینێکی تایبەتە

تەنها ئاینی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگا ،ئاینێکی گشتیە بەڵام هەروەک گوتم لەسەر بنەمایەکی زانستی بێ و هاوتابێ لەگەڵ یاسا خواییەکان لە گەردوون .وە لەهەمان کاتیشدا ڕەچاو کردنی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت

زیاتر بزانە دەربارەی بابەتی ئاین

ئەگەر بڵێین ئاین بوونی نییە ،ئەوە شتێکی هەڵەیە، ئاین بوونی هەیە . بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو شتێک دەگرێتەوە ، بۆیە پێویستە جۆرەکانی لێک جیابکرێتەوە بەگوێرەی پەیوەندیەکان .دابڕێژرێنەوە

هەڵبەتە ئێمە باس لەئاینێکی جیهانی دەکەین ، کە مرۆڤەکان تێیدا بەشدار بن ،ئاینێکی هەڵبژێرداوو پاڵفتە ،نەک ئاینکی سەپێنراوو ئاخنراو بەچیرۆکە ئەفسانەییەکان . ئاینێک لەسەر بنەمای زانستی نەک لەسەر بنەمای وەحی )مەبەستم ئەو ئیحایە نیە کەسەرچاوەکەی لە ڕۆحەوەیە (لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان نەک کەڵەگایی. لەسەر بنەمای ڕاستیەکان نەک لەسەر بنەمای کامە ئاین ڕاستە

پێویستە ئاین ،ئاینی مرۆڤ و ئاینی جیهان بێ .نەک ئاینی بنەماڵەیی☜) يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ☞ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ ☜وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ (٤٧)☞البقرة

چونکە ئەم جۆرە ئاینە ،شوێنکەوتوانێک پێ دەگەیەنێ کە بنەماڵەکەیان لەهەموو جیهان بە باشتر بزانن و بڵێن: ئێمە گەلی هەڵبژێردراوی خواین و دەبێ هەموو دونیا بێتە ژێر ئیرادەی ئێمە) .جولەکە بەنموونە(

وە پێویستە ئاینێک بێ دوور بێ لە ناوچە گەری) وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ☜قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا☞ وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ (٧) شوری

چونکە ئەم جۆرە ئاینەش تەنها بۆ ناوچەیەکەو سوودی بۆ هەموو شوێنێک نابێ و شوێنکەوتوانیشی هان دەدا کەوا جڵەوی دەسەڵات تەنها لەژێر دەستی ناوچەیەک دا بێت وەک قورەیش دەیانگوت)الائمة ☜للقریش-☞ئیمامەتی تەنها بۆ قوڕەیشە (چونکە دەقی ئایەتی قورئانیان لەبەردەست بوو،کردبوویان بە بەهانە)لتنذر ام القری ومن حولها(لە قورئان بەدیاری کراوی نیمچە دوورگەی عەرەب دەگرێتەوە

وه پێویسته ئاین نەتەوەیی نەبێ) وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ ﴿وَلِقَوْمِكَ ۖ ﴾وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ (٤٤)الزخرف

چونکه ئەو جۆره ئاینەش تەنها نەتەوەیەک دەکاتە سەردەستەو نەتەوەکانی تریش دەکاتە ژێردەسته وله پەنا ئاین دا هەموو شتێک بۆ نەتەوه بەحەڵاڵ دەزانن و خۆیان بەڕاست دەزانن .هەرئەم دەقەیەش بوو لەقورئان که ڕێگه خۆشکەر بوو بۆ ئەنفال وتاڵانی

وەپێویسته ئاین بۆ پیرۆز کردنی کەسێک نەبێ. دیسان هەر هەمان ئایەت

لَذِكْرٌ لَّكَ﴿ وَلِقَوْمِكَ ۖ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ(٤٤) الزخرف﴾ورفعنا لك ذكرك(﴿٤ الشرح

تێیدا به پیرۆزکردنی کەسێک ببێته ئامانج و هەموو شتێکی بەپاک دابنرێ ،هەر له ئاوی دەستنوێژ و ئارەقەی نێوچەوان و خوێن و میز و پیسایی و چی وچی .یان بەپیرۆز زانینی نەسل و نەعل و مووی لەش وگۆڕوچی وچی ..کەئەمەش هەر لەقورئان وەرگیراوه بۆ به پاک زانین و پیرۆز زانینی پێغەمبەریان .

ئەو ئاینەی که دەمەوێ باسی لێوه بکەم ،سێ ڕەهەندیه ،واته) سێ ئاین.(کەبریتیه له

-١ئاینێک لەسەر بنەمای(پەیوەندی خوا لەگەڵ خود)ئەمه مانای وانییه که ئەم جۆره ئاینه( ئاینی تاکه کەسی)بوونی نییه، نەخێر تەنانەت قورئانیش نکوڵیی لەو حەقیقەته نەکردوه ،که ئاینێکی لەو جۆره هەبێ (قل يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ*

لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ*وَلا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ*وَلا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ*وَلا أَنتُمْ مَاعبد+﴾لكم دينكم ولي دين﴿

ئەوەی دەستنیشانم کردوه ،واته من دینی تایبەتی خۆم هەیه .لەو جۆره ئاینەدا وەک گەشه پێدانی مرۆیی شتەکان بۆ گەشه پێدانی خودی خۆت ئەنجام دەدەی .تەنانەت قورئان ،محمدی هان داوه بۆ نوێژی تایبەت بەخۆی و به دەستەواژەی(صلاتی)-واته:نوێژەکەی خۆم(هەروەک دەڵێ):قُلْ إِنَّ ﴿ صَلَاتِي ﴾وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٦٢) الانعام

ئەو ئاینە تەنها بۆ خۆت وبۆپەروەردەی دەروونی خۆتە

٢- ئاینێک لەسەر بنەمای(پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکترِ)

هەروەک قورئانیش نکوڵیی لە بوونی ئەو جۆرە ئاین نەکردوە،بگرە هەر قورئان خۆی ڕێوشوێنی تایبەتیشی بۆداناوە وەک) حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ ☜الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ☞ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا فَمَنِاضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(٣ المائدة

بەدەستەواژەی (دینکم) واتە: ئاینی ئێوە(ئاینی خەڵک وکۆمەڵگا)ئاماژە پێداوە . ئەم جۆرە ئاینەش زیاتر پەیوندی بەو شتانەوە هەیە کەکۆمەڵگا قەبووڵیەتی یان قەبووڵی نییە واتە) حەلال وحەرامەکان .(ئەگەر دیقەت بدەینە ئایەتەکەش ،ئەویش هەر بەهەمان شێوە ئاماژە دەکا

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ و

الْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ ☞الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ الله غفور رحيم(

هەروەک لە ئایەتەکەدا دیارە باس لە شتە حەرام کراوەکان دەکات.

٣-ئاینێک لەسەر بنەمای) پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ خوا (بەهەمان شێوەی دوو :ئاینەکەی تر ،ئەو جۆرە ئاینەش ئاماژەی پێدراوە،وەک ڤەڵێاذا جاء نصر الله والفتح . ورأيت الناس يدخلون في ☜دين الله ☞أفواجاً . فسّبح بحمد ربك واستغفره إنه كان تواباً{النصر

ئەگەر دیقەت بدەین ئەو ئاینەش بە ئاینی) دین الله-ئاینی خوا(ئاماژەی پێدراوە

دینی خوا بریتیە لە سوننەت و یاساکانی خوا بۆ بوون وگەردوون.
واتە:پارێزگاری کردن لەسرووشت و جوان کردن و ڕازاندنەوەی سرووشت بە شارستانیەت و زانست و پێشکەوتن، پارێزگاری لە ژینگەو گەشە پێدانی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک گونجاو.

کاتێک باس لە ئازادی دروست بوونی ئاین بەم شێوەیە دەکەین ئەمە وانەبێ کە ڕێگە پێدراو نییە ،بەڵکو قورئانیش هەمان بۆچوونی هەیە بە دەست کراوەیی مرۆڤ لە دروست بوونی ئاین . ئەگەر تەماشا کەین چەندین خیتاب هەیە لەقورئان کە نوێنەرەکەی کردوە بە سەرپشک و دەمڕاست و بڕیاردان لە جێی خوا ،وەک:

﴿إِنَّ اللَّهَ ﴾يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ * وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلَا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ] {النحل٩٠ :، ٩١]

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ۚ ﴾إِنَّ اللَّهَ ﴿يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَالبقره

﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ (٤)الصف

خیتابی زۆربەی هەرە زۆری قورئان ،بەو شێوەیەیە کە محمد لە جێگەی خوا و لە بری خوا قسە دەکا. بە خیتابی( ان الله )واتە: خوا وای دەوێ .واتە: مرۆڤ موخاتەبە

بۆ نموونە من مامۆستام لەقوتابخانە ،کاتێک ئەرکی ماڵەوە دەدەم بە قوتابیان ،دەڵێم قوتابیان ئەو ئەرکەم بۆ جێبەجێ بکەن لە ماڵەوە (.ناڵێم) بەڕاستی مامۆستا فواد داواتان لێ دەکات کە ئەو ئەرکە لە ماڵەوە جێبەجێ بکەن

بۆیە بەبەڵگەی (ان الله) لە جیاتی (اني) دەزانین کە ئەوە محمدە لەبری خوا قسە دەکات و دەڵێ: خوا،وای دەوێ

بۆیە بەو پێیە ئاساییە کە ئاینی تازە لە دایک بێ و دروست ببێ .قورئان خۆی ناڕاستەوخۆ هاندەرە بۆ دروست بوونی ئاینی تازە ،بەڵام موسوڵمانان ئەوەیان ناوێ. هەرچەندە من نامەوێ قورئان بۆ ئەو بابەتە بکەم بەبەڵگەو بەهانە ،بەڵام قورئان تەنها وەکو دەمبەست کردنی ئەو کەسانە دێنمە ناو بابەتەکەوە تاوەکو کەس قسەی نەبێ

ئاین بۆ شوێنکەوتەیە یان بۆ کۆمەڵگا؟

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ دەقە ئاینیەکان . چونکە هەڵەیەکی گەورەیە لە ژێر هەر ناوونیشانێک ،ئاین لەسەر کۆمەڵگا بسەپێنرێ .

جگە لەوەی کە هەر خودی دەقەکانی ئاین لاستیکیە . ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی نیە دەڵێ : (لا اكراه في الدين) واتە : زۆرکردن نیە لە ئاین ،واتە باوەڕی وایە کە فرە ئاینی دیاردەیەکی تەندروستە. وە ناڕاستەوخۆ دان بەوە دادەنێ کە هەموو ئاینەکان ڕاستن . بەڵام کاتێک دەسەڵات بە دەست دێنێ، ئینجا دەڵێ: (ومن يبتغي غير الاسلام دينا فلن يقبل منه) واتە :جگە لە دینی ئیسلام هیچ دینێکی تر قەبوڵکراو نیە . کاتێکیش ڕووبەڕووی پرسیاری لۆژیکی دەکەیتەوە، دەڵێ: ئاخەر قوربان تۆ بەهەڵە لەئایەتەکە تێگەیشتوی ، چونکە ئایەتەکە مەبەستی ئەوەیە کە(جگە لە خۆڕادەست کردن، هیچیترت لێ قەبوڵ ناکرێ لەلایەن خواوە) واتە: ئەمجارەیان لە دەق دەچێتە دەرەوە تێگەیشتنی خۆی یان کەسێکی ترت بەسەردا دەسەپێنێ.

ئەوەی کە لەلای ئایندارەکان گرنگە ئەوەیە کە بە هەر جۆرێ بێ خۆی بسەپێنێ. لەبەر ئەوە ناکرێ وناشێ بیروبۆچوون و دەقی هیچ ئاینێک بە پەسەند دابنرێ بۆ بانگەوازکردن بۆ ئاین . بەڵکو پێوستە ڕێکاری یاسایی بگیرێتە بەر کە بە چ شێوەیەک ئاینداری دروستە.

ئایا ڕێژە دروستە؟ لە کاتێکدا کە هەموومان دەزانین ئاین بەشێوەیەکی کلتورو داب و نەریت بۆ خەڵک ماوەتەوە ،کە لە پێشیندا دەسەڵاتدارو سوڵتان وخەلیفەکان بەسەر کۆمەڵگایاندا سەپاندوە هەتا بووە بە ئەمری واقیع و داب و نەریت؟ کەواتە لەو حاڵەتەدا ڕێژەی ئاینداری هیچ بایەخێکی نامێنێ .

یان پەروەردەی ئاینی ؟ کە لە دەرەوەی قەناعەتی تاکە . چونکە ئاین پێی دەڵێ : لە حەوتساڵیدا نوێژی فێربکە ، ئەگەر نەیکرد لە دە ساڵیدا لێی بدە . واتە بەزۆر بەسەردا سەپاندن. کەواتە پەروەردەی ئاینیش نابێتە پێوەر.

بۆیە لەهەموو حاڵەتەکان ، دەبێ یاسا ڕۆڵ بگێڕێ لە زەمینە ساز کردن بۆ هەموو ئاینەکان. وەمرۆڤیش ئازاد بکرێ کام ئاین هەڵدەبژێرێ یان هیچ ئاینێک هەڵنابژێرێ. باشترین پێوەر بۆ شوێنکەوتەبوون ، قەناعەتی تاکە بە ئاینەکە.

٥٥

ئایا ئاین هاوتەریبە لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ ؟ یان دژیەتی؟

ئایا ئاین تەنها بۆچوونی خۆی دەسەلمێنێ؟ یان بەگوێرەی سرووشتی مرۆڤەکان نوسراوەتەوە .نموونەیەک لەو بارەوە لەسەر خۆ داپۆشینی ژنان چ وەک جل وبەرگ ،چ وەک سەرپۆش.ئایا لە ڕاستیدا گوێ لە ژن گیراوە؟ ئایا پرسی پێکراوە؟ ئایا ڕەچاوی هەستی کراوە؟لێرەدا پێم وایە ئەوانەی کە مرۆڤیان خستۆتە خزمەتی ئاین، زۆر لەوانە ڕاستگۆترن کە دەڵێن:دەبێ ئاین لەخزمەتی مرۆڤ دابێ .چونکە ئەگەر بە ڕاستی ئاین لە خزمەتی مرۆڤ دابێ، ئەوا دەبێ لەدوای بڕیارەکانی مرۆڤەوە ڕۆڵ بگێڕێ ،نەوەک پێش مرۆڤ بکەوێ لە بڕیاردان و بڕیاردانەکەش بکاتە واجب و فەرز بەسەر خەڵکەوە بەگشتی و ژن بەتایبەتی. لێرەوە دەردەکەوێ کە ئاین هەرچی دەیڵێ ،پێچەوانەکەی ئەنجام دەدا .هەربۆ نموونە سەرپۆش .

ئەگەر سەیری شوێنەوارەکانی ویستی خوا بکەین لە سرووشتدا، ئەوا پێچەوانەکەیمان دەست دەکەوێ ، چونکە سرووش پێمان دەڵێ ):هەموو جوانیەک بۆ دەرخستنە، بەڵام هەموو ناشیرینیەک بۆ شاردنەوەیە(داپۆشینی سەروقژی ژن کە جوانیە بۆ ژن، ئەمە کارێکی خواکردەیە ، دەبێ فەرمانی خوا لەنیشاندانی جوانیەکاندا بێ نەک شاردنەوەی .خۆ ئەگەر دەڵێن :کاریگەری لەسەر دەروونی ڕەگەزی بەرامبەر دروست دەکا، نابێ خوا ویستی لەسەر هاتنە وجودی دەروونێکی لەو شێوەیەی هەبێ .چونکە ئەگەر وابێ ،خوا دابەش دەبێتە سەر دووخوایی .ئەو خوایەی کە ژنی دروست کردوە وە ئەو خوایەی کە پیاوی دروست کردوەو ململانێ دەکەوێتە نێوان ویستی هەردوو خواکە بۆ سەپاندنی بڕیارو کاریگەری جێهێشتن .

بەڵام لە نیزامی یەک خواییدا وانابێ .چونکە لە نیزامی یەک خواییدا، هموو شتە دوو جەمسەرو دژە جەمسەرەکان بەهاوسەنگی یەکتر دروست دەکرێن .بۆیە لەو

سۆنگەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بڕیاری سەرپۆشی وخۆداپۆشیی ژن ،لە خواوە نیە،بەڵکو لە دەروونی دەروون نەخۆشەکانەوە هەڵقولاوە .



چونکە ویستی خوا لەسەربەخۆیی وجوددایە نەک بەشێک لەبەر خاتری بەشێک بوونی هەبێ .لەو حاڵەتەدا ژن دەکەوێتە مەوقیعی ڕەچاوکردنی بارودۆخی لەلایەن پیاوانەوەو نابێتە کائینێکی سەربەخۆ ،بەڵکو دەبێتە کائینێکی سەربە پیاوو خۆی نابێ .کە ئەمەش ویستی خوا لاسەنگ دەکا .

لەوانەیە کەسێک هەبێت بپرسێ و بڵێ :ئاخەر هەندێ ژن خۆیان بە ئازادی خۆیان و بەقەناعەتی خۆیان سەرپۆشیان وەکو دین هەڵبژاردوە .منیش پێیان دەڵێم :وەک ئەوە وایە کە باڵندەیەک، خۆی خۆراکی بۆ خۆی دەست نەکەوێ ، ڕازی بێ بە ژیانی ناو قەفەسێکی ڤی ئای پی کە تێیدا خۆراک گرێنتیە .بەڵام ئایا لە ڕاستیدا ،سرووشتی ئەو باڵندەیە ناو قەفەسە یان دەرەوەی قەفەس ؟

بەڵێ لەو جۆرە ژنانە هەر زۆر زۆرن ،بەڵام ئایا ئەو هەموو جوانیەی کە لە ژن دا کۆبۆتەوە، بۆ دەرخستنە یان بۆ شاردنەوە؟

وەڵام :نەک هەر بۆ دەرخستنە،بەڵکو پێویستە بڕازێنرێتەوە ئینجا نیشان بدرێ ، ئەمە هەم لەگەڵ سرووشتی ژن و هەم لەگەڵ ویستی خواش یەک دەگرێتەوە . ئیدی چەندان نموونەی هاوشێوەی ئەوەمان هەیە کە بە پێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ بەهۆی ئاینەوە .بەڵام پێویست دەکا لە ژێر هەیمەنەی ئاینێکی مۆدێرنەدا دووبارە بە دیوە سرووشتیەکەی خۆی دابڕێژرێتەوە .

پەڕاوی ئاسمانی.

بە درێژایی مێژوو ئەو بابەتە کۆمەڵگای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە . گوایە )خوایەک هەیە لە ئاسمان و لەوێوە پەڕاوی خۆی دابەزاندوەتە سەرزەوی(

تەنها لەم ڕستەیەدا چەندین هەڵەی ئیمانی هەیە کە لە زنجیرەکانی تر زیاتر تیشکی دەخەمەسەر ،وەک هاتنی پەیام لە دەرەوەی شتەکان بۆ ناوەوی شتەکان .وەدابەزینی پەڕاوی ئاسمانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە .وە دەستنیشان کردنی شوێنێک بۆ خوا ،وەدست نیشان کردنی شێوەو قەبارەیەک بۆ خوا .وە دابەزینی بەسەر کەسێکداو لەوێوە پەخش بوون. وە بەزمانێکی تایبەت ، وە پارێزگاری لێ کردنی بۆ وەک خۆ هێشتنەوەی .وە جێبەجێ کردنی وەک خۆی تاهەتایە ئەمەو چەندین هەڵەیتر کە لە ژمارە نایەن

بوونی پەڕاوێک بەو شێوەیە، گومان دەخاتە سەر خوایەتی بوونی خوا بۆچی؟چونکە نیشانەی ئەوەیە کە خوا کۆمەڵێک بابەتی لەبیر کراوی هەیە کە لەکاتی دروست بوونی مرۆڤ دا نەیتوانی پێی هەڵسێ بە ئەنجامدانی .کاتێ مرۆڤ کەوتە ژیان کردن وخوا سەیری مرۆڤی کرد لەسەر شانۆی ژیان و بۆی دەرکەوت لە چی ولەکوێ هەڵەی کردوە ،بۆیە پەنای بردۆتە بەر هەڵبژاردنی کەسێک و ناردنی پەیام بۆی وتۆمار کردنی لەناو پەڕاوێکدا و بڵاو کردنەوەی لە ڕێگەی ئەودا .ئینجا هەڵسا بەپارێزگاری کردنی نەگۆڕانی ئەو پەڕاوەو جێبەجێ کردنی لەلایەن مرۆڤەوە.خوا بیری چوو دەرچەیەک دروست کا بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو ڕێیەوە بزانێ چاکە چیەو خراپە چیە .پەیامێکی دابەزاند تا خەلک لێیەوە فێر بێ . ئەگەر بەو پێوەرەبێ ، هەرچی بوونەوەری سەرزەمینە، لە مرۆڤ هۆشمەندترە، چونکە بەبێ بوونی پەیامێکی لەو شێوەیە . دەزانێ کارو وەزیفەی چیەو دەزانێ خراپەوچاکە چیە،وەدەزانێ چۆن ژیان بکا

ئینجا لایەنگرانیشی سوورن لەسەر ئەوەی کە نابێ دەسکاری ئەو پەڕاوە کرابێت وبکرێت ودەسکاری نەکراوەو تا هەتایەش کەس سەری لێ دەرناکاو هەر ڕووداوێک و پێشهاتێکی نوێش کە ڕوودەدا ،دەڵێن: چەندین سەدەیە لەنێو پەیامەکەی ئێمەدا خوا باسی لێوە کردوە

٥٨

دەی باشە عەقڵی مرۆڤایەتی دووهەزارو سێ سەد ساڵە هەستی بەوە کردوە کە زەوی گۆییەو تازە شارستانیەتی نوێ ئەو ڕاستیەی بەشێوەیەکی زانستی سەلماندوە ،خۆ ئەگەر بەو پێوەرەبێ ،عەقڵی مرۆڤایەتی لەپێش زانستی خوایشی داوەتەوە .یان دەڵێن هەزارو ئەوەندە سەدەیە پەڕاوەکەمان خوا پارێزگاری لێکردوەو پاراستویەتی وەک خۆی .دەی باشە چەندین پەرتووکی مێژوویی دۆزراوەتەوە کە مێژوەکەیان بۆ دوو هەزارساڵ و سێ هەزارساڵ و چەندین هەزارساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوەو هەروەک خۆیەتی هیچ باسی خوایشی تێدا نیە .ئەی کێ ئەمانەی پاراستوە؟

ئەمە تەنها وەک پێشەکیەکی بابەتەکە باسم کرد بۆتان بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ،هیچ پەیامێکی لەو شێوەیە ، بوونی نیە. چونکە پەیامێکی لەو شێوەیە کە تۆمار بکرێ لە پەڕاوێک بە نوتق و زمانی خوا .ئەوا خوا دەخاتە بەردەم حەقیقەتێکی بەرجەستەبوو دا. کە دەمی هەیەو زمانی هەیەو قسەی پێ دەکات و وەکو مرۆڤ پیتەکان گۆ دەکات و چیرۆک دەگێڕێتەوەو وەسف و سەنای خۆی دەکات و لەو ڕێیەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێ . ئەم حاڵەتەش خوا دەخاتە بەردەم واقیعی مەخلوق بوونەوە.کە ئەمەش لە کوالێتیی خوایەتی بوون دا جێی نابێتەوە

ئەمەو جگە لەوەی کە چەندین پەڕاو بەناوی خواوە تۆمار کراون و بەناوی خواوە لە قەڵەم دراون .وە شوێنکەوتەی هەر پەڕاوێک باوەڕی وایە کە ئەم پەڕاوە لە خواوە دابەزیوە بۆیان .جا سەیر لەوەدایە لەهەر پەڕاوێک خوای بەجۆرێک تێدا نمایش کراوەو ڕاجیایی لەنێو باوەڕدارانی شوێنکەوتەی ئەو پەڕاوانە دروست کردوە تا سنووری یەکتر قڕکردن لە پێناوی ئەو خوایەی کە لەنێو پەڕاوەکەیاندا خۆی نمایش کردوە

بەڵێ ڕاستە خوا پەیامی هەیە بۆ شتەکان . بەڵام چۆنیەتی بابەتی پەیامی خوا جیایە لەوەی کە لە ئاینەکاندا هەیە، چونکە پەیامی خوا لەنێو شتەکاندایەو لە شتێکەوە پەخش دەبێ بۆ هەموو شتەکانی تر ، وە پەیامی خوا وەک بەرنامەیەک بۆ ژیان کردن ،هەر لەگەڵ بوونی شتەکە ،لەنێو خودی شتەکە بەرنامەڕێژکراو

٥٩

هەموو ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری تریش دەیسەلمێنێ کە خوا هەرگیز کاری واناکا کە بەهۆی ئەوەوە خوێن بڕژێ و جەنگ وکوشتار دروست ببێ . بۆیە پەڕاوە ئاسمانیەکان تەنها خورافەیەکن و ئەوەندەی گومان دروست دەکەن ،ناتوانن باوەڕ دروست بکەن

وشە مردووەکانی ناو پەیامە ئاسمانیەکان

لەنێو پەیامە ئاسمانیەکاندا )کە وا بانگەشەی بۆ دەکرێ لە لایەن خواوە بێت و هیچ بەڵگەیەکی زانستیش نادۆزیتەوە لەسەر ڕاست و دروستی ئەو قسەیە ، تەنها کراوە بە باوەڕو بەسەر باوەڕداردا سەپێنراوە بەناوی باوەڕبوونەوە (لە پەنا نوسینەوەی چەند دەقێک بە چەند زمانێکی دیاری کراوو تایبەت بە شوێنێک و بەهۆی دەرەنجامەکانی سەردەمێکەوە .ئەو دەقانە ، وشەکانیان مردوون لەسەر پەڕی چەند کاغەزێکەوەو بەناوی پیرۆزیەوە دەستیان لێ نادرێت و دەستیشیان لێ هەڵناگرن .جاری وا هەیە دەقێک بەناوی خواوە قسە دەکات و دەڵێ :ئێمە ئەو دەق و نووسینانەمان دابەزاندوەتە سەر مرۆڤ و وە دەیپارێزین و نایەڵین هیچیان بەسەر بێ .ئەمە خۆی لە خۆیدا دەیسەلمێنێ کە ئەو پەیامانە بۆ پەرستنن نەک حوکمیان لێ وەر بگیرێ .لە سەرێکی ترەوە، هەموو شتێک گۆڕانکاری بەسەردادێ بەگوێرەی کات و شوێن ،ئەمە سرووشتی خوایە بۆ یاساکانی خۆی نەک ئەوەی کە بەناوی خواوە دەق بپەرسترێ .هەرگیز خوا شتی وا ناکا .ئەمە چەند قسەیەکی هەڵبەستراوەو دەیدەنە پاڵ خوا .وشەکان چۆن لەسەردەمی خۆیاندا تۆمار کراون، هەروا ماونەتەوەو هیچ گۆڕنکاریان بەسەردا نەهاتوەو گۆڕانکاریان بەسەردا نایە .دەزانی بۆ؟ چونکە وەکو کۆپی کردنی کۆمپیوتەر وایە کە وێنەکەی لەبەر گیرابێتەوەو چۆن کۆپی بووە ، بەو شێوەیە پیتەکانی

لەسەر پەڕاوە کۆپیەکە بە مردوویی ماونەتەوەو دەسکاری نابن .جا شوێنکەوتوانی پەڕاوەکان بۆ ئەوەی لەو هەڵوێستە پڕ لە شەرمەزاریەدا ڕزگاریان ببێ، دەڵێن :هێشتا زانستی مرۆڤایەتی نەگەیشتۆتە ئاستی تێگەیشتن لەو دەقە، یان دەڵێن ئەوە موعجیزەیەکە تەنها خوا دەیزانێ .بەو شێوەیە خۆیان لە هەموو پرسیارە گرنگەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەدزنەوەو پەڕاوەکەیان بەو دیوە پڕ لە شەرمەزاریەوە دەپارێزن .

٦٠

ئاین وگوناهـ وتاوان

بابەتێکیتر لەو بابەتانەی کە ئاین خۆی پێوە سەرقاڵ کردوەو خەڵکی پێوە سەرقاڵ کردوە، بریتیە لە گوناهـ وتاوان. کە لە ڕاستیدا گوناهـ و تاوان کەتنێکە دەبێ بەشێوەیەکی یاسایی سزای بۆ دابنرێ .واتە ئاین ناتوانێ ببێتە شەفاعەتکاری تاوانبار، کاتێک کە تاوانێکی ئەنجام داوە. گوناهـ وتاوان دوو جۆرە بە پێی ئاینەکان یان ئەوەتا بەرامبەر بەخوایە یان بەرامبەر بەخەڵک.

با چەند نموونەیەک لە تاوان بێنینەوە بەرامبەر خەڵک (کە حکومەتیش دەگرێتەوە ،چونکە لەنێو خەڵک هەڵبژێردراوە) بۆ نموونە کەسێک دزی دەکا .باشە خۆ ئەو کەسەی دزی لێکراوە ،پێویستە ماڵەکەی بۆ بگێڕدرێتەوە . چ پەیوەندیەکی بە تەوبەی دزەکەوە هەیە ؟ ئەو مافی خوراوە .پێویستە مافەکەی بۆ بگێڕدرێتەوە . یان دزەکە بۆچی دەستی ببڕدرێتەوە لەکاتێکدا ئەمە ئەتکی خەڵقی خوایە بەناوی خوا. ئایا هەرگیز ئەمە لە بڕیاری خوا دەچێ؟ کە خوا خۆی ئیهانە بە دروستکراوانی خۆی بکات؟ ئەو دزە بە بڕینەوەی دەست تا هەتایە ڕووڕەشی نێو کۆمەڵگا دەکرێ ،بە چ هەقێک ؟تەوبە چ سوودێکی هەیە بۆ ئەو لە کاتێکدا هەر ئەو ئاینە سووکایەتی پێکردوە؟

یان بابەتەکە ئەگەر درۆکردن بێ ، ئێ ئەمە هەرخودی درۆزنەکە ڕووڕەشی نێوکۆمەڵگا دەکا . چ پێویستی بە سزا هەیە، لەسەرێکی ترەوە چ پێویست بەتەوبە دەکا لەکاتێکدا خۆی ڕووڕەشی نێوکۆمەڵگا بووە؟ یان دووزمانی کردن ، ئێ خۆ ئەو دووزمانە ، ئاشووب و ئاژاوەی دروست کردوە لەنێوان دووکەس یان لەنێوان

چەند کەسێکەوە.دەبێ بارودۆخەکە چاک کاتەوە . یان دەبێ سزا بدرێ . ئاخەر تەوبە چ چارەسەرێکی ئەو بابەتە دەکا .

ئینجا بێینە سەر گوناهـ کردن بەرامبەر بەخوا . کۆمەڵێک گوناهی خەیاڵیان دروست کردوە بەرامبەر بەخوا ، بەگەڕانەوە بۆ ئاین گوایە هەموو ئەو گوناهانەت لەسەر دەسڕێتەوە. بۆ نموونە (شرك) . ئێ ئاخەر خوا زۆر لەوە باڵاترە کە هیچ هێزێک هاوشانی بێ تاکو بە هاوەڵی دابنرێ . ئەگەر بابەتەکەش پەرستن بێ ، ئێ خۆ خوا پێویستی بە پەرستن نیە . هەموو گوناهە خەیاڵیەکانیش لەوەو سەرچاوەیان گرتوە ، لەکاتێکدا خوا پێویستی بەهیچ جۆرە پەرستنێک نیە



خۆ ئەگەر بڕیاریش بێ بپەرسترێ ، ئەوا کەسەکە ئازادە چۆن خوا بپەرستێ ، چونکە خوا وجود نیە ،بەڵکو ماهیەتە، ئەسڵەن بە وجود دانانی خوا لە لایەن ئاینەکانەوە گەورەترین گوناهێکە کە ئایندارەکان تێیدا تەوانبارن ، یەکەم تاوانیان بەرامبەر بە خوا(چونکە خوایان تەجسیم کردوە لە کتابێک یان مزگەوتێک یان جەستەیەک یان هەربابەتێکی لەو شێوەیە) دووەم تاوانیان بەرامبەر بە خەڵک ( چونکە لەسەر ئەو بنەمایە چەندەها گوناهی خەیاڵیان داتاشیوەوبەسەر خەڵکیدا سەپاندویانە وەک(شرک، غەفڵەت، معصیە، اثم ،سیئات،ذنب) کۆمەڵێک تاوانیتر کە دراونەتە پاڵ خوا . بەڵام ئایا خوا چ نیازێکی بەو گوناهانە هەیە؟ ئایا لە پێگەومەقامی ئەو کەم دەکا؟ ئایا هیچ لە موڵکی ئەو کەم دەکا بەپێوەری ئاینەکە؟

لەسەرێکی ترەوە ،بارگران کردنی کۆمەڵگا بەو هەموو تاوانە چ سوودێک دەگەیەنێ ؟ تەنها لە پێناو تەوبە ئەو هەموو بیدعەیەی تاوان؟ ئینجا بڵێی : خوا ئەو خەڵکانەی خۆش دەوێ کەتاوان دەکەن و تەوبە دەکەن ؟ تەنها لە پێناوی شەرعیەت دان بە تاوان وتەوبەکردن؟ دەقێک هەیە کە ئاین لەو بارەوە باسی لێوە دەکات و دەڵێ: عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعاً: «والذي نفسي بيده، لو لم تذنبوا، لذهب الله بكم، وجاء بقوم يُذْنِبُونَ، فيستغفرون اللهَ تعالى، فيغفر لهم». [صحيح] - [رواه مسلم]

واتە ئەگەر کوناهـ نەکەن ،خوا ئێوە لادەبات و گەلێکی دەخاتە شوێنتان گوناهـ دەکەن و تەوبە دەکەن و خواش لێیان خۆش دەبێ. کەواتە لە ئایندا بابەتەکە بۆ چارەسەر کردن نیە، بەڵکو بۆ بەردەوام بوونە لەسەر گوناهـ لە پێناوی تەوبە ،واتە گوناهـ کردن دەبێتە مایەی مانەوە ئاین لەناو کۆمەڵگا . کەواتە بەو پێوەرە

بێ ، ئەگەر کەسێک گوناهـ نەکات ، هیچ پێویستی بە ئاین نابێ ، هەر لەبەر ئەو حاڵەتەیە کە خەڵک دەترسێنن بەگوناهـ نەکردن.

گوناهـ کردن ،بۆتە سووتەمەنی بەگەڕخستن و بەڕێخستنی شەمەندەفەری ئاین



گوناهـ چیە؟

سەرەتا دەبێ بزانین گوناهـ چیە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بچینە ناو بابەتەکەوە . گوناهـ بریتیە لەو کردەوە لارو ناپەسەندانەی کە لەگەڵ یاساکانی خوا یەک ناگرێتەوە یان زیان بە ڕەوشت و ئاکارەکان دەگەیەنێ .وردەکاریەکانی هەردوو ئاراستەکە بەیان دەکەین .

١ -کردەوە لارو ناپەسەندەکان بەرامبەر بە بوون وگەردوون ، وەک /پیس کردنی ژینگە ،وێران کردنی ژینگە ، کاریگەری خراپ لەسەر بەرگەهەوای زەوی ، ماددەو دەرمانە زیان بەخشەکان، دەسکاری کردنی هێڵی ڕاستی سووڕی ژیانی سرووشت .شێواندنی ڕوخسارە جوانەکانی سرووشت ، هەموو جۆرە گوناهێکی لەو شێوەیە.

ڤ- کەسێکی بێ بەرهەم :واتە کەسێک بەکاربەربێت و بەرهەم هێن نەبێ واتە:خەرجی بخاتە سەر خانەوادەو وڵات و لە بەرامبەریشدا هیچ سوود و بەرهەمی نەبێ لە بەرامبەر خەرجی و بەکاربەریدا.

بەڵام ئاین لایەنی ڕەوشتی بەتاوان و گوناهـ دەزانن ،وەک درۆکردن ،دزی کردن، خیانەت کردن ، کوشتن . بەڵام ئەم حاڵەتانە کۆمەڵێک هۆکار لە پشتیەوەن وەک (ترس ، برسێتی ،تۆقاندن،هەژاری،ستەم ،دابونەریت ،ئاین و......) کە پێویستە چارەسەری هۆکارەکە بکرێ نەک حاڵەتەکە بەتاوان بزانرێ.

بەڵام جۆرێکی تری داهێنراو لە تاوان کە ئاینەکان دروستیان کردوە، بریتیە لە ئەنجام نەدانی دروشمە ئاینیەکانی وەکو نوێژو ڕۆژوو ڕۆژوو حەج و زەکات و لەچک کردن وژن وژنخوازی بەبێ ڕەزامەندی دەقە ئاینیەکان و سێکس وسەرجێیی کردن دوور لە پڕەنسیپە ئاینیەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لە دەرەوەی فەتوا ئاینیەکان .کە ئەمانە تاوان و گوناهـ نین ،بەڵکو ئاین بەناوی خواوە بە گوناهی دەزانێ

٦٣

.دەقی ئاینی هەیە دەڵێ :خوا لە گوناهی ساڵێک پێش و ساڵێک دوای ئەو کەسە خۆشب دەبێ کەفلانە ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێ، کەهەر خودی ئاینەکە دەڵێ ئەو ڕۆژە بۆ بەڕۆژوو بوون تەنها سوننەتێکە ئەم بارودۆخەی کە ئاین بۆ هاوکێشەی گوناهـ خوڵقاندوویەتی، تەنها مەهزەلەیەکە. .یان دەڵێ ئاژەڵێک بکە قوربانی ،ئەوا خوا لە گوناهی هەموو تاوانەکانت خۆش دەبێ، لەکاتێکدا دەبێ بنەماکانی تاوان کردن دیاربن و جۆری سزاکەشی دیاربێ ،نەک بەخوێن ڕشتنی ئاژەڵێک ، تاوان بار تەبریە ببێ، بەناوی خواوە مۆری بەرائەتی لێ بدرێ.

جۆرەکانی تاوان.

فریودان ، فێڵکردن، بێهۆش کردن ، سەرخۆش کردن، لەخشتەبردن،چەواشە کردن .چاوبەست کردن ،خۆڵکردنە چاوی خەڵک ، خەیاڵ ڕازاندنەوە، بە ڕاست دانانی وەهم، شاردنەوەی ڕاستیەکان، بێدەنگ بوون لە ئاست ڕاستیەکان( لای من هیچ کاتێک ناتوانرێ تۆمەت ئاڕاستەی ئامراز بکرێ .بەڵکو تۆمەت تەنها دەخرێتە پاڵ ئامانج .چۆن؟

بۆ نموونە :کەسێک حەسوودەو ئیرەیی بە خەڵک دەبا ، من ناتوانم حەسوودی بەتۆمەت بزانم و ئەو کەسەی پێ تۆمەتبار بکەم ، چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ ئەو حاڵەتە بکەین، دەبینین ئەو کەسە هەر لەگەڵ لە دایک بوونیەوە ،ئەو سیفەتەی هەبووەو هەیەو تاکو مردنیش هەر دەیبێ .کەواتە ئەم مرۆڤە سرووشتی خۆی وایە نەوەک خۆی خوڵقێنەری ئەو سیفەتە بێ .بۆیە پێویستە لە جیاتی تاوانبارکردنی ئەو مرۆڤە بەو سیفەتە، دەبێ من خۆم بپارێزم وە دەبێ بەهێز بم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کاردانەوەکانی ئەو کەسە ، ئەگەر وا هەستم کرد زیانم پێ دەگەیەنێ .یان کەسێکی تر لایەنی سێکسی بەهێزە ، من ناتوانم تاوانباری بکەم بە داوێن پیس چونکە هەر خۆی مرۆڤی تەندروست ئەو مرۆڤەیە کە لەلایەنی سێکسی کاراو کاریگەر بێ، بەڵکو دەبێ لە جیاتی تاوان خستنە پاڵی، مامەڵەیەکی تەندروست و شیاوو مرۆڤانە لەگەڵیدا بکرێ .

بۆیه سرووشتی مرۆڤ بەهەر شێوەیەک بێ، ئامرازە بۆ مەبەستێک .بۆیه گەر ئەو ئامرازه بۆ مەبەستی چەواشه کردن و فێڵ و فریودان بەکاربێ یان بۆ ملکەچ پێکردنی بەرامبەر بەکاربێ ،ئەو کاته لای من به تاوان دادەنرێ.
کەسی وا هەیه ،سرووشتی نەرم و نیانه، کەسی وا هەیه سرووشتی توندوتیژه، کەسی وا هەیه سرووشتی خۆ بەزلزانه کەسی وا هەیه سرووشتی خۆبەکەمزانه کەسی وا هەیه سرووشتی کۆمیدیه

کەسی وا هەیه سرووشتی ترسناکه

٦٥

تەنانەت کەسی وا هەیه درۆزنه ، ئەگەر له هەر هەواڵێکدا ، درۆیەکی نەخستەسەر، دەروونی ئارام ناگرێ

بۆیه هیچ کەسێک بەهۆی کەسایەتیەکەیەوه تاوانبار نابێ، وه کەسایەتی هیچ کەسێک بەهەر شێوەیەک بێ ،تاوان نییه.

گوناهـ یان نەخۆشی ؟

نەخۆشیەکانی نێو کۆمەڵگا لە جیاتی ئەوەی لە لایەن ئاینەوە چارەسەر بکرێن ، کەچی ئاین بەهەڵی زانیوە بۆ بەستنەوەی خەڵک بەخۆیەوە .ئەو نەخۆشیانەی کە ئاین بە گوناهی دەزانێ، پێویستی بە چارەسەرکردنە نەک تەوبە کردن .چۆن؟ بۆ نموونە :کەسێک ڕۆژانە بەقەد کەفی دەریاکان درۆ دەکا .کاتێ چوە سەرجێگا بۆنوستن ،تەوبەیەک دەکات وبە خەیاڵی خۆی پێی وایە هەموو گوناهەکانی لەسەر سڕایەوە، ئەی بەیانی چی ئەکا؟ هەمان کار دووبارە دەکاتەوە .بۆچی؟ چونکە پێی وایە کاتێ چۆوە سەرجێگەی نوستن و تەوبەی کرد ،ئیدی دووبارە هەموو درۆکانی لەسەر دەسڕێتەوە .دەپرسم ئایا بەم شێوەیە ئاین دەتوانێ چارەسەری بارو دۆخی ئەو کەسە بکا؟ نەخێر بە پێچەوانەوە، زیاتر هانی دەدا لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بێ .بۆچی؟ چونکە پێی وایە کە ئەو کەسە بەو شێوەیە ناچار دەبێ کە ملکەچی ئاین بێ .بۆچی؟ چونکە ئاین وای پێ دەڵێ .پێی دەڵێ :دەبێ گوناهـ بکەی بۆ ئەوەی کە تەوبە بکەی .ئەگەر گوناهـ نەکەی ، هیچ مانایەک بۆ تەوبەکردن نامێنێتەوە .واتە :ئەگەر ئەو کەسە پاک بوویەوە لە درۆو بووە کەسێکی ڕاستگۆ، ئەوا ئاین بۆ ئەو هیچ مانایەکی نامێنێ .بۆیە ئاین پاک بوونەوە لەو نەخۆشیە بە مەترسی دەزانێ بۆ لەناوچونی .بۆیە ئاین دەڵێ):عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعاً» :والذي نفسي بيده، لو لم تذنبوا، لذهب الله

بكم، وجاء بقوم يُذْنِبُونَ، فيستغفرون اللهَ تعالى، فيغفر لهم] .«صحيح] - [رواه مسلم[ واته:ئەگەر ئێوە گوناهـ نەکەن ،خوا ئێوە لا دەدات و خەڵکانێک دێنێت ، گوناهـ دەکەن و تەوبە دەکەن .واتە :ئاین نەک هەر ئامادەی چارەسەری ئەو حاڵەتە نابێ، بەڵکو هاندەرو درێژەپێدەری حاڵەتەکەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە هەمیشە ناچاری ملکەچی و کۆیلایەتی بێ بۆی .کەواتە هەرخودی ئاین هۆکارە بۆ زۆربوونی ڕێژەی بێ ڕەوشتی و ناچارکردنی خەڵک لە ڕێ تەوبەوە بۆ ملکەچی و کۆیلایەتی .واتە :ئەگەر تاوان نەما ،ئیدی شتێکیش نامێنێ بەناوی ئاین .کەچی



هەڕەشەش دەکا کە ئاین بڕبڕەی پشتی ڕەوشتە، لەولاوەش بێ ڕەوشتەکان لەخۆی کۆدەکاتەوە .

بەڵام ئایا ڕاستە کە ئەم جۆرە حاڵەتانە پێیان دەگوترێت )گوناهـ(؟ یان ئەم جۆرە حاڵەتانە )نەخۆشین(؟ نەخێر گوناهـ ئەوەیە کە تۆ هیچ زیادەیەک و بەرهەمێکت نەبێ .بۆ نموونە تۆ دار هەنارێکت چاندوە .دوای چوار ساڵ بۆت دەرکەوت کە ئەو دارە بەرهەم نادا ، واتە :هەنار ناگرێ .تۆ چی دەڵێی؟ دەڵێی :توخوا گوناهـ نیە من ئەم هەموو ساڵە حزمەتی ئەو دارەم کردو ئەو دارەش هیچ بەرهەمێکی نەبوو؟ سەیرکە بیروباوەڕی کورد چەند جوان و ڕاست و دروستە .کورد پێی وایە ، ئەگەر کەسێک بەرهەم و سوودی نەبوو ، ئەوا ئەو کەسە گوناهبارە .نەک کەسێک کە نەخۆش بێ بەلایەنێکی ڕەوشتی .

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە حاڵەتەکانی)دزی ،درۆ، ستەم ، زینا ، گەندەڵی (........ئەمانە نەخۆشین دەبێ چارەسەر بکرێن ،نەک ئاین بیخاتە پاڵ گوناهـ خۆیشی لە پاڵیدا لێی بخواو ئەو نەخۆشیانەش هەر بەردەوام بمێنن . بۆیە دەڵێم :ئاین نەک هەرچارەسەری ئەو بارودۆخە ناکا، بەڵکو درێژەپێدەری ئەو بارودۆخەیە لە پێناوی مانەوەی خۆی و برەودان بەخۆی .

ئایا لێبووردنی گشتیی ئاین، لێبووردنێکی تەندروستە؟؟؟؟

کاتێک دام و دەزگاکانی پۆلیس و پاراستنی وڵات، بە دوای کەسێکدا دەگەڕێن بەشێوەیەکی یاسایی ، دواییش بەشێوەیەکی یاسایی دەسگیری دەکەن و دەیدەنە دەست یاسا و دادگاکان .لەوێوەش بەشێوەیەکی یاسایی حوکمی بەسەردا دەدرێت و بەپێی ئەو بەندو بڕگەیەی کە پێویستە زیندانی بکرێ، بەشێوەیەکی یاسایی حوکمی یاسایی بەسەردا دەدرێ .

ئەو تۆمەتبارە ،هەموو قۆناغە یاساییەکانی بڕیوە تاکو بە سزای خۆی بگات، بەڵام بەشێوەیەکی نایاسایی بڕیاری لێبووردنی گشتی لەلایەن دەوڵەتەوە دەردەچێت و ئەو تۆمەتبارە، کە تۆمەتبارە بە چەندەها کەیسی تاوان وکوشتن و کەتن ، بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و دەبێتەوە هاوڵاتیەکی پاک و بێتاوان و دەچێتەدەر لە زیندان .ئەم لێبووردنە گشتیە هەموو حوکمەکان بەتاڵ و پووچەڵ دەکاتەوە ، وە ماندوو بوون و هەوڵ و تێکۆشانی پیاوانی بەرگریکاری وڵات بەفیڕۆ دەڕوات و ماف خوراوەکانیش هیچیان بۆ نامێنێتەوە مەگەر تەنها سەیر کردنی تۆمەتبارەکە کە بە ئازادی لە دەرەوەی زیندان ژیان دەکات. ئەمە ڕێک حوکمە گاڵتەجاڕیەکانی پەیامە بەناو ئاسمانیەکانە کە مرۆڤی تاوانبار دەکەوێتە ژێر باری یاساکان و لێبووردنێکی نایاسایی بەناوی خواوە بۆ دەردەچوێنن کە گوایە دەڵێ )قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(٥٣) الزمر

بەو شێوەیە تۆمەتبار بەو لێبووردنە گشتیە بەناوی خواوە، بۆی دەردەچێ لە یاساو ئازاد دەبێت و بڕیاری لێخۆش بوونی بۆ دەردەچێ ،هەر ئەم بڕیارە خواییە ، هەموو حوکمەکانی کە بەناوی خواوە دراون پووچەڵ دەکاتەوە.

لەلای ئاین ،ماف گرنگترە یان موقەددەسات.

ئەگەر سەیری ئەو جەنگانە بکەین کە ئاین هەڵیگیرساندوە، دەبینین زۆربەی هەرە زۆری لەسەر موقەددەسات بووە نەک لەسەر ماف .

ئایندار ، پێشەواکەی بە موقەددەس دەزانێ ، پەیامی پێشەواکەی بە موقەددەس دەزانێ، مزگەوت بە موقەددەس دەزانێ ، ڕوکنەکانی دین بە موقەددەس دەزانێ ،کەعبە بە موقەددەس دەزانێ ، دین بە موقەددەس دەزانێ، شەریعەت بە موقەددەس دەزانێ ،قوتابیانی پێشەواکەی بە موقەددەس دەزانێ، مەزهەب بە موقەددەس دەزانێ، مەلا بە موقەددەس دەزانێ .هەرکەسێک ببێتە دەمڕاست و واجیهەی دینەکەی، ئەو بە موقەددەسی دەزانێ .

لەکۆتاییدا ، لەبەر زۆری موقەددەساتەکانی ، ناپەرژێتە سەر مافەکان .دەرفەتێکی وای بۆ نامێنێتەوە بۆ پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ ،پارێزگاری کردن لە مافی هاوڵاتیبوون، پارێزگاری لە مافی ژن ، پارێزگاری لە مافی ئاژەڵان و کومەڵێک مافی تر .

جا کێشەکە لێرەدا لەوە نییە کە ناتوانێ بپەرژێتە سەر مافەکان لەبەر موقەددەساتەکان .بەڵکو هەمیشە موقەددەسات ئەولەویەتی دینداریەکەیەتی و لە پێشەوەی هەموو شتێکە بەلایەوە ، لەوەش ناخۆشتر هەر ئەوەندە بەرگری لە مافەکان دەکا ،ئەگەر مافەکان لە خزمەت موقەددەساتەکان دا بێت .جا لەوەش خراپتر ئەوەیە کە مافەکان بەکار دێنێ لە پێناوی موقەددەساتەکان و بۆ چەسپاندنی زیاتر لەنێو کۆمەڵگادا .

بۆیە دێندارەکان هەردەم لە دواوەن لە پارێزگاری کردن لە مافەکان و لەو بوارەدا خەوتوون ،بەڵام کە نۆرە هاتەسەر موقەددەساتەکان، ئەوکاتە خەبەریان دەبێتەوەو وەک شێر بەسەر خەڵکیدا دەنەڕێنن .

ئەمەو جگە لە موقەددەساتە تەقلیدیەکە، ئێستا چەندین جۆری تریش بوونەتە سەرباری موقەددەساتەکان ،وەک تەقدیسی سەرکردەیەکی دینی،تەقدیس کردنی پارتێکی دینی، تەنانەت تەقدیس کردنی ئەو کورسیەش کە لەنێو هۆڵی پەرلەمان لەسەری دادەنیشن. ئەوەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە ئیمانیەی کە داویانە بە خواکەیان لە ژێر ناوی (القدوس) و هەموو پیرۆزیەکان بەو دەبەستنەوە



شیرک (هاوەڵپەرستی)چیە

لە ڕاستیدا شتێک نیە بەناوی شیرک ، چونکە خودا هاوشێوەی نیە تا هاوتای هەبێت. شیرک بابەتێکی داهێنراوی ئاینە لە پێناو ئەو شیرکەی کە خۆی دایهێناوە.

بۆ نموونە شیرک لە یاسا فیطریەکانی مرۆڤ ، ئاین هاتوە لە بەرامبەریدا شەریعەتی بەناوی خواوە داڕشتوە.. شیرک بۆ خودا ،ئەویش بریتیە لە جێبەجێکردنی فەرمانی پێغەمبەرەکەیان وەک فەرمانی جێگرەوەو لەجیاتی دانان. شیرک لە ژیانی واقیعی لە بەرامبەریدا دروست کردنی دونیایەکی یۆتۆبیایی خەیاڵی جیهانی غەیب. شیرک لەهەموو بابەتە ئاینیەکان لە بەرامبەر هەموو یاسا سرووشتیەکانی گەردوون. شیرک لە یاسا بە شکاندنی یاساکانی وخودا بەناوی موعجیزاتەوە. شیرک لە ئازادی بیرکردنەوەو دەربڕینی هەست وسۆز بۆ کۆیلە بوون و ملکەچ بوون و سەرکزۆڵەکردن.شیرک لە مرۆڤ بوونی ڕڵستەقینە بۆ مرۆڤ بوونێکی ساختە. شیرک لە ژیانی ڕاستەقینە و گۆڕینەوەی بەژیانێکی خەیالی.

بۆیە یەکتاپەرستی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیان دابنێیتەوەو شوێنی هیچ شتێکیش بەناوی هیچ ئاینێکەوە دەسکاری نەکەی.

خورافەی (میزان) لە دوا ڕۆژ

ئاینەکان بە دەستاو دەست کردنی فیکرو فەرهەنگەکانیان و گواستنەوەیان لەم ئاینەوە بۆ ئەو ئاین، چەند دەقێکی پارێزراویان بۆ شوێنکەوتوانیان جێهێشتوەو کردویانە بە ئیمان و باوەڕ بەسەر خەلکەوە،

یەکێک لەو بابەتە پڕوپووچانە، دانانی تەرازوویەکە لە قیامەت لە لایەن خواوە بۆ کێشانەو پێوانە کردنی کردەوەی چاک وخراپی مرۆڤ .بۆ نموونە چەند دەقێک لە قورئان پارێزراون لەسەر بوونی تەرازوو .وەک :

والوزن يومئذ الحقُّ ۚ فمن ثقلت موازينه فأؤلائك هم المفلحونَ ﴿٨ الأعراف﴾ ومن خفت موازينه فأؤلئك الذين خسروا انفسهم بما كانوا بآياتنا ظالمونَ ﴿٩ الأعراف﴾

ونضع موازين القسط ليوم القيامةِ فلا تظلم نفس شيئاۖ وإن كان مثقال حبة منْ خردل اتينا بها وكفى بها حاسبين﴿٤٧ الأنبياء﴾

ئایەتەکان زۆرن بەڵام مشتێک نموونەی خەرواریکە .با بزانین ئەو باوەڕە لە کەیەوە سەری هەڵداوەو بووە بە کلتوورێک لەنێو ئاینەکانی دواتردا .

ئەم بیروباوەڕە لە دوای ئەوەوە سەری هەڵدا کە (ئوزیر..بە زمانی ئیغریقی ئوزیریس)کرا بە خواوەند .ڕەنگە هەر ئەو خواوەندە بووبێ لەسەر زمانی جولەکەکانەوە ناوەکەی گۆڕاوە بە (عوزەیر و کراوە بە کوڕی خوا .وە قورئانیش

ئەمەی لە پەڕاوەکانی خۆیدا تۆمار کرد)سەرەتا ئوزیر خواوەندی سرووشت و بەرجەستە کردنی ڕۆحی سەوزایی بەبەر گژوگیاو دارودەوەن بوو .ئوزیر سەرزەمینی پڕ کرد لە شارستانیەت و گەڕایەوە بۆ میسر ،لەو کاتەدا ئیزیس حاکم و فەرمانڕەوای میسر بوو ، حوکم ودادپەروەریەکی تەواوی لە میسردا چەسپاندبوو .ئوزیر زڕبرایەکی هەبوو بەخیلی پێ دەبرد ناوی سیث بوو ،دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوت و ئوزیری کوشت و جەستەکەی کرد بە چەند پارچەیەکەوەو هەر پارچەیەکی برد بۆ شوێنێک .بەڵام ژنی ئوزیروکوڕەکەی، هەموو پارچەکانیان کۆکردەوەو لێکیان دایەوەو زیندوویان کردەوەو چوو بۆ



ئاسمان و لەوێ بوو بە خواوەندو لەوێ چل و دوو خواوەند لە لای ڕاست ولەلای چەپی ئوزیر دانیشتون .هەموویان ئامادەن بۆ شیکاری ویژدانی مردوو.مردووەکە لە بەرامبەریان دان دەنێ بەهەموو تاوانەکانی .ئوزیریش لەسەر عەرش دانیشتوەوتەرازوویەک لە ناوەڕاستیان چەسپێنراوەو ئوزیر کێشانەوپێوانە بۆ تاوانی ڕۆحەکە دەکات )ثوث(یش چاودێری دەکات ،ئەنجامەکە تۆمار دەکات کاتێک تەرازووەکە بەلای چاکەدا قورس دەبێ،ئوزیر دەست دەکا بە قسەکردن لە بەرژەوەندی مردوەکە بۆ مانەوەی لە مەملەکەتی ئوزیر)واتە بەهەشتی ئوزیر (بە خۆشی و شادی و بەختەوەری.

چیرۆکەکە زۆر دووردرێژە بەڵام من هەر ئەوەندەم لێ هەڵبژارد بۆ ئەوەی خوێنەران لە خوێندنەوەی بابەتەکە ماندوو نەبن .

بابەتی میزان وتەرازوو، تەنها خورافاتێکە کە ئاینەکان لە خەڵکیان کردوە بە ئیمان و باوەڕ.

خورافەی شەیتان

ئاینەکان دەسەڵاتی گەردوونیان دابەش کردوە بەسەر دوو هێزدا .کە بریتیە لە هێزی ڕووناکی و هێزی تاریکی .هێزی ڕووناکی ،خوا سەرپەرشتی دەکات و هێزی تاریکیش شەیتان سەرپەرشتی دەکا .وەک بڵێی دوو خوا هەبن لە گەردوون داو پێشبڕکێیانە لەوەی کە کامەیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ دەبێ .

بەڵام ئەو دوو هێزە ،لە ڕاستیدا هەرچی بێ ،خوای ڕاستەقینە دروستکەری هەردوو هێزەکەیەو بێ لایەنە لە نێوان هەردوو هێزەکەدا .چونکە ئەو دوو هێزە هاودژ و پێچەوانەی یەکتر نین ، بەڵکو تەواوکەری یەکترن .

کێشەکە لەوەدا نیە کە ئەو دوو هێزە دژیەکی یەکتربن ، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە ئایندارەکان ،هەرچی سیفەتێک لەلایان جوان بێ داویانەتە پاڵ هێزی ڕووناکی وە هەر سیفەتێک کە پێیان ناشیرین بێ ، داویانەتە پاڵ هێزی تاریکی . هێزی ڕووناکیەکەیان ناو لێناوە خوا .وە هێزی تاریکیان ناو لێناوە شەیتان .ئەگینا شەیتان تەنها چیرۆکێکەو هیچ بنەماییەکی حەقیقی و واقیعی نیە .چونکە لە نێو هەموو دروستکراوانی خوادا سیفەتی چاکەو سیفەتی شەڕانگێزی هەیە .چونکە ئەم دوو سیفەتە، ئاست و پێوەری بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی دروستکراوانە . نەوەک کەسێک تاکۆتایی چاکەکاربێ و کەسێکی تر تاکۆتایی خراپەکاربێ .ئەمە هەرگیز ناگونجێ لەگەڵ یاساکانی خوا .تۆ چەند دەست بە یاساکانەوە بگری ، بەرز دەبیتەوە، چەندەش دەستبەرداری یاساکان بی، هێندە نزم دەبیتەوە .

خوا هەرگیز کاری واناکات کە دروستکراوێکی خۆی کە ڕەزامەند بووە لە هاتنە دونیای ئەو، لە دواییدا نەفرەتی لێ بکات و ئینجا بەقەد دەسەڵاتی خۆیشی دەسەڵاتی ڕەهای پێ ببەخشێ و کۆمەڵێک سەربازیش بخاتە ژێر دەستیەوە .ئایا چ عەقڵێکی تەندروست ئەمە قەبووڵ دەکا؟

لە کۆتاییدا دەڵێم :کە ئەو دوو هێزە بەر لە ئاین و بیروباوەڕی خەڵک و بەرلەو چیرۆکە دروستکراوەش هەر هەبووەو هەر هەیەو هەر دەبێت .دروستکراوێکی وەک شەیتان تەنها خەیاڵێکی پڕوپووچەو هیچی تر .



پێوەری ئاین بۆ پیسی

قورئان لەو بارەوە دەڵێ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَٰذَا ۚ وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ إِن شَاءَ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٢٨)التوبه

واتە: هاوەڵپەرستان پیس و قێزەونن. پێم سەیرە ئاین تەنها جەخت دەکاتەوە لەسەر شتێک کە هیچ بنەما و مانایەکی نییە ، خودا هیچ هاوشێوەیەکی نیە تا هاوتای هەبێ بۆ هاوەڵ دانان ، بۆیە هاوەڵپەرستی(مشرك) هیچ بنەماو مانایەکی نیە تاکو پیس بێت.

پێم وایە ئەو پێوەرە ؟پێوەرێکی سەقەتە بۆ پیسی و پاکژی. پیسی و پاکژی لەجەوهەری بیرکردنەوەو ڕەوشت دا دەردەکەوێ.

خواو ئاین و ژن

له یەکسانیدا ( يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ ۚ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (١١)النساء

ئافرەتی بە نیوە داناوە. واتە: بە دوو ئافرەت بەشی یەک پیاو دەبەن.

لەم ئایەتەدا کۆمەڵێک لێدان هەیە لە پێگەی ئافرەت، یەک یەک باسیان لوە دەکەین

لە ڕووی چاو داخستنەوە (وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٣١)النور

تەواوی ئایەتەکە لێدانە لە سرووشتی ئافرەت وەک بوونەوەرێکی خودایی

یەکەم/ چاو داخستن: خودا چاوی بەهەموو گیانەوەرێک بەخشیوە بۆ بینین ، بەڵام ئاین حەساسیەتی بینینی بەخشیوە بە ئافرەت لە بینینی پیاو ، کە بەبێ پرۆسەی بەردەوامی بینین ناتوانێ هەڵبژاردەی هەبێ بۆ هاوسەرگیری.

دووەم / پاراستنی داوێن . چۆن؟ پارێزگاری کردن لە پەردەی کچێنی ،هەروەک دەڵێ : (وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي ﴿ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا ﴾ فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ (١٢)التحريم



کەواتە : پارێزگاری لە داوێن ،واتە داوێن پاکی ،داوێن پاکیش بەپێی خودی ئایەتەکە واتە ( پەردەی کچێنی) کەواتە چەندین ساڵە ئافرەت بە بیانووی پەردەی کچێنیەوە دەکوژرێ، قورئان لێی بەرپرسە، وە قورئان خاوەنی داهێنانی ئەو پارچە قوماشەیە کە لە شەوی بوکێنیدا ، وەک گەواهیدەرێک بەکاری دێنن لەسەر پاکیزەیی ژن بەکاری دێنن.

سێیەم /ڕوخسار داپۆشین: لەو بەشەدا تەنانەت شوێنی داپۆشینەکەشی دەست نیشان کردوە ،کە دەبێ لەسەر لوتیەوەبێ(على جيوبهن)باس لە (جيب انفي)یە واتە: با سەرپۆشەکانیان لەسەر لوتیانەوە بێ (واتە نیقاب) نەک (حیجاب)

چوارەم/ خۆ دەرخستن : تەنها ئەو شوێنانە نیشان دەدرێ وەک ڕوخسارو دەست و پێ ئەویش تەنها بۆ مێرد و بۆ مەحرەم ، بۆ نامەحرەم تەنها دەبێ کونی چاوی دیاربێ.

دەربارەی جلی ژنانەش دەڵێ: (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ﴾ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (٥٩)الاحزاب

واتە: با جلەکانیان لەسەر تا دامان بێ بە جیلباب. جیلبابیش واتە : ئەو شێوە عەبایەی کە پێشتر ئافرەتان بەکاریان دێنا.

لە بارەی خاوخێزانەوە : (وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ﴿ ۚ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ

مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ ۚ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنكُمْ ۚ وَأَن تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٢٥) النساء

ئافرەت موڵکی خۆی نیە ،بەڵکو موڵکی خانەوادەکەیەتی کە بیدەن بەهەریەکێک بۆ چێژ لێ بینین بەرامبەر بە بڕە پارەیەک. ژن مارە دەکرێ لەسەر ڕوخسەتی خانەوادەکەی .



هەر لەناو خودی ئایەتەکە، وەک کاڵایەک مامەڵەی پێوە دەکرێ بۆ کڕین و فرۆشتن بەناوی (فاتوهن اجورهن بالمعروف) بۆ ژیانی هاوسەرگیری ، لەکاتێکدا ژیانی هاوسەرگیری هەردوولا بەیەکسانی تێیدا بەشدارن .

وە دوای ئەوەی کە لە موڵکیەتی خانەوادەکەی دەبێتەوە، ئەمجارەیان دەبێتە موڵکی پیاو ،کە پیاو سەربەستە ئەو موڵکە چۆن بەکاربێنێ . هەروەک دەڵی : ( نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ۖ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ ۗ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (٢٢٣)البقره

واتە: ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن ،ئەو کێڵگەیە چۆن وەبەر دێنن ،ئێوە ئازادن. واتە: کابرا بۆی هەیە ئەو کێڵگەیە بەکرێ بداتە یەکێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

ئینجا هەر لەبارەی نیکاحەوە ، پیاو دەتوانێ دوو دوو سێ سێ و چوارچوار پێکەوە ژن بێنێ : (وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا (٣)النساء

ئەمە جگە لەوەی کە ئافرەت لەگەڵ ئاودەست باسکراوە. وەک دەڵێ: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنتُمْ سُكَارَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا (٤٣) النساء

چەندەها نموونەیتر لە پلە دوو کردنی ئافرەت بەناوی (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ ۚ فَالصَّالِحَاتُ

قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ ۚ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا (٣٤)النساء



کەواتە ئاین هەردەم لە پلە دوو کردنی ئافرەتە بەناوی خواو کەم کردنەوەو بچووککردنەوەی لە ڕۆڵ بینین لە ژیان. ئاین هەردەم بەدوای پاساو هێنانەوەیە بۆ کۆنترۆڵ کردن و بەموڵک کردن وتاپۆکردنی ئافرەت لە پیاو .جائەگەر دەقێکی دەست نەکەوت لە کتێبی پیرۆز، ئەوا بەدوای دەقێکی داتاشراودا دەگەڕێ لەنێو فەرموودەدا.

واتە: دوای ئەوەی بەناوی پێغەمبەرەکیانەوە کۆمەڵێک قسەیان بەدەمی خواوە هەڵبەست ، ئەمجارەیان بەناوی ڕاویەکانەوە کۆمەڵێک قسەشیان بەدەمی پێغەمبەرەکەوە هەڵبەست، خۆ لەوانەیە بەناوی کاهینانی ئاینیشەوە کۆمەڵێک قسەشیان هەڵبەستبێ بەدەمی ڕاویەکانەوە.

لەبەر ئەوەی بابەتەکە تەنها ڕەخنەکرتنە لە ئاین بۆیە لەو سۆنگەوە شەن وکەوی بابەتەکەم کرد لە ڕووی ئاینیەوە ، ئەگینا دژە ئاین حاڵی باشتر ایە لە ئاین دەرهەق بە ئافرەت . بەڵکو ئەویش بۆتە پەرجەکرداری ئاین . لە ڕوانگەوە بنەماکانی مافی ئافرەتی داڕشتۆتەوە. لە ڕووت کردنەوەی بێ مەبەستی ئافرەت و فرێدانە سەرشەقام بۆ نیشان دان بەناوی ئازادیەوە. لە دەرەنجامە سلبیەکانیش کەس خۆی لی نەکا بەخاوەن . لە ڕاستیدا ئافرەت بەشێکی گرنگی کۆمەڵگایە نەک فڕێ دراو دەبێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بۆ بگێڕدرێتەوە.

بەڵام لە ڕاستیدا نە کۆنترۆڵ کردن و نە بەڕەڵا کردنی ئافرەت ، هیچکامێکیان دیوی ڕاستەقینەی ئافرەت نین. دیوی ڕاستەقینەی ئافرەت ئەو سرووشتەیە کە خوا پێی بەخشیوە. دەبێ بوار بە ئافرەت بدەی دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرخا. ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ هاوشانی پیاو .نەک پیاو بەرنامەو شەرت و مەرجی خۆی بەسەردا بسەپێنێ. ئافرەت بەهیچ شێوەیەک هیچی کەمتر نیە لە پیاو لە بنیاتنانی ژیان . بۆیە دەبێ یەکسان بکرێتەوە لەگەڵ پیاو قیوامەی پیاو

ڕەت بکرێتەوە. چونکە هاوسەنگی سرووشت تێک دەدا . هاوکێشەی یاساکانی خوا دەشێوێنێ . دەرەنجامێکی ناتەواو دەدا بە دەستەوەو مرۆڤایەتی ناگەیەنێتە ئەنجام . دەرەنجامی ڕاستەقینەی مرۆڤ بوون لە هاوتاکا کردنەوەو یەکسان کردنەوەی ژنە لەگەڵ پیاو لەسەر بنەمای (هەردوو ڕەگەز تەواوکەری یەکترن)



خواو ئازادی

سەپاندنی ئاین بەناوی خوا . سەپاندنی دروشمەکانی ئاین بەناوی خوا. زەوت کردنی مافی تاکە کەسی بەناوی مافی خوا. زەوت کردنی کەرامەتی مرۆڤەکان ، بەناوی شکۆمەند کردنی خوا. فشار هێنان ،گوشار کردن ، ئاژاوە دروست کرڕن لەنێوان هاوسەران بەناوی ئاین ، شەڕ دروست کردن بەناوی جیهاد لەنێوان ئەندامانی خێزان . کوشتنی خەڵک بە ناوی خواوە . ستەم کردن و دەست درێژی کردن بەناوی شەرعیەتی ئاینی. ترساندن وتۆقاندن بەناوی خواوە ،هەڕەشەکردن بەناوی خواوە . زەوت کردنی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین بەناوی خواوە. سوکایەتی کردن و بێ ڕێزی کردن بە دروستکراوانی خواو بەناوی خوا. مافی بڕیاردان بەناوی خووە. قسە کردن بەناوی خواو لەجێگەی خوا . چەندەها سیفەت و شێوازیتری لەو شێوەیە ، هیچیان لە خواوە نین و لە دڕندەیی مرۆڤەکانەوەیە بەناوی خوا . جا با ئەو مرۆڤە خۆیشی بە پێغەمبەر زانی بێ و خۆی کردبێ بەنوێنەری حوا . هیچ بایەخێکی نیە. بەڵام ئەوەی کە گرنکە بیزانی ، ئەوەیە کە ئەمانە هیچیان لە خواوە نین.

تۆ چیت لە خوا دەوێ؟؟؟

ئایا تۆ هەر بە ڕاستی باوەڕداری بەوەی، کە هەر داواکاریەکت هەبێ لە خوا ،ئەو بۆت جێ بە جێ دەکا؟؟

ئەی بۆ بیر ناکەیتەوە لەوەی کە خوا ،هۆکاری داواکاریەکانی پێداوی؟

ئایا لەو حاڵەتەدا تۆ باوەڕ هەڵدەبژێری یان بیرکردنەوە؟

ئایا پێت وایە کامەیان جێگای مەبەست بێ؟

ئایا تۆ هەر بەڕاستی پێت وایە ،کە خوا یارمەتیت دەدا ؟

یان گیانی هاریکاری کردنی خستۆتە ناو هەموو شتێک

تۆش لەو نێوەندەدا چاوەڕێی یارمەتیی خوای؟ یان خۆت بە دوای دۆزینەوەی گیانی هاریکاری کردنی؟

ئایا تۆ هەر بەڕاستی ئومێدت بە ڕەحمی خوایە ڕاستەوخۆ؟

یان پێویستە بە دوای کلیلی سۆزو ڕەحمدا بگەڕێی لەنێو شتەکان؟

ئایا پێت وایە خوا هێزت پێ دەبەخشێ لە ڕێی هێزی ئیمانەوە؟

یان هەموو جۆرەکانی هێز، بەهەوڵدانی خود بە دەست دێ؟

ئایا پێت وایە کە پێویستە سووچێکی دونیاو گەردوون هەڵبژێری بۆ هەست کردن بە بوونی خوا؟

یان پێویستە هەر لەنێو خودی خۆت دا هەست بەبوونی خوا بکەی؟

ئایا تۆ پێت وایە کە دەبێ خوا بەرنامە)حوکم (بۆ ژیانی تۆ دابنێ؟

یان  پێویسته خۆت بەرنامە بۆ ژیانی خۆت دابنێی؟

ئایا پێت وایە بۆ ناسینی خوا ، پێویسته سوود له ئاینەکان وەربگری؟

یان پێویسته سوود لەو سرووشته خواییه وەربگری که هەموو شتێکی ەرنامەڕێژکراوە؟

٨١

ئایا تۆ پێت وایە که دەبێ بۆ وردو درشتی ژیانت پەنا بۆ ئەو خوایه خەیاڵیەی مێشکت بەری؟بە بوون ونەبوون؟

یان پێویسته پەنا بۆ وزه شاراوەکانی عەقڵت بەری ؟ که تاکو ئێستا ،تەنها سەدا چوار یان بڕێک زیاتری لێ بەکار هاتوه؟

ئایا تۆ پێت وایه گوناهـ ، بریتیه له گومان خستنه سەر بوونی خوا ،بەو شێوەیەی که ئاینەکان وێنایان کردوە؟

یان گوناهـ بریتیه له ئەدا نەکردن یان جوان ئەدا نەکردنی بیروهۆش .که هەموو مرۆڤایەتی تێیدا گوناهباره .تەنها چینێکی کەم نەبێ؟

ئایا پێت وایه خوا پێویستی به کۆیله بوونته ؟

یان پێت وایه خوا پێویستی به خۆ ئازاد کردنته لەو هەموو کۆت و پێوەندەی کەخۆت خستۆتته ملی خۆتەوە؟

ئایا تۆ پێت وایه خوا هێنده لاواز بێ لەهاوەڵدانان بترسێ؟

یان ئەوە تۆی هێنده لاوازی که پێت وایه هەر شتێک حەق و مافی تەواوی خۆی پێ بدرێ، ئەوا دەگاته ئاستی خوا؟ ؟؟

قەدەرو قەزا چیە

ئاين بەشێوەيەک چەمكی قەدەروقەزای شێواندوە ، كە مرۆڤی لە كۆيلايەتيەوە بەرەو ڕۆبۆت بوون بردوە. بۆيە پێويستە سەرەتا لەو دوو دەستەواژەيە تێبگەين وەک خۆی و دايتەكێنين لەو هەموو قودسيەت و پيرۆزی و چەقبەستوويی دەستەواژەكە لەسەر يەک تێگەيشتنی ئاينی و گەورەكردنی زياد لە پێويستی دوو چەمكەكە و داتەكاندنی لە خورافات و دەقی ئاينی و كۆمەڵێک بابەتی تر .

قەدەر واتە :(چارە يان چارەنووس) بەڵام لەزمانی عەرەبيدا بۆ مەبەستی (حوكم، توانايی، ئەندازەگيری ) بەكاردێ. كەواتە تەواوی مانای قەدەر دەتوانين لەناو يەک وشەدا جێی بۆ بكەينەوە بۆ ئاسان بوون لەتێگەيشتن ،ئەويش ( بەرنامەڕێژكراو) واتە (قەدەر: هەرشتێک بەر لەوەی بێتە بوون ، سەرەتا بەرنامەی بوونی داڕێژراوە)

واتە هەرشتێک لەسەرەتادا ئەگەر قەدەرەكەی(بەرنامەڕێژيەكەی) مرۆڤبوون بووبێت ، ئەوا بەمرۆڤ دێتە بوون ، وە هەرشتێک قەدەرەكەی (بەرنامەڕێژيەكەی) ئاژەڵبوون بووبێت، دەبێتە ئاژەڵ. وەهەر شتێک قەدەرەكەی (بەرنامەڕێژيەكەی) درەختبوون بووبێت، دەبێتە درەخت .

ئەی (قضاء) واتە :( دەسەڵاتی حوكم كردن) ئەگەر بمانەوێ ڕۆشنتر لێی تێ بگەين، واتە : دەسەڵاتی تەواو بەسەر ئەو شتەدا كە لە بەرنامەتدا بووە بيهێنيتە بوون (قدر) .

كەواتە قەدەرو قەزا پێكەوە ،واتە: شتێک كە بەرنامەت بۆ داناوە بيهێنيتە بوون و دەسەڵاتی تەواويشت هەبێ لە ئيدارەدان و بەڕێوە بردنی .

لەو سۆنگەوە ،قەدەروقەزای خوا بۆ مرۆڤ ،واتە: بەرنامەی خوا لە خوڵقاندنی مرۆڤ و دەسەڵاتی تەواوی خوا لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی مرۆڤ تا ئەو ئەندازەیەی کە ژیان ۆ مردنی بۆ دانراوە.

کەواتە من بە قەدەری خودا هاتومەتە دونیا ، وەبە قەدەری ئەو بوومەتە کورد، وە بە قەدەری ئەو بوومەتە نێر، وەبەقەدەری ئەو لە ساڵی ١٩٧٥هاتومەتە دونیا.

٨٣

وە قەزای خوا لەسەر من ئەوەیە ، بە نان و ئاو دەژیم (خواردن و خواردنەوە) ، وە بە هەوای پاک (ئۆکسجین) دەژیم، وە بە قەزای ئەو دەمرم .

بەڵام بابەتەکانیتری ژیان، وەک (هەژاری و دەوڵەمەندی ، باوەڕداری و بێ باوەڕی ، نەفامی و دانایی، بێهێزی و توانایی، دڵتەنگی و دڵخۆشی ، لەشساغی و نەخۆشی ) هیچیان پەیوەست نین بە قەدەروقەزاوە. بەڵام ئاین ئەو حەقیقەتەی بەتەوەوی ئاوەژوو کردۆتەوە. ئەو شتانەی کە پەیوەندیان نیە بە قەدەروقەزاوەوە، هەمووی خستۆتە سەر ژمارە حیسابی قەدەرو قەزاوەوە.

ژیان و مردن

دوو دیوی بوونن ،ئەگەر ژیان نەبێ ،مردن نابێ. هەردوو دیوەکەش سرووشتین، قەدەرن و قەزان ، ژیان مانا دەدا بە هەموو شتێک ، مردن کۆتایی نێوان خاڵێکی دیاری کراوو خاڵێکی ترە، خوا قەناعەتی لەناخی مرۆڤ چاندوە بۆ ژیانی دونیا ،ئەوانەی کە بەناوی ئیمان وخواپەرستی ، قەناعەتیان هەڵپەساردوە بۆ دونیایەکی تر ، گەورەترین کوفریان کردوە . ئەو هەموو گرنگیدانەی خوا بەو دونیایە ، کە هەر چرکەیەکی بریتیە لە بێکۆتا موعجیزە، هەرشتێکی بەقەد هەموو شتەکان پڕە لە موعجیزە،ئەو هەموو جوانیە بێ شومارەیە ، ئەو هەموو بوونەوەرە سەرنجڕاکێشانە ، ئەو هەموو داروبارە، ئەو هەموو گژوگیایە، ئەو هەموو خۆرو مانگ و ئەستێرەو هەسارەیە. ئەو هەموو ئاوو هەوایە ، ئەو هەموو پێداویستیە بۆ ژیان کردن. ئەو پەڕی سپڵەییە بەچاوی ( انمیاة الدنیا لعب ولهو ) تەماشا بکرێ . ئەوپەڕی ئەمەکداری سوپاسگوزاری بۆ خوا ئەوەیە کە بەبێ دوودڵی قەناعەتی بێگومانت هەبێ بە دونیا. چونکە دونێاو ئەوەی تێیدایە هۆکاری خوان بۆ ـەوەی لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ خوا بناسێ .

بەهەمان شێوە تۆ پێویستە چێژ لەو هەموو جوانی و پاکی و شیرینیە وەربگری لەهەمان کاتیشدا مردن لە لات شتێکی سرووشتی بێ ، نەک بانگەشەی باوەڕبوون بە ژیانی ئەودنیاکەی تر بکەیت و لە مردن هەڵبێیت و خۆت لە قەدەری مردن بدزیتەوە. چونکە مردن هەردێت لەهەر کوێ بی.

جۆرەکانی مردن (مردنی سرووشتی ، گیانلەدەستدان بەهۆی کارەسات و ڕووداووێکەوە، کوژران ، خۆکوشتن) ئەم حاڵەتانەی مردن ،کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دێنن. گرنگە بەهەر شێوەیەک بێ ، بەبێ دوودڵی پێشوازی لە مردن بکەین ، چونکە مردن واتە : کۆتاهێنان بەکاروبارە تایبەتیەکانت، کۆتا هێنان بە ئەرکی مرۆڤ بوونت، کۆتاهێنان بەو دەرفەتە خواییەی کە پێت درابوو بۆ

تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبوو تێیان بگەی . ئەو کەسە سوودی لەو دەرفەتە بینی کە توانی وجودی خۆی بکاتە وجودێکی پڕ ماناو حەقیقی ، ئەو کەسە زیانمەند بوو ، کە تەمەنی وەکو بڵقی سەرئاو وابوو ، هیچ لە دەریا نەگۆڕا ،تەنها بڵقی تۆ لەناوچوو.

٨٥

هەروەک چۆن ژیان (زینة، تفاخر، تکاثر)ە بەهەمان شێوە ،مردنیش کۆگای عەمبار کردنە بۆ دەسکەوتە ئاگاییەکانت.

مردن تەنها بۆ جەستەیە، ئاگایی لەناوناچێ ، ئاگایی میمۆریەکە داونلۆد دەبێت لە ستۆدیۆی گەردوون ، لە ئەرشیفی تاهەتایی هەڵدەگیرێ. وەک گۆرانیەکی تۆمار کراو تاهەتایە نەمرە و بەرواری تۆمارەکەی هەردەمێنێ ئاگایی باڵای پێ گەشە دەکا . مردن تەنها قۆناغی ڕاگواستنە (ارجعون)ی تێدا نیە. هەروەک چۆن دوێنێ ناگەڕێتەوە، بەهەمان شێوە، قۆناغی پێش مردنیش تڵزە ناکەڕێتەوە ، بەهۆی مردنەوە دەچێتە نێو قۆناغێکی ترەوە ، قۆناغێکی باڵاترەوە ، ڕۆحی تۆ قەتیس بووە لێرە. بەهۆی مردنەوە ئازاد دەبێ و لە شەققەی باڵ دەدا بۆ گەیشتن بە لوتکەی باڵایی خۆی . بۆیە لە مردن دوو دڵ مەبە. مردن جوانترین خەڵاتی خوایە.

بەهەشت و دۆزەخ

ئاینەکان پشت بەو بۆچوونانە دەبەستن کە هیچ ڕێگایەکی عەقڵ و لۆژیکی تێناچێ بۆ پرسیارلێکردن و ڕەت دانەوە. تاوەکو ئاین قسەکەری سەرەتاو کۆتا بێ وکۆڕێکی بێدەنگ و گوێگر بەرنامڕێژکراو بەبێدەنگکردن. بەڵام بێدەنگکردنێکی نەرم.

ئاین بۆ سۆز جوڵاندن ،کۆمەڵێک چیرۆکی بەبیروباوەڕ تاکو لەڕێی بیروباوەڕەوە بچێتە نێومێشکی خەڵک . لەگەڵ ئەوەی چیرۆکەکان خورافاتین بەڵام بەموعجیزە بە ئیمانی خەڵکی دەفرۆشنەوە. وە لەبەر ئەوەی خودی ئاین لەسەر بنەمای عەقیدەو بیروباوەڕ دامەزراوە. بۆیە باوەڕدار ئەگەر باوەڕ بکا،ئەوا باوەڕدارە.ئەگەریش باوەڕ نەکا ،ئەوا بێباوەڕە ، لەو حاڵەتەدا باوەڕدار دەکەوێتە نێوان دوو هەڵوێستەوە کە ناچارە یەکەمیان هەڵبژێرێ. وە مافی پرسیارکردنی لێ دەسەنێتەوە بەبیانوی بێ باوەڕبوون . بەڵام لە ڕاستیدا ڕابردوو ڕابرووە هەر .ئەگەر سەد دەر سەدیش ڕاست بێ(هەرچەندە هەرگیزاوهەرگیز ئەوە ڕوونادا)هێشتا بەکەلکی واقیعی ئێستا نایە. چ جای ڕابردوویێک کە بەپێی میزاجی ئاین سیناریۆکانی داڕێژرابێ.

بەڵام سەبارەت بە داهاتووش بابەتەکە دیسانەوە بەهەمان شێوەیە . بەڵام ناویان لێناوە (جیهانی غەیب) دیسان دەرگاکانی بەسەر عەقڵ و لۆژیک و پرسیارکردن داخراوە. لەکاتێکدا تەنها بینین سەنگی مەحەکی یەکلاکردنەوە دیارو نادیارە . واتە من هەرچی شتێک کە دەیبینم ئەمە دیارە .وەهەرچی شتێک کە نایبینم،نادیارە. بۆ نموونە: من دواوەی خۆم نابینم .نازانم لە پشتەوەی من چی دەگوزەرێ. کەواتە ئەوە بۆمن جیهانی نادیارە .هەرکاتێک ئاوڕم دایەوەو بینیم ، ئەو کاتە لە نادیارەوە دەگۆڕێ بۆ دیار.

بەڵێ خودا ئەو چاوانەی بۆیە بەمرۆڤ بەخشیوە، تاکو لەڕێی بینینەوە باوەڕ بکا نەک لەڕێی بیستنەوە. بەڵام ئاین ئەو حەقیقەتەی تەحریف کردوە لە بینینەوە بۆ

بیستن . واته : لەڕێگای بیستنەوە جیهانێکت پێ دەناسێنێ کە نەتدیوە. کە ئەمە لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقی باوەڕدارێتی ناگونجێ .

٨٧

لێرەوەیە خورافەی بەهەشت و دۆزەخ لەڕێی باوەڕەوە دەئاخننە مێشکی باوەڕدار

بەڵێ غەیب واقیعەو ڕاستەو یەقینە بەڵام بوونی بەهەشت و دۆزەخێک لەنێو ئەو غەیبەدا ،هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نیە. چونکە بوونی بەهەشت و دۆزەخ، واتە هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی خودا کە تاهەتایە بەوشێوەیە ڕێچکەیان گرتوە. ئەمەش تەنها لەمەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەرچی خۆشیەکی کە لەواقیع داهەیە قەدەغەیان کردوە لە مرۆڤ ،لەنێو جیهانێکی خەیاڵیدا ،بەناوی جیهانی غەیب چەندان قات بۆیان قەرەبوو کردۆتەوە. بۆ نموونە :منداڵبازیان لێ قەدەغە کردوە، لەبەرامبەردا (ویلدان وغیلمان)یان بۆ خوڵقاندوە. شەڕاب وعەرەقیان لێ حەرام کردوە ،کەچی لەوێ ڕووباری (خەمر)یان بۆ وێنەکێشاوە.. تەنها بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ و دەستەمۆی رۆڤایەتی بکەن لەلایەنی غەریزەیی ،لەجیاتی ئەوەی کە بەشێوەیەکی تەندروست ئاراستەی بکەن.

خوا سەلماندوویەتی کە بەخشیویەتی.

ئاینە ئیبراهیمیەکان زۆر جەخت دەکەنەوە لەوەی ڕزق غەیبە خوا دەبەخشێ بەڵام نادیارە وەک نموونەی )بەهەشت (بە وتەی ئاینەکان، واتە هێشتا خوا ،بوونی بەخشندەیی خۆی نەسەلماندوە، ئەی کەی دەیسەلمێنێ بوونی هەیە ؟ دیار نیە چونکە بەستراوەتەوە بەجیهانی نادیارەوە .ئەی چۆن بزانین لە دونیاکەی تر ،بوونی خۆی دەسەلمێنێ ؟ پرسیار کردن قەدەغەیە ،چونکە پەیوەستە بەجیهانی نادیارەوە .ئەی چۆن باوەڕ بکەین؟ دەبێ باوەڕت هەبێ کە خودا بوونی خۆی دەسەلمێنێ .

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بەڵگانە پێچەوانەی ڕاستی سەلماندنە .چونکە سەلماندن بەوە دەبێ کە بەڵگەی بوونی خودا لەبەر دەست دابێ .ئەی کوا ئەو بەڵگانە؟ ئەو بەڵگانە هەر خودی خۆتی .چۆن ؟ بیهێنە پێش چاوت ،ئەگەر مرۆڤ نەبوایە )کە مرۆڤ بەشێکی گرنگی ئاگاییە (خودا چ مانایەکی دەبوو؟ کەواتە سەلماندنی خوایەتی بەندە بە بوونی مرۆڤ .بوونی مرۆڤ بەڵگەیە لەسەر بوونی خودا ،واتە مرۆڤ سەلمێنەری خوایەتی خوایە .

هەر لەو سۆنگەوە دەڵێم :خودا ئەوەی کە بەخشیویەتی ، ئەوە سەلمێنەری خوایەتی ئەوە نەک ئەوەی کە دەیبەخشێ .ئەوەی کە بەخشیویەتی بە مرۆڤ لە جەستەوگیان، ئەوە سەلماندنە .بەگوێرەی ئەو سەلماندنەش بۆمان دەردەکەوێ کە خوا هیچ بەڵێنێک نادا بۆ دوای سەلماندن .بەڵکو هەرخودی سەلماندنەکە ،بەڵێنە . بەڵێنی بەهەشت و دۆزەخ هیچ سەلماندنێکی بۆ نییە ،چونکە خوا هیچ بەڵێنی نییە ،بەڵێنی ئەو هەمووی سەلمێنراوە .هەر شتێک بەخشیبێتی ڕوون وئاشکرا لەبەر چاوانە .

حەڵاڵ و حەرام

ئەو دوو چەمکە شەرعیە لە رووی یاساییەوە بەرامبەر دەبێ لەگەڵ ڕێپێدراوو قەدەغەکراو. بەڵام پێویستە لەو بابەتەدا عەقڵ بەکار بهێنرێ نەک خودا بەکار بهێنرێ. واتە بەعەقڵ بڕیار لەسەر حەڵاڵ وحەرام بدرێ ، نەک بەفەرمانی الله. چونکە هەر خۆی ئەو دەزگایە(عەقڵ) بۆ ئەو مەبەستە وجودی هەیە لە مرۆڤ دا. واتە لە بابەتی حەڵاڵ و حەرامدا ،عەقڵ بەدیلی خودایە.

با نموونەیەک بێنینەوە . ئایا مۆسیقا لە خودی خۆیدا حەرامە یان خراپ بەکارهێنانی؟ ئایا خوا وەڵامی ئەو وردەکاریانە دەداتەوە؟ بێگومان ئامێرەکانی مۆسیقا تەنها ئامرازێکن بۆ گەیاندنی دەنگ ، واتە : ئەگەر مەبەست حەرام بوونی دەنگەکەیە، ئەوا ئەگەر دوو بەردیش بکێشین بەیەکدا ، دەنگی لێ پەیدا دەبێ. کەواتە ئەوەش هەر حەرام دەبێ بەو پێوەرە. کەواتە ئەم جۆرە پێوەرانە بەناوی خودا یان بەناوی کەسێکەوە کە بەناوی خوداوە قسە دەکا، پێوەرێکی هەڵەیە. چونکە دەنگ ، دەرەنجامی بەریەککەوتنەکانە ، ئەو کاتە دەبێ هەموو بەریەککەوتنەکان بوەستێنین کە ئەمەش هەرگیز نابێ و ناکرێ. چونکە بەریەککەوتنەکان سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ یاساکانی خودا. واتە یاساکانی خودا وا دەخوازێ ئەو بەریەککەوتنانە ڕوو بدەن.

بۆیە لەو حاڵەتەدا دەبێ پێوەر بگۆڕدرێ نەک یاسای خودا . ئەگەر پێوەرمان گۆڕی بۆ خراپ بەکار هێنان . واتە خراپ بەکارهێنان حەرام بکرێ. چۆن؟ واتە بەکارهێنانی مۆسیقاکە بۆ هەڵنان بۆ شەڕوکوشتاری . ئەو کاتە ئەو خراپ بەکارهێنانە حەرام دەبێ نەک بەکارهێنان. ئەمە بۆ بەکارهێنان و چۆنیەتی بەکارهێنان.

بەڵام بۆ ئەنجام دان .بۆ نموونە :ٚ ئەنجامدانی کرداری سێکس کردن. لەو حاڵەتەدا هەردوو جەستە خاوەن جەستەی خۆیانن و هیچ کەسێکیتر خاوەنی جەستەی ئەو دوانە نین. لەسەر ئەو بنەمایە ، ئەگەر دوو کەس ڕێککەوتن بەڕەزامەندی

هەردوولا و ڕێککەوتن لەسەر ئەو بابەتە، ئەوە ئەنجامدانێکی دروستەو هیچ مافێکی دەرەکی ناتوانێ مافی موڵکایەتی جەستەی خۆتت لێ بسەنێتەوە. ئەمە بۆ



ئەنجام دان ،بەڵام بۆچۆنیەتی ئەنجامدان ، ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی ناتەندروست سێکسەکە ئەنجام درا ، ئەوا سێکسەکە حەرام دەکا با ڕەزامەندی هەردوولاشی لەسەر بێ ،ئەمە هیچ کاریگەریەک لەسەر حەرام بوونەکە دانانێ تا بیکاتە حەڵاڵ، مادام ناتەندروستە.

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە چۆنیەتی بەکارهێنان و چۆنیەتی ئەنجامدان و چۆنیەتی کارکردن و هەموو چۆنیەتیەکان ، حەڵاڵ و حەرامی شتەکە دەست نیشان دەکەن . نەک خودی ئەنجامدانەکە یان بەکارهێنانەکە.

ئاین و هاوسەرگیری

ئاین چۆتە ناو هەموو کایەکانی ژیانەوە بەبیانوی شمولیەت و ڕەوایەتیەوە . بەڵام لە ڕاستیدا فزولیەت و خۆهەڵقورتاندنە لەکاروباری گشتی. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئاین خۆی پێ هێشتۆتەوە لەنێو کۆمەڵگا ، مافی ڕەوایەتیدانە بە خۆهەڵقورتاندن لەنێوان هاوسەرانەوە. بەبێ ئاین ژن مارە ناکرێ ، دەبێ بە دەستووری ئاین مارە بکرێ ، ئاین بۆی هەیە هاوسەرگیری هەڵوەشێنێتەوە ، ئەگەر ژن و مێردەکەش یەکتریان بوێ .

ئاین ، ژنی هەموو ئاینەکان بۆ شوێنکەوتوانی خۆی بە ڕەوا دەبینێ، بەڵام ژنانی شوێنکەوتەی خۆی بە ڕەوانابینێ بۆ پیاوانی دەرەوەی ئاینەکەی خۆی.

چەندین دەق هەیە لە قورئان کە ڕێگری دەکات لەو حاڵەتە ، چونکە اللهکەی قورئان وای بەرنامەڕێژکردوون. بەڵام ئایا لە ڕاستیدا خودای ڕاستەقینە ،هیچ پەیوەندیەکی هەیە بەو حاڵەتەوە ؟ یان مرۆڤەکانی بەتەواوی سەربەست کردوە لەهەڵبژاردنی هاوسەر، لە قورئان ئافرەت خاوەن کەسێتی خۆی نیە ،بەڵکو لەسەر ئیزن وڕەزامەندی خانەوادەکەی بەشوو دەدرێ (فانكحوهن باذن اهلهن وآتوهن اجورهن بالمعروف) نەک هەرموڵکی خۆی نیە ،بەڵکو نرخی لەسەر دادەنرێ وەکو کاڵا(وآتوهن اجورهن بالمعروف) بەڵام لە حەقیقەتدا پڕۆسەی هاوسەرگیری لەبەر ئەوەی کە هەردوولا تێیدا بەشدارن ، هیچ پێویست ناکا لایەک کڕیاربێ و لایەکیش فرۆشیار ، ئەگەر بەو پێوەرە بێ، کەواتە ئافرەتەکە جەستەی خۆی دەفرۆشێ بەو پیاوەو لە بەرامبەردا دەبێتە موڵکی ئەو پیاوە ، ئەو پیاوە بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی بۆ هەر مەبەستێک بەکاری بێنێ ، بەڵێ قورئانیش ئەو ڕێپێدانەی بۆ فەراهەم کردوەو دەڵێ (نساءكم حرث لكم فآتوا الحرث انى شئتم) واتە ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە (چونکە کێڵگە موڵکی جوتیارە)هەرچۆنێک پێتان خۆشە، وای بەرهەم بێنن (واتە دەتوانن بەکرێیان بدەن)هەرچەندە ڕێپێدانەکە ڕاستەوخۆ نییە ، بەڵام تەئویلەکە وا هەڵدەگرێ. .

ئاین پێی وایە دەبێ هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ئاین بێ ، کە ئەو بنەمایە زۆر بێ بنەمایە . چونکە یاساکانی سرووشت(کە یاساکانی خودای ڕاستەقینەن) پێمان دەڵێ: هاوسەرگیری لەسەر بنەمای یەکتر قەبولکردن و ڕێککەوتنە. بۆ ئەو



مەبەستە ئێمە سەیری نیشانەکانی خوا دەکەین لەسەر ئەو دوو هاوسەرە . گریمان هەژارێکی ڕەشپێستی ئەفریقی لەگەڵ ئافرەتێکی سپی پێستی ئەوروپی ،هاوسەرگیریان لەنێوان ئەنجام دەدەین . ئەگەر منداڵیان ببێ، ئەوا منداڵەکە نیشانەیە بۆ بێ کێشەیی ئەو هاوسەرگیریە. یان پیاوێکی هیندۆسی ئافرەتێکی موسوڵمانی پێ دەدەین، ئایا هیچ کێشەیەک دروست دەکا لە منداڵ بوونیان؟ بێگومان نەخێر. هەرچەندە حاڵەتی منداڵ نەبوون ونەزۆکیش حاڵەتێکی ئاساییە لەو حاڵەتانەش ڕوودەدا کە ئاین پشتی پێ بەستوە .

بەهەر حاڵ ، هاوسەرگیری بابەتی ئاین نییەو پێویستە هاوسەرگیری لە ئاین جیابکرێتەوە.

نەقڵ لەجێی عەقڵ

هەرخۆی دەستەواژەی نەقڵ واتە گواستنەوە ، گواستنەوەی زانیاری و کلتورو مێژوو داستان و ئەفسانە . لە چوار چێوەی پەڕاوێکی پیرۆز کە پارێزگاری کردن بووە لە شارستانیەتە کۆنەکان (الم تر كيف فعل ربك بعاد* ارم ذات العماد* التي لم يخلق مثلها في بلاد) هەرخۆی ئەمە بەڵگەیە کە کتێبی پیرۆز و دەستەواژەی کتێبی پیرۆز ، نەقڵ کردنی زانیاری و زانست و شارستانیەتە کۆنەکان بووە بۆ پارێزگاری کردن لێی . چونکە زۆربەی ئەو شارستانیەتانە (جا بەهەر هۆکارێک بێ ) لەناوچوون.

دواتر لە پارێزراویەوە ، پیرۆزی وەرگرتوە، ئینجا دراوەتە پاڵ خواو کراوە بە ئیمان. کاتێکیش دراوەتە پاڵ خوا . ئینجا لەم ئاین بۆ ئەو ئاین نەقڵ کراوەو لەچوارچێوەی ئاینی تازەدا، پارێزگاریان لێکراوە. ئینجا شوێنکەوتوانیان بە مەبەستی شەرعیەت دان بە کتێبی پیرۆز، ئەو زانیاریە نەقڵ کراوانە بە ئایەتی خوداو بەموعجیزە لە قەڵەم دەدەن .کاتێکیش کە بەراوردیان دەکەی لەگەڵ زانستی سەردەم ، ڕێک هەندێکیان وەکو خۆی ڕاست دەردەچێ . ئینجا بە ئیمان بەخەڵکی دەفرۆشنەوە ، بێ ئەوەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا خودا چ پێویستی بەوە هەیە لە پەنا کتێبێکدا بوونی خۆی بۆ خەڵک ڕوون کاتەوە. ئایا خودا هێچ ڕێگایەکی تری شک نەبرد جگە لەو ڕێگەیە ؟ ئایا خودا تەنها یەک ڕێگەی لەبەردەستە بۆ خۆناساندن؟ وە ئایا ئەو ڕێگەیە، ڕێگەیەکی دروست و مەنتیقیە؟ وە ئایا ڕاستە نەقڵ بەدیلی عەقڵە؟ واتە ئەوەی کە تائێستا مرۆڤایەتی پێی گەیشتوەو پارێزراوە لەچوارچێوەی کتێبی پیرۆز تەنها هەر ئەوەندەیەو جیلی داهاتوو تەنها تەوافیان بۆ دەمێنێتەوە بە دەوری ئەو کتێبەدا؟

ئینجا بەتێپەڕبوونی کات بەسەر ئەو دەقانەدا تەفسیرو موفەسیرینی بۆ دابمەزرێنرێ و ئەوانیش بێن تێگەیشتنی خۆیان لەخەڵک بکەن بە ئیمان ؟

هەروەک چۆن پارێزەرانی کتێبی پیرۆز، دەقە نەقڵ کراوەکانیان لە خەڵک کرد بە ئیمان؟



ئاگایی ئەزەلیە.

من پێکهاتەی ملیارەها خانەم و هەرخانەیەکیش ئاگاییێکە، کۆی هەموو ئەو ئاگاییانە، لەهەر چاو تروکانێکدا، زانیاری دەدەن بە ئاگایی باڵا کە ئێمە پێی دەڵێین (عەقڵ – ئاوەز ) وە ئاگایی هەموو بوونەکان ،سرووشت پێک دێنێ کە ئاگایی باڵای بوونی زەویەکەی ئێمەیە .وە ئەو ئاگاییە باڵایەش ، بەشێکە لە ئاگاییەکی باڵاتر لەخۆی کە ئێمە پێی دەڵێین گەردوون .ئینجا بەو شێوەیە زنجیرەی ڕیزبەندیەکە بەرەو هەڵکشان و فراوان بوونی بێ کۆتا دەچن. یەکەکانی ئاگایی پەرت ناکرێن و دابەش ناکرێن ، (ئەزەلین) واتە: هەر هەبوون وهەر هەن ، بێ کۆتان )واتە :هەر دەبن .بەڵام وەک دۆخی مادده لە بارێکەوە دەگۆڕێن و دەچنە دۆخێکی تر .بۆ نموونە گەردیلەکانی ئاو کاتێک گەرم دادێن شی دەبنەوەو دەچنە دۆخی بەهەڵم بوون .گەردیلەکان ناگۆڕێن ،بەڵکو تەنها ئەو شێوەیەی کە پێیان درابوو ، گۆڕا بۆ شێوەیەکی تر .بەهەمان شێوە دۆخی ئاگایی ئێمەش تەنها لە دۆخێکەوە دەگۆڕێ بۆ دۆخێکی تر .بۆ نموونە پێکهاتەی هەموو ئاگاییەکانی من ، ئەو مرۆڤەی لێ پێک هاتوە کە لەبەر چاوتانە.واتە ئاگاییەکی مەزن .بێگومان دوای مردنم ، ئەو ئاگاییە مەزنە دەچێتە دۆخێکی تر ، کە سرووشت جارێکی تر ڕێکی دەخاتەوە .ئەوە پێی دەگوترێ ( :نەمری بوون)نەوەک (نەمری من-خود)

کەواتە :ئەو ئاگاییانەی کە (من – خود-)ی لێ پێک هاتوە، موڵکی من نین .بەڵکو موڵکی (نەمری بوون)ن و تێکەڵ دەبێ بە ئاگاییەکی تری مەزنتر. واتە :لەم جیهانەی ئێرەدا ، من تەنها چوار چێوەیەکم بۆ لە خۆ گرتنی بەشێک لە ئاگایی .دوای مردنم ڕەنگە ئەو ئاگاییە ، لە پێکهاتەیەکی تر چوار چێوە بگرێ .

ئەمە سوورِی ژیانی ئاگاییە .ئاگایی سەرچاوەی هەموو نەخشەی زانیاریەکانە. بۆیە دەکرێ کەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو زەمینەی ئێمە، تەنها بەردێک بووبێ بەدەست منداڵێکەوەو شتێکی پێ شکاندبێ .یان دەشێ ئەو منداڵە ، بەردێک بووبێ لەهەسارەیەکی پێشووتر و پێکهاتەکەی ئێستای بەو شێوەیەبێ کە ئێستا لەبەر چاومانە.



خوا تەنها بیرکردنەوەو ئەندێشەتی ئازاد کردوە .

ئەگەر سەیری ئایەتی جەستەی خۆمان کەین ، دەبینین لێدانی دڵ بە دەست ئێمە نیە .خوایەک هەیە هیدایەتی داوە بۆ کاروبارەکەی خۆی لەکاتی پێویست دا لێدانی زیاد دەکا ،لە کاتی ئاساییدا لێدانی دڵ ئاسایی دەکاتەوە ، لە کاتی نا پێویست دا ، لێدانی دڵ خاو دەکاتەوە .لەنێو خوێن دا سوپایەکی لە خڕۆکەی سپی دروست کردوەو دەیانژیێنێ و ڕزقیان دەدا و پەروەردەیان دەکات و ڕاهێنانیان پێ دەکات بۆ بەرەنگار بوونەوەی مەترسی میکرۆب و ڤایرۆسەکان و لەناو بردنیان بەبێ ئەوەی تۆ هەست بکەی ولە ژێر کۆنترۆڵت دا بێ .خوێن ئازوقە دەبا بۆ هەموو خانەکانی لەشت، بە دادپەروەری و بەیەکسانی ، بەبێ ئەوەی تۆ توانات هەبێ دەست بخەیتە ناو کاروبارەکانیەوە، ئەو بە هیدایەتی خوا کارەکانی خۆی دەکات و دابەشی دەکا.

دڵ بە فەرمانی خوا ،خوێن پاک دەکاتەوە .لەگەڵ سیەکان لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ پاک کردنەوەی جەستە لە زبڵ و خاشاک .سیەکان )کە بە فەرمانی خوا، شارەوانی جەستەن بۆ پاک کردنەوە (هەموو ئەو پیسیانە لە ڕێی دوانۆکسیدی کاربۆنەوە فڕێ دەدەنە دەرەوەی جەستە .لەو لاوە ڕیخۆڵەکان ،هەرچی ماددەی سەرەکی نێو خۆراکەکانە بە هیدایەت و فەرمانی خوا، هەڵیدەمژن و بەشە بەسوودەکەی دەگەیەنن بە جەستەو بەشە خراپ بووەکەی لەڕێی پاشەڕۆوە فڕێ دەدەنە دەرەوە .

ئەگەر فەرمانی خوات پێ بڵێم لەیەک چاوتروکانێکدا هەرلەناو جەستەکەی خۆت داو بەبێ ئەوەی تۆش هەستی پێ بکەی ، لە ژمارە نایەن .ئەمە بەڵگەیە کە تۆ بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی خوادایت .تەنها شتێک کە بە دەست خۆتە بیرکردنەوەو ئەندێشەیە .خودا لە بری تۆ ، ئەو هەموو کاروبارەی ناو جەستەی

تۆ هەڵدەسووڕێنێ تەنها لە پێناوی ئەوەی تۆ ئازادانە بیر بکەیتەوەو خەیاڵ بکەی (خەیاڵی داهێنەرانەی زانستی )کەچی ئاینەکان بۆ ئەوە دروست بوون کە ئەم دوو نیعمەتەت لێ بسەننەوە، ئاگاداری خۆت بە ، نەکەویتە هەڵەو تەڵەوە.



سوننەتی خوا

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە قورئان هەڵدەبژێرین ،چونکە بەپێوەری ئاینە ئیبراهیمیەکان بێ، دەبێ قورئان دوا پەڕاوی ئاسمانی بێ و کامل و بێ خەوش بێ .بابزانین مەفهومی سوننەت لەقورئان دا چۆنە.

قورئان لەو بارەوە دەڵێ):﴿ سُنَّةَ اللهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلًا ﴾] الأحزاب [٦٢:وفي آية أخرى ﴿ فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّةَ الأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَحْوِيلًا ﴾] فاطر[٤٣:

کورتەو پوختەی قورئان ئەوەیە کە یاساکانی خوا نەگۆڕە وە لەحاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر ناگۆڕێ

بەڵام ئەگەر سەیری سرووشت بکەین ، دەبینین کە بەو شێوەیە نیە ، چونکە سرووشت بەردەوام لەگۆڕاندایە، وەبەپێی گۆڕانەکان ، یاساکانیش جێگیر نین و لەگۆڕاندان .هەر بۆ نموونە :یاسایەک هەیە لە بارەی دوو جەمسەریەوە کە لە قورئان دا بە) الزوجين (ئاماژەی پێدراوەو دەڵێ) : وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(٤٩) الذاريات

بەپێی ئەو ئایەتە، یاسای نەگۆڕ بۆ شتەکان بریتیە لە) الزوجين -دوو ڕەگەزی ( واتە :هەموو شتێکمان لە دوو ڕەگەزی خولقاندوە .واتە ئەو یاسایە دەسکاری ناکرێ و هەربەو شێوەیەیەو هەرواش دەمێنێتەوە .باشە ،ڕاستیە بنەڕەتیەکان وامان پێ دەڵێن :کە هەموو شتێک بەپێی ئەو یاسایە بەڕێوە دەچێ

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە دەسکاریکردنی ئەو یاسایە مەحاڵەو هەرگیز ڕوونادا نەخێر . چونکە ئەگەر وابێ ، کارەسات ڕوودەدا بە تێکچوونی

هاوسەنگی ئەو دوو جەمسەریە .ئەگەر وایە ، ئەی بۆ دەسکاری ئەو دوو جەمسەریە هەرلەنێو خودی قورئان کراوە بەرامبەر بەتوخمی مرۆڤ؟ بە ئایەتی )وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا (٣)النساء



لەو ئایەتەدا بە ئاشکراو بەڕوونی دەسکاری ئەو هاوسەنگیە دەکرێت بە پیاوێک بەرامبەر دوو دوو لە ژن هێنان و سێ سێ لە ژن هێنان و چوارچوار لە ژن هێنان؟ ئەی بە پێی قورئان، ئەسڵ وانیە کە دەسکاری یاساکانی خوا ناکرێ؟ ئەی یاسای خوا بۆ هەردوو ڕەگەز بریتی نیە لەپیاوێک بۆ ژنێک ؟

کەواتە هەرئەو دەسکاریکردنەی یاسای خوا لەلایەن مرۆڤەوە دەیسەلمێنێ کە خوا پێشتر پلانی یاسای جێگرەوەی بۆ هەموو حاڵەتەکان داناوەو لەهەر بارودۆخێکدا گۆڕانکاری ڕوویدا، گۆڕانکاری لە پلانی خوایش ڕوو دەدا.

هەر ئەم نەرمی نواندنەی خوایشە کە بەردەوامی بە بوونی گەردوون داوە . ئەگەر یاساکان بەوشێوە کۆنکرێتیە بوان کە لە قورئان ئاماژەیان پێدراوە .ئەوا دەبوایە زۆر لە مێژە کۆتایی بەهەموو شتێک بهاتایە.

خوای میزاجی.

داتاشینی خوایەک لەسەر میزاج و بیرکردنەوەی مرۆیی .هەرکاتێ پیاوانی ئاینی تووڕە دەکرێن، تووڕەییەکەیان دەدەنە پاڵ خواو دەڵێن :ئێوە خواتان تووڕە کرد، ئەوە چونکە پیاوە ئاینیەکە ، خۆی تووڕە بووە .ئیدی بەهەموو سیفەتەکاندا بچۆرە خوار .خوایەک بەگوێرەی میزاجی ڕابەرانی ئاین و شوێنکەوتوانی ئاین، هیچ مانایەکیان بۆ خوای ڕاستەقینە نەهێشتۆتەوە .

خوادڵی خۆش دەبێ ...خوا بە بۆنی خۆشی دەمی ڕۆژوەوان دڵی خۆش دەبێ ،دیارە خواکەی ئەوان دڵیشی هەیە .بەدوعای ئیمانداران دڵی خۆش دەبێ . خوا پێدەکەنێ ..خوا شەرم دەکا .خوا پشتت تێ دەکا ،خوا ڕووت تێ دەکا، خوا لێت عاجز دەبێ .خوا گومڕات دەکا، خوا هیدایەتت دەدا، خوا خۆشتی دەوێ، خوا ڕقی لێت دەبێتەوە .خوا داتدەپۆشێ، خوا حەیات دەبا .خوا دەبێتە دوژمن،خوا دەبێتە دۆست.

دەبینین خوای ئاینەکان هەرگیز ناتوانێ لەسەر میزاجێک ئارام بگرێ .

هەرتۆزێک بێی دڵی بکەی بەلایەکەی تردا دەسووڕێ

هەمیشە هیچ کارێکی نیە ،ئیشی ئەو تەنها چاودێری کردن و خۆهەڵقورتان لە وردو درشتی ژیانی خەڵک و تەنانەت دەبێ بە دڵی ئەو بچیتە ئاودەست و بەدڵی ئەو نان بخۆیت .

خوایەک بە ڕادەیەک میزاجی .کە هەردەم دڵی مرۆڤ لەنێوان دوو پەنجەی دایە هەرکات حەزی لێ بوو، بەهەرلایەکدا ویستی، ئاوا هەڵگێڕو وەرگێڕی دەکا .

خوایەک هەردەم وەک مۆتەکەیەک بەدواتەوەیە لەدونیاو تەنانەت لەناو گۆڕیش و لە قیامەتیش و تەنانەت لەناو بەهەشتیش هەر بەدواتەوەیە .

خوایەک عەیب ژمێرو گوناهـ ژمێرو هەڵە ژمێر .خوایەک تەنانەت دێتە نێوان ژن و مێردیش تەنانەت لەکاتی سێکسیشدا دەبێ ناوی ئەو بهێنرێ . خوایەکی تەواو میزاجی .سەد ساڵ نوێژی بۆ بکە، تەنها یەک نوێژ مەکە، ئەو



تووڕە دەبێ و بۆی هەیە نەفرەتت لێ بکا .خوایەک بەبۆنی دەمی بێباوەڕ وەڕس دەبێ چونکە بۆنی دەمی ناخۆشە .خوایەک هەڕەشە دەکا لە دوژمنانی .خوایەک

خۆی دێنێتە ئاستی دروستکراوانی ئەگەر بە هاوبەش لەگەڵ ئەودا دابنرێ . خوایەک ڕووی خەڵک ڕەش دەکات و سپی دەکا .خوایەکی لەو شێوە، هیچ مانایەکی بۆ خوای ڕاستەقینە نەهێشتۆتەوە .

خوایەک پێی وایە تۆ دەبێ هەمیشەو هەموو کات هەر بیروهۆشت لای ئەو بێت و هیچی تر، خوایەک تۆی تەنها بۆ کۆیلایەتی و ملکەچ بوون دەوێ .خوایەکی تەواو میزاجی ،خاڵی لە هۆش و بیر .هەموو شتێکی بەحەزو ئارەزووە نەک بە بەرنامەو بەپلان .کێی ئەو ئارەزووی لێ بوو ،بەرزی دەکاتەوە .کێی ئەو ئارەزووی لێ نەبوو ، ڕیسوای دەکا .

ئەمە چیە بۆ خاتری خوا؟ ئەمە خوایە یان مۆتەکە؟ خوایەکی دروستکراو لە میزاجی ڕابەروشوێنکەوتوانی ئاین .خوایەک دوور لە خوا .ئەگەر لە من دەپرسن ئەوە چ جۆرە خوایێکە؟ من پێتان دەڵێم ):ئەوە تەنها ئەهریمەنێکە نەک خوا (شەیتانەو لە جێگەی خوا، فەرمان دەردەکات

خوداى وەهمى

ئەو وەهمانەى كە لە مرۆڤ بوونەتە خودا وەك :( خوداى ترسێنەر ، خوداى پەرستن ، خوداى موعجيزات، خوداى قسەكەر ، خوداى خۆبەگەورەزان، خوداى وێرانكەر ، خوداى غەزەب و تووڕەيى ، خوداى خەشم و قين ، خوداى قوربانى بۆكردن، خوداى خەياڵ ، خوداى خاوەن سيفەت ، خوداى لێپرسينەوە، خوداى چاودێريكردن، خوداى فزوليەت ، خوداى پێغەمبەران ، خوداى ئاينەكان ، خوداى ئاسمان،خوداى قەزاوقەدەر........) هەموو ئەو جۆرە خودايانە لەنێو بيركردنەوەى خۆت دەربێنە . چونكە تەنها خوداى وەهمين

وابزانم ئێستا تێگەيشتى كەتۆ لەنێو وەهم دا ژياوى و لەجياتى خودايەك ،دەيان خودات هەبووە لەناو ناخت.

١٠١

خودای خەیاڵی

ئەو خەیاڵانەی کە مرۆڤ کردونیەتی بە خودا . پێی وایە خودا بەردەوام چاودێری دەکات. لە کاتێکدا مرۆڤ دەبێ خۆی چاودێری کردەوەکانی خۆی بکا.

پێی وایە خودا سەری دەخا ، لەکاتێکدا سەرکەوتن لە ژێر کۆنترۆڵی ویست و ئیرادەی خۆت دایە. سەرکەوتن لە دەرەنجامی ئەزموون کردنی شکستەکانە.

پێی وایە خودا یارمەتیی دەدا ، لە کاتێکدا ئەوە خۆتی کە دەبێ پشت بەتواناکانی خۆت ببەستی. سەیری گیانەوەران کە ، هەموویان پشت بە خۆیان دەبەستن و ئەو هەستەیان نیە کە خودا یارمەتیان بدا.

پێی وایە خوا دەیپارێزێ ، لەکاتێکدا ئەوە خۆتی کە دەبێ خۆ پارێز بی . چونکە جاری وا هەیە ئەوەی کە بە بیست ساڵ کۆت کردۆتەوە، بە بیست چرکە لە دەستت دەچێ ئەگەر خۆت نەپارێزی.

وا دەزانێ خودا لە چرکەساتێکدا هەموو ژیانی دەگۆڕێ. نەخێر ئەوە تۆی کە دەبێ بیرکردنەوەو شوێنی خۆت بگۆڕی.

وا دەزانێ کە خودا هیچ ئیشی نیە تەنها ئاگاداری ئەوە. نەخێر خودا بۆیە ئەو هەستەی بەتۆ بەخشیوە ،تاکو خۆت ئاگاداری خۆت بی ، هەر بۆ نموونە هەستی ئازار چەشتنی لە پێستت داناوە. بۆ ئەوەی هەموو جەستەت ئاگادار بکاتەوە لە مەترسی.

ئاگادار بە ئەمە خودا نییە .ئەمە خەیاڵە

خوا خەیاڵی بە مرۆڤ بەخشیوە تاکو بیکاتە واقیع نەک بیکاتە باوەڕ .

بۆ نموونە :بەهەشت خەیاڵێکە ، خوا چاندوویەتی لەگەڵ بوونی مرۆڤ دا ، واتە سرووشتی مرۆڤ ،هەڵگری خەیاڵی بەهەشتە .ئەمەش بۆ ئەوە نا کە باوەڕی پێ بێنێت و بیکاتە پایەک لە پایەکانی باوەڕداری .بەڵکو بۆ ئەوەیە کە چۆن مرۆڤ ئەو خەیاڵە لە مەیدانی واقیعدا پڕاکتیزە بکات و ئەو بەهەشتەی کە لە خەیاڵیدایە بیهێنێتە سەر ئەرزی واقیع و دونیای پێ بکاتە بەهەشت .بەڵام ئاینەکان هاتون و فێڵیان لە مرۆڤ کردوەو ئەو خەیاڵەیان لە باوەڕی خەلکدا کردۆتە جیهانێکی واقیعی و کردویانەتە پایەیەک لە پایەکانی باوەڕ ، وایان لە مرۆڤ کردوە لە جیاتی ئەوەی کە ئەو خەیاڵە بکاتە واقیع ، بە بیانوی باوەڕەوە خۆیان لە پێناوی ئەو خەیاڵەدا بەخت دەکەن و خۆیان دەدەن بە کوشت ، کە لە ڕاستیدا ئەمە خۆکوشتنی حەقیقیە بەڵام لەژێر سایەی باوەڕەوە ئەنجام دەدرێت و بەرگی ئیمانداری کراوە بە بەردا.

جیهانێکی جوانتر

کاتی ئەوە هاتوە کۆڵبەری ژیانی خۆت بی ، ئەوە تەنها خۆتی کە بەرپرسیارێتی ژیانی خۆت لە ئەستۆیە .ئیتر واز لە ئەم و ئەو بێنە، واز لە خوا بێنە ،چیتر خۆت فریو مەدە بە شتانێک کە لە دەرەوەی تۆن ، ئیتر تۆ بەرپرسی پاراستنی بازنەی بوونی خۆتی، کەس مەهێنە نێو بازنەی ژیانتەوە ، هیچ شتێک مەهێنە نێو بازنەی ژیانتەوە، نە ڕابردوو نە داهاتوو، نە ئەم و نە ئەو .لەگەڵ خۆت دا بژی ، بۆ خۆت بژی بازنەی ژیان و بوونی تۆ ، تەنها ئەو چەند چرکە ساتەیە کە لە ژێر کۆنتڕۆڵی ویستی تۆدایە .ئەگەر توانیبێتت کۆمەڵێک دەسکەوت و سەرمایەت لە ڕابردوودا کەڵەکە کردبێت و هێنابێتە نێو ئەو بازنەیەوەو کردبێتتە ڕەسیدو هێزو قورسایی و توانیت بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر ئەو چرکەساتەی زەمەن وتەمەنت دابنێی، ئەگینا باخەیاڵ نەتباتەوە بۆ چاوەڕێ بوون لە ڕوودانی موعجیزەیەک لە ژیانتدا ،خۆت موعجیزەی ،وەهەر خۆت خوڵقێنەری موعجیزەی .خوا جەستەی تۆی دروست کردوە،تۆش دەبێ کەسایەتیەک بۆ ئەو جەستەیە دروست کەی . پێچەوانەی ئاینەکان کە ئەو جەستە بەرەو فەنا بوون و ون بوون دەبەن .بە پێچەوانەوە تۆ دەبێ ئەو بوونە بسەلمێنی .واز لە چڵک و ژەنگ خاوێن کردنەوەی پەڕاوە کۆنەکان بێنە .خۆت پەڕاوێکی تازە بۆ ژیانێکی تازە بنوسەوە، وا لە خوای خەیاڵ بێنە .بگەڕێوە بۆ ئەو خوایەی کەتۆی لێ هاتۆتە بوون .

باوەڕ دەکەی یان نا .تەنانەت ئەو جل و بەرگەی کە لەبەریشتە ، کەڵەکە بووی ئەو کلتورەیە کە مرۆڤ ملکەچی ئەو ژینگەیە بووە .من ناڵێم جەستەی خۆت ڕووت کەوە .بەڵام دەڵێم :هۆش وبیری خۆت خاڵی کەوە .خۆت لەهەموو کلتورو فەرهەنگ و ئایدیاو ئاینێک خاڵی کەوە، وەکو خۆت بیر کەوە ،وەکو ئەوەی کە

سرووشتی تۆ دەیخوازێ ،بیر بکەوە .ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێ کەوا تۆی ڕاستەقینە چیت و کێیت .هەوڵ بدە هاوڕێیەکی وەکو خۆت بدۆزیتەوە لەسەر ئەو بنەما سرووشتیە مرۆییە ڕێککەوی لەگەڵیدا .ئەو کاتە ئەوەی کەناویان لێ ناوە ترس و شەرم و حەیاو عەیبەو بڤەو نابێ و ناکرێ و ناگونجێ و چی و چی، هەمووی دەبێتە بڵقی سەر ئاو .

١٠٤

بەڵێ ئەم دەستەواژانە )حەیاو ترس و شەرم و عەیبەو بڤەو ناکرێ ونالوێ و ناگونجێ(هەمووی هەن لە ژیان .بەڵام باوەڕ کە هەر هەموویان بەلاڕێدا بردراون و مانا ڕاستەقینەکانی خۆیان لە دەست داوە .لە جیاتی ئەوەی درۆکردن عەیبە بێ، ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆت دا عەیبەیە .لە جیاتی ئەوەی ترسی لە دەستدانی هاوڕێیەکی خۆشەویستت بێ، ترسی لە دەست دانی دین و ئیمانیان پێ نیشان داوی .
بۆیە هەرچەندە پێت دەڵێن (تەوبە بکەو بگەڕێوە بۆ لای خوا) بەڵام تۆ بگەڕێوە بۆ سرووشتی خۆت ،ئەوەباشترین تەوبەو گەڕانەوەیە بۆ لای خوا .تۆ جیهانێکی سەربەخۆیت .دونیاکەی خۆت جوان کە .ئەو جوانیە نیشانی هەموو خەڵک بدە با لەتۆوە فێری جوانکاری سرووشتی خۆیان بن .

مەبە کۆیلەی هیچ بیروباوەڕێک و هیچ کەسێکیش مەکە کۆیلەی بیرو باوەڕی خۆت .بەڵکو کەڵک لەهەموو بیروباوەڕێک وەرگرەو بیروباوەڕێکی بەسوودیش ببەخشە بەخۆت و دەوروبەرت .

تەنها هەرخۆتیت و بەس .لەجیاتی ئەوەی بڵێی (بژی فلان و بژی فلان) بڵێ (بژی بەخۆم، بژی هەرخۆم)

ئەرک پێ سپاردن .

ئایا خوا بۆ ئەوەیە کە ئەرکەکانی سەرشانی خۆمانی پێ بسپێرین؟

ئایا خوا بۆ ئەوەیە کە یارمەتیمان بدا؟

ئایا خوا بۆ ئەوەیە کە ئەرکەکانی ئێمە لە ئەستۆی خۆی بگرێ ؟

ئایا خوا بۆ ئەوەیە کە جێگای بێ تواناییەکانی مرۆڤ پڕ بکاتەوە؟

ئایا خوا بۆ ئەوەیە کە جێگای کەم و کوڕیەکانی مرۆڤ پڕ بکاتەوە؟

ئاینەکان بەو بیروباوەڕەی کە خستویانەتە مێشکی شوێنکەوتوانیانەوە، بەشێوەیەک خوایان نیشان داوە ، کە وەک بەردەستێک و فەرمانبەرێک و بەندەیەک هەردەم لە خزمەتی مرۆڤدایە ، ئایا بە ڕاستی دەبێ خوا بەو شێوەیە بێ؟

کە سێک کەسێکی لێ دەکوژرێ ،دەڵێ خوا تۆڵەم بۆ دەکاتەوە کەسێک زەرەرێک دەکا، دەڵێ خوا بۆم قەرەبوو دەکاتەوە.

کەسێک عاشقەکەی بەنسیب نابێ ، داوا لە خوا دەکا کە بە نسیبی بکا .

کەسێک لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نابێ ، پێی وایە دەبێ خوا یارمەتی بدا .

کەسێک توانای کارێکی نیە ، پێی وایە خوا دەسباری لەگەڵ دەگرێ .

هەموویشی لە دەرەنجامی ئەو هەڵە تێگەیشتنەیە کە پێی وایە کە ئەو بەندایەتی خوا دەکا ، بۆیە خوایش لەسەریەتی کە کاروبارەکانی ئەو جێبەجێ بکا .واتە : بۆ بەرژەوەندی ، خوا دەپەرستێ ، لەکاتێکدا ئێمە بەشێوەیەکی خواناسانە

ڕوونمان کردۆتەوە کە نە خوا پێویستی بە پەرستنەو نەمرۆڤیش پێویستی پێیەتی، ئەوەی کە پێویستی پێیەتی ، تەنها پیاوانی ئاینین کە لەو ڕێگایەوە بازاڕی ئاینەکەیانی پێ گەرم دەبێ .



وە خوا نە پێویستی پەرستنی هیچ کەسێکەو نە ئەرکی هیچ کەسێکیش لە ئەستۆی خۆی دەگرێ .بەڵکو پێویستە مرۆڤ خۆی ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ و هەڵسێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی و خۆی لەو ئەرکەیە نەدزێتەوە، هەموو ئەو پرسیارانەی کە لەسەرەوە کردم ، هەمووی نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ لە ئەرکی ڕاستەقینەی سەرشانی خۆی ڕادەکات و ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی خواو خۆی بەو پەرستشە ساختەیەوە سەرقاڵ دەکا کە پیاوانی ئاینی وەکو دین پێی دەفرۆشنەوە .
هیچ جموجولێکی مرۆڤ پەیوەندی دوورونزیکی بەخواوە نیە ، هەر جموجوڵێکی کە مرۆڤ دەیکا ،هەمووی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیەو هەموو کەموکوڕیەکانی ژیانیش ئەرکی سەرشانی مرۆڤە نەک خوا .ئیدی چیتر کارەکانی خۆت بە خوا مەسپێرە .پەرداخە ئاوێک لە دەستت بکەوێتە خوارەوە ، خوا ئامادە نییە یەک دڵۆپە ئاویشت بۆ بگێڕێتەوە ناو پەرداخەکە .ئەو کەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە .

شەریعەتی الله یان یاسای مرۆڤ؟

بڕگەیەک هەیە لەناو پەڕاوە ئاسمانیەکاندا پێی دەڵێن:(شەریعەت) واتە ئەو یاسایانەی کە ڕەوایەتی دەدەن بەشتێک یان بە ناڕەوای دادەنێن. ئەگەر سەیرێکی شەریعەتەکان بکەی لەنێو دینە ئیبراهیمیەکاندا بە جیاوازیەکی کەم ئەگینا هەموویان دەچنەوە سەریەک . بەڵام ئەگەر لێی ورد بیتەوە ، بۆت دەردەکەوێ کە کۆمەڵێک یاسان لەکۆنەوە پارێزگاریان لێکراوە . واتە ئاین تەنها بەهانەیەک بووە بۆ پارێزگناری کردن لەو شەریعەتە. بۆ نموونە : بڕگەیەک هەیە کە تێیدا گۆشتی بەراز حەرام دەکا . ئەم حەرام کردنی گۆشتی بەرازە لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە هەر بەو شێوەیە هاتوە.

بۆیە ئاین تەنها ڕۆڵی پاراستنی شەریعەتی پێدراوە ئەگینا لە جێبەجێکردندا ، ئاین ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە . بۆ نموونە ئەگەر دەستی دز ببڕابوایە ،دەبوایە مێژووی ئیسلام پڕی بوایە لە مرۆڤانی دەست بڕاو.

بۆیە بەتێپەڕبوونی کات ئەو یاسایانە باویان نەماوەو پیاوانی ئاینیش چاک لەو حەقیقەتە تێگەیشتون. بۆیە لە بەرامبەردا، عیللە شەرعی و فتوایان داهێناوە. چونکە بەڕاستی بە بوونی شەریعەت وەک یەکەمی بێ ڕکابەر، یاسا ناتوانێ ببێتە ڕکابەر .چونکە شەریعەت خۆی بەنوێنەری ئاسمان دەزانێ و وای دادەنێ کە لە ئاسمانەوە بڕیار لەسەری دراوە.

بەڵام لەڕاستیدا لە کۆمەڵگا ئاینیەکاندا، نە شەریعەت جێبەجێ دەکرێت و نەرێگەش بە شەرعیەتدانی یاسا دەدرێ. واتە کۆمەڵگا لە بۆشایی نەبوونی یاساوشەریعەت، خۆی شتێکی داهێناوە بەناوی عورف . کە بەڕاستی ئەو عورفە لایەنی چاکی هەیەو لایەنی خراپیشی هەیە . لایەنە باشەکە ئەوەیە کە چەندین کێشەی بەرێگەی سولحی عەشایەریەوە چارەسەر کردوە، وە خراپەکەشی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی دانەڕێژراوە. بەڵکو بەمیزاجی کۆمەڵگا داڕێژراوە .

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە( ئایا خودا لە جیاتی مرۆڤ بیر دەکاتەوە بۆ داڕشتنی شەریعەت؟ ) لە کاتێکدا خودا بیرکردنەوەی داوە بەمرۆڤ بۆ ئەو بابەتە . چونکە بابەتی (خودا)، بۆ بیرکردنەوە ناشێ . چوونکە بیرکردنەوە بۆ مرۆڤە نەک خودا.

چونکە بیرکردنەوە، خودا لە مەقامی خۆی دێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی مرۆڤ.



حوکم و فەرمانی خوا .

ئاینەکان حوکم وفەرمانی خوایان چۆن لێک داوەتەوە؟ ئاینەکان حوکم و فەرمانی خوایان خستۆتە دواوەی زانست و فەرهەنگ و کلتورو داب ونەریتی گەلەکانیانەوە .چۆن؟

یەکەم) /حوکمی خوا (ئاینەکان حوکمی خوایان خستۆتە دواوەی زانستی خۆیانەوە .بۆ نموونە )دەربارەی پۆشاکی ئافرەتان(دەبێ ئافرەتان خۆیان داپۆشن بە پارچە قوماشێک لە تەوقی سەریانەوە تاکو ژێر پێیان .

کە ئەمەش دوو ئەگەر دێنێتە کایەوە .یەکەم :ئەگەر خوا حوکمێکی لەو شێوەیەی دابێ، ئەوا دەبێ هەر لەگەڵ دروستکردنی مرۆڤ لەسەر زەوەی ، کارگەیەکی ڕستن و چنینشی لەسەر زەوی دروست کردبێ و کۆمەڵێک فریشتەی تێدا دامەزراندبێ )بەگوێرەی باوەڕی خەڵک کە دەڵێن فریشتە هەیە(بۆ ئەوەی قوماش بۆ ئافرەتان دروست بکەن بۆخۆداپۆشین.یان دەبێ خوا قاچ لەسەر قاچ و دەستەو ئەژنۆ دانیشتبێ و چاوەڕوانی ئەوەی کردبێ، تا مرۆڤ دەگاتە ئاستی پێشکەوتن و دامەزراندنی کارگەی ڕستن و چنین ئینجا حوکمی خۆ داپۆشینی دەرکردبێ .😁لە حاڵەتی ئەگەری دووەمیشدا، ئەگەر ئەو جۆرە حوکمانە هەر لەگەڵ سروشتی مرۆڤ لە دایک بووبن ، ئەوا دەبێ هەر لەگەڵ لە دایک بوونی کچ یەکسەر سەرپۆشێکی خرابێتەسەر لەلایەن خواوە .بەڵام ئێمە دەبینین کە کچ

بەڕووتی لە دایک دەبێ و هیچ حوکمێکی خوایی لەو شێوەیەی پێوە دیار نیە.
دووەم )/فەرمانی خوا (ئاینەکان فەرمانی خوایان خستۆتە دواوەی داب و نەریت و کلتورو فەرهەنگی خۆیانەوە .بۆ نموونە کلتوری ناوچەو شوێن ونەتەوەکە یان ئەو کەسەی کە دامەزرێنەری ئاینەکەیە، چۆنە .ئەوا فەرمانی خوا بەو شێوەیەیە لە ژن هێنان و مامەڵەو کڕین و فرۆشتن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یەکترو سێکس و پەرستش و چی وچی .کە هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە کە خوای ڕاستەقینە،خۆی دابەزێنێتە ئاستی هیچ کلتورێکەوە.



حوکم و فەرمانی خوای ڕاستەقینە، هەڵقوڵاوی سرووشتی خودی مرۆڤە .واتە خوای ڕاستەقینە کۆمەڵێک دەرچەی داناوە لە خودی مرۆڤ دا ،لەو ڕێگەیەوە حوکم و فەرمان دەردەکا .بۆ نموونە )دەرچەی ویژدان (خوا لەو ڕێگەیەوە حوکم دەردەکات بۆ کردنی کارێک یان نەکردنی کارێک یان دەستکێشانەوە لە کارێک یان بەردەوام بوون لەسەر کارێک .خۆ ئەگەر ویژدان کەسێکی ئاگادار کردەوە لە کردنی کارێک و ئەو مرۆڤەش ئەو کارەی نەکرد، ئەوا ئەو کاتە بەوە ئەژمار دەکرێ کە ئەو مرۆڤە سەرپێچیی فەرمانی خوای کردوە .یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر ویژدان فەرمانی کرد بە نەکردنی کارێک ، تۆش کارەکەت کردو گوێت بە ویژدانی خۆت نەدا، ئەوا ئەو کاتە بە دەرچوون لە فەرمانی خوا حیساب دەکرێ .

ئەم دەرچانەش زۆرن ،وەک )دەرچەی ویژدان، سۆز، ڕق، خۆشەویستی ،حەز،دڵتەنگی،دڵخۆشی،چی وچی(

کەواتە حوکم وفەرمانی خوا ،دەکەوێتە پێش بوون و هۆشمەندی مرۆڤەوە کە ئەمەیان گونجاوترە نەک ئەوەی ئاینەکان باسی لێوە دەکەن .ئەوەی ئێمە باسی دەکەین ،سرووشتیانەیەو دەسکاری مرۆڤی تێدانیە .بەڵام ئەوەی ئاینەکان دەیڵێن، دروستکراوو دەسکاری کراوو هەڵبەستراوی مرۆڤەو هیچ پەیوەندیەکی بە خواوە نیە .لەسەرێکی ترەوەو بەو پێیە، حوکم و فەرمانی خوا بۆ تاکە نەک بۆ کۆمەڵ چونکە بۆ حوکمی کۆمەڵگا، ئەوا مرۆڤەکان خوا سەربەستی کردوون کەوا چ

جۆره یاساو حوكمێک لەناو خۆیاندا پەسەند دەكەن بەگوێرەی داب ونەریت و كلتوروفەرهەنگی خۆیان و ئەو گۆڕانكاریانەی كه ڕۆژانه بەسەر مامەڵەی خەڵكدا دێت.



یاسای جێگرەوە

لەو بارەوە دەقێكی قورئان دەڵی (فلن تجد لسنة الله تبديلا ولن تجد لسنة الله تحويلا) فاطر ٤٣

واته: یاساكانی خوا گۆڕان و گۆڕانكاریان بەسەردا نایه. بەڵام با ئێمه سەیری كیتابی سرووشت كەین و بزانین لەو بارەوە چیی تێدایه.

یاسای چەسپاوو جێگیر ئەوەیه كه بۆ هەر نێرەیەک مێیینەیەک هەیه. بەڵام ئەم یاسایه ،لەباری ئاسایيدا بەشێوه ئاساییەكەی خۆی ڕێ دەگرێ .له باری نائاساییدا ئەو یاسا خواییه ، گۆڕانكاری بەسەردادێ. بۆ نموونه ئاژەڵهماڵیەكانی وەكو(مەڕو بزن و مانگا) له باری ئاساییدا بۆ هەر مێیینەیەک نێرینەیەک هەیه. بەڵام كاتێک مرۆڤ دەست دەخاته ناو كاروبارەكەیانەوەو بۆ سوود بینین له گۆشتەكەیان ، زۆرترین ڕێژەی نێرەكانیان سەردەبڕن و بەرامبەر هەر نێرینەیەک ، حەفتا تاكو هەشتا مێیینه دێڵنەوە. لەو كاتەدا یاسا چەسپاوەكەی خوا بۆ سرووشت ، بەشێوه سرووشتیەكەی خۆی نامێنێ و یاسای جێگرەوە جێگەی دەگرێتەوە. واته نێرینەیەک دەتوانێ بەرگەی ئەو هەموو مێیینەیه بگرێ. به پێچەوانەوەش ئەگەر دیاردەیەكی نەخوازراو ڕووبدا كه تێیدا مێیینەیەكی زۆر قڕی تێ بكەوێ ، ئەوا مێیینەیەک دەتوانێ بەرگەی چەندین نێرینه بگرێ.

یان یاسایەکی تری سرووشتیمان هەیە کە هەر نێرینەیەک لەگەڵ مێیینەی کۆمەڵەی خۆی جووت بێ. بەڵام زۆر جار وادەبێ حاڵەتی نائاسایی دێتە پێشەوە کە نێرینەی توخمێک لەگەڵ مێیینەی توخمێکیتر جووت دەبێ بەبێ کێشەو کەم وکوڕی .بۆنموونە جووت بوونی جورج وکەروێشک ،یان جووت بوونی کەرو ئەسپ ،تەنانەت وەچەشیان لێ دەکەوێتەوە.

کەواتە: یاسای خوا بۆ سرووشت، بەپێی بارودۆخەکان گوڕانڵریان بەسەردادێ و جێگیر نین.

١١١

ئایا خودا دەست دەخاتە ناو کاروبارەکانەوە وەکو اللهی ناو پەڕاوەکان؟

ێەو بارەوە قورئان بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو دەڵێ :(وعنده مفاتح الغيب لا يعلمها الا هو ويعلم ما في البر والبحز وما تسقط من ورقة الا يعلمها ولا حبة في ظلمات الارض ولا رطب ولا يابس الا في كتاب مبين* الانعام ٥٩

کورتە وپوختەی ئایەتەکە ئەوەیە کە خوا زانستی بەهەموو شتێک هەیە چونکە پێشتر هەموو شتێکی تۆمار کردوە لەنێو پەرتووکێک .

واتە نوسراوە من دەبمە کافر یان موسوڵمان .دەبمە دەوڵەمەند یا هەژار ، ژن دێنم یان نا .چونکە پێشتر هەمووی تۆمار کراوەو (رفعت الاقلام وجفت الصحف) پێنووسەکە هەڵگیراوەتەوەو مەرەکەبەش تازە وشک بۆتەوەو الله لە نوسینی کتێبەکە بۆتەوە. ئەی چارە؟ چارە ئەوەیە دەست بە پاڕانەوەو کڕوزانەوە بکەیت ،بۆ ئەوەی الله قەدەرەکەت بگۆڕێ . واتە الله بە زۆر وات لێ دەکا کە دەست بەسواڵکردن بکەیت و بپاڕێیتەوە.

بەڵام ئایا خودای ڕاستەقینە ،لە سرووشتی مرۆڤدا شتێکی وای چاندوە کە مرۆڤ پەنا بۆ پاڕانەوە بەرێ؟ ئەگەر لە یاساکانی سرووشت وردبینەوە ،نەک هەر مرۆڤ بەڵکو لە هیچ بوونێکدا سیفەتی پاڕانەوەو کڕوزانەوە نییە . ئەمە لە سرووشتدا .

وە لە کوالێتی خوایەتیشدا شتێکی لەو شێوەیە نیە کە بەهەڵەو کەم و کوڕی دروست کرابێت و بوونەکە هەست بەکەم وکوڕیەکە بکات و خودای لێ ئاگادار بکاتەوە لە هەڵەو کەم وکوڕیەکان و خوداش بەهەڵەوکەم وکوڕیەکانیدا بچێتەوە.

هەربۆ نموونە سرووشتی هێناوەتە بوون و ئازادی ڕەهای پێ داوە لە خولقاندن و ڕێکخستی کاروبارەکانیدا .بۆیە کاتێک دەبینین سرووشت کاتێ خۆی ڕێک دەخاتەوە، ڕوخسەت لەهیچ شتێک وەرناگرێ و گوێ بەگریانی منداڵێکی ساواش ناداو گوێ بەناڵەی دایکێکی جگەرسووتاویش نادا.



بۆیە خودای ڕاستەقینە هەموو شتێکی لە بچووکترین یەکەوە هێناوەتە بوون و لەڕێی نەخشەی زانیاریەوە ئەو بوونە خۆی ڕێک دەخات ، لە ناڕێکیەوە بەرەو ڕێک و پێکی . نەک بە قورمیشکراوی . تۆئەو بوونەیت کە پەیکەرتاشی قەدەری خۆتی . هەرکەس خۆی قەدەری خۆی دەنوسێتەوە .خوا قەدەر بۆکەس نانوسێتەوە وە دەست ناخاتە ناوکاروبارەکانتەوە، لەبری ئەوە ئازادی تەواوی پێداوی . بۆیە هەندێ کەس دەبینی کە هەردوو دەست و قاچی ئیفلیجە ، بەڵام ملیۆنێرە ،چونکە خۆی هەوڵی بۆ داوە. هەشە هیچ کەس نیە شان بدا لە شانی . بەڵام نانی ئێوارەی نیە بیخوا. چونکە تەنها هەوڵی بۆ شان و بازووی داوە. لە هەموو قانونێکیشدا قاعیدەی شاز هەیە. ئەمەش یەکێکە لە یاسا سرووشتیەکان. کەواتە تۆ لەبری پاڕانەوە ، ئازادیی تەواوت پێدراوە . لەبری قەدەر لەسەر نوسراو. خۆت قەدەر نووسی خۆتی. (رفعت الاقلام وجفت الصحف)

بێدەنگی خوا ، چیمان پێ دەڵێ؟

خوا نیازی بەوە نیە تەواوی کارەکانی خۆی بە مرۆڤ بڵێ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە، عەقڵی پێیداوە کە لە ڕێگەی زانست و لێکۆڵینەوەوە گەورەیی کارەکانی خوا بزانێ و هەڵیان سەنگێنێ .

بێدەنگی خوا پێمان دەڵێ :من هیچ قسەیەک ناکەم ، تاکو بزانم ئێوە چۆن بەرنامە بۆژیانتان دادەنێن ، چۆن دەتوانن خۆتان چارەسەری کێشەکانی خۆتان بکەن . بێدەنگی خوا پێمان دەڵێ:سرووشت ئازادە ،هەروەک چۆن مرۆڤ ئازادە، سرووشت ئازادەو سەرپشک کراوە چۆن گورگ مەڕ بخوات و چۆن شێر ،ئاسک بخوات ،هەروەک چۆن مرۆڤ ئازادە ،هەرچی بیەوێ بیخوات .

بێدەنگی خوا پێمان دەڵێ :مرۆڤ ئازاد کراوە ،نەک کۆیلەی پەرستشەکان بێ . ئینجا بێدەنگی خوا پێمان دەڵێ :گەورەیی لە بێدەنگی دایە، ئەگەر دەتەوێ گەورە بی ، چۆن خوا کارەکانی دەکات و باسی ناکا، تۆش کار بکەو خزمەت بکە و هیچ دەنگیش مەکە .کار بۆ خاوخێزانت بکەو دەنگ مەکە، کار بۆ گەل و وڵاتەکەت بکەو دەنگ مەکە .خزمەت بکە و دەنگ مەکە ، خزمەتی خاوخێزان وخاک و نەتەوەت بکە و هیچ دەنگیش مەکە .

بێدەنگی خوا پێمان دەڵێ :من چاوم لە هیچ شتێکی ئێوە نیە .بۆیە دەنگ ناکەم، بۆ ئەوەی هیچ قسەیەک نەدەنە پاڵم .بێدەنگیم بەڵگەیە کە من قسەم لەگەڵ کەس نەکردوە .بێدەنگی من بەڵگەیە بۆ بە درۆخستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەڵێن لیقامان لەگەڵ خوا بەستوەو لەو ڕێیەوە خۆیان لە ئێوە کردۆتە هەموو شتێک

بێ دەنگی خوا پێمان دەڵێ :خوا هیچ دەنگێکی نیە بۆ قسە کردن هەر چی قسەیەکی هەبێ ، لەسەر پەڕەی نەخشەی کارەکانی خۆیەوە تۆماری کردوەو مۆری خۆی لێداوە، مرۆڤ بەهۆی ئەو مۆرەوە لە کارەکانی خواو لە قسەکانی خوا تێدەگا بە وەرگێڕانی لە ڕێی زانستەوە .

لە کۆتاییدا .بێدەنگی خوا پێمان دەڵێ :کردار شەرتە، نەک قسە.

١١٤

خوای ئاینەکان تەنها لە ڕابردوو(چیرۆکە ئیمانیەکان )و لەداهاتوو (قیامەت) بوونی هەیە ، لە ئێستا( ئەو کاتەی کە ئێستا تێیداین) بوونی نییە.

خوای ئاینەکان شوێنکەوتوانی تەنها بە چیرۆکە خەیاڵیەکان چاوشکێن دەکات و کۆمەڵێک موعجیزەی تیایە کە خەڵکی ئەو سەردەمە ناتوانن بەهیچ شێوەیەک شایەدی لەسەر ڕوودانیان بدەن .

بۆیە تاکە ڕێگە کە شوێنکەوتوان و ئەو چیرۆکە خورافیانە بەیەکەوە گرێ دەدا بریتیە لەو عەقیدەو ئیمانە بووچەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن ، ئەگینا با ئێستا موعجیزاتی وا ڕووبدا کە لەو چیرۆکانە ڕوویداوە .

ئەمە چونکە مرۆڤ دەسەوسانە بەرامبەر بە ڕابردوو ،بۆیە ئەو ڕێگەیان کردوە بە ماڵ بەسەر خەڵکەوە تاوەکو خەڵک لەچرکە ساتی ئێستای کە تێیدا دەژی ، بێهۆشی کەن .ئینجا ڕێگەیەکی تر بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک ئەوەیە ، کە ناویان لێ ناوە قیامەت ، واتە جیهانێک لە دەرەوەی هەر هەموو یاسایەک تاکو کەس دەستی پێی نەگا بۆ سپی کردنەوەی درۆکەیان و لە کۆتاییشدا بە ئیمان دەیبەخشنەوە بەسەر شوێنکەوتوانیان بۆ گومڕاکردنیان لە ڕاستیەکان و دابڕانیان لەچرکە ساتی ئێستای کەتێیدا دەژین .

ئەم دوو ڕێگەیە تەنها بۆ چەواشەکاریە تاوەکو مرۆڤ لە ئیمانی ڕاستەقینە دابڕن کە ئیمانە بەو هەموو ئامادەگیانەی لەو چرکەساتەی کە ئێستا هەن.



مرۆڤ لەنێوان سێ خوادا

ئێمە لە پەیامەکانماندا باسی هەرسێ خواکەمان کردوە بەڵام بەشێوەی پچڕ پچڕ و جیا جیا و هەر جارێک و لە پەیامێک .بەڵام ئەمجارەیان هەوڵ دەدەین هەرسێکیان لەیەک بابەتدا باس بکەین و بەراوردیان بکەین و چۆنیەتی مامەڵەی ئێمە لەگەڵیاندا بخەینە ڕوو .

یەکەم /خوای دروستکراوی مرۆڤ .ئەو خوایەیە کە مرۆڤ دروستی کردوەو بەگوێرەی بیروبۆچونەکانی خۆیەوە پەرستشی بۆ دەکات و هەرشتێکی مەبەست بێ ، دەیداتە پاڵ ئەو خوایە دەسکردەو بەسەر کۆمەڵگاکانی مرۆییدا ساغی دەکاتەوە .مرۆڤ بەدەمی ئەو خوایەوە قسە دەکات و شەریعەت دادەنێت و خەلکی پێ دەترسێنێت .هەر وەهم و خەیاڵێکی دەربارەی خوایەتی بوونی ئەو خوایە کە هەیە، دەیخاتە پاڵ ئەو خوایە .دەتوانم بڵێم کە خوایێکە مەعدەنەکەی بریتیە لە وەهم و خەیاڵ .واتە خوایەکی دروستکراو لە وەهم و خەیاڵ .

دووەم /خوای دروستکەری مرۆڤ .واتە دەکرێ بوونەوەرانێکی زیرەکتر لە ئێمە ، ئێمەیان دروستکردبێ).کە من ناوم لێناوە :خوای موتوربە کراو،چونکە لەگەڵ خوای ڕاستەقینەدا موتوربەمان کردوەو لێکجیاکردنەوەی زەحمەتە (

بەڵگەش بۆ ئەمە ، بوونی ئەو هەموو کەم و کوڕیەیە لە بوونی خودی مرۆڤدا هەر لە تەمەن کورتی و لاوازی بەرگەکرتنی لە بەرامبەر سەرماو گەرماداو لاوازی بەرامبەر ڕووداوەکان و بێئارامی و نائارامی و وێڵ و سەرگەردانی . بەڵگەی هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە مرۆڤ بەردەوام بەدوای شوناسی ڕاستەقینەی خۆیدا دەگەڕێ )لە پەیامی داهاتودا جوانتر وزیاتر ئەو خاڵە ڕوون دەکەمەوە . ( چونکە دەشێ لە دواڕۆژدا ئێمەش ببین بە خالیق وخولقێنەری بوونەوەری تازەو لەسەر هەسارەیەکەوە گرنگی بەپێشخستنی بدەین .

سێیەم /خوای ڕاستەقینە .ئەو خوایەی کە بریتیە لە )بوون و ژین (واتە ئەو خوایەی کە بوونی هەموو شتێکەو بوونی هەر بوونێکیش ژینی تێدایەو هیچ بوونێک بێ ژین نابێ .وەهەر بوونێکیش بەگوێرەی ئاستی هۆشمەندی خۆی ، خاوەن هەستێکی تایبەت بەبوونی خۆیەتی )هەرچەند لەنێوان هەموو ئەو



بوونانەدا چەند هەستێک هەیە کە خاڵی هاوبەشە لەنێوان هەموو بوونەکان .(وە خوای ڕاستەقینە لەڕێگەی ئەو هەستانەوە پەیام و فەرمانی خۆی بۆ گشت بوونەوەران دەنێرێ .بۆ نموونە:پێش ڕوودانی بوومەلەرزە یان لافاو ، چەند جۆرە ئاژەڵێک هەستی پێ دەکەن .کە لە پەیامی پێشووتردا ئەو خاڵەمان جوانتر ڕوون کردۆتەوە.

ئایا خودا  هیچ ئەرکێکی لەسەرشانە؟

ئایا کاروبارەکانی خودا لە ئەرک دەچن؟ ئاین هێزێکیتر ئەو ئەرکانەی پێ سپاردوە ؟ ئایا خۆی ئەرکی سپاردوە؟

کاروبارەکانی خوا لەنەبوونەوە دێنە بوون . کەواتە هیچ بوونێک نیە ببێتە هۆکاری ئەرک بوون لەسەر خودا.

ئەی باشە هیچ هۆکارێک بوونی هەیە  بۆ دروست بوونی شتەکان، یان هەموو شتەکان بێ هۆکار هاتونەتە بوون؟

نابێ خودا هیچ هۆکارێکی هەبێ بۆ بوونی شتەکان ، چونکە ئەوکاتە بوونی شتەکان دەبێتە ئەرک بەسەر خواوە . بەڵام خوا بێ نیازە لە ئەرک ، چونکە عەقیدەی دروست ئەوەیە کە خوا پێویستی بەهیچ هۆکاروئەرکێک نیە بۆ هێنانە بوون.

دەبێ جوانتر لەوە تێبگەین کە خودا موحتاج بەهیچ نیە.

واتە :کاتێک دەڵێین خودا موحتاجی بەهیچ شتێک نیە . دەبێ بزانین کە خودا نە پێویستی بە ناردنی پەیامی ئاسمانی هەیە بۆ مرۆڤ ،نەپێویستی بە پێغەمبەر هەیە بە ناساندنی خوا بەخەڵک، نە پێویستی بەوە هەیە وەسفی کارەکانی خۆی بکا بۆ

مرۆڤ ،نه پێویستی به پاڕانەوەی خەڵک هەیە ، نه پێویستی بەگوێڕایەڵی هەیە ، نه پێویستی به ڕیکلام هەیە، نه پێویستی به سوێند خواردن هەیە، نه پێویستی به موعجیزه نواندن هەیە، نه پێویستی بەهێز هەیە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی

١١٨

رەخنەگرتن له دەق نەک له گەیەنەری دەق

بۆ ئەوەی له ڕەخنەگرتندا تەڕو وشک پێکەوه نەسووتێنین، سەرەتا پێویسته جیاکاری بکەین لەنێوان دەق و گەیەنەری دەق ، یان بەشێوەیەکی تر بیڵێم ڕەخنەگرتن له پەیامی شتێک نەک له خودی شتەکه . بۆ نموونه : ڕەخنەگرتن لەبەرد ، بەڵام بەردەکه بەدەست خۆی نیه ،هێزێک بەوشێوەیەی دروست کردوه. کەواته له بارەدا ،ڕەخنه بێبنەمایه. یان پەیامی بەرد بنیاتنانی شورەو قەڵاو خانووبەرەیه. بەڵام ڕەخنەگرتن له شوێنی بەرد ، بۆچی لەو شوێنەیه یان بۆچی لەو شوێنه دانەنراوه، ئەمه خەتای پەیامی بەردەکه نیه ،بەڵکو خەتای گەیەنەری پەیامی بەردەکەیه (واته: وەستاکه)

لەسەر ئەو بنەمایه و بەو پێوەره، ئێمه ڕەحنه دەگرین . بەو پێیەش هیچ کەسێک وەک بوون ،قابیلی ڕەخنەلێگرتن نیه(نه عیساو نه موساو نەمحمد و نه شێخ و نه ئەولیاو نه مام جەلال و نه کاک مسعود) ئەی ئەو بارودۆخ و شوێنەی که ئەو کەسانەی تێدایه؟ ئەویش جێگای ڕەخنه لێگرتن نین . چونکه ڕەنگه ئەو کەسایەتیەی که تاوانبار دەکرێ به دزی کردن، ئەوه شوێنەکەی وایه ، بێگومان ئەگەر له کەش و هەوایەکی تر بوایەو لەنێو گەلێکی دەستپاک بوایه ، لەوانەیه کەسایەتیەکەی بەشێوەیەکی تر دەبوو . کەواته تەنها بۆمان هەیه ڕەخنه لەو

پەیامانەی بگرین کە لەلایەن ئەوەوە دەردەچێت و زیانی هەیە بۆ چوار دەوری خۆی یان بۆ سەردەمانی دوای خۆی.

با ڕوونتری کەینەوەو کەسایەتیەکی وەک محمد هەڵبژێرین بۆ ڕەخنە لێگرتن . بەو پێوەرەی باسم کرد، من بۆم نیە ڕەخنە لە خودی ئەو کەسە بگرم ، وە بۆم نیە ڕەخنە لەو سەردەم و بارودۆخەش بگرم کە ئەو تێیدا ژیانی کردوە ، وە بۆم نیە ڕەخنە لە ژیانی تایبەتی ئەو بگرم . تەنها بۆم هەیە ڕەخنە لەو دەقانە بگرم (قورئان،حەدیس) کە لە دوای ئەو بۆم بەجێماوەو چەندە دەگونجێ یان ناگونجێ ،یان چەندە زیانی هەیە.



با زیاتر وردی کەینەوە . من بۆم نیە ڕەخنە لەو کەسایەتیانە بگرم کە چونەتە ناو مێژووەوەو بوونەتە بەشێک لە مێژوو. چونکە دەبوایە لەسەردەمانی خۆیاندا ڕەخنەیان لێ بگیرابوایە، یان وا دیارە جێگای ڕەخنەلێگرتن نەبوون و قابیلی قەبوڵکردن بوون . بۆیە ڕەخنەیان لێ نەگیراوە. بۆ ئەم حاڵەتەش تەنها کەڵەکەبووی مەعریفەی زیاترو فراوان بوونی ئاسۆی تێگەیشتن ، ڕەخنەگر دەسکراوە دەکات بۆ ڕەخنەگرتن.

شوێنکەوتەیی (اتباع)

لە ئایندا بەشێوەیەکی سیستماتیک مرۆڤ دەکرێ بە کۆیلە. یەکێک لەو ڕێیانە کۆیلە کردنی مرۆڤە بە بیانوی شوێنکەوتەیی ، ئەویش بە ڕازاندنەوەی شوێنکەوتەیی بە بیانووی خۆشویستنی شوێنکەوتەکە لە لایەن خوداوە. هەروەک قورئان لەو بارەوە دەڵێ : (قل ان کنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم )ال عمران ٣١

واتە: پێیان بڵێ: ئێوە ئەگەر خواتان خۆش دەوێ ، شوێنکەوتەی من بن خوا ئێوەی خۆش دەوێ ولە گوناهتان خۆش دەبێ.

بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا سەردەکێشێ بۆ (کەسێک لە بری هەموان بیر دەکاتەوەو ئەوانیتر بۆیان نیە بیر بکەنەوە ، بەڵکو تەنها ڕێگەی شوێنکەوتەییان پێدراوە) کەواتە شوێنکەوتەیی تەنها بۆ قوفڵ دانی بیروهۆشی شوێنکەوتەیە تاکو بیر نەکاتەوە .

بەڵام ئایا مرۆڤ پێویست دەکا شوێنکەوتەبێ؟ بەڵێ ، مرۆڤ پێویست دەکا شوێنکەوتەبێ . بۆیە خودا بۆ ئەو مەبەستە عەقڵی بۆ دروست کردوە تاکو ببێتە ڕابەری مرۆڤ و مرۆڤیش ببێتە شوێنکەوتەی.

بەڵێ ئەگەر مرۆڤ عەقڵ بەکارنەهێنێ و بیر نەکاتەوە ، ئەوا پێویستە لەسەری کە شوێنکەوتە بێ ، شوێنکەوتەی کەسێک بێ کە بیرمەند و ژیر و دانابێ . بەڵام کەسێک کە بیر دەکاتەوە ، ئەوا پێویستە تەنها شوێنکەوتەی خۆی بێ.



سرووشتی مرۆڤ (فطرە)

هەموو کەسێک بەسرووشتی دێتە بوون . بەو سرووشتە دەتوانێ بژی بەبێ ئەوەی هیچ بیروباوەڕێکی بەسەردا بسەپێنرێ یان پێویستی بەهیچ ئاین و بیروباوەڕێک هەبێ . چونکە هەموو شتێک لە هەناوی سرووشتەوە هاتۆتە بوون و سرووشت بەو شێوەیە ڕێکی خستوە کە ئەو بوونە لەگەڵ بوونەکاتی تر بگونجێ.

واتە : ئەگەر مۆڤێک بێنین و بیخەینە دوورگەیەکەوە دوور لە ئاوەدانی ، ئەوا دەتوانێ سرووشتیانە بژی .بەبێ ئەوەی هیچ گرفتێکی بۆ دروست بێ. بەڵام ئەوەی کە هەیە لەنێو مرۆڤەکان لەو پەیوەندیە چڕوپڕ و ئاڵۆزەی نێوانیان ، بووە بە ئاین بەسەریانەوە. ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە وە دەرهاوێشتەکانیشی ئاساییین. بەڵام سەپاندن و ڕادەست بوونێک کە مرۆڤ لە سرووشتی خۆی دابماڵێ ، ئەوا تەندروست نیەو بەکۆیلەکردنە. هەر کاتێک مرۆڤ لە سرووشتی خۆی کرایە دەرەوە، مرۆڤێکی کۆیلەی بەئامێربووی قورمیشکراوی دەسکردی لێ دەردەچێ

سرووشت گوزارشتی خوایه ،زانست و تەکنۆلۆژیا وەرگێڕیەتی)الترجمە(

هیچ کات شارستانیەت، دژی سرووشتە جوانەکەی سەر زەمین نییە .بەڵکو پێویستە لە شوناسی ڕاستەقینەکەی تێبگەین .ئێمە بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە لە زمانی ئاڵۆزی سرووشت تێ دەگەین .سرووشت ئەو زمانە پەنهان و چڕوپڕوئاڵۆزەی خوایە کە مەحاڵە بەبێ تەکنۆلۆژیای تازەو سەردەمیانە ،لێی تێ بگەین. سرووشت کەرەستەی خاوە بۆ پێداویستیەکانی مرۆڤ .ئەگەر بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زانستی وتەکنۆلۆژیەی ئێستاوە نەبوایە ، چۆن لە دەسەڵاتی خوا تێ گەیشتابوینایە دەربارەی جەستەی خۆمان )بەنموونە.(
هەر بەهۆی ئەو تەکنۆلۆژیایەوە کە تەرجوومەی دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەکا بۆ مرۆڤ .لەو حاڵەتەدا ئەو مرۆڤە بۆی دەردەکەوێ کەخوا چیی پێ بەخشیوە بەبێ ئاگاداری خودی مرۆڤەکە خۆی .

خۆراک دەخۆی .بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێ ، گەدە هەرسی دەکا .دەینێرێ بەناوڕیشاڵە ڕیخۆڵەدا کە موولوولەی تێدایە و خۆراکە سەرەکیەکانی ناو ئەو خواردنە هەرس کراوە دەمژێ و دەیبا بۆ ناو خوێن .خوێنیش کە ئیشی ئەوەیە

خۆراک و ئۆکسجین بۆ هەموو خانەکانی لەشت دابین بکا .بەهۆ.ی ترومپای دڵەوە، دەچێ و دەگەڕێ بەسەر هەموو خانەکانی لەش دا بەبێ ئەوەی هیچیانی لە بیر بچێ .خۆراک و ئۆکسجینیان بۆ دەبا .کاتێ خانەکە ئەو خۆراک و ئۆکسجینە بەکاردێنێت و دەیسووتێنێت و پاشماوەکەی فڕێ دەدا .ئەمجارە ڕۆڵی خوێن وەک ڕۆڵی شارەوانیە لە کۆکردنەوەی پاشماوە فڕێ دراوو سوتێنراوەکان و گێڕانەوەیان بۆ نێو دڵ و بۆ سیەکان و لەوێوەش بەشێکیان پاک دەکرێتەوە لەنێو دڵ و بەشەکەی تریش لەڕێی سیەکانەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوەی لەش .ئەمەو جگە لەوەی کە خوێن سوپایەکی ڕێکخراوو تۆکمەو بەهێزی هەیە کە پێی دەڵێن ): خڕۆکەی سپی (کە لە پێناوی جەستەدا تادوا هەناسە لەجەنگدان لەگەڵ ئەو میکڕۆبە زیانبەخشانەی کە لەڕێی خۆراک و هەناسەوە هاتونەتە ناو لەشەوە. بێگومان هەموو ئەو زانیاریانە ، لەڕێی تەکنۆلۆژیاو زانستەوە بۆ ئێمە ڕوون بۆتەوە .کە تەرجومەکاری کارەکانی خوان لەنێو جەستەمان.



دیسان دەربارەی سرووشت (سرووشت زمانی خودایە، نەک وشە)

هەر ئاینێک بەجۆرێک گوزارشتی لە چۆنیەتی قسەکردن و زوبانی قسەکردنی خوا کردوە ،هەیانە پێی وابووە کە خوا لە ئاسمانەوە پەرتووکی ناردوەتە خوارەوە، واتە:خوابە شێوەی نوسین قسەی کردوە، هەیانە پێی وایە کە ڕاستەوخۆ خوا قسەی لەگەڵ نێرراوەکەیاندا کردوە .هەیانە پێی وایە پەیوەندیەکی تایبەت و قووڵ وەک باوک وکوڕ ،خوای هێناوەتە قسە بۆ پەیامبەرەکەیان .هەیانە پێی وایە کە لە ڕێی نێرراوێکەوە( جبریل )خوا پەیامەکانی خۆی بەهەمان شێوە زاری ئەو کەس و گەلە ناردوە .بەڵام لە ڕاستیدا هەروەک لە پەیامەکانی تریش ڕوونکردنەوەمان داوە کە خوا تەنێکی موجەسسەم نییە تاوەکو دەنگی لێوە دەربچێ، ئەمە تەنها کەڵەکەبووی خورافاتەکانە کە مرۆڤ ،خوا وەک شێوەیەک دەبینێ کە لەشێوەی مەخلوق دابێ .بەڵام لە ڕاستیدا خودا تەنها لە ڕێی خەڵقەوە گوزارشت لە ماهیەتی خۆی دەکات. کە خەلق(سرووشت)کورتەوپوختەو خولاسەی کاروبارەکانی خودایە.

هەر دروست کراوێک کە بە نموونە وەری بگری لە گەردەوە تا گەردوون ، ملیارەها پەرتووکی دەوێ تا کەشفی تەواوی حەقایقەکانی ماهیەتی خوای تێدا دەرکەوێ ، لۆژیک نیە کە لە پەرتووکێکدا کەتەنها بە گوتنی (القمر ،الشمس، الابل، التین ،الزیتون) ئیتر ئەوە مانای تەواوی خوایەتی خوایە .دەی کەوایە تەنها ڕیزکردنی ناوی خەلق بەسە بۆئەوەی کە خوایەتی خوا بسەلمێنین، خۆ ئەگەر ڕیزکردنی ناوەکانیش بێ، هێشتا نیعمەتەکانی خوا ،بە ملیارەها پەرتووک دەرەقەت نایە .کەواتە پەرتووکی ئاسمانی تەنها خورافەیەکە وهیچی تر نەخێر . زمانی خوا نە یەک جۆر قسە کردنە ، وە نەتەنها لە یەک شوێنیش بۆ یەک کەس قسەی کردوە .



گریمان پەڕاوی ئاسمانی، پڕیەتی لە موعجیزە، گریمان یەک یەک وا موعجیزاتەکان دەردەکەون ، ئەی دوای تەواو بوونی تەواوی ئەو ئایەتانە کە بە موعجیزە لە قەڵەم دەدرێن، چی؟ واتە تەواو؟ موعجیزاتی خوا هەر ئەوەندە بوو ؟کۆتایی هات؟ کەواتە کۆتا لاپەڕەی پەڕاوە ئاسمانیەکان ،کۆتا قسەی خوایەو کۆتا کاری خوایە، کە ئەمەش لەگەڵ دەسەڵاتی بێ پایانی خوا هەرگیز یەک ناگرێتەوە .

نەخێر ئێمە دەبێ لە شوێنێکیترەوە بۆ زوبانی قسەکردنی خوا بگەڕێین کە هەموو شتێک لێی تێ بگات و ئاشنا بێ بە ڕۆحی هەموو شتێک .باوەڕ دەکەن پەڕاوی وا هەیە کە تەنها بەهۆی باوەڕی باوەڕدارەکانیەوە کە باوەڕێکە لەسەر بنەمای وەهم وخورافیات دامەزراوە توانیویەتی خۆی ڕابگرێ و بمێنێ؟ واتە باوەڕی باوەڕدارەکانی لێ بکەیتەوە، هەرچەند ڕۆژێکەو خۆی نامێنێ. ،پەرتووکی ئاسمانی واهەیە کە بەهۆی موفەسسیرینی شوێنکەوتوانیانەوە تا ئێستا توانیویەتی بمێنێ، ئەگینا هیچ شتێکی وای تیا نییە کە سەرنج ڕاکێش بێ و ئاشنا بێ بە ڕۆحی خەڵقەوە .تەنانەت شوێنکەوتوانی هەندێ لە ئاینەکان ئامادە نین کە پەرتووکە ئاسمانیەکەیان تەرجوومەش بکرێ .بەبیانووی ئەوەی کە هێزی خۆی لە دەست دەدا ،چونکە پێیان وایە کە هێزی خوا، لە هێزی زمانەکەیان دایە .لەوە دەترسن

ئەگەر بەشێوەیەکی حەرفی تەرجوومە بکرێ، ئابڕوی پەرتوکەکەیان بچێ .
تەنانەت پەرتوکی واهەیە کە وەزن و قافیەی پێدراوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەلکی و شوێنکەوتوانیشیان پێیان وایە کە موعجیزاتی خوا لەو شێوازە ڕێکخستنەدایە . تەنانەت پەرتووکی واهەیە کە شوێنکەوتوانیان پێیان وایە کە نابێ بە موو لە شێوەی گۆکردن و تەجوید کردنیشی بەو شێوەزارەی کەلێی هاتوە نابێ لێی لا بدەی ،چونکە هەرەمی موعجیزات تێک دەچێ .تەنانەت هەندێ لە شوێنکەوتوانی پەڕاوە ئاسمانیەکان پێیان وایە کە تەنانەت بەرزونزمی لەتۆنی دەنگ و ئاوازو مەقامات ،هەمووی موعجیزەن بۆ پەڕتووکەکەیان .تەنانەت پێیان وایە کە ئاستی دەنگخۆشیش کاریگەری هەیە لەسەر موعجیزاتی ناو پەڕاوە ئاسمانیەکان . چەندەها ملیار دۆلار لە وزەو توانا مرۆییەکان بۆ ئەو حاڵەتە بە فیڕۆ دەچێ بێ هۆکارو بێ سوود .



بەڵام لەڕاستیدا زمانی خوا نە پێویستی بەو هەموو ڕیکلامە درۆینەوە هەیە ،وەنە پێویستی بەو هەموو خەرجیەوە هەیە .زمانی خوا لە ڕووکەش دا زۆر سادەیە کە سرووشتە .هەر بەبینینی، هەموو کەس لێی تێ دەگا .وە زۆر قووڵە لە لێکۆڵینەوەدا .وە پڕیەتی لە موعجیزە لە کەشف بوونی حەقیقەتەکانی .زمانێکە بۆ هەموو شتێک .زمانێکە کە بە بینینی گوێ بیستی پیت و وشەکانی دەبیت و بە زانست تەرجوومە دەکرێ بۆ سەر هەموو زمانێک ، تەنها بوونی خەڵق ،گوزارشتە لە ماهیەتی خودا.

مرۆڤ و ژەنینی وەتەرەکانی ژیان.

سرووشت بێ مرۆڤ ، ئامێرێکی بێ ژەنیارە .خوا مرۆڤی خوڵقاندوە بۆبە دەستەوە گرتنی ئامێری سرووشت و ژەنینی وەتەرەکانی ژیان کە پێوەی بەندە . مرۆڤ کاتێ دەست لە وەتەرەکانی ژیان دەدا، دەنگی لێوە دێ ،ئینجا هەر وەتەرێک و جۆرە دەنگێک دەردەکا ، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی زانستیانەو ئەکادیمیانە دەست لە وەتەرەکان بدا ،ئەوا دەنگێکی ڕێک و پێک و سازێنراو بە سرووشتی مرۆڤ دەردەچێ .خۆ ئەگەر لە پێشدا ،بەشێوەیەکی زانستی و ڕێک و پێک ،نۆتە بۆ ژیان بنووسێتەوە ،ئەوا بێگومان ئاوازێکی خۆشی لێوە دەردەچێ . مرۆڤ بەگوێرەی سرووشت و ناخی خۆی ، ئاواز دادەڕێژێ .ئەو ئاوازانەی کە دایدەڕێژێ ، هاوگیانی سرووشتی خۆیەتی

بەڵێ .سرووشت ئامێرێکەو ژیان بریتیە لە وەتەرەکانی و مرۆڤیش ژەنیاریەتی . بەڵام مامۆستاکان و فەیلەسوفان و گەورەبیرمەندان و هۆشمەندان و هونەرمەندان، ئەوانە مایسترۆی ئەم سەمفۆنیاجیهانیەن .

سەرەتا ئەگەر ئامێرەکە ئامێرێکی خراپ بێ ، ئەوا بۆ ئەو سەمفۆنیایە ناشێ .وە ئەگەر گریمان ئامێرێکی چاک بوو ، بەڵام وەتەرەکانی ڕێک و پێک ونەسب نەبوو، ئەوا دووبارە بەکەلکی ئەو سەمفۆنیا جیهانیە نایە، بەڵام ئەگەر ئامێرەکە ئامێرێکی چاک بێت و وەتەرەکانیشی باش بێت ،بەڵام ژەنیارەکەی خراپ بێت ،دووبارە دەست نادا بۆ ئەو سەمفۆنیا جیهانیە .گریمان ئامێرێکی چاک و وەتەرەکانیشی چاک و ژەنیارەکەشی هەر چاک بوو ، بەڵام ئەگەر مایسترۆکە کەسێکی خراپ بێت ، ئەوا بەکەلکی ئەو سەمفۆنیا جیهانیە نایە کە سرووشت و ژیان و مرۆڤ ڕێک دەخاتەوە .

ئەوەیە هەرەمی دەسەڵاتی حەقیقی ژیان ،کە تێیدا زانست و هونەر دەسەڵات دەگرنە دەست و تێیدا باڵادەستی دەنوێنن .



یاسای خۆگونجاندن و مرۆڤ.

هەموو شتەکان بەسرووشتی بارودۆخ ، یاسایەک هەیە کە ڕێکیان دەخاتەوەو سەر لەنوێ ژیانیان دەکاتەوە بەبەردا .زانایان دەریانخستوە کە چەندین جار هەسارەکەمان ڕووبەڕووی هێرشی تەنۆکەیەکی ئاسمانی بۆتەوەو ژیانی لەسەر زەمین لە بارودۆخێکەوە گۆڕیوە بۆ بارودۆخێکی ترو سەر لەنوێ ژیان لەسەر زەوی بەشێوەیەکی تر خۆی ڕێک خستۆتەوە .

مرۆڤیش وەک هەر بوونەوەرێکی تر ، هەوڵی خۆ گونجاندنی داوە لەگەڵ بارودۆخەکە .بەڵام شتێکی سەیر هەیە لە مرۆڤدا کە مرۆڤ لەگیانەوەرانی تر جیا دەکاتەوە .ئەویش پەنا بردنی مرۆڤە بۆ پلانێکی تر ،کە لە دەرەوەی یاسا سرووشتیەکەی سەرزەمینە .ئەویش بریتیە لە خۆداپۆشین بەجل و بەرگ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ کەش وهەوای سەر زەوی .

ئەم پۆشینی جل و بەرگە هەروا لەخۆوە نیە .تۆ بڵێی خوا هەڵەی کردبێ و نەیتوانیبێ مرۆڤ بەشێوەیەک دروست بکا وەک هەر گیانەوەرێکی تر کە پەنا بۆ

مووی جەستەی بەرێ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ کەش و هەوای سەرزەوی؟ یان باکگراوندێک هەیەو لێمان ون بووەو ئێمە لێی بێ ئاگاین؟

بۆ ئەو مەبەستە ، ئێمە پەنا دەبەینە بەر واقیعی مرۆڤ لەسەر هەسارەیەکی تر کە ناگونجێ لەگەڵ ژیان و بوونی مرۆڤ ، بۆ ئەو مەبەستە سەر مانگ هەڵدەبژێرین ئایا دەشێ مرۆڤ هەروەک هەسارەی زەوی لەسەر مانگ بەو جل و بەرگە ئاساییەوە هات و چۆو هەڵسوکەوت بکا؟ بێگومان نەخێر .

چونکە کۆمەڵێک هۆکار هەن کە مرۆڤ ناچار دەکەن پەنا بەرێتە بەر خۆپاراستن لە پێناوی حۆگونجاندن .ئەویش بریتیە لە پۆشینی جۆرە جل وبەرگێک کە بسازێ بۆ مانەوەی لەسەر مانگ تاکو وردە وردە دوای چەندەها سەدە لەگەڵ بارودۆخەکە ڕادێت و دەبێتە بوونەوەرێکی تەواو سەرمانگ. لێرەوە لە نهێنی جل وبەرگی مرۆڤ تێ دەگەین کە دەشێ مرۆڤ ، بوونەوەرێکی سەرزەمین نەبووبێت و بارودۆخێک مرۆڤی گەیاندبێتە سەرزەوی و بۆ خۆ



گونجاندن ،پەنای بۆ دروستکردنی جۆرە جل وبەرگێک لەهەسارەیەکی ترەوە بردبێ .تا وردە وردە لەگەڵ بارودۆخی سەرزەمین ڕاهاتووە تەنانەت لەهەندێ

شوێنی سەرزەمین ، مرۆڤ هێندە گونجاوەو سازاوە لەگەڵ ژینگەی سەرزەمین کە پۆشینی جل و بەرگ تەنها وەکو ڕەمزێک ماوەتەوە لە پۆشینی تەنها پارچەقوماشێک بۆ دامێنی .وە لەهەندێ شوێنی تر ، تەنها کلتور کاریگەرە لە پۆشینی پۆشاک ، تەنانەت لەهەندێ شوێنی ئەفریقا هێندە تێکەڵ بوونە لەگەڵ سرووشت و خۆگونجان لەگەڵ سرووشتی ئەم سەرزەمینە، کەئیدی پێویستیان بەپۆشینی هیچ جۆرە پۆشاکێک نەماوەو تەواو وەک بوونەوەرانی تری سەرزەمینیان لێ هاتۆتەوەو یەکسان بوونەتەوە بە ژیانی سەرزەمین وخۆ گونجاندنی تەواوەتی.

هەموو شتێک دوو ڕۆحی هەیە

لە بابەتەکانی پێشوودا زۆر باسی ئەو ڕۆحەمان کردوە کە بزوێنەری جەستەیەو هەموو جوڵەو وزەو هێزی جەستە بەو ڕۆحە بارگاوی کراوە لەهاتنە بوونیەوە تاکو لەناو چوونی و لێک هەڵوەشانەوەی

ئەم ڕۆحە هەموو پێداویستیەکانی ئەو تەنە یان ئەو جەستەیە دابین دەکا لە ڕێگەی ئەو ئاگاییەی کەهەیەتی ، ئەو هۆش و ئاگاییەش دابەش بووە بەسەر هەموو خانەکانی ئەو تەنە یان ئەو شتە .لە ڕێگەی ئەو ئاگاییەوە،هەست بەشتەکان دەکەین ،زانیاری وەردەگرین. پەیوەندی دەبەستین .دەکەوینە جوڵە . دەکەوینە بیرکردنەوە تێڕامان .لێ ورد بوونەوە .لێکۆڵینەوە. داهێنان .هەموو ئەو ئەرکانە سپێرراوە بەو ڕۆحە کە پێی دەڵێین :(ژیان)کە لە زمانی عەرەبیدا بە (نفس) ناودەبرێ.

بەڵام ڕۆحێکی ترمان هەیە کە پێی دەڵێین: گیان(ڕۆحی گیان) (جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕۆحی ژیان)

ڕۆحی گیان بەشێکە لەخوا ڕاستەوخۆ . ئەو ڕۆحە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە مردن و ژیانی هیچ شتێکەوە .بەڵکو ئەو ڕۆحە ئامێرێکە ڕاستەوخۆ ئەو هەستە) هەست کردن بەخوا (دەگوازێتەوە بۆ ناو ئەو جەستەیە .واتە هیچ شتێک نیە کە ئەو ڕۆحەی تێدا نەبێ ، وە هیچ شتێکیش نیە کە هەست بە خوا نەکا .

ئەم هەستە لە دەرەوەی هەستە ماددیەکانە .لە ڕێگەی ئەو هەستەوە ،هەست بەهەندێ شت دەکەی کە نازانی چیە ،وە نازانی لەبەرچی هەست بەو شتانە دەکەی ،وەناتوانی بە زمان گوزارشت لەو شتە هەست پێکراوانە بکەی کە ئەو هەستە پێتی دەبەخشێ

لە ئاینەکاندا جێگەی هەردوو ڕۆح کراوەتەوە بە بابەتی عەقیدەو شەریعەت . واتە بۆ ڕۆح) گیان (عەقیدە، وە بۆ ڕۆح) ژیان(شەریعەت .بەڵام لە ڕاستیدا ئاین تەنها مۆنۆپۆلی ئەو بابەتەی کردوە . ئەگینا هیچکامێکیان پەیوەندی بە ئاینەوە نیە



وە ئەوانەی خزمەتی هەردوو لایەنەکەیان کردوە بە فەقیهـ و سۆفی ناویان دەرکردوە . واتە بۆ (ڕۆح -ژیان)ئەهلی فەقیهـ وزاناکان، وە بۆ (ڕۆح – گیان) ئەهلی تەسەووف و عیرفان.

بەڵام هەروەک گوتم : هەردوو جۆرەکە،موڵکی تایبەتن و موڵکی خۆتن . هیچ هێزێکی تر مافی موڵکداری کردنی ئەو ڕۆحانەی تۆی نیە . تەنها مەگەر بتەوێ زیاتر بەپایەکانی هەردوو ڕۆحدا سەرکەویت و بۆ ئەو مەبەستە سوود لەوانیتر ببینی و ببیتە شوێنکەوتەی زانایەک یان عاریفێک یان فەیلەسوفێک یان بیرمەندێک

لەکاتی مردن (ڕۆح-ژیان)نامێنێت و فەنا دەبێ . بەڵام (ڕۆح -گیان)هەردەمێنێ.

ئایا هیچ ساتێک بیرت لەوە کردۆتەوە ،کە ڕێگە بدەی ئەو ڕۆحە خواییە بە زمانی تۆ بدوێ؟ ئایا هیچ کاتێک بیرت لەوە کردۆتەوە کە بە گوێچکەی ئەو

ڕۆحە ،شت ببیستی؟ ئایا هیچ کاتێک بیرت لەوە کردۆتەوە کە بە چاوی ئەو ڕۆحە شتەکان ببینی؟ ئایا هیچ کاتێک بیرت لەوە کردۆتەوە ؟ ئایا هیچ کاتێک بەو ڕۆحە تێڕامانت کردوە لەخۆت و دەرەوەی خۆت؟ یان ئایا هیچ کاتێک بۆ هیچ شتێک ئەو ڕۆحەت بەکارهێناوە؟

خودا خۆی وردکردۆتەوە بەسەر هەموو شتێک و بوونێک وە ڕۆحیشی کردوە بە ئامرازێک بەسەر ئەو شتانەدا بۆ بەستنەوەی بەخۆی . بۆیە تەنسیقێکی ڕۆحی هەیە لەنێوان هەموو شتەکان . . . وە وەزیفەی ئەو ڕۆحە ئەوەیە کە هەموو ویستێک بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن و کەشەکردن و تێکەیشتن و پێگەیشتن ، لەناو خودی ئەو ڕۆحەدا بەرنامەڕێژوتۆمارکراوە.

دوای مردنی کەسەکە، ئەو ڕۆحە دەبێتە مەلەفێک و دەچێتەسەر میمۆری (وجود-بوون)و لە ئەرشیفی گەردوون دا هەڵدەگیرێ و لە ڕێکخستنەوەی وجوددا سوودی دەبێ یان ڕۆڵی دەبێ. هەڵبەتە نەک بەو شێوەیەی کە ئەو ڕۆحە دابەزێتەوە ناو جەستەیەکی تازەوە. نەخێر . بۆ نموونە : کەسێک گۆرانیەک تۆمار دەکا، ئەو



گۆرانیە دەچێتە سەر مەلەفێک و لەوێوەس دەچێتەسەر میمۆری کۆمپیوتەرەکەو لەوێوەش بار دەبێ لە ئەرشیفی ستۆدیۆکەو بەو شێوەیە ئەو گۆرانیە تاهەتایە (واتە: تا ئەو ستۆدیۆیە مابێ) هەردەمێنێ و دووبارەو دەبارە لێدەدرێتەوەو گوێبیستی دەبین . هەڵبەتە من مەبەستم ئەو حاڵەتەیە کە دەڵێم : ئەو ڕۆحە (ئاگایی) هەر دەمێنێ و لەناوناچێ و ستۆدیۆی وجود بەکاری دێنێ. بەڵام ئەوە لە دەرەوەی هەستەکانی ئێمەیە کەچۆنەو چیە.

بەڵام سەبارەت بەمرۆڤ ، حاڵەتێکی تایبەتە لەسەر زەوی بۆیە تەنها مرۆڤە باڵاکان لەو تەنسیقە تێدەگەن ، جاری واش هەیە مرۆڤ باڵاتر دەبێ بەتەنسیق کردن لەگەڵ شتەکانی تر وەک داروبەردو گیانەوەران .لەوەش زیاتر مرۆڤ بەرزتر دەبێتەوە بۆ جیهانێک کە لە خەیاڵ دەچێ کە مرۆڤە ئاساییەکان لێی تێ ناگەن و مرۆڤە باڵاکانیش دەستەوسانن لە شیکارکردنی حاڵەتەکەیان بۆ خەڵکی ئاسایی. بۆیە زۆر جار وا دەبێ کە ئەو جۆرە مرۆڤانە بە شێت لە قەڵەم دەدرێن

ئەگەر بیرتان بێ ، من لە پەیامەکانی پێشوودا زۆر جار گوتومە :خوا لەناخی هەموو بوونێکدایە ، وە هەر خودی ئەو بوونە، لەلایەن ئەو خواوە بە پێغەمبەر نێردراوە . ئەو ڕۆحە وێستگەیەکە لەنێوان ئەو پێغەمبەرەو خوداکەی خۆی

زۆرجار لێم دەپرسن . ئایا باوەڕی تۆ بەخوا چۆنە ؟ منیش پێیان دەڵێم : واز لە من و خواکەم بێنن . ئێمە هەردووکمان لەیەکتری تێگەیشتوین . ئەو دەزانێ من چۆنم و منیش دەزانم ئەو چیی لێم دەوێ



وەسفی ڕۆح بە دیدێکی عاریفانە.

ڕۆح لەلای من وەک دڵۆپە ئاوی باران وایە کە لەهەورێکەوە (ئەگەر ئەو هەورە بشوبهێنین خودا) دادەبارێتە سەر هەموو شتێک ، هەموو شتەکان وشکن ، ئەو دڵۆپە بارانانە تەڕیان دەکەنەوە. جا هەر شتێک بە پێی بوونی خۆی . مرۆڤیش یەکێکە لەو شتانە بە پێی بوونی خۆی ،ئەو ڕۆحە تەڕی دەکا بە هۆشمەندی . دوای فەنا بوون و فەساد بوونی شتەکان ، دڵۆپە ئاوەکان دەبنەوە هەڵم و دەچنەوە ناو سەرچاوەکەی خۆیان . بۆ دووبارە بوونەوەی سووڕی ژیان .

ڕاست کردنەوەی چەمکی موسوڵمان و کافر .

هەر چەندە ئەم دوو چەمکە وەکو هاودژ لە قورئان بەکار ناهێنرێن .چونکە هاودژی چەمکی (مسلم)لە قورئاندا (مشرك)ە.وە هاودژی چەمکی (کافر)یش لە قورئان (مؤمن)ە بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو چەمکی(موسوڵمان وکافر) بەپێی تێگەیشتنی بیروباوەڕی کورد هاودژیان وەرگرتوە ، بۆیە ئێمە بەپێی بیروباوەڕە کوردیەکە دەیانکەین بەهاودژو هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین.

چەمکی (کافر) نەمتوانی هیچ موفرەدەیەکی کوردی لە بەرامبەردا دابنێم وبزانم کت ومت بەکوردی چ مانایەک دەگەیەنێ . بۆیە پێویستە ڕاڤەی بکەم و دواتر دەستەواژەکە وەک خۆی دابنێمەوە لە باسکردنیدا. (کافر) لە چاوگی (کفر) وەرگیراوە . بەشێوەنوسینی کوردی (کەفەر) کە لە زمانی ئینگلیزیشدا بە(cover)بەشێوەنوسینی کوردی(کەڤەر) واتە (کەفەر)و(کەڤەر) هەمان مانایان هەیە واتە : شتێک داپۆشی بە بەرگێک یان توێکڵێک یان پەردەیەک یان دژە تەنێک . کەواتە نزیکترین مانا لە دەستەواژەی (کافر)واتە: داپۆشینی باوەڕی

مرۆڤ مرۆڤ به دژەباوەڕی (بەپێی تێگەیشتنی بیروباوەڕی ئیسلام) . بەڵام ئەو دەستەواژەیە بەر لە ئاینی ئیسلامیش بەکار هێنراوە. بۆیە من پێم وایە ڕەگی ئەو دەستەواژەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ئەزموون کردنی لایەنی سرووشتیانەی ڕۆح. بۆیە ئەو دەستەواژەیە بۆ کەسێک بەکارهێنراوە کە ڕێگر بووبێ لە دەرکەوتەی ڕۆحە خوداییەکەی مرۆڤ . وە پێیان گوتوە داپۆشەری ڕۆحە خوداییەکە. پێشتر گوتمان : مرۆڤ دوو ڕۆحی هەیە ڕۆحێکیان ژیانە کە پەیوەستە بەژیان و مردنەوە، ئەویتریان ڕۆحی خودایە لەنێو جەستەی مرۆڤدا کە ئەو ڕۆحە هەر هەبووەو هەرهەیەو هەردەبێ و لەناو ناچێ .

ئینجا ئەگەر مرۆڤ ڕێگری کرد لە دەرکەوتەکانی ئەو ڕۆحە خوداییە کە حاڵەتەکانی وەک (بعید، غافل، کافر، جاهل، عاصي،ظالم) دەکرێ لە بابەتێکی تر ڕوونی کەمەوە .

بەکورتی: ڕێگری کردن لەو ڕۆحە خوداییە ، خاوەنەکەی دەکاتە کافر .



بەڵام خۆ ڕادەستکردن بەو ڕۆحە خوداییە ، مرۆڤ دەکاتە موسوڵمان. دەستەواژەی(مسلم- کە لەلای ئێمەی کورد بۆتە موسوڵمان) واتە: خۆڕادەست کردن. واتە خۆڕادەستکردن بەو ڕۆحە خوداییە ، خاوەنەکەی دەکاتە موسوڵمان بەڵام ئاین هەردوو چەمکەکەی شێواندوە . چونکە ڕێک لەجێگەی ئەو ڕۆحە خوداییە ،ئاینی خستۆتە شوێنی. واتە : ئەگەر دژی ئاین وەستایەوە، ئەوا دەبیتە (کافر) بەڵام ئەگەر خۆت ڕادەستی ئاین کرد، ئەوا دەبیتە(موسوڵمان).

بەندایەتی (العبادە)

بەندایەتی کردن بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو ئاینەکاندا کاریگەری تەواوی هەیەو کراوە بە ئەرک و فەرمانێکی الله ، کورتەو پوختەی بەندایەتی کردن بەگوێرەی ئاینی ئیسلام واتە (کۆیلە بوون بۆ الله) کە خۆی لە دەستەواژەکانی (عبد ، عباد، عبید ، عابد ، عابدون ، یعبدون ، اعبدوا، عبدوا.....) کە هەر هەمووی بۆ لە قاڵب دانی مرۆڤە لە چوارچێوەی کۆیلایەتیدا.

کۆیلایەتیش کۆمەڵێک یاساو ڕێسای خۆی هەیە. ئەو یاساو ڕێسایانە دەیسەلمێنن کە مرۆڤ خودای نەپەرستوە ، بەڵکو کۆیلایەتیە بەسەریدا سەپێنراوە. وە ئەو سەپاندنەش بەناوی فەرمانی اللهوە شەرعیەتی پێدراوە. بەڵام لە ڕاستیدا خودای ڕاستەقینە هیچ شتێکی سەپێنراوی نیە ، چونکە هەر لۆژیک نیە ، تۆ کە هاتنە بوونت بە دەست خۆت نەبێ، ئینجا بەفەرمانێک بەرگی کۆیلایەتیت بکرێتە بەر و ناوت لێ بنرێ عەبدی الله.

هەر خۆی ئەو دەستەواژەی (عبادالله) پاشخانێکی کۆیلە بوونی مرۆڤی پێوە دیارە بۆ کۆمەڵێک دەسەڵاتداری خۆ بە خوداوەندزان کە لە بابەتی ئەفسانەی ئالیهە دا ئاماژەی پێ دەدەین .

بەڵام با بپرسین ئایا ناوەڕۆکی ئەو یاسایە پەیوەندی بە چ هێزێکەوە هەیە؟ لە یاسای کۆیلایەتیدا دەبێ کۆیلە گوێڕایەڵی گەورەکەی بێ . بەڵام دەبینین ئەو گوێڕایەڵیە لە قورئاندا چۆن شۆڕ دەبێتەوە. بابزانین قورئان لەو بارەوە چیی دەڵێ:

(یا ایاالذین آمنوا اطیعوا الله واطیعواالرسول واولي الامر منکم فان تنازعتم في شيئ فردوه الی الله والرسول ان کنتم تؤمنون بالله والیوم الآخر ذلك خیر واحسن تأویلا)النساء ٥٩

دەبینی کەوا قورئان ڕەوایەتی کۆیلەیی نەک هەر بۆ خودا . بەڵکو بۆ ڕابەری ئاینەکە(پێغەمبەر)وزاناکانی ئاینەکەش(اولی الامر) ڕەوایەتی داوە. بەو شێوەیە هەر مەلاو شێخێک و کۆمەڵێک کویلەی بەناوی فەرمانی اللهوە لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە ،بۆ کۆیلە بوون بۆ پێغەمبەرو لەویشەوە بۆ اللهکەیان.



بەڵام ئایا کۆیلایەتی بۆ خوا بڕیارێکی تەندروستە؟ ئایا فەرمانێکی دروستە؟ ئایا خوا پێویستی بە کۆیلە هەیە؟ ئەی قورئان ناڵێ (الله )قەدیرە ، ئەی کۆیلەی بۆچیە کە دەسەڵاتی هێندە فراوان بێ ؟چونکە کۆیلە بۆ گەورەیەکە کە پێویستی بە کۆیلەیە بۆ کاروبارەکانی ، واتە کاروبارەکانی زۆرن ، بۆیە کۆیلە بەکاردێنێ . بەڵام ئایا خودای ڕاستەقینە هەرچەند هەموو بوون کاروبارە بۆ ئەو ، بەڵام ئایا پێویستی بە کۆیلە هەیە تاکو هەندێک لەو کاروبارانەی ئەو ناتوانێ ئەنجامیان بدا، کۆیلەکان ئەنجامی بدەن؟ ئایا خوایەتی بوون بەو شێوەیە کە قورئان وێنای کردوە؟

لەسەرێکی ترەوە.ئایا کۆیلە بوون لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ دەگونجێ ؟ وە ئایا کۆیلایەت لەگەڵ خودای ڕاستەقینە دەگونجێ؟ یان کۆیلایەتی تەنها بۆ خوایەکی دروستکراوە.

عیبادەت بۆ خودا یان تێگەیشتن لەخودا؟

عیبادەت کردن ،بڕبڕەی پشتی ئاینەکانە. وە مەبەستی بنەڕەتی ئاین لە عیبادەت دا، کۆیلاندنی مرۆڤە بۆ هێزێکی نادیار بەبێ ئەوەی ڕێبدا کە مرۆڤ لێی تێبگا ئەو هێزە چیە،وە پرسیارکردنی لەو بارەوە قەدەغە کردوەو کۆیلایەتی کردۆتە پەڕژینێکی قایم لەخۆی و لەو هێزەش کەنازانێ چیە؟ کە هەر خودی نەزانینەکە، باوەڕەکەی پوچەڵ دەکاتەوە. ئەمە دەربارەی عیبادەت بۆ خوا کە ئاینەکان پشتیان پێ بەستوە.

بەڵام تێگەیشتن لەخودا، دەتگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بەرچاو ڕۆشن بی لەوەی کە باسی چی دەکەی ،یان باسی کێ دەکەی ،

لێرەدا بەبۆچوونی خۆم لەمەڕ تێگەیشتنم لەخوا ،باس دەکەم . من پێم وایە کە خوا بەڕەهایی هیچی لە مرۆڤ ناوێ . چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەرجەعیەتی عەقیدە فیطریەکەی خۆمان ،ئەو عەقیدەیە پێمان دەڵێ : خوا هەروەک چۆن موحتاج بەهیچ شتێک نیە، بەهەمان شێوەش موحتاج بەهیچ کەسێکیش نیە. وەهەر

چی شتێکی بە بوون بەخشی بێ، یان بەمرۆڤی بەخشێ بێ ، بەدیاری پێی خشیوەو دیاری وەرگرتنەوەی نیە لەلایەن خووە . واتە خوا هەموو شتێکی تایبەت بەخۆم، بەمنی بەخشیوەو بەدیاری و نەلێرەو نەلە هیچ دونیایەکی تر لێمی داوا ناکاتەوە.

لێرەدا تێگەیشتنی من پێچەوانەو هاودژە لەگەڵ ئایا، چونکە ئاین پێی وایە کە هەرچی خوا پێی بەخشیوی ،بە ئەمانەت پێتی بەخشیوەو لە دنیاکەیتر لێتی دەوێتەوە وەکو خۆی

١٣٨

تەنها خۆت بپەرستە

بە سیفەتی ئەوەی من مەوجودەکەم و خوا تێمدا وجودە .بۆیە لەو حاڵەتە ئەگەر بمەوێ پەرستشی خوا بکەم ، ئەوا پەرستشی ئەو خوایە دەکەم کە لە ناخی مندا وجودی هەیە .ئیدی پێویست ناکا هەزاران کیلۆمەتر ببڕم بۆ گەیشتن بەخوا . بەڵکو بەناخی خۆمدا گوزەر دەکەم بۆ گەیشتن بە خوا .چونکە پەرستشەکانی دەرەوەی ناخ دەکەوێتە بەردیدەی خەڵک و ئەو کاتە نەرجسیەت و ڕیا بەسەریدا زاڵ دەبێ خوا پشکێکی نابێ لەو پەرستشە ، بەڵکو کامێرای چاوی خەڵک پشکی دەبێ لەو پەرستشە .

واتە لە جیاتی ئەوەی نوێژ بەو حەرەکات و سەکەناتەی کە لە ڕواڵەت داو لە دەرەوەی ناخ ئەنجامی دەدەی و هیچی ناگا بە خوا بەڵکو تەنها دەگات بە کلتورو فەرهەنگ و داب و نەریتی ئاینی و کۆمەڵگا .لەو جۆرە حاڵەتەدا پەرستش بۆ کۆمەڵگاو بۆ ئاینە نەک بۆ خوا .

بۆیە نوێژ بە تێگەیشتنە خواناسیەکەی ، بریتیە لەو بیرکردنەوەو یادهێنان و یاداوەریەی کە لەناخەوە بۆ خواکەی ناخی خۆت ئەنجامی دەدەی .لەو حاڵەتەدا ئەو نوێژە بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگاو ئاین ، تۆ خۆت بە ئیجتیهادی خۆت و بە زمانی دایکی خۆت و بەبێ هیچ حەرەکات و سەکەناتێک و یۆگا ئاسا دەچیتە ناو ئەو هەستە قوڵەوەو پێویستیت بە ڕێنمایی هیچ مەلاو قەشەو پاپا حاخامێک و مێزەر بەسەرێک نییە .

بەپێی شەوق و زەوق و ئیشتیاقی خۆت ئەو نوێژە ئەنجام دەدەیت و هیچ هێزێک فەڕزی نەکردوە لەسەرت بەڵکو ئارەزوومەندانەیە .

بۆ بابەتی بە ڕۆژوو بوونیش بە هەمان شێوە ،بەڕۆژوو بوون واتە لە خۆ گرتنەوە یان بە مانایەکی تر ،مان گرتن ..ئەمەش ئارەزوومەندانەیە و خۆت ڕۆژو بەروارو کاتی بۆ دیاری دەکەیت، بەدواداچوون دەکەیت بۆ ئەو حاڵەتەی کەتۆ تیایدا لاوازیت و تەنها لەوەدا بەڕۆژوو دەبیت .بەهاوکاری پزیشکی جەستەیی یان پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی یان دەروونناسی .بۆ نموونە :ئەگەر لە بواری سێکس واهەست دەکەی کە کەسایەتیەکی لاوازت هەیە، چەند ڕۆژێک وەکو



وەرزش کردن بۆ بەهێزبوونی ویست و ئیرادە بە ڕۆژوو دەبیت لەو بوارەو سێکس ئەنجام نادەی و مان دەگری لێی ،تاوەکو دەبیتە خاوەن ئیرادەیەکی تۆکمە . یان هەست دەکەی لە بواری زۆر بڵێیی دا سنوور بەزێنیت کردوەو بەبێ هیچ هۆکارێک زۆر قسە دەکەیت و دەوروبەرت بێزار دەکەی .ئەوا چەند ڕۆژێک لە درێژایی ساڵ هەڵبژێرە کە تێیدا بۆ چەند سەعاتێکی دیاری کراو هیچ قسەیەک مەکە و زمانت لە قسە کردن بگرەوە .یان هەست دەکەی کەوا زۆر خۆری .ئەوا چەند ڕۆژێک لە ساڵدا دەستنیشان بکە، کە ڕۆژانە چەند سەعاتێک هیچ مەخۆ . یان هەر حاڵەتێکی تر کە دەزانی زیادەڕۆییت تیا کردوە .لەو چەند ڕۆژەی کە داتناوە بۆ بەڕۆژوو بوون ، ئەو زیادەڕۆییە لە خۆت بگرەوە .کە ئەو زیادەڕۆییانە زیاتر لە هەڵچوونە دەروونیەکان و دەمارگیریەکان ڕوودەدا .

ئیمان بەاللە یان خوداناسی؟

پێناسەی ئیمان لە زمانی عەرەبیدا کە بنەمایە بۆ قورئان و ئاینی ئیسلام ، واتە : (التصدیق ، واصل الامن: هو طمأنینة النفس وزوال الخوف) پێناسەی ئیمان (کە لە زمانی کوردیدا بە باوەڕ خۆی ناساندوە)واتە: بە ڕاست زانین ، وە لە ئاسایش و دالئارامیەوە هاتوە، واتە ئارامی دەروون و لاچوونی ترس). بەڵام بەشێوەی باوەڕێکی کۆنکرێتی لای ئایندارەکان سەرچاوەی گرتوە. واتە :بنەماکانی باوەڕ چین و پایەکانی جین، دەبێ باوەڕت پێی هەبێ ئەگەر نا تۆ بێباوەڕی .

بابێین ئەو پێناسە ئیمانیە لەسەر یەکەکەی بنچینەکانی باوەڕ بچەسپێنین ، بزانین چیی لێ دەردەچێت وچیی بەرهەم دێنێ.

یەکەم:باوەڕبوون بەخودا

ئاین هاتوە بەگوێرەی قورئان بنەمای ئەو باوەڕەی داڕشتوە . بەڵام ئەی چۆن بزانین قورئان پێناسەی اللەکەی خۆی دەکا؟ بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ

نووسەری قورئان . ئەی نوسەری قورئان کێیە تا پێی باوەڕ بکەین ؟ کەسێکە بەناوی محمد. ئەی محمد کێیە تا باوەڕی پێ بکەین؟ محمد کەسایەتیەکە کە گوایا پێش هەزارو چوارسەدو ئەوەندە ساڵە قورئانی داهێناوە. بە چ سیفەتێک باوەڕی پێ بکەین ؟ بەو سیفەتەی وەحی بۆ هاتوە. لەڕێگەی کێوە؟ لەڕێگەی وفریشتەیەکەوە . ئەو فریشتەیە کێیە ؟ جبریلە . ئەرێ شتێک هەیە بەناوی فریشتەو فریشتەکەش ناوی جبریل بێ ؟ .........ئەی باشە ئەو فریشتەیە چۆن اللەی بینیوە؟......... ئەی ئەو اللەیە شێوەی چۆنە ؟..........ئەی ئەگەر شێوەی هەیە ،کەواتە جەستەی هەیە، ئەی کێ ئەو جەستەی بۆ دروست کرد؟ ......ئەی ئەو محمدە بوونی هەبوە یان هەر مێژوو سیناریۆکانی مێژوو دروستیان کردوە؟.کۆمەڵێک پرسیاری لۆژیکی و کومەڵێک وەڵام کە تەنها شایستەی اللەکەی ناو قورئانە نەک خودای هێنەرەبوون . چونکە الله خۆی مەخلوقەو گوزارشت لە مەخلوق بوونی خوی دەکا نەک خودای هێنەرەبوون.



بەڵام بەسیفەتی ئەوەی کە خودای هێنەرەبوون ، هەستەکانی بوونی بۆ ناسینی ئەو کردۆتە بنەما. بۆیە ئێمە تەنها لەڕێی هەستەکانەوە ، لەسەرمانە خوا بناسین. ئەو هەستانەش لێکدانەوەکان دەنێرن بۆ دەزگای هۆش و ژیری لە مرۆڤدا و لەو ڕێگەیەوە وێستگەیەک دروست دەبێ بۆ خوداناسی.

چونکە مرۆڤ تاکو خودا نەناسێ ناتوانێ باوەڕی پێ بکا . خۆ ناشکرێ باوەڕ لەسەر بنەمایەک بێ کە لە دەرەوەی هەستەکان و ژیریەوە بێ . بەبێ پاسەپۆرتی هەستەکان و ژیری ، ناتوانی بگەی بە مەملەکەتی باوەڕ ، هەرجۆرە باوەڕێک لە دەرەوەی ئەو خوداناسیە ساختەیەو ڕەنگە بۆ اللەی ئیسلام بشێ . بەڵام بۆ خودای هێنەرە بوون ناشێ ،.

مرۆڤ لە خوداناسیدا، پێویستی بەهیچ هێزێکی دەرەکی نیە بۆ ناسینی خودا . چونکە خودا خۆی ناسینی خۆی چاندوە لەناخی مرۆڤدا. مرۆڤ بەر لەوەی هەست بەخۆی بکا، هەست بەخوا دەکا. ئەم ناسینە سرووشتیەش بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ

نەبێتە کۆیلەی هیچ ئاین و ڕابەرێکی ئاینی ، واتە : ئەوانەی کە دەبنە کۆیلەی ئاین ، ئەوانەن کە هەست بەخواناکەن لەناخی خۆیان دا. ئەو هەست نەکردنەش بەخوا ، سەرچاوکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردن بە کەمی و بێ نرخی خود ، یان ون کردنی خود .

هەرمرۆڤێکت دی کە کۆیلەی ڕابەرێکی ئاینیە یان کویلەی ئاینێکە، ئەوە بزانە کە خۆی ون کردوە. لە فەلسەفەی ئاینەکاندا باوەڕداری واتە: ملکەچی . بەڵام خوداناسیدا واتە : ئازادانە بیرکردنەوە لە خودا ،لێکۆڵینەوە لەخودا کە ئەم بابەتە لە ئایندا بڤەیە. خوداناسی بوێری و ئازایی و ئازادی تیایە . بەڵام لە باوەڕبە الله بوون . تەنانەت بیرکردنەوە لەخودا بڤەیە جا بەهەر شێوەیەک بێ.

لە باوەڕداریدا وەڵامی پرسیارەکان دراوەتەوەو تۆ تەنها لەسەر بنەمای وەڵامە کۆنکرێتیەکان هەنگاودەنێی . لەوە زیاتر ڕێگەیەکی تر نیە. بەڵام لە خوداناسیدا ئارەزووی ناسین پرسیاری جۆراجورو هەمەڕەنگ دەخولقێنێ و هەزارویەک ڕێگەی ترت هەیە کە پێی بگەیتە مەنزڵ.



هەروەک پێشتر ئاماژەمان بەوەداوە کە قورئان وەکو تاکە سەرچاوە بەکاردێنین بۆ ئاینە ئیبراهیمیەکان چونکە ڕێبەرانیان پێیان وایە کە شوێنکەوتەی ئیبراهیمی باپیرە گەورەیانن. گرنگ نیە ئەو بنەماڵەیە عەرەب بووبن یان موستەعرەبە ، چونکە ئەوەی هەیە ، ئەوەیە کە لەبەر دەستمانە ،وە قورئانیش وەکو دواماوەو مراتگری هەموو پەیامە ئیبراهیمیەکان خۆی پێناسە کردوە. بۆیە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکاری دێنین. قورئان پێی وایە کە ئیمان لەناو دڵدا جێی خۆی دەگرێ. هەروەک دەڵێ:(واعلموا ان فيكم رسول الله لو يطيعكم في كثير من الامر لعنتم ولكن الله حبب اليكم الايمان وزينه في قلوبكم وكزه اليكم الكفروالفسوق والعصيان اولئك هم الراشدون )الحجرات ٧بەڵێ قورئان پێی وایە کە شوێنی ڕاستەقینەی ئیمان، دڵە. بەڵام زانستی سەردەم بە چاندنی دڵی دەسکردو دڵی کەسێکی تر بۆ کەسێکی تر و دڵی ئاژەڵێک بۆ کەسێک ،هەموو ئەو ئایەتانەی خستە ژێر پرسیارەوە. هەربۆ نموونە. چەندین کەسی ئیماندارونوێژکەر، دڵی دەسکردیان بۆ چاندوون و هیچ گرفتێکی ژیانی ڕۆژانەیان نیەو بەبێ کێشە

نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و ئیمانداریشن ،خۆ ئەگەر بەپێوەری قورئان بوایە ،دەبوایە ئیمانی نەمێنی. کەواتە بەپێوەری قورئان ،دڵی کەسێکی بێباوەڕ بۆ باوەڕدارێک ناشێ وناگونجێ بۆ چاندن.

بەڵێ لە قورئاندا ،ئیمان پەیوەست کراوە بەو دڵە سرووشتیەی خودی مرۆڤەکەوە کە ئەو دڵەی نەما، ئیدی ئیمانەکەشی نامێنێ. بۆیە ئەم بابەتە تازە زانستیە پزیشکیە کۆی ئایەتەکانی (ولهم قلوب اقفالها،في قلوبهم مرض، ختم الله على قلوبهم، وقلوبهم شتي،في قلوبهم زيغ ) دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام لە خوداناسیدا،شتێک نیە بەناووی باوەڕ هێنان بەدڵ ، بەڵکو مرۆڤ لەڕێی عەقڵەوە خودا دەناسێ و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکا. هەرچەندە ناکرێ بڵێین کە عەقڵ بریتیە لەو پارچە گۆشتەی کە لەنێو کەللەی سەردایە. بەڵکو هەر خانەیەکی لەشی مرۆڤ کائینێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی و خاوەن عەقڵی خۆیەتی



خواناسی ڕاستەقینە تەنها یەک پایەی ئیمانی هەیە، ئەویش ئیمان بە خۆ بوون. هیچ شتێک هێندەی خۆت، لە خۆت نزیک نیە .تۆ تەواوی ڕۆژەکان لەگەڵ خۆت ژیاوی .هەمیشەوهەموو کات هەستت بەخۆت و بە بوونی خۆت کردوە .دەستت لە جەستەی خۆت داوە ، هەستت بە گیان و ژیانی خۆت کردوە .دەزانی چۆن بیر دەکەیتەوە .خۆت دەزانی چیت دەوێت و چیت ناوێ .خۆت دەزانی حەزت لە چییە .خۆت دەزانی چی دەکەیت و چی ناکەیت .خۆت شارەزایی تەواوت لەسەر خۆت هەیە .

هیچ بوونێک هێندەی خۆت بەو شێوەیە نایناسی .هیچ بوونێک هێندەی خۆت لەگەڵی نەژیاوی.

ئەوەی کە پێویستە خۆش بویستریٚ ،هەرخودی خۆتی .ئەوەی کەپێویستە باوەڕی تەواوت پێی هەبێ ،هەر خۆتی ، تۆ پێویستە باوەڕی تەواوت بەخۆت هەبێ .تا باوەڕی تەواوت بەخۆت نەبێ ،تۆ باوەڕدار نیت .

خواناسی ڕاستەقینە تەنها باوەڕی تەواوی بەخۆی هەیە .هەر وجودێکی تر لە دەرەوەی خۆت ،بۆ ناسینە .ئینجا ناسینی تەواو دەبێتە باوەڕ ، بەڵام بۆ خۆت بە پێچەوانەیە .دەبێ باوەڕی تەواوت بەخۆت هەبێ ، دوای باوەڕ بەخۆبوون ، ئینجا خۆناسین دەست پێ دەکا.



نوێژ ئەنجام دان .

نوێژ ئەنجام دان بۆ دوو حاڵەتە.

یەکەم / بۆ پاک بوونەوە.

هەڵبەتە ڕەنگە هەندێ لە ئاینەکان گەیشتبن بەو حاڵەتە کە نوێژ بەکار بهێنرێ بۆ پاک بوونەوەی مرۆڤ ، بەڵام لە زۆر ئاینیش دا ئەو حەقیقەتە تەحریف کراوەو بۆ مەرامێک بەکار هێنراوە .بۆ نموونە :بۆ ئەوە بەکار هێنراوە کە خەڵکی پێوە سەرقاڵ کەن ،یان بیکەنە کۆت و پێوەندو بیخەنە ملی خەڵکەوە یان وەکو ڕێکلامێک بەکاری بێنن بۆ پەرزوپیرۆز ڕاگرتنی ئاینەکەیان .

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە نوێژ موڵکی هیچ ئاینێک نییەو پێویستیەکی ڕۆحیە ، وە پەیوەست نیە بەهیچ شوێن و کاتێک ،بەڵکو پەیوەستە بەو حاڵەتە دەروونیەی کە مرۆڤ ئامادەگی تێدایە بۆ ئەنجامدانی .

نوێژ حاڵەتێکی یۆگاییە بۆ پاک بوونەوەی هەست و زیهن و مێشک و جەستەو دەروون .ئەو حاڵەتە بەکار دەهێنرێ بۆ تێڕامان و قووڵبوونەوەو ڕۆچوون بەناخی خۆت داو ژیان لەو ساتەوەختەداو دابڕان لەهەر سەرقاڵی و بیرکردنەوەیەکی ڕۆژانەو خۆ بەتاڵ کردنەوە لەهەموو هەستێک و بیرکردنەوەیەک و ئەندێشەیەک، تاکو ئەم حاڵەتە دەتگەیەنێ بەحاڵی پاک بوونەوە .بۆیە ئەو حاڵەتە لە قورئان ، ئاماژەی پێدراوە بە (الذین یقیمون الصلاة ویؤتون الزکوة) مەبەست لێی بەکارهێنانی نوێژە بۆ حاڵەتی پاک بوونەوە .بەڵام ئاینەکان ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە بۆ ڕاو کردن و ڕام کردنی خەڵک و شوێنکەوتوانیان و لەسەرێکی تر بەکاری دێنن بۆ ئەوەی کە شەرعیەت بدەن بە ڕاست و دروستی ئاینەکەیان و لەو ڕێگەیەوە فەزڵی ئاینەکەیان دەدەن بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا .

ئەمەو جگە لە خراپ تێگەیشتن و هەڵە تێگەیشتن لە فەلسەفەی نوێژ .بۆ نموونە وا تێگەیشتون کە خودی نوێژ کردن (جا بەلایانەوە گرنگ نیە کەتۆ چەندە ئامادەییت تێدایە بۆ کردن ونەکردنی)گوناهـ دەسڕێتەوە .بۆ نموونە چەندین فەرموودەیان لەبەردەستە کە ئەنجامدانی نوێژ ،گوناهی نێوان نوێژێک بۆ نوێژێکی تر دەسڕێتەوە .



بەڵام ئەو جۆرە نوێژە، تەنها نوێژێکی ئاینیەو دوورە لە ڕۆح وجەوهەری نوێژی ڕاستەقینە .چونکە نوێژی ڕاستەقینە فەرمانێکی ئاینی نیەو حاڵەتێکی فیطریە)سرووشتی مرۆڤ (وە پاک بوونەوەش بریتی نیە لە ئەنجامدانی، بەڵکو پەیوەستە بەو بەرنامە زانستیەی کە لەلایەن پسپۆڕانەوە بۆی داڕێژراوە نەک لەلایەن پیاوانی ئاینی و بەناوی خوداوە.

هەموو بوون ، لەڕێی هۆشێکی گەردوونیەوە پێکەوە گرێ دراون ، کە مرۆڤ تێیدا کراوە بە مایسترۆی ژیان )ئەو مامۆستایەی کە سەرپەرشتی تیپێکی سەمفۆنیای مۆسیقا دەکا (بۆیە پێویستە ئەو مایسترۆیە ،هەڵسێ بە وەزیفەی سەرشانی خۆی لە نمایش کردنی سەمفۆنیایەکی ڕێک و پێک بەگەردوون و لەڕێی ئەو نوێژەوە)یۆگا (لە پەیوەندیدابێ لەگەڵ هەموو شتەکان .

بەشی دووەم / نوێژ وزە بەخشە.

لەو بەشەشدا باس لەوە دەکەین کە نوێژ بۆ وزەبەخشی و هێز پێ بەخشین بەکار هاتوە .لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ پەنای بۆ وزەی گەردوونی بردوە بۆ خۆ بەهێز کردن لە بوارەکانی )گەشبینی و متمانەو ورە بەرزی و (.....بۆ ئەو مەبەستە چەندین جۆر جوڵەی بەکارهێناوە لەشێوەی ڕاوەستان و دانیشتن و تێڕامان و تەئەممول کردن و قووڵ بوونەوەو وردبوونەوە .

بەڵام ئاین هاتوە ، نوێژی قۆرخ کردوە لە پاک بوونەوەی جەستەوە بۆ پاک بوونەوە لە گوناهـ ، لە بەکارهێنانی نوێژەوە بۆ ملکەچ بوون بۆ نوێژ ، لە بەرهەمی عەقڵەوە بۆ بەرهەمی نەقڵ .لە لایەنی دەروونیەوە بۆ لایەنی ویژدان ، لە لایەنی زانستی نوێژەوە بۆ لایەنی خورافات و خەیاڵ، لە سوود بینین لەنوێژەوە بۆ کۆیلە کردنی مرۆڤ بەنوێژ، لە بەرنامەوە بۆ بەکلتوردنی نوێژ .لە گرنگی نوێژەوە بۆ پیرۆز کردنی .لە قەبوڵ کردنی وەک دەسکەوتێکی مرۆیی بۆ دزین و قۆرخ کردنی .لە پەیوەست بوون پێیەوە بۆ فەرزو واجب کردنی بەسەر خەلکدا .



بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ ئەوە بزانین کە کاتێک دەڵێین نوێژ وەک بەرهەمێکی عەقڵی مرۆیی بۆ چارەسەر بەکارهێنراوە، دەبێ بزانین کە چارەسەری بۆ نەخۆشە نەک بۆ کەسی لەش ساغ و تەندروست ،کەواتە لە بنەڕەتدا نوێژ بۆ کەسە دەروون

نەخۆش و کەسایەتیە لاوازەکان بووە .بەڵام ئاین هاتوە وەک فەرمانێکی خوایی بەسەر هەموو کەسێکدا سەپاندوویەتی بە نەخۆش و لەش ساغەوە .

چونکە هیچ بوونەوەرێک کە دێتە بوون ، لە بنەڕەتەوە خوا بەو شێوەیە نەیهێناوەتە بوون کە پێویستی بەهێزێکی دەرەکی هەبێ بۆ باڵانسی بوونی خودی خۆی . چونکە هەموو بوونێک بە قەد بوونی خۆی ،خوا ئەو هێزو وزە سرووشتی و لایەنە تەندروستیەی پێ بەخشیوە کە پێویستی بە هێزێکی دەرەکی نەبێ .بۆیە خواردنی دەرمان لەلایەن کەسێکەوە کەهیچ نەخۆشیەکی نەبێت وتەندروست بێ، هیچ مانایەکی نیە ،وەلەلایەن کەسێک کە خاوەن هێزوتوانای خۆیەتی، هیچ

مانایەکی نیە  .بەهەمان شێوە نوێژکردن بۆ کەسانی خاوەن جەستەو ڕۆح و بیری تەندروستەوە، هیچ مانایەکی نیە .



الدعاء

بۆیە دەستەواژە کوردیەکەم دانەنا ، چونکە دەبێ سەرەتا لە چەمکی (الدعاء) تێبگەین ئینجا بیکەین بەکوردی .قورئان دەربارەی ئەو دەستەواژەیە دەڵێ :( واذا سألك عبادي عني فإني قريب اجيب دعوة الداع اذا دعاني فليستجيبوا لي وليؤمنوا بي لعلهم يرشدون) البقرة ١٨٦

ئەگەر لەو ئایەتە وردبینەوە ،دەبینین کە دەستەواژەی (الدعاء) لەگەڵ (إجابە) دێت

واتە : لێرەدا (الدعاء) مانای بانگەواز دەگەیەنێ چونکە وەڵام دانەوەی لەگەڵ دێ کە بە (جواب) دێ . بەڵام شوێنکەوتوانی ئاینی ئیسلام بەهەڵە لە خودی ئایەتەکەومانای ئایەتەکەو مانای وشەکە تێگەیشتون .

بەهەر حاڵ من کارم بەسەر ڕاست کردنەوەی چەمکە قورئانیەکانەوە نییە ،من کارم بەسەر ڕاستکردنەەی بیروباوەڕی خەڵکە . خەڵکە ئاینداەرکە واتێگەیشتوە

که (الدعاء)واته: داواکردن و پاڕانەوە لە خودا ،تا ئەوەی کە مەبەستیانە خودا پێیان بدا. ئەم عەقیدەیە مرۆڤ بە دیوی سواڵکەری و دەست پان کردنەوەو دەرۆزەکەری و پاڕانەوەو کڕوزانەوە ئاڕاستە دەکا . ئەمەش چەکێکی دووسەرەی کوشندەیە لەسەرێکەوە خۆتی پێ دەکوژی ، چونکە هەموو ئیرادەو ویست وچارەنوسێکت دەدەیتە دەست دوعاوەو سفر دەبی لە بوونی خۆت. وە لەسەرێکی ترەوەڕەخنە گرتنە لە خوا ،چونکە بەشێوەیەکی نەستی تۆ پێت وا دەبێ کە کۆمەڵە بارودۆخێک و هەڵ و مەرجێک خودا بەهەڵە بەسەر تۆیدا سەپاندوە .تۆش دەتەوێ لە ڕێگەی دوعاوە خودا ئاگادار بکەیتەوە کە هەڵەکانی دەرهەق بەتۆ ڕاست بکاتەوە.

ئەمە هەڵە تێگەیشتنە لە خۆت و لە خودا . بۆیە پێویستە مرۆڤ بە بیروباوەڕیدا بچێتەوە. چونکە خوا هێزێکی موعجیزەیی لە ناخی مرۆڤ دا چاندوە لەڕێگەی ڕۆحە خوداییەکەوە  کە ئەگەر بتەوێ بەکاری بێنی نەک هەر ژیانی خۆت ، بەڵکو دەتوانی سەرجەم مرۆڤایەتیشی پێ بگۆڕی . بۆیە ئەو هێزە پتەوەی کە لەنێوان خۆت و خودادایە ،پێویستی بە واسیتەیەکی وەکو دوعا نیە . بۆ چارەسەری کێشەکان . چونکە خودا لە بەرامبەرچارەسەری کێشەکان ، ئیرادەی پێداوی نەک پاڕانەوەو کڕوزانەوەو دەست پان کردنەوەو سواڵ کردن. خودا مرۆڤی بە سەربڵندیەوە هێناوەتە بوون . هیچ بیانوێک نیە بۆ ملکەچ پکردنی.



گەڕانەوە (التوبە) بۆ خود یان بۆ خودا؟

دەستەواژەی (التوبە) لە کوردیدا واتە:( گەڕانەوە) با بزانین (تەوبە- گەڕانەوە) بە پێوەری ئاین دروستترە یان بە پێوەری عەقڵ.

بە پێوەری ئاین ،واتە : تەوبە (گەڕانەوە) لە گوناهەوە بۆ خودا . چ جۆرە خودایەک؟ ئەو خودایەی کە ئاین بەگوێرەی پەیڕەوو پڕۆگرامەکەی خۆی داڕشتۆتەوەو دیزاینی بۆی کردوە. ئایا دەکرێ ئەو تەوبەیە ناوبنێین تەوبەیەکی تەواوو دڕوست و تەندروست؟ جارێ بابەتی گوناهیش بەپێوەری ئاین داڕێژراوەتەوەو دیزاینی بۆ کراوە . واتە خواو گوناهـ هەردووکیان بە کێشانەو پێوانەی ئاین داڕێژراونەتەوەو دیزاین کراون . بۆیە لەو حاڵەتەدا ،خودی تەوبەکە باطڵ دەبێ وتەحریفی مانا ڕاستەقینەکەی تەوبە دەکات وتەعریفی مانا ڕاستەقینەکەی ناکا.

جا بۆ گێڕانەوەی سەنگ و میسداقیەت و بەهاو مانا بۆ تەوبە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ عەقڵ و بیکەینە سەنتەری توێژینەوە بۆ بڕیاردان. وە مانای ڕاستەقینە لەو حاڵەتەدا دەبێتە گەڕانەوە لە خووەوە بۆ خود ، واتە تەوبە کردن لەو خووانەی کە لە دەرەوەی خۆمانەوە دێن بۆمان و گەڕانەوە بۆ خودی ڕاستەقینەی خۆمان.

چونکە گەورەترین تاوانی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی نەبێ و ئەوانیتر بێ.



ساتەکانی خواناسی.

هەرچرکە ساتێک ، کاتێکی تازەیە لە خواناسیدا. بۆیە خواناسی ئەمڕۆ دەبێ جیاوازتر بێ لە دوێنێ . هەرکەسێک چەقبەستووبێ لە خواناسیدا، کەسێکی عاصیە لە خودا، ئەی ئەگەر کەسێک پێی وابێ خواناسی دەبێ وەک هەزارو چوار سەد ساڵ بەر لە ئێستابێ؟ ئەوە هەر ماڵ وێرانە. ئەی ئەگەر کەسێک موقەللیدو لاسایی کەرەوەی خواناسی بل ، ئەوە هەر خراپتر.

هەر کەسێک بۆ خۆی پەنجەرەیەکەو بەڕووی خواناسیدا کراوەتەوە ،تۆ ئەو کەسەی کە لە پەنجەرەی خۆتەوە خوا دەناسی. لەهەر پەنجەرەیەکەوە دونیایەک خواناسی هەیە ، پێویست ناکات لە پەنجەرەی هیچ کەسێک و سەردەمێکەوە سەیری خواناسی بکەی .

وێستگەکانی پەیوەندی نێوان خوا و بوون بەگشتی و مرۆڤ بە تایبەتی.

لەبەر ئەوەی جیهانی ئێمەی مرۆڤ جیهانی مرۆڤایەتیە بۆیە تەنها باسی وێستگەکانی ئەو پەیوەندیە دەکەین ، چونکە پەیوەندیەکانی تر لە دەرەوەی پەیوەندیەکانی ئێمەن ، وە لەبەر ئەوەی وێستگەی ئەو پەیوەندیانە نهێنی و شاراوەن .بۆیە تەنها دەتوانین باس لە وێستگەکانی ئەو پەیوەندیانە بکەین. ئاین هاتوە ئەو حەقیقەتەشی بە لاڕێدا بردوەو تەحریفی کردوە ، گۆڕیویەتی بە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خوا لەڕێی پەرستشەکانەوە .بۆ نموونە پێی وایە مرۆڤ لە نوێژدا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ خوا .وە خوا لەڕێی پەیامەکەیەوە )قورئان، تەورات ،ئینجیل (لەگەڵ مرۆڤ لە پەیوەندیدایە .ئەو جۆرە پەیوەندیانە تەنها وێستگەی دروستکراوی مرۆڤن نەک وێستگەی سرووشتیانەی خوا. ئێمە دێین باسی ئەو وێستگانە دەکەین کە خوا دروستی کردوە نەک مرۆڤ .خوا دابڕاو نیە لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ ،تەنها ئەوە نەبێ کە ڕێچکۆڵەکانی مرۆڤ

.شارێگەی خوایان ون کردوەو لێڵ کردوەو کوێر کردۆتەوە .ئێمەش بۆمان هەیە شوێن پێی ڕێگە ڕاستەکە بدۆزینەوەو سەر لە نوێ ڕێگەکە بنیات بنێینەوەو بەسەریدا گوزەر بکەین .

وێستگەکانی پەیوەندی خوا لەگەڵ مرۆڤ سرووشتین و هەر لە ناوناخی مرۆڤدان وهەر لەگەڵ هاتنە دونیاوە هەن

وەک :

وێستگەی ویژدان /خوا لە ڕێگەی ئەو وێستگەیەوە بەردەوام مرۆڤ هان دەدا بۆ ڕێگەی ڕاست .بەڵام ئێمە بێ ئاگاین لەو حەقیقەتەو گوێ بەو دەنگە خواییە نادەین کە لە ڕێی ویژدانەوە بەر گوێچکەمان دەکەوێ .خۆمانی لێ کەڕ دەکەین و لە جێی ئەوە ، گوێ لە مامۆستاکانی تر دەگرین.

وێستگەی شەرم و حەیا/لە ڕێی ئەو وێسگەیەوە خوا سنورەکانت بۆ دیاری دەکات و لەڕێی ئەو وێسگەیەوە پێت دەڵێ لەو سنوورانە مەپەڕەوە ،ئەمانە سنووری مرۆڤ بوونی تۆن و سنوور نەبەزێنی .بەڵام ئێمە سنوور دەبەزێنین و پێمان وایە کە هەر ئەو خوایەی کە ئێمەی ئاگادار کردەوە ، ئەوا بە بیانووی تەوبە، لەو هەموو سنوور بەزێنیەمان خۆش دەبێ ١٥١

وێستگەی سۆزو خۆشەویستی

ڕێی ئەو وێستگەیەوە فێری جوانناسی و ڕێک و پێکی و ڕێزو نرخ و بەهابالاکان و وەفا و کۆمەڵێک شتی تر، کە خوا لەو ڕێیەوە ڕێنماییمان دەکات بۆ ڕاستە ڕێگەکەی خۆی

وێسگەی ڕەوشت /لەو ڕێیەوە خوا ڕەوشتە جوان و ڕاستەکانمان بەگوێدا دەچرپێنێ ڕێنماییمان دەکات .وەک ڕاستگۆیی و دەست پاکی و هەڵوێست و نیازپاکی و کۆمەڵێک شتی تر.

لە بەرامبەردا کۆمەڵێک وێستگەی پەیوەندی مرۆڤ بەخوامان هەن کە دەبێ باسی ئەوانیش بکەین .

وەک

وێستگەی بیرکردنەوە/مرۆڤ لەڕێی ئەو وێستگەیەوە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ خوا .

جا هەتا بیرکردنەوەی لە خوا زیاترو زۆرتر بێ ، ئەوا زیاتر لە پەیوەندیدایە لەگەڵ خوا.

ویستگەی خەیاڵ و ئەندێشە/ئەو ویستگەیە تایبەتە بەخۆت چۆن خوا لەنێو خەیاڵی خۆت دا جێ دەکەیەوە .یان چۆن وێنای خوا دەکەی لە خەیاڵی خۆت دا .

وێستگەی ئینتیما /نازانم چ دەستەواژەیەک هەیە لە کوردیدا پڕ بە پێستی ئەو دەستەواژەیە بێ .بەڵام زیاتر واتە وابەستە بوون وهۆگربوون و لایەنگیری و پێڕو هەوادار و ئەو شتانە .بەهەر حاڵ .لەو وێستگەیەدا مرۆڤەکان دابەش دەبن بەسەر چەند دەستەو تاقمێکەوە .هەیانە بێ ئینتیمایە بۆ خوا .هەیانە دژە ئینتیمایە بۆ خوا .هەیانە ئینتیمای هەیە بۆ خوا .هەشیانە ئینتیمای زۆر بەهێزە بەخوا ئەمانە وێستگەکانی پەیوەندی خوا بە مرۆڤەوەو مرۆڤ بە خواوەن .



لە خواناسیدا پابەندبوون هەیە نەک خۆڕادەستکردن (اسلم)

بێنە پێش چاوی خۆت .ئایا یاساکانی هات وچۆ بۆ ئۆتۆمبیلەکان، بۆ ملکەچ بوونە یان بۆ پابەند بوون؟

ملکەچ کردن ،تەنها سەلماندنی لاوازیە بەرامبەر بە هێزێک بەزۆرداری .واتە کەسی بەهێزو خۆسەپێنەر ،لەڕێی هێزو دەسەڵاتەوە ، بەرامبەرەکەی بەچۆکدا دێنێ .ئەمەش ئەو وێنایەمان دەداتێ کە خوا بە زۆرداری هێزی خۆی دەسەپێنێ خۆسەپاندنیش لەڕێی هێزو دەسەڵاتەوە بۆ ملکەچ پێکردنی بەرامبەر، هیچ بوارێک بۆ قەناعەت و ئازادی ئەو بوونە ناهێڵێتەوە .کەواتە لەو حاڵەتەدا مرۆڤ ، ملکەچ کردنی بەسەردا سەپێنراوە لە لایەن هێزێکەوە کە بێگومان هەرگیز خوا بەو شێوەیە نییە کە خۆی بسەپێنێ .لێرەوە دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە خوا هەرگیز لەگەڵ دەستەواژەی )مسلمون، تەسلیم بوون ، اسلم (دا نییە .

چونکە هێزی خۆسەپێنەر لەگەڵ هێزی ملکەچ پێکراودا ، بەراوردێک لەنێوان هەردوو هێزەکەدا هەیە .بەڵام هەرگیز هیچ بەراوردێک لە نێوان هێزودەسەڵاتی خوا و هێزو دەسەڵاتی مرۆڤ دانییە .بۆ نموونە :من هێز بەکاردێنم بۆ لەناو بردنی نەمامێک .ئایا خوا دەتوانێ ڕێگریم لێ بکا؟ نەخێر .چونکە ئەو پێشتر ،ئەو هێزو دەسەڵات و ئازادیەی پێ بەخشیوم لە هەڵسوکەوت کردن و سوننەتی ئەو وایە کە ڕێگریم لێ نەکا .وە بە پێچەوانەوە خوا هەموو ساتێک چەندەها بوونی تازە دەخولقێنێ بەبێ ئەوەی من هیچ دەسەڵاتێکم هەبێ لە ڕێگری کردن .کەواتە هێزی مرۆڤ و هێزی خوا،نەک هەر بەراورد ناکرێن، بەڵکو هەرگیز لەهیچ خاڵکێکیشدا یەکانگیر نابن .تا لایەنێک بەسەر لایەنەکەی تردا خۆی بسەپێنێ بۆ ملکەچ کردنی لایەنەکەی تر .بۆ بەسەردا سەپاندنی هەرچی ویست و فەرمانێک لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە خوا یاساو فەرمانی هەیە ، بەڵام بۆ سەپاندن و ملکەچ پێکردن نییە .بەڵکو بۆ پابەند بوونە .واتە :ئەگەر پابەند بووی پێوە، ئەوا سەلامەت دەبی، بەڵام ئەگەر پابەند نەبووی پێوە، ئەوا خۆت بەرپرسیار دەبی ، بۆیە مەرج نییە هەموو پابەند نەبوونێک بە زیان بکەوێتەوە، وە مەرج نییە تۆش سەد لە سەد بتوانی بەتەواوی پابەند بی ، بەڵکو لەوانەیە ویستی تۆ بۆ پابەند بوون



تەنها بگاتە سەدا پەنجا ، بەو پێیە تۆ هەر سەرکەوتووی پابەند بوون ئازادی تیا.واتە :من دەتوانم پابەند بم پێوەی یان نا، وەدەرەنجامەکەشی هەرچیەک بێ ،ئەوا دەبێ خۆم بەر پرسیارێتیەکەی هەڵگرم .بەڵام لە ملکەچ بوون دا ئازادی نییە ، دەبێ بیکەیت ، بەو پێیە ،بەرپرسیارێتی دەکەویتە سەرشانی خۆسەپێنەرەکە .کە بێگومان خوا پەرپرسیارێتی کردەوەی هیچ کەسێک ناخاتە ئەستۆی خۆی، دوای ئەوەی کە ئازادیی تەواوی داوە بە مرۆڤ.

١٥٤

تێگەیشتن لە خوا لە ئاست پێگەیشتنی عەقڵە.واتە):تێگەیشتن هێندەی پێگەیشتن( مرۆڤە سەرەتاکان کە خوایان ناسیوە ، وێنایان کردوە بەو شتانەی دەوروبەریان، هەستی خواناسی هەمیشە لەگەڵ بووندا هەبووە، واتە :هەموو بوونێک ،هەستی خواناسی هەبووە .بەڵام هەربوونێک لە ئاستی هۆشیاری و ئاگایی خۆی، مەعریفەی هەبووە لەبارەی خواوە .لەنێویان دا مرۆڤ کە زۆرترین ئەزموونی لە بیرکردنەوەدا هەبووە لە کۆنەوە تا ئێستا دەتوانین بڵێین :مرۆڤ بەشە بەئاگاکەی ئەم هەسارەیەی خۆمانە کە پێی دەڵێین )زەوی.(

ئەوەی کە مەبەستمە لەو پەیامەدا دەمەوێ بیڵێم :ئەوەیە کە هیچ ڕەخنەو لۆمەو سەرزەنشت کردنێک مایەی قەبوڵ کردن نییە لە ئەسلافەکانی پێش خۆمان لە چۆنیەتی تێگەیشتنیان دەربارەی خوا، چونکە ئەوان بەگوێرەی ئاستی پێگەیشتنی تێگەیشتنی خۆیان لە سەردەمی خۆیان، خوایان ناسیوە .بەڵام ئەو کەسەی کە گوناهبارە، ئەو کەسەیە کە لەو سەردەمەی ئێستامان دا بە تێگەیشتنی سەردەمانی

کۆن خوا دەناسن و شانازیشی پێوە دەکەن بەناوی ئیتتیباع و ئیطاعەوە کە بە موو لەو ڕێبازەیان لانەداوە.

نەخێر .تێگەیشتن لە خوا ،لەگەڵ پێگەیشتنی عەقڵ، نوێ دەبێتەوەو ئەپدێت دەبێتەوە، لەو بارەوە وردەکاری زیاتر دەبنە دەسکەوتی خواناسیمان.



خواناسی ڕاستەقینە

خواناسی ڕاستەقینە کەسێکە کە بەڕەهایی بیرکردنەوەی ئازادە، چونکە تۆ خاوەنی بیرکردنەوەی خۆتی ،وەبیرکردنەوەت ڕابەروسەرکردەی تۆیە. گرنگ نیە لە ڕواڵەت دا چەندەها جۆری کۆیلایەتیت بەسەردا چەسپاوە ، گرنگ ئەوەیە لەناخەوە تۆ خۆت خاوەنی خۆت بی ، نەک یەکێکی تر خاوەنی بیرکردنەوەی تۆ بێ .

دەبێ بەڕەهایی بیرکردنەوت سەربەست بێ ، نابێ بەهیچ شێوەیەک لەژێر هیچ پاساوێک بیرکردنەوەت کۆنترۆڵ کراوو سنووردار کراو بێت. بیرکردنەوەی ئازاد ، جەستە ئازاد دەکا . هەرکەسێکتبەو شێوەیە بینی. ئەوە خواناسی ڕاستەقینەیەو پەندو وانەی لێ وەرگرە ،بەڵام خۆت نەکەیتە کۆیلەی ئەو .

(هیجرەتی خواناسانە)

ئەگەر کۆمەڵگاکەی خۆت لەگەڵ بیرکردنەوەکەت ناگونجێ، بەجێیان بێڵە.

دەزانم بەهۆی بیرکردنەوەی خواناسانەتەوە ، کۆمەڵگا ئامادە نییە قەبوڵت بکا . بەڵام دەبێ دان بەوەد دابنێی کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەر ئەو داب و نەریتە کلتوری و ئاینیە داوە .تۆ ناتوانی بەتەنها دژی ملیۆنان کەس بوەستیتەوە.ئەوانیش مافی خۆیانە کە پارێزگاری لە کلتوروئاینی خۆیان بکەن .مانەوەی تۆ لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا، تەنها کێشەو سەرێشەیە بۆخۆت و بۆ کۆمەڵگاکەشت .لەهەمان کاتیشدا ،ناکرێ دەست بەرداری ئەو بیرکردنەوەیە بیت کە خوا پێی بەخشیوی . چونکە گوناهبار دەبی .دەبێ ڕێگە بە بیرکردنەوەکانت بدەیت و بزانی بەرەو کوێت دەبا .کۆیلەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لەبەر کۆمەڵگا، دەرگای بیرکردنەوە لەسەر خۆی قوفڵ دەدا  وە بیر کردنەوە زیندانی دەکا .

نەخێر .مرۆڤ ئەو کاتە ئازادە ، کە بیرکردنەوەکانی ئازاد بن ، ئەگینا تا ڕۆژی مردن مەحکومە بە زیندانی هەتاهەتایی ناو جەستەی خۆی .بۆیە خواناسی ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە ئەو کۆمەڵگایە جێ دێڵێت و دەچێتە ناو کۆمەڵگایەک کە وەکو خۆی بیر دەکەنەوە .

لەوانەیە لەو حاڵەتەدا تۆ بیرت بەلای کۆچ کردن دابێتەوە کە وڵاتەکەت جێ بێڵیت و کۆچ بکەی بۆ وڵاتێکی تر .نەخێر .ئەمە تەنها ئەگەرێکە .ئەگەری تر زۆرن بۆ کۆچ کردن .بۆ نموونە :لەنێو ئەو ئاینەوە کۆچ بکە بۆ ناو شوێنکەوتوانی ئاینێکی تر کە نزیکە لە بیرکردنەوەکانت .یان کۆچ بکە لەنێو ئەو حزبەو بچۆرە ناو حزبێکی تر، کە لەگەڵ بیرکردنەوەکانت دەگونجێ .یان لەو گەڕەکەوە کۆچ بکە بۆ گەڕەکێکی تر .یان لەو ناوچەیەوە کۆچ بکە بۆ ناوچەیەکی تر .یان کۆچ بکە لەنێو ئەو خانەوادەو خێزانەتەوە بۆ ناو باوەشی خێزانێکی تازە .

بەکورتی /لە کۆچ کردندا، گرنگ جێگۆڕکێ کردنە ، لەشوێنی خۆت، بۆ شوێنی تازە.



حیساب و موحاسەبەکردن

بەڵێ خوا لێپرسینەوەمان لەگەڵ دا دەکات .ئاین هەستی بەو حەقیقەتە کردوەو فێڵبازانە بە لاڕێیدا بردوە .چۆن ؟

ئەگەر سەیری حەقیقەتی لێپێچینەوەو لێپرسینەوە بکەین ، دەبینین هەردوای کردەوەکە ڕوودەدا .بۆ نموونە منداڵێک پەرداخێک بە ئەنقەست دەشکێنێ .ئایا دەچێتە عەقڵەوە تۆ دەفتەرێک بگری بە دەستەوەو بڵێی ئەمڕۆ تا ئێوارە منداڵەکەم چەند کەتنی کرد ، هەمووی لەناو دەفتەردا دەنووسم .کاتێ منداڵەکە نوست ، ئینجا لێپرسینەوەی لەگەڵ دا دەکەم لەو کاتەی کە ئەو خەوتوە ، ئەرێ ئەمە دەچێتە عەقڵەوە؟ ئایا لێپێچینەوەو لێپرسینەوە لەکاتی ئاگاییدایە یان لە کاتی خەو؟ بێگومان لە کاتی ئاگاییدا لێپرسینەوە دەکرێ .بەڵام ئاین پێمان دەڵێ نەخێر لەکاتی خەو ، هەروەها ئایا لێپێچینەوە لە کاتی ڕوودانی کەتنەکەیە یان هەڵیدەگری بۆ

کاتێکی تر ؟ ئایا کام لێپرسینەوە کاریگەری زیاترە؟ ئاین دەیەوێ پێمان بڵێ کاریگەری لە دوا خستنیدایە .

ئینجا بۆ ئەو مەبەستە ، ئاین هاتوە کۆمەڵێک فریشتەی خەیاڵی دروست کردوە بۆ نوسینەوەی کردەوەکانمان ، تەنها بۆ ئەوەی خوا لەناخمان دوور خاتەوە ،فریشتەی بەو هەموو پاکیەوە لە شوێنی داناوە .

ئینجا لە کوێ لێپێچینەوەمان لەگەڵ دا دەکات؟ ئاین هاتوە لە صناعەی قەولەکانی ،سەرزەمینێکی فراوانی خەیاڵی دروست کردوە و تۆ بەرامبەر خوا ڕادەگرێ . تەنها بۆ ئەوەی وا هەست نەکەی کە تۆ بەردەوام خوا ئاگای لێتەو لەڕێی ویژدانەوە لێپێچینەوەت لەگەڵ دا دەکا .

ئینجا ئاین هاتوە مرۆڤەکانی کردوە بە دووکۆمەڵەو ، کۆمەڵەیەکی ڕوو ڕەش کردوەو کۆمەڵەیەکی تری ڕوو سپی کردوەو بەسازدانی ئەو مەشهەدە نیوەی مروڤایەتی فەزح و لەکەدار دەکا ،ئینجا خوا دێت و ناوی ئەو کەسە دەخوێنرێتەوە بەڕووت و قووتی حەیای دەبەن .ئەرێ هەر بەڕاست خوا بەو شێوەیە مرۆڤ موحاسەبە دەکا؟ ئایا ئەو جۆرە لێپرسینەوەیە تەندروستە .



ئەرێ خوا کاری ناتەندروست دەکا؟ یان خوا تەنها لەگەڵ تۆداو لەناحی تۆدا بەگوێتدا دەچرپێنێ بەبێ ئەوەی هیچ کەس هەستت پێ بکا؟

ئایا کام جۆر لێپرسینەوە خواییانەیە؟ ئەوەی کە ئاین داوویەتیە پاڵ خوا یان ئەوەی کە خواییە؟

ئەرێ کام جۆر لێپرسینەوە تەندروستترە ئێستا لێپرسینەوەت لەگەڵ بکرێ کەخۆت شایەدی لەسەر کردەوە بەدەکەی خۆت؟ یان تۆ مردووی و تاوانەکەت هەر لەبیر نەماوەو ئەوکەسەی کەتاوانەکەشت بەرامبەری کردوە لەبیری نەماوە ،کەچی بەبیری تۆو ئەویش دێننەوەو دووبارە برینەکە دەکولێننەوەو خوێ دەکەن بە برینەکەدا؟
لە دین دوور کەونەوە ،چونکە دین لە خواتان دوور دەخاتەوە

خوا ناتوانێ لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات .

ڕەنگە ئەم گوزارشتەی سەرەوە شۆکت بکا .یان بەلاتەوە بۆچوونێکی تازە بێ . بەهەرحاڵ شرۆڤەی دەکەین .

ئاینەکان بابەتێکیان داهێناوە بەناوی لێپرسینەوەی خوا لە ڕۆژی دواییدا .هەڵبەتە خوا هیچ پەیوەندیەکی بەو بابەتەوە نیە .چونکە ئەو بیروباوەڕە میراتی بیروباوەڕی فیرعەونەکانە دابەش بووە بەسەر ئاینەکاندا ، ئەویش لەو کاتەی کە )ئوزیریس(ی خواوەندی فیرعەونەکان بە دەستی براکەی دەکوژرێت و جەستەکەی پارچە پارچە دەکرێت و ژن و منداڵەکەی بە نهێنیەوە پارچەکان کۆ دەکەنەوەو پارچەکان لێک دەدەنەوە ،وە لەبەر ئەوەی ژنی ئوزیریسی خواوەند جادووگەرێکی بەتوانا بووەو هیچ خواوەندێک ڕزگاری نەبووە لە دەست جادووەکانی .بۆیە دەتوانێ ئوزیریس زیندوو بکاتەوەو بینێرێ بۆ ئاسمان و لەوێش

شوێنێکی خۆش بۆ خۆی دروست دەکات و هەر چل خواوەندەکەی ئەو دونیا لێی کۆ دەبنەوەو دەیکەن بە گەورەی خۆیان و ئوزیریس تەرازوێک دروست دەکا بۆ کێشانە کردنی کارو کردەوەی هەرکەسێک کە دەمرێت و دەچێتە جیهانەکەی تر پرسی لێپرسینەوە میراتی ئەو ئەفسانەیەیە کە لەنێو ئاینەکاندا بوە بە باوەڕ . بەڵام ئێمە مەبەستمان لایەنە ئەفسانەییەکەی ئەو بابەتە نیە، بەڵکو مەبەستمان لە خودی لێپرسینەوەکەیە ،کە بۆتە باوەڕ لای ئاینەکان .بۆیە منیش بە پێویستم زانی باسی بکەم .

وا گریمان ئەو بابەتی لێپرسینەوەیە ڕاستە .بەڵام ڕاستیەکی بێ ماناو بێ بنەما . چونکە هەر لەنێو خودی لێپرسینەوەکەدا، خوا ڕووبەڕووی چەندین پرسیاری جدی مرۆڤ دەبێتەوە .چۆن؟

هەڵبەتە شێوازی لێپرسینەوەی خوا بەو شێوەیە دەست پێ دەکا)) .من تۆم دروست کردو تۆم هێنایە بوون، وە ئازادی تەواوم پێ بەخشیت لە دونیا، وە ژیانی تۆ لەهەموو ڕوویکەوە فەراهەم و دابین کراو بوو .بەڵام تۆ چیت کرد؟ تۆ بۆچی وات کرد و بۆچی وات کرد؟((لەو کاتەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەی مرۆڤ دەبێتەوە کە بە خوا دەڵێت )):ئەی تۆ کە منت هێنایە بوون و دروستت کردم



ئایا پرست پێ کردم ؟ ئایا ڕەزامەندی منت وەرگرت کە بێمە دونیا یان ڕەتی بکەمەوە؟ ئایا من داوام لەتۆ کرد بوو کە بمهێنیتە دونیا؟ ئایا کەس تۆی ناچار کردبوو کە من دروست کەیت و ژیانم پێ ببەخشی ؟ ئایا پێویستی دەکرد من بهێنیتە دونیا ، لەکاتێکدا تۆ هیچ پێویستت بە من نەبوو؟ ((ئەمانەو چەندەها پرسیاری تر ، خوا دەخاتە بەردەم هەڵوێستێکی زۆر ئاڵۆز .بۆیە خوا ناتوانێ لێپرسینەوە بکا لە هیچ کەسێک ،چونکە هیچ کەس بەویستی خۆی نەهاتۆتە دونیاوە .
لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خوا بەو شێوەیە نیە کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە . چونکە ئێمە خوامان وەک مرۆڤێک لە مێشکی خۆمان دا نەخشاندووە ،ئەوەش زۆر هەڵەیە .خوا زۆر لە سەرووی ئەو جۆرە بیر کردنەوانەی ئێمەیە .وە خوا لێپرسینەوە لە هیچ کەس ناکا .چونکە ئەو مافەی نیە .

١٦١

ئاين و ترس

بێگومان ترس هۆکارێکە بۆ ئاگاداربوونەوەو ئاگادار کردنەوە. بۆ نموونە من دەترسم کەمتەرخەمی بکەم ، چونکە لەکارەکەم دەردەکرێم . من دەترسم بەهۆی هەڵوێستێکمەوە ،خۆشەویستترین کەس لە دەست بدەم . من دەترسم درەنگ بکەوم ،نەگەم بەو دەسکەوتەیەی کە پێشبینیم دەکرد. ئەم جۆرە ترسانە ،ترسی سرووشتین. بەڵام ترساندن حاڵەتێکی جیایە . ترساندن حاڵەتێکی سرووشتی نیە بەڵکو حاڵەتێکی وەهمی و تۆقاندنە . بۆ نموونە من بە منداڵەکەم دەڵێم : ئەگەر لە وانەکانت کەوتی و دەرنەچوی ، ئەوا یەک هەفتە نایەڵم نان و ئاو بخۆی. من ئەمە ترسێکی وەهمیە کە کوڕەکەمی پێ دەتۆقێنم بۆ ئەوەی بخوێنێ.

ئینجا ئاین پشت بەو ترسە دەبەستێ بۆ تۆقاندنی شوێنکەوتوانی .. ترس لەگوناهـ کە پێوەری ئاین بۆ گوناهـ پێوەرێکی میزاجیە . بە ئارەزووی خۆێ چیی پێ باش بێ یان چیی پێ خراپ بێ ، لەسەر ئەو بنەمایە گوناهـ لەچوارچێوە دەگرێ . بۆیە

بابەتەکە بەکراوەیی ماوەتەوە . بۆ نموونە (سیئات) کوا خەسڵەتەکانی ؟(ذنوب) بەدیاری کراوی چیە؟ (معصیە) وەکو چی؟ (جناح)؟ بۆ هەموو ئەم دەستەواژانە ، هەموو ئەگەرێک بە کراوەیی ماوەتەوە. بۆ نموونە : من کردەوەیەک دەکەم کە کۆمەڵگا بەلایەوە قێزەونە . ببینە کە هەریەکەو بەجورێک ئەو کردەوەیەی من تەفسیر دەکا یەکێ بە(اثم) یەکێ بە (ذجب) یەکێ بە (سیئات) وەهەروەها.. بۆیە ترس لە گوناهـ ، ترسێکی وەهمیە .

ترس لە خودا . بۆچی لە خودا بترسین؟ ئایا خودا ئێمەی بۆ ترساندن و تۆقاندن هێناوەتە بوون؟ یان ئامانجێک هەیە لە دروست کردنی مرۆڤ ؟

ترس لە جنۆکە. ترس لە قیامەت . ترس لە عەزابی گۆڕ . ترس لە قیامەت . ترس لە موحاسەبە کردن . ترس لە قەزاو قەدەر . ترس لە ئاگری دۆزەخ . ترس لە چاووزار . ترس لە لەدەستدانی ئیمان. ترس لە گومڕا بوون ، ترس لە هەڵگەڕانەوە لە دین . ترس لە بێباوەڕبوون . ترس ترس ترس ترس لەسەر ترس

ترس لە دوای ترس .ترس لە مردن . ترس لە دوا عاقیبەت .



ئەوەی کە مرۆڤی بە ئاینەوە بەستۆتەوە، تەنها ترسە. ئەوەی کە مرۆڤی کردوە بە ئیماندار ،هەر ترسە . ئەوەی کە مرۆڤی کردوە بە دیندار، هەر ترسە. ئەوەی کە مرۆڤی کردوە بە لە خوا ترس ،هەر ترسە. تەنانەت هەندێ جار زۆر بە شانازیەوە باسی (رعب- تۆقاندن)یش دەکا (وقذف في قلوبهم الرع) تەنانەت خواش تێوە دەگلێنێ بە خەشم م و توڕەیی (غضب الله عليهم) تەنانەت بە نەفرەتیش (ولعنهم) تەنانەت بە (شديد العقاب) و (شديد العذاب) کۆمەڵێک دەستەواژەی تریش.

بۆت دەردەکەوێ کە مرۆڤی ئایندار ،هەموو شتێکی لەسەر بنەمای ترسە. هیچی لەسەر بنەمای عەقڵ و مەنتیق نیە .

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم : ئاین ،ترسی لێکەیتەوە ، سەدا هەشتای شوێنکەوتوانی بە دەورەوە نامێنێ.

١٦٣

مرۆڤ مەحكومە بە زانێن

مرۆڤ تەنها مەحکومە بەو شتانەی کە دەربارەیانەوە دەزانێ ، ڕەنگە شتانێک هەبن کە مرۆڤ ئاستی زانستیان نەیکەیشتبێ پێی لەو حاڵەتەدا مرۆڤ تاوانبار نیە بەنەزانین . یان شتێک هێشتا ماویەتی بیزانێ ، ئەمە دەرخەری دەرفەتی ترە لە ژیان ،واتە تا شتێک مابێ مرۆڤ زانستی پێی نەبێ ، ئەوا دەرفەتی ژیانی مرۆڤایەتی هەرهەیە. واتە دەرفەتی ژیانی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە زانینی هەموو شتێک دەربارەی هەموو شتێک

بۆیە بەقەد هەموو نهێنیەکانی بوون و گەردوون و شتەکان ، مرۆڤایەتی هەلی بەردەوامی هەیە. کەواتە مرۆڤایەتی دەرخەری حەقیقەتی هەموو شتەکانە ، لێرەوە تێ دەگەین کە ئەرکی مرۆڤایەتی چیە.

بۆیە خۆ پەنادانی ئاین لە پەنا غەیبیات و نادیار بەبیانووی هیچ نەزانین دەربارەیان ،نابێتە پاساو بۆ باوەڕ پێ هێنانی ، چونکە ژیان هەمووی غەیبە مەگەر تەنها ئەو بەشەی کە هەستی پێ بکەین لە ڕێی هەستەکانەوە، هەربۆ نموونە پشتەسەری من کە هیچ نایبینم ،بۆ من غەیبە ، بەڵام کە ئاوڕم دایەوە دواوە و شتەکانم بینی، ئیدی غەیب کۆتایی دێ . واتە هەر کاتێک یەقین هات ، غەیب کۆتایی دێ .



بتپەرستی.

بتپەرستی واتە دۆگما بوون ،واتە چەقبەستوویی ،واتە وەستان لەشوێنێکدا ، واتە لەجووڵە کەوتن .بۆیە ئەو بتەی کە لە ناو فیکردا مۆڵگەی داناوە ، زۆر ترسناکترە لەو بتەی تاشەبەردێکە یان تەختە قوڕێک .ئەمانە تەنها ڕۆڵی چەق بەستوویی دەبینن لە ڕواڵەتدا ، بەڵام بتپەرستی بریتیە لەو ڕۆحیەتەی کە لەناوەوەی دۆگماییدا دەخولێتەوە .

سیفەتەکانیشی بریتین لە سنوردانان بۆ هەموو شتێک ،لە چوار چێوەدانی هەموو شتێک ، خۆجیاکردنەوە لەهەموو شتێک ، خۆ بە پەسەندتر زانین لەهەموو شتێک، خۆ بە گەورەتر زانین لەهەموو شتێک ،خۆ بەڕاستتر زانین لە هەموو شتێک .

نوێ بوونەوەی بت لە بەرگی تازەدا ، لەبەرگی زانست، لە بەرگی فەلسەفە، لەبەرگی ئاین ، لە بەرگی خواناسی، لە بەرگی فیکر، لە بەرگی

کلتوروفەرهەنگ وە هەموو جۆرەکانی تر .

ئەی پێچەوانەی بتپەرستی چیە؟ بێگومان پێچەوانەکەی نوێ بوونەوەی بە فێرژنی سەردەمیانەو ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی تێگەیشتن .

نوێبوونەوە، تۆپێکە بەگوێرەی بارودۆخی یاری و یاریزان دەگۆڕێ و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان لەژێر قاچێکەوە بۆ ژێر قاچێکی تر. ئەوەی کە لەلای ئێمە مایەی ئاماژە پێکردنە، بریتیە لە نوێبوونەوەی بیروباوەڕی خواناسی کە بەردەوام لە نووێبوونەوەو گۆڕاندایە بەو پێوەرەی کە باسمان کرد ،نەک وەک ئەوەی کە ئاینەکان تۆپ و کلیلێکی گەورەیان لە دەرگاکەی داوە بە )اکملت لکم دینکم(و)واتممت علیکم نعمتي(و)وخاتم النبیین(نەخێر کاروانی خواناسی بەردەوامە لە ڕۆیشتن و سەرکەوتن بە پلیکانەکانی بەرەو کەماڵ بوونی مرۆڤ بوون و خواناسی .زەمەن هەموو بیروباوەڕو دین و مەزهەبێک جێ دێڵێ و بەسەر هیچیانەوە ناوەستێ .هەر زەمەنێک و بیروباوەڕی تازە لەخۆدەگرێ لەخواناسیدا .خواناسی جیهانێکی بێکۆتایی وبەردەوامە.

١٦٥

بە ڕاستی خوا بناسە

سروەتی(الفاتحە)

بسم الله

خوا پێویستی بەناو هێنان نییە ،تا بەردەوام دەمی خۆتی وەک لاستیک بۆ شل کەی. (الرحمن الرحیم)

خوایان لەچوار چێوەی میهرەبانیدا کلۆم داوە ،وەک ئەوەی خراپەکاری بە ڕێکەوت دروست بوو بێ ، نەخێر وانیە .بەڵکو خێروشەڕ هەمووی بەویستی ئەو دروست بووە .خێروشەڕ بەردەوام لە پێشبڕکێ دان نەک ململانێ. (الحمد لله رب العالمین)

خوا پێویستی بە مەدح و سەناو پیاهەڵگوتن نییە .ئەوە ئێمەین پێویستمان پێیەتی تا دەروونمان ئارام بێتەوەو لە ڕێی زانینەوە چێژ لە مەدح و سەنای خوا وەرگرین

(مالک یوم الدین)

خوا پاشاو سەرکردە نییە .چونکە پاشاو سەرکردە تەنها بۆ کۆمەڵەیەکی دیاری کراوە .خوا،خوایە.خوای هەموو شتێک

(اياك نعبد)

خوا پێویستی بەکۆیلایەتی نییە.بەڵکو یاساکانی خوا پێمان دەڵێن :کە کۆیلایەتی چەندە قێزەونەو خوا پێی خۆش نیە.

(واياك نستعين)

خوا هەموو پێداویستیەکانی یارمەتی دانی بۆ فەراهەم کردووی،بۆیە هەرگیز خەیاڵی ئەوە نەکەی کە خوا ڕاستەوخۆ یارمەتیت بدات .داماو تۆ کە ئەو هەموو پێداویستیانە فەرامۆش دەکەی، چۆن خوا یارمەتیت دەدات؟تۆ کە نەتوانی سوود لەو هەموو یارمەتیانە وەربگری ،خوا چۆن یارمەتی کەسێکی بێ سوود دەدات؟



(اهدنا الصراط المستقيم)..

خوا ڕێنموویی کەس ناکا بۆ ڕێگەی ڕاست .چونکە هەرکەسەو ڕێگەی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێیدا گوزەر دەکا .ڕێگەی خوا تەنها یەک ڕێگە نییە بەڵکو بێکۆتایە.

(صراط الذين انعمت عليهم)

خوا کەسی لەکەس جیا نەکردۆتەوە بەهۆی پیسی و پاکی ، بەڵکو کێ بتوانێ نیشانەکە بپێکێ ، ئەوە ویستی خوای وەدی هێناوە.

(غير المغضوب عليهم)

خوا خەشم و قینی لە هیچ بوونەوەرێک نییە، بەڵکو ئەوە خۆتی کە خۆت دەکەیتە کەسێکی خۆشەویست ،یان کەسێکی قزەون.

(ولاالضالین)
خوا سەر لە کەس ناشێوێنێ ،لە بۆسەدا نیە لە هیچ کەس .ئیستیدراجیش لە دژی هیچ بوونەوەرێک بەکار ناهێنێ .خوا ڕق و تۆڵەی نییە .بەڵکو ڕق و تۆڵەی وەک کەرستەیەک خستۆتە نێو بوونەوەران ، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرز و نزمی کەسایەتیە لەنێو خودی ئەو بوونەدا.

)آمین(لە کۆتاییدا دەڵێم :خوا وەڵامی هیچ دوعایەک ناداتەوە.چونکە یاساکانی خوا، هێندە ئەندازەیین، دەرفەتی بۆ هیچ ڕەخنەیەکی بەشەری نەهێشتۆتەوە .تا پێی وابێ خوا لە شوێنێک هەڵەی کردوەو بە دوعاکەی ئەو ،خوا بەهەڵەکەی خۆیدا دەچێتەوە.



دونیای ڕازاوە یان خەیاڵی ڕازاوە .

پیاوانی ئاینی ، لەسەر بنەمای (اعلموا انما الحاة الدنیا لعب ولهو وزینَةٌ وتفاخربینکم وتکاثر في الاموا والاولادِ كمثل غیث اعجب الكفارَ نباته ثم یهیجه فتراه مصفرا ثم یکونُ حطاما وفي الآخرةعذاب شدید ومغفرةٌ من اللهِ وَرِضوانٌ وَما الحیاة الدنیا الا متاع الغرورِ(٢٠) الحدید

دونیا بەبێ نرخ و گاڵتەجاڕی و ڕازاوەیی لە قەڵەم دەدەن و بانگەواز بۆ شوێنکەوتوانی ئاین دەکەن ودەڵێن :بە ڕازاوەیی دونیا فریو مەخۆن .لەکاتێکدا هەر ئەو دونیایە خوا ڕازاندویەتیەوە بۆ سوودو چێژ لێ ببینین بە جەستەو عەقڵ

ئینجا پیاوانی ئاینی خەیاڵیان لە مرۆڤ کردۆتە ئیمان و یەقین لەسەر بنەمای (الذين يقيمون الصلاة ويؤتون الزكاةَ﴿ وَهم بالآخرة هم يوقنونَ (٤) ﴾لقمان

وەبە ئارەزووی خۆیان،خەیاڵی دونیاکەی تریان ڕازاندۆتەوەو پڕیان کردوە لە داروبارو حۆری و ویلدان وغیلمان چی وچی.

دەپرسم ئەریٚ ، ئەو دونیایە کە لەبەرچاومانەو خوا بۆ ئەو مەبەستە ڕازاندویەتیەوە کە سوودو چێژی لێ ببینین ، باشترە یان خەیاڵێک کە هیچ سلکێک نیە مرۆڤ بە دونیایەکی خەیاڵی لەوشێوەیە ببەستێتەوە جگە لە خودی خەیاڵ؟



گەردوون ژوورێکی تاریکە، کە پڕیەتی لەهۆکارەکانی بوون

بە ڕووناک بوونەوەی، هیچ نهێنیەک نامێنێ و هەموو شتێک ئاشکرا دەبێ.

بێنە پێش چاوی خۆت .تۆ لە ژوورێک دای کە پڕیەتی لە هۆکارەکانی بوونی ژوورەکە ،بۆ نموونە وەک :دیوارەکان ، بنمیچی ژوورەکە، دەرگاوپەنجەرە، مافوورو ڕایەخە ڕاخراوەکان.کۆمەڵێک شتی تر .بەڵام ئەگەر گڵۆپی ژوورەکە بکوژێنیتەوە، ئەوا بێگومان لەنێو تاریکیەکەدا هیچ هۆکارێک بۆ بوونی ژوورەکەو قەبارەو ڕووبەری ژوورەکە، ناکەوێتە بەر چاوت .ئەگەر لەو حاڵەتەدا لایتێک بگری بە دەستەوەو بتەوێ ژوورەکەی پێ ڕووناک بکەیتەوە، ئەوا تەنها ئەو خاڵەت بۆ ڕووناک دەکاتەوە کە تیشکی ڕووناکیەکەی دەکەوێتە سەر ،واتە

تەنها هەست بە بوونی هۆکارەکانی ئەو ژوورە دەکەی بە گوێرەی ڕووناکیی لایتەکە .کە ڕەنگە تیشکی لایتە لە هەزار بەش تەنها یەک بەشی ژوورەکەو لە گۆشەیەکەوە ، هۆکارەکانی بوونی ژوورێکت بۆ دەرخا .

هەر بەهەمان شێوە .گەردوون بریتیە لە ژوورێکی گەردوونی تاریک .کە پڕیەتی لە هۆکارەکانی بوونی گەردوون .بەڵام تۆ تەنها هەست بە بوونی هۆکارەکانی گەردوون دەکەی ، بەگوێرەی تیشکی ئەستێرەکان کە تەنەکانی چوار دەوری خۆیان ڕۆشن دەکەنەوە .بەو پێیە ئەگەر خوا تەواوی گەردوون ڕووناک کاتەوە ، ئەو کاتە تۆ هەموو نهێنیەکانی بوونی گەردوونت بۆ دەردەکەوێ .پەردە لادان لەسەر ڕووی نهێنیەکان بەهۆی ڕۆشناییەوە دەبێتە سەلمێنەری هەموو ڕاستیە بنچینەییەکانی دروست بوونی بوون .من پێم وایە کە کاتی ئەوە دێت خوا پەردە لەسەر ئەو نهێنیانە لادا بە ڕووناک کردنەوەی تەواوی گەردوون.

١٦٩

ئایا مرۆڤ بە ڕاستی و دروستی دروست بووە یان بەهەڵە؟

ئەگەر لە سرووشت بڕوانین ،دەبینین یاساکانی خوا بەڕێک و پێکی و ئەندازەگیریەکی زۆر جوان و نایاب دروست بووە . نەک هەر لە خولانەوەی هەسارەکان لە خولگەکانی خۆیانەوە ، بەڵکو لە خولانەوەی تەنەکان بە دەوری خۆیانەوە ، هیچ هەڵە و کەم و کوڕیەک نە لەکات و نە لە شوێنیان دا نیە . ئەگەر وردتری کەینەوە ، تەنانەت لەنێو داروبارو ئاوو دەریاو باڵندەو ئاژەڵانیش ئەو ڕێک و پێکیە لە جێبەجێ کردنی یاساکانی خوادا هەیە . هەر کۆمەڵە گیانەوەرێک یاساکانی خۆی بەشێوەیەکی سرووشتی دەزانێ چیەو بێ سێ و دوو جێبەجێی دەکا.

بەڵام مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەموو ژیری و پێشکەوتنەیدا، بەقەد گیانداریکی وەک هەنگ نازانێ یاساکانی خۆی چیە . بەدرێژایی مێژوو سەرگەردانە بەدوای یاسایەک کەهەمووان بەیەک ئاراستەدا بەرێ. لەگەڵ ئەو هەموو یاسایانەی کەهەیە چ لەنێو ئاین ،چ لە دەرەوەی ئاین. کەچی مرۆڤ بوونەوەرێکی ناڕێک و پێک و بەربەریە.

ئەگەر لە ڕووی فیکرو مەعریفەو فەلسەفەو زانستەوە سەیری کەین ، ژیرترین بوونەوەری سەر ڕووی زەویە. بەڵام ئەگەر لە ڕووی ڕێک و پێکی لە یاسایەکی تایبەت بەشوناسی مرۆڤ بوون ، دەبینین هەر لە خولانەوەدایە ،بەدەوری بازنەیەکی بەتاڵ دا.

بەڵام لەڕووی ژیریەوە پڕیەتی لەکەم و کوڕی لە بیرچوونەوەو هەڵە کردن و هەڵەتێکەیشتن و هەست نەکردن بەزۆر شت کە گیاندارانی تر هەستی پێ دەکەن. لە ڕووی سرووشتی گیانەوەریشەوە ، سەر بەهیچ گرووپێکی گیانەوەری نیە لەو یاساو ڕێسایانەی کە بۆتە داب و نەریت لایان و بۆتە شوناسیان و کیانلەبەرانی پێ دەناسرێنەوە.

مرۆڤ تەنها تێکەڵەیەکی هەڵیت و پەڵیتە لەنێوان ئاژەڵ و جۆرە بوونەوەرێکی هۆشمەمەندی بێ کەم و کوڕی . بەڵام لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ زوونەدا ،



بوونەوەرێکی لێ دەرچووە کە نە بوونەوەرە ژیرە بێ کەم و کوڕیەکەیە، نە گیانلەبەرە ڕام بووەکەی یاساکانی سرووشتەو نە یاسای تایبەت بەخۆی هەیەو نە یاساکانی خۆی دەزانێ چیە.

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن : مرۆڤ خوا نەیخوڵقاندوە ، بەڵکو بوونەوەرانێک پێتاندوویانە لەنێوان ژیری خۆیان و ئاژەڵێتی زەمین و ئەو جۆرە مەخلوقەی لێ دەرچووە، هەڵەو کەم و کوڕیەکانی مرۆڤ ،لەگەڵ بێ هەڵەیی و بێ کەم وکوڕی کارسازی خوا یەک ناگرێتەوە. بۆیە من هەرگیز پێم وانیە کە خودا لەو جۆرە مەخلوقە بپرسێتەوەو ڕۆژێک هەبێ بەناوی ڕۆژی سزاو پاداشت و لێپرسینەوە. بەڵام ئایا دەکرێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا ، بوونەوەرێک بخولقێ ؟ بەڵێ بێنە پێش چاوی خۆت هەر مرۆڤە داهێنانکاری کردوە لە جووت کردنی کەرو

ماین و ئەسپ و کەر و لە ئەنجام دا مرۆڤ توانیویەتی  لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا جۆرە ئاژەڵێک بەرهەم بێنێ کە پێی دەڵێن (هێستر) هەڵبەتە ئەو هێسترە لەهەندێ ڕووەوە لە ماین و ئەسپ باشترە و بارگین بوون ، وەڵە هەندێ ڕووس لە کەر باشترە لە ڕووی باڵا بەرزی و ڕەوهانی. بەڵام لە هەردووکیشیان خراپترە چونکە نەزۆکە . مرۆڤیش لە هەمان حاڵەتدایە.

ئەمە لە کۆندا. بەڵام لە ئێستاشدا شارستانیەت ڕەنگە بگاتە ئاستێک کە مرۆڤ لە سپێمی مرۆڤ و هێلکۆکەی ئاژەڵێکی تر ، بتوانێ بوونەوەرێکی تر ، بخوڵقێنێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی خوا ، بەڵام ئایا خوا ئەمەی پێ ناخۆشە؟ نەخێر . چونکە ئەگەر پێی ناخۆش بێ نایهێنێتە بوون وەک هێسترەکە . بەڵام ئایا لێی دەپرسرێتەوە کە لە دەرەوەی یاساکانی خودایە ؟ دیسان نەخێر ، هەروەک چۆن هێسترەکە ، گیانەوەرێکی بێ گوناهە ،چونکە خۆی هۆکاری بوونی خۆی نەبووە. بەهەمان شێوە. پێم وایە مرۆڤ خۆی هۆکاری بوونی خۆی نیە بەو شێوەیەی ئێستای . بۆیە لێپرسینەوە لێی ،شتێکی بێ مانایە.



مرۆڤ بوونەوەرێکی پیتێنراوە لەلایەن ئەنوناکیەکانەوە

سەرەتا پێویستە بزانین بوونەوەرە ئاسمانیەکان چین؟ لەکوێوە هاتون؟ چۆن هاتون؟ بۆچی هاتون؟ وە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە ، پشت بە چ سەرچاوەیەک ببەستین.
زانایان بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو کۆمەڵەیەی خۆری ئێمە هەسارەیەکی تری تێدایە هەروەک زانای گەردوونی بۆب هارینگتۆن(bob Harrington)وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە کاتێک تیۆریەکی گەردوونی دانا کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە :ئەم هەسارە نادیارە (Planet x)لە تەوەرەیەکی هێلکەیی زۆر تیژدا دەخولێتەوەو تەوەری خولگەکەشی یەکتربڕە (croos)لەگەڵ خولگەکانی

هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆرەکەمان بۆیە لێرەدا ترسناکی ئەم هەسارە نادیارە (هەسارەی دەردەکەوێت.x)

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوەوە، لە لایەن ناوەندی چاودێری دەریایی (المرصد البحری) (naval observatoy)هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە، بە دڵنیاییەوە ناڕێکی خولگەکانی هەردوو هەسارەی (ئۆرانۆس و نیبتۆن ) دووپاتکرایەوە( .تۆماس فلاندێرن )Thomas C. van Flandernزانای گەردوونناس لەم ناوەندی چاودێریە .لەمبارەیەوە گوتویەتی(تەنها لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردەیە، بوونی هەسارەیەکی نەدۆزراوەیە )هەروەها زانای

گەردوونناس( ڕۆبێرت هارینگتۆن )Robert Harrengtonی هاوکاریشی ، بۆ چوونی وایە کە پێدەچێت ئەم هەسارەیە، هەسارەی دەیەم بێت ..قەبارەی ئەم هەسارەیە ( ٢بۆ ٥ ) ئەوەندەی قەبارەی هەسارەی زەوی بێت، خولگەیەکی هێلکەیی زۆر گەورەی هەبێت کە مەزەندە دەکرێت بە دووری (پێنج ملیار میل ) لەو دیوی هەسارەی پلۆتۆوە

سۆمەریەکان(٦٠٠٠ )هەزار ساڵ بەر لە ئێستا باسی کۆمەڵەی خۆرەکەمانیان کردوەو وێنەی ئەم سیستەمی خۆریەیان کێشاوە .ئەوان لە باس و وێنەکانیاندا، ڕێک هەروەک ئەوەی کە ئێستا زانستی گەردوونی پێی گەیشتوە، وەسفی



کۆمەڵەی خۆرەکەمان دەکەن .بەڵام لە وەسف کردنەکەی ئەواندا ، هەسارەیەک

زیاترە لەوەی ئێمە کە هەسارەی دەیەمە .سۆم نیبیرو مریەکان ئەم هەسارەیەیان ناو ناوە(نیبیرو )وشەی یاخود دەستەواژەی(نیبیرو )واتە(هەسارەی تێپەڕین) (Planet of the crrosing)

ئەو وەسفەی سۆمەریەکان بۆ هەسارەی(نیبیرۆ) ڕێک یەک دەگرێتەوە لەگەڵ شێوەو خەسلەتەکانی هەسارەی دەیەم (planet X)کە ئێستا زانایانی گەردوون لە قوڵایی کۆمەڵەی خۆرەکەماندا بەدوایدا وێڵن .زاناکانی بواری گەردوونناسی،

قورسی و ئاڵۆزی دۆزینەوەی ئەو هەسارەیە دەگەڕێننەوە بۆ شێوەی خولگەکەی کە شێوە هێلکەییەکی تیژە، هەروەک بۆ چوونە زانستیە دێرینەکان و هاوچەرخەکانی گەردووناسی دووپاتیان کردوە.

زەکەریا سیچین لە ساڵی١٩٧٦دا کتێبێکی بەناوی دوازدەهەمین هەسارە چاپکردوە.
بە گوێرەی تێکستە وەرگێراوەکانی (سیچین )لە تێکستە دێرینە سۆمەریەکانەوە کە ئەوانیش لە تێکستە ئەنوناکیە دێرینترەکانەوە وەریانگرتوە، بەشێوەی چیرۆکێکی ئەفسانەیی باسی پێک هاتنی کۆمەڵەی خۆرەکەمان دەکەن

ئەنوناکیەکان و سۆمەریەکان ڕێک وەک تیۆریە زانستیەکانی فیزیای گەردوونی ئەمڕۆ، باسی ئەم ڕووداوە گەردوونیە دەکەن .

ئینجا هەربەهەمان شێوەی تیۆریە زانستیە هاوچەرخەکان، سۆمەریەکان و ئەنانوکیەکان(بوونەوەرە ئاسمانیەکان)پێیان وابووە کە ئەستێرەو هەسارەکان، لەو هەورە گەردیلەییە گەردوونیەوە هاتونەتە پێک هاتن .بەڵام تێکستە سەرەتاییە ئەفسانەییەکان بە ئاوی سەرەتایی ناوی دەبەن ،واتە جیاوازیەکە تەنها لە دەربڕینی چەمک و دەستەواژەکان هەبووە ، ئەگینا هەریەک بنچینەی زانستیان هەیە.
لەم تێکستە دێرینەدا کە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ تیۆریە زانستیە گەردووناسیەکانی ئەنوناکیەکان کە مێژووەکەی نادیارە پێدەچێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەدان هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە کۆمەڵەی



خۆرەکەمان دا سەرەتا خۆر پێک هاتوە پاشان هەسارەی تیامات کە بە دایکی سەرجەم هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرەکە دەیشوبهێنێت، هەروەها لە نزیک خۆریشەوە هەسارەی عەتارد بوونی هەبووە

.هەسارەی تیامات ،یەکەم هەسارە بووە کە لەم کۆمەڵەی خۆرەماندا هاتوەتە پێکهاتن و ئێستا بوونی نییە .بە گوێرەی ئەم تێکستە، شوێنی ئەم هەسارەیە لە جێگەی کەمەرەی هەسارۆچکەکان بووە، واتە لە نێوان هەسارەی مەریخ و موشتەری بووە .ئەم هەسارەیە(تیامات )بە بڕێکی زۆر .دوو ماددەی زۆر گرنگی تێدا بووە .یەکەمیان کانزای ئاڵتون و دووەمیشیان ئاوە.

له پاش تیامات و عەتارد ، مەریخ و زوهره هاتوەتە پێکهاتن .پاشان هەردوو هەسارەی زوحەل وموشتەری هاتونەتە پێکهاتن .پاش ئەمانەش ئۆرانۆس و نیبتۆن پێکهاتون، واتە پاش تیامات و عەتارد .سێ جمکە هەسارە هاتونەتە بوون کە لە تێکستەکەدا وەک سێ هاوسەر دەیانخاتە ڕوو،وەک (لاهمو لاهاموو(، ) ئەنشاروکیشار(، )ئان و ئانتو )شایانی ئاماژە بۆ کردنە ،ئەم ناوانە بریتیە لە پەیکەری خێزانی خانەوادەی پاشای هەسارەی نیبیرو .

ئەم تیۆریە گەردوونیەی ئەنوناکیەکان(بوونەوەرە ئاسمانیەکان )وا دەردەخات کە پەیکەری سەرەتایی کۆمەڵەی خۆرەکەمان ،پێک هاتوە لەهەشت هەسارە .بەڵام ڕێک ئەو هەشت هەسارەیەی ئێستا نەبووە، چونکە لەو سەرەتایەدا، خولگەی هەسارەی زەوی بەتاڵ بووە .چونکە هەسارەی زەوی بوونی نەبووە .هەروەها کەمەرەی هەسارۆکەکانیش بوونی نەبووە .هێشتا سیستمی خولگەی هەسارەکانیش بەتەواوی ڕێک نەخراوەو جێگیر نەبووە، هەروەها هەسارەی پلۆتۆش کە ئەوان ناوی(گاگا)یان لێناوە، هێشتا یەکێک بووە لە مانگەکانی هەسارەی زوحەل. وەلەتێکستەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە گشت ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پەیکەرو سیستمی کۆمەڵەی خۆرەکەماندا هاتوە کە لە شێوە سەرەتاییە ناجێگیرەکەیەوە گۆڕیویەتی بۆ ئەم شێوە جێگیرەی ئێستای .لە ئەنجامی هاتنی هەسارەیەکی نامۆوە بووە کە لە شوێنێکی دوورەوە هاتوەتە ناو کۆمەڵەی خۆرەکەمانەوە، ئەم هەسارە نامۆیەش ، هەسارەی نیبیرۆیە.



لەم تێکستە دێرینەدا وا باس دەکرێت کە هەسارەی نیبیرۆ هەسارەیەکی درەوشاوەیەو قەبارەیەکی گەورەشی هەیە .لە شوێنێکی دوورەوە .لە کۆمەلەی خۆرێکی دیکە دادەبڕێت و ڕووەو کۆمەڵەی خۆرەکەمان دێت .لە لای هەسارەی نیبتۆنەوە دێتە ناو کۆمەڵەی خۆرەکەمان .کاتێک کە دێتە ناو کۆمەڵەی خۆرەکەمان، پشێویەکی گەورە دەهێنێتە کایەوە .لە ئەنجامدا بەهۆی هێزی کێشکردنەکەیەوە، چوار مانگی بۆ دروست دەبێت و هەسارەی(پلۆتۆ)ش کە یەکێک بووە لە مانگەکانی زوحەل، لە خولگەکەی دەپچڕێت و دەردەپەڕێت .لە ئەو دیوی هەسارەی نیبتۆن جێگیر دەبێت، پاشان بە هاوەڵیی چوار مانگەکەی،

بەرەو هەسارەی تیامات دێت کە ئەویش یازدە مانگی هەبووە، لە ئەنجامی ئەم هێرشەی هەسارەی نیبیرۆدا لە کۆمەڵەی خۆرەکەماندا ، جەنگێکی گەورەی هەسارەکان دەقەومێت، لەم جەنگەدا هەسارەی تیامات بە هێزی کێشکردنەکەی یەکێک لە مانگەکانی نیبیرۆ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت .لە ئەنجامدا پیاکێشانێکی زۆر گەورە دێتەکایەوە .لە ئەنجامدا هەسارەی تیامات دەبێت بە دوو لەتەوە .بەشی سەرەوەی هەسارەکە کە بە زۆری کانزای ئاڵتونی لە خۆ گرتوە، لەگەڵ یەکێک لە مانگەکانی بەرەو لای خۆر دەردەپەڕن و لەم خولگەیەی ئێستای هەسارەی زەویدا جێگیر دەبێت و بەشی خوارەوەشی دەبێت بە هەزاران پارچە( هەسارۆچکە)و هەر لە شوێنی ڕووداوەکەدا هەر لە خولگەی هەسارە تێکشکاوەکەدا(تیامات )پشتوێنەی هەسارۆچکەکان پێک دەهێنێت .بەم جۆرە هەسارەی زەوی ئێمە لە دایک دەبێت و هەسارەی(پلۆتۆ)ش لە خولگەی کێشکردنی هەسارەی زوحەل دەردەچێت و دەبێت بە هەسارەی نۆیەم .هەروەها خولگەکانی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرەکەشمان ڕێک دەبێت و جێگیر دەبێت و هەسارەی نیبیڕۆش بە خولگەیەکی هێلکەیی زۆر گەورە، دەبێت بە دوورترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆرەکەمان و ئەو بوونەوەرە زیرەکانەش کە پێیان دەگوترێت(ئەنوناکی )لەسەر ئەم هەسارە خۆهەڵقورتێنەرەدا(نیبیڕۆ )دێنە بوون.

زەکەریا سیچین وەک توێژەرو لێکۆڵەرەوەیەک بە خوێندنەوەیەکی زانستیانەی نوێ بۆ تێکستە بزماریە دێرینەکانی سەر تاتە قوڕەکانی پاشماوەی سۆمەریەکان



ئەو تەلەسمە ڕۆحیە دەشکێنێت و لە ڕوانگەیەکی زانستیانەوە بۆچونێکی لۆژیکیانەی نوێمان دەخاتە بەردەست.

زەکەڕیا سیچین لە ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لە تێکست و پاشماوە هونەریەکانی سەر تاتە قوڕەکانی سۆمەر بەجێماون

گریمانەی بوونی هەسارەی نیبیرۆمان بۆ دەخاتە ڕوو.لە کتێبەکەیدا بەناوی (کتێبە ون بووەکەی ئەنکی )The lost book of enkiباس لە بوون و ژیان و سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری ئەو بوونەوەرە زیرەکانە دەکات کە لە لای سۆمەریەکان بە ئەنوناکی ناو نراون .

ئەم کتێبە (کتێبە ون بووەکەی ئەنکی )لەوانەیە وەڵامێکی ڕوون بێ بۆ گەلێک پرسیاری میتافیزیکی ناڕوون .هەسارەی نیبیرۆ یەکێکە لە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆری خۆمان .بە ڕیزبەندی هەسارەکان لە خۆرەوە، دەیەمین هەسارەیە پاش هەسارەی پلۆتۆیە، خولی ئەم هەسارەیە بە دەوری خۆردا کە بە (شار )ناو هێنراوە، زۆر گەورەیە .هەر خولانەوەیەکی تەواوی ئەم هەسارەیە بە دەوری خۆردا، ماوەی(٣٦٠٠ )ساڵی هەسارەی زەوی دەخایەنێت. ئەم کتێبە بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

وشەکانی ئیندوبسار (Enubsar)گەورەی نوسەرەکان(ڕەنگە ئەم نوسەرە مەبەست لەیەکەم پێغەمبەربێ لەسەر زەوی کە لەلایەن ئەنوناکیەکانەوە دەست نیشان کرابێ) کوڕی شاری ئەریدۆ، خزمەتکاری ئەنکی(Enki)خودا، مەزنترین خوا

لە ساڵی حەوتەمی پاش کارەساتە گەورەکە، لە مانگی دووەم ، لە ڕۆژی حەڤدەهەم، لە لایەن گەورەم ئەنکی خوداوە بانگهێشت کرام، یەزدانی مەزن،هێنەرەبوون و(خالق)و ڕاستگۆکار بۆ مرۆڤایەتی، لەناوبەرو میهرەبان .لە نێو ئاپۆڕای ئەریدۆ بووم، ئەوانەی کە بەرەو قەدپاڵە ڕووتەڵەکان هەڵاتن کاتێک کە (بای شەڕ-کە مەبەست هەوری ئەتۆمی ڕووەو خۆرهەڵات بەرەو سۆمەر



دەهات )لە شار نزیک بووەوە لە دەشت ودەردا بۆ چیلکەودار دەگەڕام بۆ خۆگەرمکردنەوە .سەرم هەڵبڕی،ڕوانیمە ئەو گەردەلوولەی (مەبەست ئامێرێکی هەڵفڕیو لە شێوەی هەلیکۆفتەر لەلایەن ئەنوناکیەکانەوە )کە لە باشوورەوە دەهات، تیشکێکی سووورباوی بە دوای خۆیدا پەلکێش دەکرد، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات پاش گەیشتنی بۆ سەر زەوی، چوار قاچی لە ژێر سکیەوە(واتە چوار تایەکەی )بڵاو کردەوە .تیشکەکە نەماو خۆمدا بەزەویدا، کڕنۆشم برد .چونکە دەمزانی دەرکەوتنێکی یەزدانیە(هەر ئەو بیروباوەڕەیە کە تا ئێستاش خەڵک پێیان وایە کە خوا لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە ئاسمانی ئێمە، چونکە لەو سەردەمەدا ،سەرکردەی بوونەوەرە ئاسمانیەکان، لای خەڵکی سەرزەوی بە خواوەند دەزانرا، لە کاتی پێویست دا ،ئەوە جوانتر ڕوون دەکەینەوە)

کاتێک چاوم هەڵبڕی، دوو نێردراوی یەزدان لە نزیکمەوە وەستا بوون(وا دیارە هەر ئەو دیدەنیەی مرۆڤ بۆ بوونەوەرە ئاسمانیەکان کە بوونەوەری نامۆ بوون ،بەفریشتە لێک بدرێتەوە )ڕوومەتی مرۆڤیان هەبوو.جل و بەرگەکانیان بریقەدار بوو(ئەم بریقەداریە لە بیروباوەڕی خەڵکەکە لە دواییدا گۆڕاوە کە ئەم فریشتانە لە ڕووناکی دروست بوون )وەک مسی زاخاوکراو، بەناوی خۆم بانگیان کردم . قسەیان لەگەڵ کردم و پێیان گوتم :تۆ لە لایەن ئەنکی خوداوە (سەرکردەی ئەنوناکیەکان )بانگێشتکراوی ، مەترسە چونکە تۆ پیرۆزی، ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی بەرزت بکەینەوەو بتبەین بۆ شوێنی پشوودانەکەی لە زەوی ماجان ( ئەمەش واتای میعراجی لێ کەوتۆتەوەو ڕەنگە هەر پێغەمبەرێک کە ئەوان هەڵیان بژاردبێ بۆ پێغەمبەرایەتی لەسەر زەوی هەموویان لەگەڵ خۆیان بردبێ بۆ ئەو شوێنە، کە لە دواییدا بۆتانی ڕوون دەکەینەوە کە مەبەستیان لە کردنی مرۆڤ پێغەمبەر لەسەر زەوی چ بووە )بۆ دوورگەی ناوەڕاست ڕووباری ماجان ئەو شوێنەی کە حەوزەکانی لێیە (واتە :جنات تجري من تحتها الانهار) کاتێک ئەوان قسەیان دەکرد، گەردەلوولەکە(دەفرە فڕیوەکە )وەک گالیسکەیەکی ئاگرین بەرز بووەوە دیار نەما(کە لە فەرهەنگی ئاینی ئێمەدا کراوە بە بوراق، هەروەک لە فەرموودەکاندا وادەردەکەوێ کە لەگەڵ یەک شەقەی باڵ ،لەبەر



چاوان ون بووە هێندە خێرا بووە، کە ئەمە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ خێرایی دەفرە فڕیوەکان )پاشان دەستیان گرتم و هەریەکە دەستێکی گرتم ، ئینجا هەڵیانگرتم و بەخێرایی بەرزیان کردمەوە بۆ نێوان زەوی و ئاسمان، هەروەک چۆن هەڵۆ بەرز دەبێتەوە .دەمتوانی ئاوەکان و چیاو دۆڵەکانی سەرزەوی بەتەواوی ببینم لە دوورگەیەکی سەر ڕێگەی ماڵی خودای گەورە دایانگرتم.کاتێک دەستیان بەردام، نوقمی نورێک بووم ، هەرگیز لەوەو پێش نەمبینیبوو

لە کاریگەریەکەیدا، خۆم پێ ڕانەگیرا، کەوتم، هەروەک بڵێی گیانم لێم جیا دەبووەوە .هەروەک لە خەوێکی قووڵ خەبەرم بووبێتەوە بە دەنگێک کە بانگی دەکردم ..هەستی ژیانم بۆ هاتەوە .لە شوێنێک بووم وەک داخراو وا بوو .تاریک

بوو، بەڵام ڕووناکی تریفەیەک هەبوو(ئەم حاڵەتەیان پیشانی پێغەمبەری ئیسلامیش داوە، بۆیە کاتێ لێی دەپرسن تۆ لە شەوڕەویەکەدا خوات بینی؟ ئەویش دەڵێ :اني رأيت نورا .واتە :من نورێکم بینی .یان دەڵێ :اني رأيته نورا..واتە من بینیم کە نوور بوو . ) .جارێکی تر بە دەنگێکی قوڵتر بانگی کردمەوە، وێڕای ئەوەی دەمتوانی گوێم لە دەنگەکە بێت، بەڵام نەمدەتوانی بزانم، نە سەرچاوەی دەنگەکە لە کوێوەیە ، نە قسەکەرەکەش کێیە .گوتم :من لێرەم .

پاشان دەنگەکە پێی گوتم :ئیندوبسار، نەوەی ئاداپا (Adapa)هەڵمبژاردویت بۆ ئەوەی ببیت بەنووسەرم (هەروەک لە تێکستە ئاینیەکانیش باس لەو هەڵبژاردنە کراوە کەتەنها چینێکی تایبەت لەنێو مرۆڤەکان بۆ ئەو کارە هەڵبژێردراون، کە لە قورئان دا بە(اصطفى )ئاماژەی بۆ دەکا هەروەک دەڵێ:إِنَّ اللَّهَ ☜اصطفىٰ آدَمَ وَنوحا وآل ابراهيم وآل عمران على العالمينَ(٣٣) ال عمران☞

بۆ ئەوەی وشەکانم لەسەر تابلۆکان بنوسیتەوە (ئەمەش بە دەستەواژەی "الکلمة"لەنێو پەیامە ئاسمانیەکان دا ئاماژەی پێدراوە ، بۆ نموونە کە دەڵێ:وَجعلَ ☜كلمَةَ☞اللذين كفروا السفلى ۗ وَ ☜كلمة اللَّهِ☞ هي العليا ۗ وَالله عزيزحكيمٌ (٤٠)التوبە (یان کە دەڵێ:لهم البشرى في الحياة الدنيا وَفي الآخرَةِ ۚ لا تبديلَ ☜لكلمة اللَّهِ ☞ ۚ ذَٰلك هو الفوز العظيمُ(٦٤) یونس



ئینجا ئیندوبسار بۆ ماوەی چل ڕۆژو چل شەو بەردەوام دەبێت لە نوسینەوەی وشەکانی ئەنکی.بە قەڵەمێکی یەزدانی بێ هاوتا (کە لە هەندێ فەرموودەدا باس لەو قەڵەمە دەکرێت و بە یەکێک لەو چوارشتە بنەڕەتیە دادەنرێ کە خوا -مەبەست ئەنکیە-دروستی کردوون ،وەک :عەرش وکورسی و قەڵەم و لەوحولمەحفوز )لەسەر تابلۆیەکی بەردی نەرم

.لە تابلۆی یەکەم لە (کتێبە ون بووەکەی ئەنکی )بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دروست بوونی هەسارەی نیبیرۆو پێکهاتنی بەرگە هەواکەی و تێپەڕ بوونی بە چاخەکانی بەستەڵەک و پاشان گەرم بوونەوەی، هەروەک هەسارەی زەویە.

پاش تێپەڕبوونی چەندان سەردەم لە پێکهاتنی هەسارەی نیبیرو، بوونەوەرە زیرەکەکانی سەر ئەو هەسارەیە هاتوونەتە بوون .ئەوانیش لە سەرەتادا هەروەک مرۆڤە سەرەتاییەکانی هەسارەی زەوی بوون .هەروەک ئاژەڵ دەژیان، هیچیان نەدەزانی، پاشان بەشێکیان کاری وەرزێریان کردوەو بەشێکیشیان ئاژەڵداری .پلە بە پلە هەنگاو بە هەنگاو، فێری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای بەرز بوون .سەرەتا (دار) چەکی دەستیان بوو، پاشان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاکەیانەوە، چەکەکانیان بووە بە مووشەک و تیشک و ئەتۆم .

هەروەک لە گێڕانەوەی-زەکەریا سیچین-دا دەردەکەوێت ، سرووشتی پێکهاتەی دەروونی و هزری بوونەوەرە ژیرەکانی هەسارەی نیبیرو، لە حەزی دەسەڵاتداری و فراوانخوازی و کێشمە کێش و ململانێی سیاسی و سەربازی لە پێناو سەپاندنی دەسەڵات، هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ مرۆڤەکانی هەسارەی زەوی.
ئەنوناکیەکان پاش کارەساتی شەڕی خوێناوی و وێرانکاری ، لایەنە شەڕکەرەکان لەسەر مێزی گفت و گۆو دانوستان دانیشتن .گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی ئەگەر یەکنەگرن و ئاشتی بەرقەرار نەبێ، ژیان لەسەر هەسارەکەیان کۆتایی پێ دێت .
بۆیە بە سیستەمێکی دیموکراسی هەردوو گەلی باکوور و باشوور



ئینجا هەردوو گەلی باکوورو باشوور پاشایەکی سەرتاسەری هەسارەکەیان هەڵبژارد،ئەم پاشایە، پاڵەوانێکی بەهێزو بەتوانای مەیدانەکانی شەڕ بوو .خەلکی بەرەی باکوور بوو .ناوی -ئان (AN)-بوو، بۆ ڕاگرتنی باڵانسی دەسەڵات و چەسپاندنی ئاشتی و بەردەوام بوونی یەکگرتنەکە، دەبوایە پاشا هەڵبژێردراوەکە ژنێک لە بەرەی باشوور بهێنێت کە ئەویش ئان تو(AN.TU)بوو، یەکەم کاری ئەم پاشایە، دروستکردنی شارێکی نوێ بوو بەناوی ئاگادە(Agade)، واتە یەکگرتن .ئەم شارە بوو بە یەکەم پایتەختی یەکگرتووی هەردوو بەرەی باکوورو باشوور .
ئەم پاشایە، سێ کوڕی لە شاژنە(ئان تو )بوو، کوڕە گەورەکەی کە شازادەی جێنشین بوو.ناوی ئانکی (ANKI)بوو، ئەم شازادەیە دووجار پرۆسەی ژن

هێنانەکەی دواکەوت .پاشان لە کەنیزەکێکی کۆشک ،کوڕێکی بوو .بەڵام ئەو کوڕەی نەدەکرا بە شازادەی جێنشین چونکە دایکی لە بنەماڵەی شاهانە نەبوو، بۆیە بە مردنی ئانکی ، برا ناوەنجیەکەی کە ناوی ئان ئیب(AN.IB)بوو، بوو بە پاشای نیبیرو.

لە سیستەم و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەسارەی نیبیرو، ئاسایی بوو برا زڕخوشکەکەی خۆی بهێنێت، هەروەها مام برازاکەی یان خاڵ خوشکەزاکەی خۆی بهێنێت .بۆیە دەبوایە شازادەی جێنشین و ژنەکەشی، نەوەی ڕاستەوخۆی پاشا بن.

بەهۆی ئاڵۆزیی نەریتی خێزانی و مەرجەکانی جێنشینی پاشا، پاش چەند نەوەیەکی بنەماڵەی پاشایەتی، پاشایەکی لاواز هاتەسەر تەخت، بۆیە میرێک کە لە بنەماڵەی ڕەسەنی شاهانەبوو، بەکودەتایەک دەسەڵاتی گرتە دەست، ناوی ئەلالو(Alalu)بوو .لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەم پاشایەدا، بەرگە هەوای هەسارەی نیبیرو(وەک پەردەی ئۆزۆنی هەسارەکەی خۆمان )تا دەهات زیاتر دەلاقەکەی گەورەتر دەبووەوە .ئەم کونەی بەرگە هەواکەی نیبیرو، بووبووە هۆی تێک چوونی کەش وهەواو ژینگەی هەسارەکە، پاش لێکۆڵینەوەو تاقی کردنەوەی زۆری زاناکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کارەساتە، گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە بە ناردنی بڕێکی زۆر لە ئاردی ئاڵتون بۆ ئاسمان، ئەو دەلاقەیە یەک دەگرێتەوەو



نامێنێ .لەسەر هەسارەی نیبیرو کانزای ئاڵتون زۆر کەم بوو .زانیاری ئەوەشیان هەبوو کە لە هەسارەی زەوی ئەم کانزا دەگمەنە زۆرە .بۆیە بە ڕاوێژکردن بە ئەنجومەنی ڕاوێژکاران، بڕیاری شاهانە دەرکرا بۆ ناردنی کەشتیە ئاسمانیەکانیان بۆ سەر هەسارەی زەوی بۆ بە دەست هێنانی ئاڵتون.

بەڵام کەشتیە ئاسمانیەکان نەیانتوانی لە پشتوێنەی (کەمەرەی )هەسارۆچکەکان بپەڕنەوە بۆیە سەرجەمیان تیاچوون .هەروەک لە پەیامە ئاسمانیەکانیش ئەو حاڵەتەی کە بەسەر ئەنوناکیەکان دا هاتوە ، لە ژێر ناوی جنۆکەکانەوە تۆمار کراوە کە دەڵێ(وَأَنا لمسنا السماء فوجدناهْ حرسا شديدا وشهبًا ( ٨ )الجن

ئێمەش بەڕاستی بەرەو ئاسمان کشاین و هەست و هۆشمان خستەکار، سەرنجماندا کە پڕە لە پاسەوانی بەتواناو بێ شومار، نەیزەکیش بە هەموو لایەکدا دەکشا

(پاش نۆ شار)واتە ساڵی هەسارەی نیبیرو ، کە دەکاتە سی ودوو هەزارو چوار سەد ساڵی ئێمە (لە پاشایەتی -ئەلالو) -پادشایەک کە تەنها تەمەنی حوکمڕانیەکە سی و دوو هەزارو چوار سەد ساڵ بێ، کەواتە ئەو بوونەوەرانە تەمەنیان ، چەندان هەزار جار لە تەمەنی ئێمە درێژترە .بۆ نموونە :ئەگەر بەروارى لە دایک بوونی عیسا وەربگرین تا ئەو ساتەی کە ئێمەی تێداین کە ساڵی دوو هەزارو بیست و دووە ، بە بەراورد بە ساڵی هەسارەی نیبیرو تەنها حەوت مانگی هەسارەی نیبیرو

بەڵێ دوای نۆ شار، ئەلالو لەسەر تەخت لادراو شازادەیەکی وەچەی ڕەسەنی پاشای یەکەم کەناوی(ئان )بوو چوە سەر تەختی پادشایەتی .پاشان ئەلالو لە ترسی لێپێچینەوەو سزادان ، هەڵات بۆ شوێنی لەنگەرگرتنی کەشتیە ئاسمانیەکان .سوارى کەشتیەکی ئاسمانی بوو کە هەڵگرى مووشەکی ئەتۆمی بوو بەرەو بۆشایی ئاسمان بەرز بووەوە .بەبێ ئاگادارى هیچ کەسێک ، بە پەلە بەرەو شوێنی کەشتیە ئاسمانیەکان ڕۆیشت، ئەلالو سوارى کەشتیەکی مووشەک هاوێژ بوو .پاش سەرکەوتنی، دەرگاکەی داخست چوە ناو بەشی پێشەوەی کەشتیەکەو لە شوێنی کاپتنەکە دانیشت .



بە گێڕانەوەی کتێبە ون بووەکەی ئەنکی (کە تەنها چەند دێڕێک و ڕووداوێک لەسەر تاتە قوڕەکانی سەردەمی سۆمەریەکان بۆمان ماوەتەوە )ئەلالو کەسایەتیەکی بەهێزى هەبووە .زاناو زیرەک بووە، کاپتنێکی لێهاتووی کەشتیە ئاسمانیەکان بووە .بۆیە ئەلالو بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی توانیویەتی بەبەکارهێنانی مووشەکە ئەتۆمیەکانی کەشتیەکەی، کەمەرى هەسارۆچکەکان ببڕێت و ببێت بە پاڵەوانێکی مێژوویی یەکەم کەس بووە لە ئەنوناکیەکان کە لەو ئاستەنگە گەورەو ئاڵۆزە دەرباز ببێت و بە سەلامەتی بگاتە سەر گۆی زەوی. بەم جۆرە، ئەم کەسایەتیە، یەکەم بوونەوەری ژیری خاوەن شارستانی بووە کە گەیشتۆتە سەر هەسارەی زەوی، لە کاتێکدا کە هەسارەی زەوی، هیچ جۆرە مرۆڤێکی ژیری لێ نەبووە .پاش گەیشتنی و پشکنینی کەش و هەواو ئاوو خاکی گۆی زەوی بە ئامێرە پێشکەوتوەکەی دەستی ئەلالو بە ئامێری گەیاندنی کەشتیە

ئاسمانیەکەی، پەیوەندی کردوە بە هەسارەکەی خۆیەوە (نیبیرو )و نهێنیی چۆنیەتی بڕینی کەمەرەی هەسارۆچکەکانی بۆ ئەنانوکیەکان باسکردوەو پێشیراگەیاندوون کە لە ئەنجامی توێژینەوە سەرەتاییەکانیدا بۆی دەرکەوتوە کە ڕاستە ئاڵتونێکی زۆر لەسەر ئەم هەسارەیە (زەوی )هەیە .بۆیە ئانو(پادشای تازەی هەسارەی نیبیرو )، پاش ڕاوێژکردنی لەگەڵ زاناکان و ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی شاهانەی نیبیرو ، بڕیاریدا تیمێک بە سەرۆکایەتی کوڕە گەورەکەی (ئەنکی )بە مەبەستی بە دواداچوون و دەرهێنانی ئاڵتون، بۆ هەسارەی زەوی بنێرێت

(ئەنکی)دانا بوو ، لە زۆربەی زانستەکان سەردەرچووبوو ، کەسێکی زیرەک بوو .لەو گەشتی هات و نەهاتەیدا، تیمەکەی ئانکی پەنجا پاڵەوانی لە خۆ گرتبوو . بەم جۆرە، نزیکەی ٤٤٦ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا (واتە بۆ ئەوان تەنها سەدو چل ساڵ، واتە وەک ئەوەی کە سەدو چل ساڵ بەر لە ئێستا هاتبێتنە سەر هەسارەکەمان )ئەم بوونەوەرانە (ئەنوناکیەکان )لە ئاسمانەوە ، لە هەسارەیەکی زۆر دوورەوە هاتونەتە سەر هەسارەی زەوی لە ناو ئاوی دەریادا کەشتیەکانیان لەنگەری گرتوە(ئەم ئانکیە ،کە دواتر لەلای خەڵک بەخوا دەناسرێ، پێدەچێ بنکە ئاسمانیەکەشی هەر لە دەریابووبێ، هەروەک لەو کتێبە ئاسمانیەکان کە بۆ



نوسەرانی خۆیان ڕەوانیان کردوە، دەڵێ (وکان عرشە علی الماء )دواتر بەرەو کەناری دەریا هاتون .

ئەنکی وگروپە گەڕیدە ئاسمانیەکەی ، لە ناوچەی زەلکاوەکان لە خوارووی میزۆپۆتامیا، یەکەم شاریان لەسەر ئەم هەسارەیەمان دامەزراندو ناویان نا ئەریدۆ (Eridu)واتە :شاری تاراوگە

لەگەڵ گەیشتنی تیمەکەی نیبیرو بۆ سەر زەمین، بە فەرمانی ئەنکی، پاڵەوانەکان(کارکەرەکان )دەستیان کرد بە دروست کردنی سەربازگەیەک بۆ خۆیان، دروست کردنی ئەم سەربازگەیە شەش ڕۆژی خایاند، لە حەوتەمین ڕۆژدا، ئەنکی سەرجەم پاڵەوانەکانی لەم سەربازگەیە کۆکردەوە (کە ئەم شەش ڕۆژە لە پەڕاوە ئاسمانیەکاندا وا لێکدراوەتەوە کە زەوی و ئاسمانەکانی تیا دروست کرابێ) وە ڕۆژی حەوتەمیش کە ئەنکی سەربازەکانی کۆکردۆتەوە بۆ

ئەوەی قسەیان بۆ بکا، وا لێکدراوەتەوە کە خوا چۆتە سەر عەرشەکەی ،هەروەک دەڵێ :الله الذي حاق السموات والارضَ وَما بينهما فِي ستة ايام ثمّ استوى على العرْشِ مالكم من دونه من ولي ولا شفيعٍ أَفلا تتذكرُونَ(٤) السجده

ئەنکی پێی گوتن :گەشتێکی ترسناکمان ئەنجام دا، ڕێگەیەکی پڕ لە مەترسیمان بڕی لە نیبیروە بۆ هەسارەی حەوتەم .سەرکەوتوانە گەیشتینە سەر هەسارەی زەوی .دەسکەوتێکی باشمان بەدەست هێنا، سەربازگەکەمان بنیات نا.دەبا ئەمڕۆ ببێ بە ڕۆژی پشوودان (بۆیە لەو ساوە بووە بە کلتوور لای خەڵکی سەر زەوی کە لە حەوت ڕۆژدا، ڕۆژێک دەکەن بە پشوو )لە ئەمڕۆ بە دواوە ڕۆژی حەوتەم ببێ بە ڕۆژی پشوو.

دەبا لەم ساتەوەختە بەدواوە، ئەم شوێنە بە ئەریدۆ بناسرێت (کە واتای ماڵی تاراوگەیە)
هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئامانجی هاتنی ئەنوناکیەکان بۆ سەر هەسارەی زەوی، بەدەست هێنانی کانزای ئاڵتون بووە .بۆ ئەوەی دەلاقەی بەرگەهەواکەی



هەسارەکەی خۆیان پێ چارەسەر بکەن و هەسارەکەیان لە لەناوچوون ڕزگاربکەن .لە سەرەتادا ئەم تیمە ئەنانوکیە، لەناو ئاوی دەریادا کانزای ئاڵتونیان دەرهێناوەو ڕەوانەی هەسارەکەی خۆیان کردوە .پاشان کە پێویستیان بە ئاڵتونی زیاتر بووە بۆ چارەسەر کردنی بەرگە هەوای هەسارەکەیان ، بۆ سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندتری ئاڵتون گەڕاون لەسەر هەسارەی زەوی ، لە ئەنجامی پشکنینەکانیاندا بۆیان دەرکەوتوە کە لە ژێر خاکی زەویدا بڕێکی زیاتر لە ئاڵتون هەیە، بۆیە لە نیبیرووەوە تیمێکی تریان بە سەرۆکایەتی شازادەی جێنشینی تەختی پاشایەتی -ئەنلیل -ی کوڕی دووەمی ئانو (کە دواتر ئەنلیل لەنێو بیروباوەڕی خەڵکی سەرزەمین بە شەیتان ناسێنرا، کە لەڕاستیدا زڕبرای ئەنکی بوو کە لە لای خەڵک بەخوا ناسێنرابوو)

ئەنلیل بە ئامێرو کەرەستەی پێشکەوتوەوە بۆ دەرهێنانی کانزای ئاڵتون لە ژێر خاک ، ڕەوانەی هەسارەی زەوی کراوە .پاش گەیشتنی ئەم دوو زڕبرایە بۆ سەر

زەوی و ڕێکخستنی کارو ئەرکەکانیان لەسەر ئەم هەسارە نوێیە بەسەرپەرشتی و بڕیاری باوکیان (ئانو )بڕیاردرا ئەنلیل (هەروەک ناوەکەی ئەو مانایە دەگەیەنێت )ببێت بە گەورەی فەرماندەکان و ئەنکیش ببێت بە گەورەی زەوی ، هەروەک ناوەکەی ئەو مانایە دەگەیەنێت( .واتە دەسەڵاتی سەرزەوی درا بە هەردوو زڕ برا کە ناویان ئەنکی و ئەنلیل بوو ، لە لای خەڵکی سەرزەوی بەخواو شەیتان ناسێنران)

لە نیبیروەو کەشتیەکی دیکەی گەورەی ئاسمانی گەیشتە سەرزەوی .لەگەڵ ئەم کەشتیەدا، بێجگە لە کەل و پەل و ئامێری پێویست، گروپێکی پەنجا کەسی لە ژنانی برینپێچیش (سیستەر )بە سەرۆکایەتی شازادە نینماهـ (ninmah)بۆ چاودێری کردنی تەندروستی ئەنوناکیەکان، گەیشتنە سەر هەسارەی زەوی. نینماهـ زڕ خوشکی ئەنکی و ئەنلیل بوو، ئەم شازادەیە بێجگە لە جوانیە سەرنجڕاکێشەکەی، پزیشک وزانایەکی زۆر زیرەکی بواری زیندەوەرزانیش بووە .جێگەی سەرنجە هەر لەم کتێبەدا (کتێبە ون بووەکەی ئەنکی )سەبارەت بەم شازادەیە(نینماهـ )ئاماژە بەوە کراوە کە. بە هۆی ئەو ئامێرە پزیشکیانەی کە پێی



بووە لە ڕێگەی دەرمان و گیراوەی تایبەتیەوە کە لە هەسارەکەی خۆیانەوە هێناویەتی، توانیویەتی مردوو زیندوو بکاتەوە(بوونەوەرانێک کە ٤٤٦هەزار ساڵ بەر لە ئێستا،گەیشتبنە ئەو ئاستەیەی پێشکەوتن کە بتوانن مردوو زیندوو بکەنەوە، بە ڕاستی ئەمە جێگای تێڕامانە .بۆیە ناهەقی خەلکی سەرزەوی نەبووە کە ئەوانیان بە خواوەند زانیوە)

هەروەها شازادە نینماهـ بڕێک تۆوی داری میوەشی لە هەسارەی نیبیروەوە لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بۆ ئەوەی لەسەر زەوی لە ناوچەیەکی ساردی ئەم هەسارەیە بڕوێنرێت کە بۆ تەندروستی و باری دەروونی ئەنوناکیە پاڵەوانەکان(کارکەرەکان )بەسوودو پێویست بوو

بەم جۆرە، تا دەهات پڕۆژەی دەرهێنانی کانزای ئاڵتونی ئەنوناکیەکان لەسەر هەسارەی زەوی بەرفراوانتر دەبوو .ئەنکی و ئەنلیل لە نێوان خۆیاندا بەپرسیاری و ئەرکەکانیان دابەشکرد .ئەنکی بەرپرس و سەرپەرشتیاری دۆزینەوەی کانە ئاڵتونیەکان و دەرهێنانی بوو، لە ئەنجامی پشکنین و ڕووماڵ کردنی ناوچەکانی

سەر هەسارەی زەوی، لە ناوچەی خوارووی ئەفریقیا، لە ئابزو (Abzu)کە دەکاتە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەفریقیا گەورەترین کانی ئاڵتون و ئەڵماسی دۆزیەوە.

ئەنلیلیش سەرپەرشتی دامەزراندنی چەندین شاری دەکرد لە ئێدن (Edin)کە لە بیروباوەڕی خەڵک گۆڕاوە بە (جنات عدن، بەهەشتی عەدەن )بە درێژایی ڕۆخی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات .هەروەها سەرقاڵی دامەزراندنی وێستگەیەکی گەورەی لەنگەر گرتنی کەشتیە ئاسمانیەکان و پەیوەندیکردنی ئاسمانی بوو . شوێنی فڕین و دابەزینی فڕۆکەو ئامێرە فڕیوەکان لە شوێنەوارە دێرینەکانی نازکا (لەکیشوەری ئەمریکای لاتین لە وڵاتی پیڕۆ )کە درێژی شوێنی فڕینەکە (٢٢)کم .زۆربەی توێژەرە پسپۆڕەکان پێیان وایە کە ئەم شوێنە بەکار نەهێنراوە وەک فڕۆکەخانە یان پێگەی ئاسمانی .چونکە شوێنەواری فڕین و دابەزینی فڕۆکە بەسەر ڕووی شوێنەکەوە بەجێ نەماوە .پێدەچێت ئەو شوێنەیان ڕێنیشاندەر



بووبێت بۆ کەشتیە ئاسمانیەکان، یاخود ئامادە کراوە بۆ بارودۆخێکی کت و پڕو نەخوازراو.

پاشان ئەنکی، دامکینا(Damkina)ی هاوسەری و مەردوخ(Marduk)ی کوڕی، بانگێشت کرد بۆ سەرزەوی .لەسەر زەوی نازناوی نینکی (Ninki) بەخشرا بە هاوسەرەکەی ئەنکی کە مانای (خانمی زەوی)یە .پاشان ئەنکی لە ژنەکەی و لە کەنیزەکەکانی پێنج کوڕی تری بوو(ئەم بیرۆکەی کەنیزەکانە لە نێو ئاین دا ، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان کلتوری ئەنوناکیەکان )کوڕەکان ناویان :نیرگال ،گیبیل،نیناگال، نینگیشزیدا، دوموزی کە بچوکترینیان بوو. هەروەها ئەنلیلیش کوڕەکەی بانگێشت کرد بۆ سەر زەوی کە ناوی نینورتا بوو، ئەم کوڕەی ئەنلیل ناشەرعی بوو (بەگوێرەی شەریعەتی ئاینی خۆیان .کەواتە بیرۆکەی ئاین لەوانەوە بۆ ئێمە گوازراوەتەوە )لە نینماهی زڕخوشکی، پاشان دوو کوڕی تری لە(نینلیل)ی ژنی بوو بەناوەکانی نانارو ئیشکور(کەواتە ئێستا زانیمان ئەوانەی کە لە لای خەڵکی سەرزەوی بە خواو شەیتان ناسراون،

بوونەوەرن و زڕبران و ژنیان هەیە و منداڵیشیان هەیە )کەواتە ئەنلیل سێ کوڕی هەبوو، هیچکامیان لە کەنزەک نەبوو .

بەم جۆرە لەسەر هەسارەی زەوی دوو خێڵ دامەزرا، کێبڕکێی دەسەڵات و کێشمەکێشەکانیان بوو بەهۆی بەرپا بوونی جەنگ، ئالێرەوە لەم هەنگاوەوە، لە سەدان هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە، تۆوی دووبەرەکی لەم سەر زەمینەدا چێنراو کێشمەکێش و ململانێی دەسەڵات گرتنەدەست لە نێوان ئەم دوو زڕبرایەوە لەسەر هەسارەی زەوی دەستی پێکرد، ئەم کێشمە کێشە درێژەی کێشا بۆ نەوەکانی ترو کوڕو کوڕەزاکانیان، هەتا کار گەیشتە ئەوەی لەم گۆی زەویەدا بۆ یەکەم جار جەنگی ئەتۆمی ڕوویدات و هەرچی ئەو شارستانیە سەدان هەزار ساڵەیەی لەسەر ئەم هەسارەی خۆمان کە ئەنوناکیەکان بە هزرو دەستی ڕەنگینی خۆیان بنیاتیان نابوو، هەر بە تەکنەلۆژیا بە دەستی خودی خۆیان لەناوی بەرن .ئەم جەنگەش بە ڕابەری مەردۆخی کوڕە گەورەی ئەنکی بەرپا بوو کە هەستی بە ناهەقیەکی قوڵ



و دێرین دەکرد، لە لایەن ئەنلیلی مامی و کوڕەکانیەوە بەرامبەر بە باوکی و خودی خۆی، سەبارەت بە کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات لەسەر هەسارەی زەوی . دیارە لەم جەنگەشدا کە لە ئەدەبیاتی سۆمەریەکان دا بە جەنگی خواکان دەناسرێت، مرۆڤەکانی سەر زەویش کە کۆیلەو بەندەی ئەنکی و ئەنلیل و کوڕەکانیان بوون، کە بە خوا ناسرا بوون، ئەوانیش بەشداربوون لەماڵوێرانی و لە قوربانی دانیشدا پشکی شێریان بەرکەوتبوو، چونکە قوربانیدانی دانی ئەوان واتە قوربانیدان لە پێناو خواکانیان (کە چەمکی شەهید بوون لە پێناو خوای ئاینەکان لەمەوە هاتوە)

کەواتە ئێستا سەرەداوێکمان دەستکەوت کە بۆچی لە ڕێگەی پیتاندنەوە مرۆڤی ژیریان لەسەر هەسارەی زەوی خوڵقاندوە

تاوەکو وەک کۆیلەیەک ئیشیان پێبکەن و هەرکاتێک فەرمان بەجەنگیش کرا، مرۆڤەکانی سەرزەوی بکرێنە قوربانی .کە ئەمە ڕەگ و ڕیشەی هەموو ئاینەکانی سەرزەمینە (کۆیلە بوون و قوربانی)

دوای ئەوەی لە بەشەکانی ڕابردوو دا زانیمان کە ئەسڵ و بنەچەی چەمکی ( خواو شەیتان )لە چیەوە هاتوە، ئینجا وێستگەی باسەکەمان وردە وردە دەبەینە سەر مرۆڤە ژیرەکانی سەر زەوی .

بەمەبەستی ناردنی کانزای زەوی بۆ هەسارەی نیبیرو، ئانو (پاشای نیبیرو کە کە دەکاتە باوکی ئەنکی و ئەنلیل )بڕیارێکی دەرکرد بۆ دامەزراندنی وێستگەیەکی سەر ڕێگەی ئەم هەناردە کردنە .بۆ کۆکردنەوەی ئەو بڕە ئاڵتونە دەرهێنراوەو ئامادە کردنی بۆ ناردنی بۆ هەسارەی نیبیرو، بڕیارەکەش وا بوو کە هەسارەی مەریخ بکرێت بەو وێستگەیە .بیرۆکەی دانانی ئەم وێستگەی سەر ڕێگایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە قەبارەی هەسارەی مەریخ بچوکترە لە هەسارەی زەوی، بەم جۆرە هێزی کێشکردنەکەشی کەمترە .بۆیە بۆ نیشتنەوەو فرینی کەشتیە ئاسمانیە گەورەکان ئاسانترەو وزەی کەمتریشی دەوێت، هەسارەی مەریخ ئەوسا لای ئەنوناکیەکان ناوی (لاهامو) بوو .هەروەک چۆن (ئەنوناکی) ناوی



ئەوانە بوو کە لەسەر هەسارەی زەوی کاریان دەکرد، هەروەها ئەو کەسانەش کە لە وێستگەی لاهمو کاریان دەکرد، ناویان (ئیگیگی )بوو کە ماناکەی ( ئەوانەی دەڕوانن و چاودێری دەکەن، ڕەنگە لە دەرەنجامی ئەوەوە ،الرقیب والبصیر وەک دوو سیفەتی خواوەندەکان، خۆیان خزاندبێتە مێشکی خەڵکەوە)

بەم جۆرە ، ئەنوناکیەکان کانزا بەنرخەکانیان لە قوڵایی زەوی دەردەهێناو ئیگیگیەکانیش کانزا دەرهێنراوەکانیان بە کەشتیە ڕۆکێتیەکان دەگواستەوە بۆ وێستگەی سەر ڕێگاکە (وێستگەی لاهمو )لەوێشەوە لە کەشتیە ئاسمانیە گەورەکان بار دەکراو ڕەوانەی هەسارەی نیبیرو دەکرا، ئەم پڕۆسەی دەرهێنان و گواستنەوەیەی کانزای ئاڵتون و هەندێک کانزاو بەردی بە نرخی دیکە، بۆ نزیکەی (٢٥)شار بەردەوام بوو (بە ساڵی ئێمە واتە :نزیکەی نەوەد هەزار ساڵ )دیارە ئەنجامدانی ئەم پڕۆسەیەش کارێکی وا ئاسان نەبوو .بە تایبەتی بۆ ئەو بوونەوەرانەی کە ڕانەهاتبوون لەسەر خولانەوەی خێرای هەسارەی زەوی و مەریخ بە دەوری خۆیدا کە شەوو ڕۆژ پێک دەهێنێت .ئەمە بە بەراورد لەگەڵ خولانەوەی هەسارەکەی خۆیان کە قەبارەی زۆر گەورەیەو بۆ پێک هێنانی شەوو

ڕۆژ، کە شەووڕۆژێکی ئەوان نزیکەی (١٠٠ )شەووڕۆژی ئێمەیە، گەورەیی خولگەکەشی بە دەوری خۆردا(٣٦٠٠ )ساڵی سەر هەسارەی زەوی دەخایەنێت. کارو ئەرکەکانی پاڵەوانەکانی (کارکەرەکانی )نیبیرو ، تا دەهات قورستر دەبوو لەسەر هەسارەی زەوی .بۆ ڕزگارکردنی هەسارەی نیبیرو لە لەناوچوون، پێویستی بە هەناردە کردنی زیاتری ئاڵتون هەبوو .دەبوایە پڕۆسەی بەرهەم هێنانی ئەو کانزا بەنرخە، خێراترو زیاترکەن ، بۆیە چیتر ئەنوناکیەکان و ئیگیگیەکان بەرگەی ئەو کارو ئەرکە قورسەیان نەدەگرت .ئەمەش بووە هۆی نارەزایی دەربڕین و یاخی بوونی پاڵەوانەکان و نانەوەی پشێوی لە چلەمین (شار)ی کارکردنیاندا (واتە :سەدو چل و چوار هەزار ساڵی ئێمە )لەسەر هەسارەی زەوی .

لەو سەروبەندەدا ، ئەنکی بێئاگا بوو لەو پشێویەی کە سەری هەڵدا بوو .ئەو لە(ئابزو -خواررووی ئەفریقا )خەریکی شتێکی دیکە بوو .ئەندێشەی چەکەرە



کردنی ژیان لە ئابزو، باڵی کێشابوو بەسەر هزرو هۆشیدا، ئەو ئارەزووی فێربوون و دیاریکردنی جیاوازیی دیاردەو شتە لەبەر چاوەکانی نێوان زەوی و نیبیروی دەکرد، دەیویست هۆکاری ئەم نەخۆشیانە بدۆزێتەوە کە لە ئەنجامی خولانەوەی زەوی و بەرگەهەواکەیەوە دێتە کایەوە .بۆیە لە ئابزودا تاقیگایەکی دروست کرد بوو، کە هەموو جۆرە ئامێر و کەرەستەو کەلوپەلێکی پێویستی بۆ لێکۆڵینەوەو شیکاریەکانی تیا ئامادە کردبوو .ناوی کۆشکی ژیانی لەم شوێنە نابوو .نینگیشزیدای کوڕی بۆ ئەم شوێنە بانگێشت کرد، سەبارەت بە ژیان و مردنی بوونەوەرەکانی هەسارەی زەوی، لێکۆڵینەوەکانیان دەست پێکرد. نارەزایی پاڵەوانە کارکەرەکان (ئەنوناکیەکان )بەردەوام بوو .قورسیی کارەکەیان و نەگونجاوی ژینگەی کارو گوزەرانیان، هۆکاری ڕاستەوخۆ بوو بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمەکەیان، ئەمەش وای لە بەپرسانی پڕۆژەکە کرد سەرووی خۆیانی لێ ئاگادار بکەنەوە .بۆیە بارودۆخەکە خودی ئەنلیلی ناچار کرد بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بچێت بۆ ئابزو (شوێنی کانە ئاڵتونیەکان )بەهۆی گەیشتنی ئەنلیل، یاخیبوونی کرێکارانی کانەکان پەرەی سەندو پشێویەکە هەموو پڕۆژەکەی گرتەوە، بۆیە ئەنلیل ناچار بوو کە ئەنکی ئاگادار بکاتەوە لە بارودۆخەکە. پاش تێفکرین و لێکۆڵینەوە، ئەنکی داوای کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ نینگیشزیدای

کوڕی .پاشان ئەنکی دەرەنجامی کۆبوونەوەکەی بۆ ئەنلیل و شازادەکان و بەرپرسە ئەنوناکیەکان ئاشکرا کردو گوتی :دەکرێت ئەم بارودۆخە چارەسەر بکرێت بە هێنانە بوونی -لولو( -واتە خوڵقاندنی کرێکاری سەرەتایی.

ئەوەی کە لە پەڕاوە ئاسمانیەکان بە -اني جاعل في الارض خليفة -خەلیفە لە زمانەوانی عەرەبیدا واتە شوێنگرەوە ،واتە :ئەو مرۆڤە کرێکارە سەرەتاییانە ببنە شوێنگرەوەی ئەنوناکیەکان لە کارکردن و جیتر کارە قورسەکان بە ئەنوناکیەکان نەکەن )

ئەم پێشنیارەی ئەنکی(کە دوایی لە لایەن خەلکەوە ناسێنرا بە خوا )کە بریتی بوو لە (کۆیلایەتی –عبودیە )و (کارکردن –عمل)وە لە پەڕاوە ئاسمانیەکاندا کرا بە پلەی عبودیەت و عەمەلی صالح ، دوای ئەو کێشانەش کە لەگەڵ ئەنلیل بۆی دروست بوو، قوربانیدانیشی بۆ زیاد بوو(القتل في سبيل الله)



ئەم پێشنیارە ئامادە بووانی کۆبوونەوەکەی حەپەساند و دووچاری سەرسوڕمان بوون، کە لە پەڕاوە ئاسمانیەکاندا بە گفت وگۆی نێوان خواو فریشتەکان چەسپێنراوە کە دەڵێ ( :اتجعل من يفسد فيها ويسفك الدماء )واتە :دەتەوێ یەکێ بکەی بە شوێنگرەوە کە لە کۆتاییدا گەندەڵی و خوێنڕێژی بڵاو دەکاتەوە؟ ئەمە بەڵگەیە کە ئەو ئەنوناکیانە خۆیان ئەو دوو سیفەتەیان تێدا بڵاو بووبوەوە ، بۆیە دەمە دەمێیان لەگەڵ ئەنکی کرد لەسەر ئەو ئەزموونە تاڵە.

بەیەکتریان گوت :ئایا هیچ کەسێک هێنانە بوونی بوونەوەری تازەی بیستوە؟ کرێکارێک کە بتوانێ کاری ئەنوناکیەکان بکات؟ بۆیە نینماهی زڕ خوشکیان بانگێشتی کۆبوونەوەکە کرد کە کەسێکی سەردەرکردوو بوو لە پزیشکی و دەرمانسازی و زیندەوەرزانی، بۆ ئەوەی بزانن ئەو لە بارەی پێشنیارەکەی ئەنکیەوە چی دەڵێت .گفت وگۆکەی پێشوویان بۆ نینماهـ دووبارە کردەوەو گوتیان :ئایا تا ئێستا هیچ کەسێک قسەیەکی لەم جۆرەی بیستوە؟ !نینماهیش ڕووی کردە ئەنکی و گوتی تا ئێستا هیچ کەسێک ئەم کارەی نەبیستوە .هەموو بوونەوەرێک لە تۆوەکانەوە هاتوون، گۆڕینی هەر بوونەوەرێکیش لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکیتر پێویستی بە سەردەمانێکی زۆر هەیە، قەت هیچ شتێکیش لە هیچەوە نایەتە بوون .ئەنکی بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوەو گوتی :تۆ زۆر ڕاست

دەکەی خوشکەکەم ، بەڵام ڕێگەم بدەن با نهێنیەک لە نهێنیەکانی ئابزوشتان بۆ بخەمەڕوو .ئەو بوونەوەرەی کە پێویستمان پێیەتی، خۆی هەیە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە تەنها دانانی سیفەتە بۆ ماوەییەکەمانە بۆ ئەو بوونەوەرە(کە پێدەچێ مەبەستی تێکەڵکردنی D N Aبووبێ)بەم جۆرەش لولو-کرێکاری سەرەتایی (کە مەبەست مرۆڤە )دەهێنینە بوون .دەبا بڕیاری لەسەر بدەین و ڕێگە بە پلانەکەم بدەن بۆ هێنانە بوونی کرێکاری سەرەتایی .هێنانە بوونی بە خەسلەتە بۆماوەییەکەمان.
فەرماندەو لێپرسراوەکانی ئەنوناکی، بە پەرۆشیەکی زۆرەوە گوێیان بۆ قسەکانی ئەنکی شلکردبوو .ئەنکی لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت :ئەوان بوونەوەرانێکن ( ئاژەڵگەلێکن )لە ئابزو (خوارووی ئەفریقا)دا هەن .بە ژن وەستاون و لەسەر



دوو پێ دەڕۆن، هەردوو پەلەکانی پێشەوەیان وەک قۆڵ بەکار دێنن و دەست و لەپیشیان هەیە، لە دەشت و دەردا لەگەڵ ئاژەڵەکانی تردا دەژین .سەبارەت بە جل و بەرگ، هیچ شتێک نازانن، ڕاستەوخۆ قەپ لە ڕووەکەکان دەگرن و دەیخۆن ، لە دەریاچەو ڕووبارەکان ئاو دەخۆنەوە، موو هەموو لەشیانی داپۆشیوە، مووەکانیان لە مووی سەری شێر دەچێت،لەگەڵ ئاسکەکان و بوونەوەرانی تردا کێبڕکێ دەکەن، حەزیان لە ئاوە.

ئەنليل(واتە ئەو کەسەی کە لە لای خەڵکی بە شەیتان ناسێنراوە )بڕوای بە قسەکانی ئەنکی نەدەکرد، گوتی :من تا ئێستا بەهیچ جۆرێک لە ئێدن -خاکی نێوان دیجلەوفورات ( -کە لە پەڕاوە ئاسمانیەکان بە جنات عدن ئاماژەی پێ دەدرێ )لەم جۆرە بوونەوەرەم نەبینیوە، نینماهیش گوتی :چەندین سەردەم تێپەڕیوە، لەوانەیە باوانی ئێمەش بەم جۆرە بووبێتن، ئەمانە بوونەوەرن خولقێنراو نین .پاشان ئەنکی بردنیە کۆشکی ژیان، لەوێ چەند نموونەیەکی زیندووی لەو بوونەوەرانەی پیشان دان کە لە قەفەس دا دانابوون، ئەنکی گوتی :ئەمانە کۆئەندامی زاوزێیان هەیەو هەروەکو ئێمەی خەلکی نیبیرو منداڵیان دەبێت و لە ئەنجامی شیکاریەکانی نینگیشزیدای کوڕم دەرکەوتوە کە بۆهێلەکەیان (D N A) وەکو یەکە، یان هەروەک ئەوەی ئێمەیە، وەک دوو ماری لەیەک ئاڵاون، بۆیە

کاتێک کە کرۆکی بوونمان(بۆهێلەکەمان )لەگەڵ ئەوەی ئەوان دا تێکەڵ بکرێت، شێوەی ئێمە وەردەگرن

.بەم جۆرە کرێکاری سەرەتایی دەهێنینە بوون و کاری قورسی دەرهێنانی کانەکان لە ئەستۆ دەگرن، بەم جۆرە ئەنوناکیەکانیش خۆشحاڵ دەبن لە ئابز

ئەنلیل سەبارەت بەم قسانەی ئەنکی دوودڵ بوو .گوتی :ئەم کارە گرنگیەکی گەورەی هەیە، لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە لە هەسارەکەی ئێمەدا کۆیلایەتی ڕەتکراوەتەوە ، ئامێرەکان بوون بە کۆیلە



(دیارە شەریعەتی ئەوانیش ڕێگەی بە کۆیلەیی نەداوە ، بەڵام ئەنکی دەیویست دووبارە کۆیلایەتی برەو پێ بداتەوە، وە کە دەڵێ :ئامێرەکان بوون بە کۆیلە ، دیارە مەبەستی جۆری ڕۆبۆتی سەر هەسارەکەی خۆیان بووە ،وە کە دەڵێ لەسەردەمانێکی زۆر کۆنەوە، دیارە ئەو بوونەوەرانە ، لەو ساتە وەختەدا لە لوتکەی پێشکەوتن بوونە)

بەردەوام دەبێ و دەڵێ :ئامێرەکان کراون بە کۆیلە نەک بوونەوەرانیتر(کەواتە ئەوەی کە ئێمە ناومان لێ ناوە شەیتان ، زۆر بە بەزەیی تر دەرکەوت لەو کەسەی کە ئێمە کردبوومانە خواو بە مەبەستی کۆیلایەتی دەیەویست پیتاندنمان بۆ بکا ) ئینجا دەڵێ :پێشتر بوونەوەرانی تازە نەبوون، تۆ ئارەزووی هاتنە بوونیان دەکەیت، هێنانە بوون لە دەست باوکی گشت بوونەوەران دایە (کە مەبەستی لە خوای دروستکەری هەموو بوونە)

ئەنکی وەڵامی ئەنلیلی دایەوەوگوتی :نەک کۆیلە، بەڵکو ئەمانە هاوکار دەبن لە پلانەکەی مندا .نینماهیش گوتی :ئەو بوونەوەرانە خۆیان هەن، پلانەکە تەنها بەخشینی توانای زیاترە بەو بوونەوەرانە .بۆ ڕازی کردنی ئەنلیل ، ئەنکی گوتی :بوونەوەری تازە نین، ئەوان خۆیان هەن.بەڵام ئێمە تا ڕاددەیەکی زۆر، شێوەی خۆمانی پێ دەبەخشین .بە گۆڕانکاریەکی کەم دەتوانین ئەوە بە دەست بێنین، تەنها پێویستیمان بە چەند خاڵێکە لە بۆهێلی (D N A)خۆمان .

بەم قسانەش ئەنلیل نەهاتە ژێربار، گوتی :ئەمە کارێکی ترسناکە، من ئەم کارەم بە دڵ نیە .ئەم کارە دژ بە یاساکانی گەشتکردنە لە هەسارەیەکەوە بۆ هەسارەیەکی دیکە(دیارە ئەوان یاسایەکیان هەبووە کە ڕێگری لێکردوون لە هەسارەیەکی تر ،بوونەوەران بکەن بە کۆیلەی خۆیان )بۆیە گوتی :بە گوێرەی یاساکانی هاتن بۆ سەر هەسارەی زەوی ئەمە حەرامە .ئێمە مەبەستمان بە دەست هێنانی ئاڵتونە، نەک جێگەی باوکی سەرجەم بوونەوەران بگرینەوە (دیارە ئەنلیل درکی بەو نیازە کردوە کە لە دڵی ئەنکی زڕ براکەیدا هەبووە، کە لەڕێی پیتاندنی ئەو بوونەوەرەوە ، خۆی وەک خواوەندێک بناسێنێ)



نینماهـ ڕووی کردە ئەنلیل و گوتی :براکانم ، باوکی سەرجەم بوونەوەران دانایی و تێگەیشتنی پێ بەخشیوین .ئەو مەبەستە چیە کە ئێمە لە پێناویدا هێنراوینەتە بوون، ئایا ئەنجامدانی باشترین کردەوە نییە کە بتوانین بیکەین؟ هەموو ناوەڕۆکی ئێمەی پڕ کردوە لە دانایی و لێکگەیشتن، ئایا توانامان بۆ بەکارهێنانی لەهەر شتێکدا، چارەنووسی ئێمە نییە؟!

هەر لەم گفتوگۆیەدا، نینورتا بە دایکی گوت :بەو ناوەڕۆکەی کە پێمان بەخشراوە ئامێرەکان و کەشتیەکانمان دروست کردوە، کەواتە لێمان گەڕێن با بە دانایی خۆمان، ئامێری تازە بێنینەکایەوە، نەک بوونەوەری تازە بێنینە بوون .لێمان گەڕێن با بە ئامێری نوێ نەک بە بوونەوەری کۆیلەکراو بارگرانیمان سووک بکەین.
نینگیشزیداش کە هاوڕا بوو لەگەڵ ئەنکی و نینماهـ بەم جۆرە دوا .تێگەیشتنمان بۆ کێمان دەگەیەنێت ئەوە چارەنووسمانە، نابێت ڕێگریمان لێبکرێت لە بەکارهێنانی ئەو زانست و زانیاریانەی کە هەمانە، بەڵێ ڕاستە چارەنووس ناگۆڕدرێت و دیاریکراوە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی.

ئا ئێرە لەسەر ئەو بنەمایە ،گەیشتوین بە چوار ڕاستی لە پیتاندنی مرۆڤ(کە ئەنوناکیەکان ناویان لێ نابوو –لولو )ئەمانیش وەک

١- بۆ كۆيلەيی  (عبد ، عبيد ،عبوديه )هەروەک لە پەڕاوە ئاسمانيەکان چەندين دەستەواژەی (بعبده، يا عبادي، اعبدوا الله، فاعبد، عابدون، عبيد )ئەگەر سەيری ياسای کۆيلايەتی بکەين ، بريتيه لەوەی کە گەورەکە هەندێ کار هەيە پێی ئەنجام نادرێ ، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێ ، ئەو چەند کەسێک دەکاتە عەبدی خۆی ، تا کاروبارەکانی ڕۆژانەی بۆ هەڵسوڕێنن، دەپرسم ئەرێ ، خوای ڕاستەقينە بەم شێوەيەيە کە خۆی کاروبارەکانی پێ هەڵنەسووڕێ و خەلکی بکاتە کۆيلە ،تا کاروبارەکانی بۆ هەڵسووڕێنن؟

کار پێکردنيان(عمل )ئەوانەش کە باشترين کاردەکەن و زۆرترين بەرهەم ئەنجام دەدەن، پلەی(عمل الصالحات)يان پێ بەخشيون.



٣- لەکاتی جەنگ وکوشتاريش دا، بيانکەنە قوربانی ، واتە بۆ (قتال وجهاد و شەهيد بوون )دەپرسم ئەرێ ئەگەر خوای ڕاستەقينە چ پێويستی بە سەربازو جوندی هەيە تاکو شەڕی بۆ بکەن ، ئەی مەگەر بڕيار نييە کە هەرچيەک خۆی مەبەستی بێ، ئەنجامی بدا؟

بۆ کۆکردنەوەی خێرو بێری زەوی و بەتاڵان بردنی لە لايەن بوونەوەرە ئاسمانيەکانەوە .هەروەک لە پەڕاوە ئاسمانيەکاندا هاتوە کە دەڵێ(يسئلونك عن الانفالِ ۗ قل الانفال لله والرسولِ ۗ )واتە :پرسيارت لێ دەکەن دەربارەی تاڵانی وتاڵان کردن، تۆش بڵێ تاڵانی بۆ خواو بۆ پێغەمبەرە .دەپرسم ئەرێ خوای خاليقی هەموو بوون ، چ پێويستی بە تاڵانی هەيە ،لەکاتێکدا کە هەموو شتێک موڵکی ئەوە؟

لەسەرێکی ترەوە ،دەبێ خوای ڕلستەقينە پەيوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ لەگەڵ هەموو بوونێک دا ، نەک پەيوەنديەکی تايبەت لەگەڵ چەند کەسێکی هەڵبژێردراو، ئينجا لە سەرووی ئەمانەشەوە، هەموو بوونێک بە پێی بەرنامەيەک کە خوا ئەو بوونەی لەسەر بەرنامەڕێژکردوە، ڕێگاو مەساری خۆی گرتوە بێ گرفت و بێ کێشە، ئەرێ چ مەعقولە مرۆڤ لەنێو هەموويان دا لەهەمووويان بێ عەقڵتر بێ و حەتمەن دەبێ لەڕێی پەيامێکی ئاسمانيەوە ڕێ بگرێ ، پەيامەکەش

بریتی بێ لە (کۆیلەیی و کارکردن و جەنگ کردن و تالانی کۆکردنەوە، کە ئەمە بە زەقی دیارە کە پەیامە ئاسمانیەکان تەنها پەیامانێکن لەلایەن بوونەوەرە ئاسمانیەکانەوە دابەزێنراوەتە سەر مرۆڤ و هیچی پەیوەندی نییە بە خوای ڕاستەقینە).

ئەنلیل بە خەمباریەوە قسەی کردو گوتی :ئایا چارەنووس بوو (قدر) یاخود دواڕۆژ (المصیر) کە ئێمەی هێنا بۆ ئەم هەسارەیە بۆ دەرهێنانی ئاڵتون لەناو ئاوو دووچار کردنی پاڵەوانەکانی ئەنوناکی بە قورسی کاری کانەکان ، هەروەها پلان دانان بۆ هێنانە بوونی کرێکاری سەرەتایی؟ ئائەمەیە پرسیارەکە کەسەکانم ، ئایا ئەمە چارەنووسە؟ ئایا دواڕۆژە؟ ئا ئەمە ئەو داواکاریەیە دەبێت بڕیاری لەسەر



بدەین، ئایا ئەم شتە هەر لە سەرەتاوە نوسراوە؟ یان هەڵبژاردەی خۆمانە؟ لە کۆتایی گفت وگۆکەیاندا بڕیاریان دا ئەم دۆزە (case)بخەنە بەردەست ئانو ئەویش لە ئەنجومەن دا پرسەکەی خستەڕوو، ڕاوێژی بە ڕیشسپیەکان و زاناکان و فەرماندەکان کرد .مشتومڕەکان زۆریان خایاندو بێزارکەر بوون، گفت وگۆکان سەبارەت بە ژیان و مردن و چارەنووس و دواڕۆژ بوو، لە کۆتایی گشت کۆبوونەوەکان و گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوەکان، پرسیارێک خۆی سەپاند .ئایا هیچ ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ بە دەستهێنانی ئاڵتون؟ بوونمان لە ژێر هەڕەشەی لەناو چوون دایە .بۆیە ئەنجومەنیش بەم جۆرە بڕیاری کۆتاییدا .ئەگەر هەر پێویستە ئاڵتونمان دەست بکەوێت، دەبا ئەو بوونەوەرە بهێنینە بوون .دەبا ئانو فەرمانی وازهێنان لە بنەماکانی گەشتی هەسارەکان بدات و نیبیرو ڕزگار بکەین، ئەم بڕیارە لە کۆشکی ئانوەوە ڕەوانەی زەوی کرا .بەمە ئەنکی خۆشحاڵ بوو. بەم جۆرە بڕیاری کۆتایی لەسەر جێبەجێ کردنی پڕۆژەی هێنانەبوونی کرێکاری سەرەتایی درا، بڕیار درا لەسەر چاکسازی کردن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بۆهێلی (D N A)ی بوونەوەرێکی دیاریکراوی سەر هەسارەی زەوی بۆ ئەوەی کرێکارێکی ژیرو زیرەکی لێ دروست بکرێت و ئەرکە قورسەکانی پاڵەوانەکانی ئەنوناکی لە ئەستۆ بگرێت .ئەنکی دانا کە داهێنەری ئەم بیرۆکەیە بوو، داوایکرد نینماهـ کە زانایەکی بەتوانا بوو لەم بوارانەدا، ببێت بە هاوکاری بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە .نینماهـ ڕازی بوو لەسەر داواکاریەکەی، ئەنلیلیش داواکاریەکەی ئەنکی پەسەند کرد.

بەم جۆرە پڕۆژەکەی ئەنکی بە هاوکاری سەرەکی نینماهی زڕخوشکی و نینگیشزیدای کوڕی، لە لایەن ئەنکیەوە لە کۆشکی ژیان لە ئابزو دەست بە جێبەجێ کردنی کرا، دیارە ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە کارێکی ئاسان نەبوو .سەرەتا ئەنکی و هاوکارانی دەستیانکرد بە کۆمەڵێک شیکاری جینی لەسەر چەندین بوونەوەری دیاریکراو .پاشان گەلێک تاقیکردنەوەی تێکەڵکردنی ( D N A)ی بوونەوەرە جیاوازەکانیان ئەنجامدا، لە ئەنجامی ئەم کارەشدا گەلێک بوونەوەری سەیروسەمەرە هاتنە بوون کە لەوەوبەر لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بوونیان



نەبووە .بۆ نموونە :بوونەوەری وا هاتە بوون کە دەستەکانی و لەشی هی ئاژەڵێک بوو، بەڵام قاچەکانی هی ئاژەڵێکی تر بوو .یاخود لەشی هی ئاژەڵێک بوو، بەڵام سەری هی ئاژەڵێکی دیکە بوو،

نینماهـ شیکاریەکانی لەسەر بوونەوەرەکانی ناو قەفەسەکان دەست پێکرد، لە دەرەنجامدا سەرنجی چڕ کردەوە لە بوونەوەرە دوو پێکان پاشان گوتی :دەبا مێیەکی بوونەوەرە دوو پێکان بە نێرێکی ئەنوناکی بپیتێنین .ئەنکی وەڵامی دایەوەو گوتی :پێشتر ئەم تاقیکردنەوەمان ئەنجام داوەو سەرکەوتوو نەبوو .ئاوس بوون نەهاتە کایەوەو منداڵ بوونیش ڕوووینەدا .

نینماهـ گوتی :دەبێت بە شێوەیەکی پلەپلەیی بۆ هێلی(جیناتی )ئێمە وەربگرن بۆ ئەم مەبەستەش نینماهـ لە بلورێکی کریستاڵیدا کە لە نیبیروەوە هێنرابوو، تێکەڵەیەکی ئامادە کرد، پاشان بە ئاگاداریەکی زۆرەوە پیتاندنی هێلکەی بوونەوەرێکی دوو پێی بە سپێرمی نێرینەی ئەنوناکی ئەنجام دا )ئەم حاڵەتە لە پەڕاوە ئاسمانیەکانیشدا ئاماژەی پێدراوە کە دەڵێ( انا خلقنا الانسان من نطفة امشاج نبتليە)واتە :ئێمە ئینسانمان دروست کردوە لە ئاوێکی تێکەڵە (ئینجا هێلکە پیتێنراوەکەی کردە ناو ڕەحمی بوونەوەرە دوو پێیەکە، لە ئەنجامی ئەم پڕۆسەیەشدا بوونەوەرە دوو پێیەکە دووگیان بوو، منداڵەکەشی بوو ، بەڵام منداڵەکە بەم شێوەیە نەبوو کە دەیانویست .منداڵەکە هەروەک دایکی، موو هەموو لەشی داپۆشی بوو .هەردوو پەلی پێشەوەی لە بوونەوەرە دوو پێکان دەچوو، بەڵام هەردوو پەلی دواوەی لە هی ئەنوناکی دەچوو .بۆیە نینماهـ بۆ بە دەستهێنانی ئەو جۆرە بوونەوەرەی کە خۆیان دەیانەوێت، چەندین جار بەگۆڕینی ڕێژەی

تێکەڵکردنی جینەکان، ئەم پڕۆسەی منداڵی بلووریەی چەندین بارە کردەوە، بەڵام هەر بێ سوود بوو .هەر جارەو منداڵێکی ناتەواوو ناڕێک لە دایک دەبوو.

دیارە ئەو ئاستەی کە ئەوان پێی گەیشتبوون، لە ئێستادا بەم پڕۆسەی منداڵ بوونە،دەگوترێت (منداڵی بلووری )



ئەنکی داناوزانا، لە کەموکوڕی پڕۆسەکەی کۆڵیەوە، لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا بە نینماهی گوت :پێدەچێت کەموکوڕیەکە نە لە پێکهاتەی جینەکەو نە لە پیتاندنەکە بێ .ئەم پڕۆسەیە پێویستی بە پێکهاتەکانی خودی زەویە .بۆیە با ئەمجارەیان بلوری پیتاندنەکە لە قوڕی زەوی بێت کە پێکهاتەی جۆراوجۆری ئەم هەسارەیەی تێدایە.نینماهـ ئامۆژگاریەکەی ئەنکی جێبەجێ کرد، کەمولەیەکی لە قوڕی زەوی دروست کرد، تاقیکردنەوەیەکی دیکەی ئەنجام دا، ئەمجارەیان منداڵێکی بێ کەم و کوڕی هاتە دونیاوە، خۆشحاڵ بوون بە سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکەیان،( ڕەنگە هەر ئەم تاقیکردنەوەیە بوو بێ کە بۆتە هۆی ئەوەی کە پەڕاوە ئاسمانیەکان زۆر داکۆکی دەکەنەوە لە خولقاندنی مرۆڤ لە قوڕ، هەروەک دەڵێ :اني خالق بشرا من طين )بەڵام ئەم خۆشحاڵیە زۆری نەخایاند، پاش گەورە بوونی منداڵەکە بۆیان دەرکەوت، ئەم بوونەوەرە نوێیە توانای قسەکردنی نیەو توانای تێگەیشتنیشی نییە .

پاش تێفکرینێکی زۆر لەم کێشەیە، ئەنکی بیرۆکەیەکی نوێی پێشکەش بە نینماهـ کرد .پێی گوت :کەواتە دەبێت هێلکە پیتێنراوەکە بخرێتە ناو ڕەحمی ژنێکی ئەنوناکیەوە نەک مێیینەی بوونەوەرە دوو پێیەکە، پاشان نینماهـ ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی ئەو تاقیکردنەوەیە لەناو ڕەحمی خۆیدا .بەو شێوەیەی کە لەسەری ڕێککەوتن، پڕۆسەکەیان ئەنجامدا .ئەمجارەیان تاقیکردنەوەکەیان سەرکەوتوو بوو .لە ڕەحمی نینماهەوە منداڵێک هاتە دنیاوە، منداڵەکە کوڕ بوو . هەروەک ئەوەبوو کە دەیانویست، هەموو ئەندامەکانی لەشیان پشکنی، بێ کەم وکوڕی بوو .ڕەنگی قژی ڕەشێکی تێر بوو .ڕەنگی پێستی، سوورێکی تاریک بوو، ڕەنگی خوێنەکەشی سوورێکی ڕەشباو بوو هەروەک ڕەنگی خاکی ئابزو،

تەنها ئەندامی نێرینەکەی نەبێت کە شێوەکەی نامۆ بوو بە لایانەوە .چونکە بەسەریەوە پارچە پێستێک هەبوو (هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ،زۆربەی میللەتانی دونیا خەتەنە کردن بۆ نێرینە ئەنجام دەدەن بۆ لابردنی ئەو پارچە پێستە )ئەنکی گوتی :دەبا ئەمە نیشانەی جیاوازی بێت لەنێوان ئەنوناکی و ئەم بوونەوەرە تازەیە .نینماهـ ناوی ئادامو(هەر ئەو ناوەیە لای ئێمە بۆتە ئادەم)ی لەم بوونەوەرە



نوێیە نا کە بە زمانی خۆیان ماناکەی ئەمەیە ((ئەو کەسەی کە ڕەنگی وەک ڕەنگی قوڕی زەویە))

بەم جۆرە، یەکەم مرۆڤی کۆیلە، یەکەم کرێکاری سەرەتایی هێنرایە بوون .بۆ زیاد بوونی، دەبێت ئەم کرێکارە سەرەتاییە زاوزێ بکات .بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت مێیینەی هەبێت .بۆیە دەبێت ئەم پڕۆسەیە دووبارە بکرێتەوە بۆ هێنانە بوونی مێینەیەکی ئەم بوونەوەرە .بۆ ئەمەش دەبێت ژنێکی ئەنوناکی ئامادە بێت بۆ هەڵگرتنی هێلکە پیتێنراوەکە لە ڕەحمی خۆیدا، بۆ ئەم مەبەستەش ، نینکی ژنی ئەنکی ئامادەیی خۆی دەربڕی .

بەهەمان شێوەی ئادامو، یەکەم کچە کرێکاری سەرەتاییش لە ڕەحمی نینکیەوە هاتە بوون( .پێچەوانەی بیروباوەڕە ئاینیەکان کە پێیان وایە ئادەم و حەوا ڕاستەوخۆو بێ بوونی هیچ پێشینەیەک لە لایەن خواوە خولقێنراوە، بەڵکو ئادەم لە نینماهـ وتی ئاماتیش لە نینکی لە دایک بوون )نینکی گوتی :با ناویی (تی ئامات )بێت، واتە (دایکی ژیان )بەناوی ئەو هەسارە کۆنەوە کە زەوی و مانگی لێ پێکهات (ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەنوناکیەکان دەیانزانی کە پێشتر زەوی و مانگ یەک هەسارە بوون، دواتر بەهۆی هاتنی هەسارەی نیبیرو بۆ کۆمەڵەی خۆری ئێمە ، کاریگەری لەسەر ئەو هەسارەیە داناو زەوی و مانگی کرد بە دوو لەتەوە، بۆیە ئەو زانستە گوازراوەتەوە بۆ نێو پەڕاوە ئاسمانیەکان و بە ]اقتربت الساعة وانشق القمر[واتە :کات نزیک بۆتەوەو مانگ جیابویەوە)

سەبارەت بەم دوو بوونەوەرە نوێیە (ئادامو تی ئامات )کە وەک قالبێک بوون بۆ بۆهێلی (جیناتی )کرێکاری سەرەتایی .ئەنکی گوتی :دەبێت ئەم دوو بوونەوەرە

بپارێزرێن له ماندوو بوونی کانەکان .دەبا بیانهێنین بۆ ئێدن(ناوچەی عەدەن ) دروستکراوانی دەستەکانمان پێشانی ئەنوناکیەکان بدەین،( کە هەر ئەم گوزارشتەیە گوازراوەتەوە بۆ نێو پەڕاوە ئاسمانیەکان ،وەک دەڵێ :قال یا ابلیس ما منعك ان تسجد ☜لما خلقت بیدي )☞ئادەمو تی ئامات، هێنران بۆ شاری ئەریدۆ لە ئێدن کە شارەکەی ئەنکی بوو (ئێمە وتمان کە ئەنکی لە هزری خەلکیدا



بوو به خواو ناوچەی عەدەنیش لە لای خەلکی بوو بە باخی بەهەشت، وە ئادەم وحەوا لەو شوێنە دانران) لەم شارەدا خانویەکی تایبەتیان بۆ دروست کردن، ئادمو و تی ئامات لە عەدەن ئازاد بوون (هەروەک لە پەڕاوە ئاسمانیەکان دا دەڵێ :وقلنا یا آدم اسکن انت وزوجك الجنة فکلا منها رغدا حیث شئتما )بۆیان هەبوو بەناو باخچەکانی ئەو ناوچەیەدا بگەڕێن .بۆیە ڕەوانەی ناوچەی ئێدن(عەدەن )کران بۆ ئەوەی لەوێ بژین و زاوزێ بکەن بۆ بینینی ئەم دروستکراوە نوێیانەش، لە هەموو لایەکەوە ئەنوناکیەکان و ئیگیگیەکانیش هاتن بۆ ئێدن، دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش بوو.زۆر سەر سوڕهێنەر بوو بە لایانەوە، دەیانگوت :کرێکارە سەرەتاییەکان هێنرانە بوون، ئیدی ڕۆژگاری زەحمەتی کارکردن کۆتایی پێ دێت .ئەنلیلش (واتە ئەوەی کە خەلک بە شەیتانی دەناسێنن)هات بۆ تەماشا کردنیان، بە بینینیان ناڕەزاییەکەی ئەنلیلیش کەم بووەوە.

ماوەیەکی بەسەرچوو .ئەم جووتە نێرەو مێیە گەورە بوون، پڕۆسەی سێکسیان ئەنجام دەدا، بەڵام منداڵیان نەدەبوو، ئەنکی و هاوکارانی بۆیان دەرکەوت کە ئەم بوونەوەرە دروستکراوانەیان نەزۆکن .کەواتە پڕۆسەی هێنانە بوونەکە کەمو کوڕیەکی تێدایە .بۆ دۆزینەوەی ئەو کەمو کوڕیەش نینگیشزیدا دەستی بە لێکۆڵینەوە لە (D N A)ئەو بوونەوەرە نوێیانە کردو بەراوردی کرد لەگەڵ (D N A)ی ئەنوناکی .لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە بۆ هێلەکەیان ڕێک و پێکەو لە ٢٣ جووت پێکهاتوە .بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بۆ هێلی ئەنوناکی جووتێکی کۆتاییەکەی کەمە، ئەم جوتەش یەکێکیان بۆ نێرەو ئەوی دیکەشیان بۆ مێ، بەبێ ئەم جووتەش منداڵ دروست نابێت .

بۆ شکست نەهێنانی پرۆسەی هێنانە بوونەکە، دەبوایە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت .بۆ ئەم مەبەستەش نینگیشیزدا وەک زانایەکی دانا بڕیارێکی چارەنوس سازی دا .ئەم زانایە (کە دەکاتە کوڕی ئەنکی )بەشێوەیەکی نهێنی لە کۆشکی ژیان، ئەنکی و نینماهـ و ئادەم و تی ئاماتی بێهۆش کرد (بەنجی کردن )پاشان بە پرۆسەیەکی نەشتەرگەری لە پەراسووی ئەنکیەوە ئەو جوتە کرۆمۆسۆمە نێرەو مێیەی دەرکردو هەر لە پەراسویەوە کردیە ناو بۆهێلی(D N A)ئادەمو، بەهەمان شێوە لە نینماهیشەوە گواستیەوە بۆ تی ئامات (کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ



کە دروست بوونی حەوا لە پەراسووی ئادەم ، ئەسڵی بابەتەکەی لەمەوە نەقڵ بووە بەهەڵە )پاشان برینەکانی هەرچواریانی دوریەوەو بە ئاگای هێنانەوەو گوتی(تەواو بووم . )نینماهیش گوتی :لێیان گەڕێن با بە ئازادی هات و چۆ بکەن . هەتا برینەکانیان سارێژ دەبێت.

ئادامو و تی ئامات ئازاد کران لە ئێدن (عەدەن )نیشتەجێ کران ، بۆ ئەوەی ئازاد بن لە گەڕان و هات و چۆ، پاش ئەو نەشتەرگەریە، ئەم جووتە هەستیان بە ڕووتی و بێبەرگی خۆیان کرد (هەروەک لە پەڕاوە ئاسمانەکانیشدا بە :بدت لهما سؤاتهما وطفقا يخصفان عليها من ورق الجنة-سورة الاعراف )ئەندامی نێرینەو مێیینەکانی خۆیان ناسی .تی ئامات بە گەڵای دارەکان ئەندامی مێیینەکەی خۆی داپۆشی، وەک جیاوازیەک لەگەڵ ئاژەڵە کێویەکان لەو ساتەدا بەهۆی پلەی گەرمی تیشکی هەتاو ئەنلیل(واتە ئەوەی کە خەڵک بە شەیتانی دەناسێنن )لە سێبەری فێنکی دارەکانی باخچەکانی ئێدن پیاسەی دەکرد .لە پڕ چاوی بە ئادەمو و تی ئامات کەوت و بینی ئەندامی زاوزێکانیان بە گەڵای دار داپۆشیوە، بە سەرسوڕمانەوە گوتی :ئەمە چیە؟ یەکسەر ئەنکی (خوا)ی بانگێشتکرد بۆ ئەوەی سەبارەت بەم دیاردە نامۆیە ڕوونکردنەوەی بداتێ .ئەنکیش هات و هەموو مەسەلەکەی بۆ باسکرد کە پەیوەندی بە زاوزێ و منداڵ بوونی ئەو بوونەوەرانەوە هەیە، ئەنلیل زۆر تووڕە بوو .بە دەنگێکی بەرز هاواری کردو گوتی :من هەر هەموو ئەم شتانەم بە دڵ نیە، ناڕازی بووم لەسەر کارەکان وەک هێنەرە بوون (خالق )ئەنکی وەڵامی دایەوەو گوتی :بوونەوەرەکان خۆیان هەن، هەموو ئەوەی کە پێویستە بیکەین ، دەرخستنی جێدەستی خۆمانە لەسەریان، بەوەش کرێکارە سەرەتاییەکان دیزاین دەکەین .ئەنلیل بە تووڕەییەکی زۆرەوە گوتی :ژیانی نینکی ونینماهت

مەترسیدارکرد، هەموو کارەکانت بێهودە بوو .سەرکەوتوو نەبووی لەو شتانەی بە دەستەکانت دروستتکردن .ئێستاش دواین بۆ هێلی بوونمانت دا بەم بوونەوەرە، بۆ ئەوەی وەک ئێمە درک بە هۆشیاری منداڵبوون بکەن .لەوانەیە درێژیی تەمەنیشمانت پێ بەخشیین .بەرامبەر بەم تووڕە بوونە زۆرەی ئەنلیل، ئەنکی ناچار بوو بانگی نینگیشزیداو نینماهـ بکات بۆ هێور کردنەوەی



ئەنلیل .نینگیشزیدا گوتی :گەورەم ئەنلیل، هۆشیاری منداڵ بوونمان پێدان، لقی درێژی تەمەن لە درەختی ناوەڕۆکەکەیاندا بوونی نیە( کەواتە ئەو چیرۆکەی کە لە لایەن پەڕاوە ئاسمانیەکاندا بە گفت وگۆی نێوان خواو شەیتان لێک دەدرێتەوە، تەنها ڕووداوێکە کە لە نێوان دوو زڕبرادا روویداوە )پاشان نینماهـ قسەی کردو بە ئەنلیلی برای گوت :هەڵبژاردەیتر چیە برام(کەواتە ئەوان لە ناچاری ئەو کارەی پیتاندنەیان ئەنجام داوە ،نەبادا ئەنوناکی و ئیگیگیەکان لێیان ڕاپەڕن و مان بگرن و چیتر کار نەکەن، نەوەک لەبەر گەورەی ئەو مرۆڤە بێ کە لە لایەن ئاینەکانەوە کراوە بە چەقی هۆشمەندی و ویستی خوا )ئەنجا بەردەوام بوو گوتی : کۆتایی هێنان بە هەموو شتێک بەسەرنەکەوتویی و نیبیرو ڕووبەڕووی دواڕۆژە ئازار بەخشەکەی ببێت؟ یاخود هەوڵ دان و هەوڵ دان و هەوڵ دان .بە منداڵبوونیش وا لە ڕۆڵەکانی زەوی دەکەین لە جیاتی ئێمە بارە قورسەکە لە ئەستۆ بگرن .ئەنلیل هەر بە تووڕەییەوە گوتی :دەکەواتە با لەو شوێنە بن کە پێویستە لێی بن .دەریان کەن، دووریان خەنەوە لە ئێدن(عەدەن، ئەو ناوجەیەی کە خەڵک پێی وایە بەهەشت بووە )بیان نێرن بۆ ئابزو( .هەر ئەم دیمەنەیە کە لە پەڕاوە ئاسمانیەکاندا بە -قال اهبطوا منها جمیعا -بەڵام ئەوەی لە ڕووداوەکەدایە ، ئەوەیە شەیتان دەڵێ :بچنە دەر، بەڵام لە پەڕاوە ئاسمانیەکان دا کراوە بە -الرحمن) بەم جۆرە ، ئادەمو و تی ئامات بە ئەمری ئەنلیل لە ئێدن دەرکران و گەڕێنرانەوە بۆ ئابزو .هەر لەم سەروبەندەدا چەند گروپێکی حەوتینە لە کچە پاڵەوانە ئەنوناکیەکان هەروەک نینکی و نینماهـ خۆبەخشانە، هێلکە پیتێنراوەکانی بوونەوەرە تازەکانیان لە ڕەحمیاندا هەڵگرتبوو، ژمارەیەکی زۆریان لە کچ و لە کوڕ هێنایە لە دایک بوون(رووداوەکە بە پێچەوانەی چیرۆکی پەڕاوە ئاسمانیەکان کە پێیان وایە تەنها ئادەم وحەوا دایک و باوکی مرۆڤن، نەخێر بەڵکو ئادەم و

حەوا یەکەم نموونە بوو بۆ ئەو کارە )نینگیشزیدا بەهەمان شێوە دەستکاری بۆ هێلی ئەوانیشی کردبوو بۆ ئەوەی بتوانن منداڵیان ببێت.

سەلماندنی ڕووداوەکانی ئەم مێژووەو دۆزینەوەی کتێبە ون بووەکەی ئەنکی کە تەواوی ئەو زانیاریانەی لە خۆ گرتوە، دەلالەتە لەسەر بوونی هەرەمێکی هۆشمەندی ، واتە ئێمە لە لایەن بوونەوەرانێکەوە پیتێنراوین و خولقاوین ، ڕەنگە

٢٠١

ئەوانیش لە لایەن بوونەوەرانێکی هۆشمەندتر لە خۆیان خولقێنرابن و ئەوانیش لە

لایەن بوونەوەرانی تری هۆشمەندتر خولقێنرابن و بەو شێوەیە هەرەمەکە ، ڕەنگە کۆتایەکەی ئێمە بێتین و سەرەتاییەکەشی دیار نەبێت و بەهۆی پێشکەوتنەکانی مرۆڤەوەش ، ڕەنگە ئێمە حەڵقەیەکی تر لەو هەرەمە زیاد کەین و ببینە پیتێنەری بوونەوەری هۆشمەند .کەواتە ئەوە دەمانگەیەنێ بە دەرەنجامێک کە ڕەنگە (هەموو بوون ، تەنها بریتی بێ لە هۆشێکی مەزن )بەهەرحاڵ بابێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان.

پاش نۆ مانگ لە دەرکردنیان لە ئێدن،ئادەمو و تی ئامات جمکێکیان بوو، کچێک و کوڕێکیان بوو .هەروەها ئەوانیتریش هەموو منداڵیان بوو (ئەو کچانەی کە وەکو حەوا هێلکەی پیتێنراویان لە ناو ڕەحمدا بۆ دانرابوو )بەم جۆرە، ژمارەی ڕۆڵەکانی زەوی لە زۆربوونێکی بەردەوام دا بوون .لە ماوەی کەمتر لە (شار)یکی ساڵی نیبیرو (کە دەکاتە ٣٦٠٠ساڵی ئێمە )ئیدی ئەنوناکیەکان ڕزگاریان بوو لە کاری قورسی دەرهێنانی کانی ئاڵتون (ڕەنگە هەر ئەم توراسی بیرکردنەوەیە بووبێ کە بەهای بەخشیوە بە ئاڵتون لای خەڵکی زەوی )ئەم کرێکارە سەرەتاییانە(مرۆڤە کۆیلەکان )زۆر بە باشی کارو ئەرکەکانی پاڵەوانە ئەنوناکیەکانیان ئەنجام دەدا .گەرمای هەتاوەکە ، کەمتر کاری تێدەکردن کەمتریش ماندوو دەبوون .ئەوان تەنها بەرامبەر تێرکردنیان کاریان دەکرد(کەواتە ئەنوناکیەکان مرۆڤیان تەنها بۆ کۆیلەیی و کارو خواردن و خواردنەوە بۆ کار کردن بەرهەم هێنا بوو لەگەڵ زاوزێ کردن .هەربۆیە یاساکانیان بۆتە ئاین لای خەڵکی زەوی لە کۆیلایەتی وکارکردن و خواردن و خواردنەوەو سێکس و ڕابواردن، بۆیە سەیری ئاینەکان بکەن کە تێیدا عەقڵ هیچ وەزیفەیەکی نیە

،چونکه هەر لەسەر ئەو بنەمایەبنیات نراوە، تاکو لە دونیای ، ئەوا لەسەرتە ئیماندار بی بە پرەنسیپە ئاینیەکان ، وە ئیمانیش بە پێوەری ئاین دەچێتە ناو دڵەوەو ناچێتە عەقڵەوە ،بۆیە نەقڵیان کردۆتە بەدیلی عەقڵ، وە بۆ ژیانەکەی تریش کە بەهەشت و دۆزەخێکی خەیالی و درۆینەیە .دیسان تەنها ناوگەل و ورگ ڕۆڵی خۆی هەیەو دیسان عەقڵ بوونی نیە)

٢٠٢

کوڕەکانی ئەنلیل و ئەنکی(شەیتان و خوا لە بیروباوڕی خەلکی)لەگەڵ زڕخوشکەکانیان و کچە پاڵەوانە ئەنوناکیەکان هاوسەرگیریان کرد .منداڵیان بوو، بەم جۆرە نەوەیەکی نوێی ئەنوناکی لەسەر هەسارەی زەوی هاتنە دونیاوە. ئەنوناکیەکانی سەرزەوی ، وێڕای ئەوەی نیبیرو تەمەن درێژی پێ بەخشیبوون، بەڵام بەهۆی خێرایی خولانەوەکەی هەسارەی زەوی، خێراتر گەورە دەبوون، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی سەر هەسارەی نیبیرو .

بەم جۆرە ئەنوناکیەکان ژمارەیان زیادی کرد لە ئیدن .بۆیە لە ناوچەی ئێدن شاری تازە هاتە دامەزراندن .کاروئەرکەکانی سەرپەرشتی کردنی شارەکانی ئێدن(عەدەن)زیادی کرد.

پاڵەوانە ئەنونکایەکان (کرێکارە ئەنوناکیەکان )هاواریان لێ هەستا، دەیانگوت : دەبا کرێکارە سەرەتاییەکانی ئابزو بهێنرێن بۆ ئێدن بۆ کارکردن و کەم کردنەوەی بارستایی کارەکان لەسەر شانی پاڵەوانە ئەنوناکیەکان، بەم جۆرە ئەوان دەیانگوت :ماوەی چل(شار)ە ،واتە (١٤٤هەزار ساڵی ئێمە )کرێکارە سەرەتاییەکان تەنها لە ئابزودا کار دەکەن .قورسی کارەکانمان لە ڕادەبەدەرە ئیدی بەرگەی ئەم کارە زۆرانە ناگرین .دەبا کرێکارە سەرەتاییەکان بۆ ئێمەش بێنن. ئەنلیل و ئەنکی تاوتوێی ئەم پرسەیان دەکرد، هێشتا نەگەیشتبوونە بڕیار، نینورتای کوڕی ئەنلیل سەربەخۆ بڕیاری خۆیدا لەم بارەیەوە، نینورتا فەرماندەیی پەنجا چەکداری لە پاڵەوانە ئەنوناکیەکان کرد، ئەم تیمە ئەنوناکیە چوون بۆ ئابزو، لە دەشت و دارستانەکانی ئابزودا بە تۆڕ نێرینەو مێیینەکانی کرێکارە سەرەتاییەکانیان(واتە ڕاوکردنی مرۆڤ )ڕاو کردو ژمارەیەکی زۆریان لێ بە دیل گرتن و هێنانیان بۆ ئێدن(ناوچەی عەدەن) ئەم کارەی نینورتا، ئەنکی و ئەنلیلی توڕەو بێزار کرد .ئەنلیل بە کوڕەکەی خۆی گوت :تۆ بەم کارەت قسەو

بڕیاری منت شکاند .من بڕیاری دەرکردنی ئەم بوونەوەرانەم دابوو لە ئێدن ،بەڵام تۆ هێناتەوە بۆ ئێدن .نینورتاش وەڵامی باوکی دایەوەو گوتی :من بەم کارەم تووڕەیی و بێزاری ئەنوناکیەکانم خامۆش کردەوە، پاش چەند (شار)ێکی تر کێ گوێ بەمە دەدا .ئەنلیل بە نابەدڵیەوە گوتی :دەبا وابێت، با خێراکەین لە کۆکردنەوەی ئاڵتون و هەموومان بگەڕێینەوە بۆ نیبیرو.

٢٠٣

.لە ئێدن، ئەنوناکیەکان بەسەرسامیەوە چاودێری ڕۆڵەکانی زەویان دەکرد، ڕۆڵەکانی زەوی زیرەک بوون، لە سەرکردایەتیکردندا حاڵی بوو .هەموو جۆرە کارێکیان گرتە دەست ،بەڕووتی ئەرکەکانیان ئەنجام دەدا .نێرەکان لەگەڵ مێیەکان بەردەوام لە زاوزێ کردندا بوون .منداڵ بوونیشیان خێرا بوو .بە زۆر بوونی ژمارەی ڕۆڵەکانی زەوی، ئەنوناکیەکان کرێکاریان دەستکەوت، خۆراک بەشی ئەنوناکی نەدەکرد .لە شارەکان لە دۆڵەکان ،لە بێستانەکان، لە گردۆلکەکان، ڕۆڵەکانی زەوی بەردەوام بەدوای خواردندا دەگەڕان، لەو سەردەمانەدا هێشتا دانەوێڵەکان نەهێنرابوون لە نیبیرو بزنەکان بوونیان نەبوو، کاوڕەکان شێوەیان دانەڕێژرابوو.

سەبارەت بەم دۆزە، ئەنلیل بە تووڕەییەوە قسەیکرد لەگەڵ ئەنکی .گوتی: بەکارەکانت ئەم شلەژانەت هێنایەکایەوە، بۆیە دەبێت چارەسەرێکیش بۆ ڕزگار بوون بدۆزیتەوە

بە زۆربوونی ژمارەی ڕۆڵەکانی زەوی، ئەنکی خۆشحاڵ بوو، لە هەمان کاتیشدا نیگەران بوو .بەزۆربوونی ژمارەی کرێکارە سەرەتاییەکان، ئەرکەکانی ئەنوناکیەکان کەم بوونەوەو نارەزاییەکانیش نەمان .لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی ڕۆڵەکانی زەوی، ئەوەی کە بەخۆڕسک(سرووشتی )دەڕوا لە زەوی، ئیدی بەشی هەموانی نەدەکرد، لە ماوەی سێ شاردا(واتە دەهەزارو هەشت سەد ساڵ )بڕی ماسیەکان و باڵندەکانیش کەم بوونەوە، بەشی نەدەکرد بۆ تێرکردنی هەموان .بۆیە ئەنکی لە مێشکی خۆیدا پلانڕێژی بۆ پلانێکی نوێ دەکرد، بەنیازبوو ڕەگەزی مرۆڤی شارستانی بهێنێتە بوون .بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤانە ئیدی توانای ئاژەلداری و ڕواندنی دانەوێڵەیان هەبێت .بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پلانەکەی، ئەنکی بەچڕی چاودێری ڕۆڵەکانی زەوی دەکرد لە ئابزو، هەروەها

به لەبەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتیشیان لە ئیدن و لە بێستانەکان بیری دەکردەوە لەو هۆکارەی کە وا لەم بوونەوەرانە بکات بتوانن ئەم ئەرکانە ئەنجام بدەن(کشتوکاڵ و ئاژەڵداری )بیری دەکردەوە دەبێت چی لە بۆ هێلەکەیان کەم بێت، چاودێری چەند نەوەیەکی یەک لە دوای یەکی ڕۆڵەکانی زەوی کرد، نیگەران بوو لە دەرئەنجامی چاودێریەکەی، بۆی دەرکەوت بەهۆی جووت بوونی بەردەوامیان، ڕەفتاریان



بەرەو خراپتر دەڕوات، دەگەڕێنەوە بۆ دواوە بۆ ڕەچەڵەکە کێویەکەیان. ئەنکی زۆر بە نهێنی بیری لەم پلانەی دەکردەوە، لە زۆنگاوەکان و لە گوێ ڕووبارەکان تەنها لەگەڵ وەزیرەکەی کە ناوی ئیسیمود بوو، نهێنی پارێزی بوو، چاودێری هەڵسوکەوتی ڕۆڵەکانی زەوی دەکرد،لەکەناری ڕووبارێکدا ئەنکی چاوی بە کۆمەڵێک کچی سەرزەوی کەوت کە مەلەیان دەکردو لە خۆشنوودیدا سەمایان دەکرد، ئەنکی(ئەوەی کە لە لای خەڵک بە خوا ناسراوە )چاوی بڕیە دوو کچ لەم گرووپە کچە کە جوانترینیان بوون، لەش و لارێکی مێیینەی سێکسیان هەبوو، ئەم دیمەنە هەستی سێکسی ئەنکی وروژاند .ئەنکی بە ئیسیموودی گوت : ئەم کچە وردیلانە ماچ بکەم؟ ئیسیموود لە وەڵامدا گوتی :من بەلەمەکە لە کەنارەکە نزیک دەکەمەوەو تۆش وردیلەکان ماچ بکە .

بەم جۆرە ئەنکی لەگەڵ دوو کچ لە ڕۆڵەکانی زەوی جووت بوو .سپێرمی خۆی کردە ناو ڕەحمی دوو مێیینەی ئەو بوونەوەرەی کە خۆی هێنا بوونیە بوون، پاشان ئەم دوو کچە دوو گیان بوون، ئەنکی وەزیرەکەی خۆی ڕاسپارد چاودێری دوو کچەکە بکات هەتا منداڵەکانیان دەبێت .لە کاتی دیاریکراودا هەردووکیان لە ئێدن منداڵەکانیان بوو، لە هەمان ڕۆژدا، یەکێکیان کوڕو ئەویدیکەشیان کچێکی بوو، ئیسێموود بە پەلە ئەم هەواڵەی بە ئەنکی گەیاند، ئەنکی زۆر خۆشحاڵ بوو، فەرمانی پێکرد، با بەشیری مەمکی دایکەکانیان پەروەردە بن، پاشان دەیانهێنمە لای خۆم، هەروەها ئەنکی بە نهێنی مانەوەی ئەم کارەی بۆ وەزیرەکەی دووپات کردەوەو پێی گوت :بە خەلکی بڵێ کە لە دوو سەبەتەی قامیشدا لەنێو درەختە خۆڕسکەکاندا دۆزیمنەتەوە.

ئەم کارەی کە ئەنکی کردی ،بەبیری هیچ کەسێکدا نەدەهات .لە دایک بوونی بوونەوەرێک لە دایکێکی کچی سەرزەوی و باوکێکی ئەنوناکی .ئەنکی بەم کارەی مرۆڤی ژیری شارستانی هێنایە بوون .

پاش تەواو بوونی ماوەی شیرەخۆرەیی ، ئیسیموود دوو منداڵەکەی لەناو سەبەتەی زەل لەنێو درەختە خۆڕسکەکان دۆزیوەتەوە .نینکی هاوسەری ئەنکی بەبێ هیچ جیاوازیەک، هەروەک منداڵی خۆی ئەم دوو منداڵە هەڵگیراوەی خۆشویست و

٢٠٥

پەروەردەی کردن .ناوی کوڕەکەی نا(ئاداپا )واتە :هەڵگیراو .ناوی کچەکەشی نا(تیتی)واتە :گیانلەبەر یان زیندەوەر.

ئەم دوو منداڵە جیاواز بوون لە منداڵەکانی دیکەی زەوی، لە گەورە بووندا خاوتر بوون، بەڵام لە تێگەیشتن دا خێراتر بوون، ئاداپاو تیتی زیرەک و بەهرەمەند بوون .توانای قسەکردنیان هەبوو، ئەنکی خودی خۆی ئاداپای فێری زانست دەکرد (هەر ئەم فکرو فەرهەنگەیە نەقڵ کراوەتە ناو پەڕاوە ئاسمانیەکان بە دەستەواژەی -علم الانسان ما لم یعلم )تیتیش لە کاری دەستیدا بەهرەدار بوو(هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کەوا لە زانستدا پیاو پشکی شێری بەرکەوتوە لە پەڕاوە ئاسمانیەکان و ژن پەراوێز خراوە، هەروەک دەڵێ-وعلم آدم الاسماء کلها -بەبێ ئاماژەدان بە ژن)

بەڵێ، تیتیش لە کاری دەستیدا بەهرەدار بوو، کە لە لایەن نینکیەوە فێری کاری دەستی دەکرا، ئەنکی زۆر دڵی بەم دوو منداڵە خۆشبوو، بە ئیسیموودی دەگوت : کەسانی شارستانیم هێنایە بوون، لەتۆوی منەوە جۆرێکی نوێ لە ڕۆڵەکانی زەوی لە شێوەو شکلی خۆم هاتنە بوون( .هەر ئەمەیە کە فەرمووده بۆمان دەگێڕێتەوە کە خوا، ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردوە،سەرەڕای هەموو ئەمانەش ،لێرەوە بۆمان تەحقیق دەبێ کە ئادەم نەک هەر باوکی مرۆڤایەتی نیە ، بەڵکو باوکی گەلێکی دوابڕاوەن و ئاداپاو تیتی دایک و باوکی ڕۆڵە شارستانیەکانی زەوین بێگومان ئەویش لە دایکێکی زەوی و باوکێکی ئاسمانی کە باوکە ئاسمانیەکە ناوی ئەنکیەو لە بیروباوەڕی خەلکدا ئەو ئەنکیە خوایە، بەو پێیە فەرهەنگی -خوا باوکی فلان پێغەمبەرو فلان پێغەمبەرە -لە دایک بووە، ڕەنگە لە دایک بوونی عیساش لەهەمان دەرهاویشتەوە سەرچاوەی گرتبێ و ڕەنگە ئەنوناکیەکان هەڵیانکێشابێتەوە بۆ هەسارەکەی خۆیان و لەکاتێکی تردا جارێکی بیهێننەوە سەرزەوی ، بەتایبەت وەک ئەو بیردۆزەیەی کە ئەنیشتاین پشت ڕاستی کردۆتەوە ، کە کات تەنها لێرەدا بوونی هەیە ،لەشوێنەکانی تری گەردوون کات خاوترە یان هەر بوونی نیە .کەواتە ئەو بیروباوەڕەی خەڵک بۆ هێنەرەبوونی

(خەڵق)ی مرۆڤ دروستە کە خوا بە باوکی مرۆڤ دەزانێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ خوای هێنەرەبوونی هەموو شتێک ،دروست نیە)



ئاداپاوتیتی زاوزێیان کرد، دووانەیەکیان بوو، ئانو (باوکی ئەنکی،هەروەک چەندین جار ڕوونمان کردۆتەوە کە ئەنکی لە بیروباوەڕی خەلکیدا بۆتە خوا )کە ناوبانگی زیرەکی و لێهاتوویی ئەم دوو بوونەوەرە نوێیەی پێڕاگەیەنرابوو، فەرمانی کرد با تیتی لە ئێدن بمێنێتەوەو منداڵەکانی پەروەردە بکات .ئاداپاش ڕەوانەی نیبیرو بکرێ(واتە :هەسارەی ئەنوناکیەکان )بەم جۆرە ئاداپا یەکەم ڕۆڵەی زەوی بوو کە گەشتی ئاسمانی کردو چوو بۆ حزووری ئانوو(هەر ئەم فکرو فەرهەنگەیە کە ڕووداوی میعراجی لێ هاتۆتە دی )بەر لە گەشتەکەی، ئەنکی ئامۆژگاری ئاداپای کردو پێیگوت :نابێت بە هیچ جۆرێک نە خواردن و نەخواردنەوەی نیبیرو بخۆیت ( .هەر ئەمەشە وردە وردە -ولا تقربا هذه الشجرة -ی خستۆتە نێو پەڕاوە ئاسمانیەکان )

ئەنکی تەنها بۆ ئانوی باوکی ڕاستی ڕەچەڵەکی ئەم بوونەوەرە شارستانیەی درکاند .سەبارەت بەم کارەی، بۆ باوکی پاساوی هێنایەوە بە بیانوی ئەوەی نەوەیەکی شارستانی لە ڕۆڵەکانی زەوی بهێنێتەبوون کە توانای کاری وەرزێری و ئاژەڵداریان هەبێت و ئەنوناکیەکانی سەرزەوی لە قات و قڕی و کەمخۆراکی ڕزگار بکات .ئیتر ڕووداوەکە لێرە بە دواوە ، قابیل و هابیل دێنێتەوە ناو باس و خواسەکانەوە

ئەنکی لە نامەیەکی نهێنی دا، کە لەگەڵ ئاداپا ڕەوانەی کردبوو، ئەم ڕاستیە شاراوەی بۆ باوکی درکاندو ئاماژەشی بەوە کردوە کە نابێت ئاداپا لەسەر هەسارەی نیبیرو ،نە نانی تەمەن درێژکەرو (هەر ئەو نانەیە کە لە ڕیوایەتەکاندا بۆتە خواردنی داری گەنم )نە گیراوەی میوەکانی ئەو هەسارەیە بخوات، دەبێت ئاداپا بگەڕێتەوە بۆ هەسارەی زەوی، دەبێت لەسەر زەوی بژێت و بمرێت، دەبێت چارەنوسی ئەو مردن بێت، ئانو سەرسام بوو لە نامە نهێنیەکەی کوڕەکەی، نەیدەزانی پێبکەنێت یان تووڕە بێت (هەر ئەم پێکەنین و تووڕە بوونەیە کە لە ڕیوایەتەکاندا هاتوە کە خوا ، پێدەکەنێت و تووڕە دەبێت)

ئانو پاشای نیبیرو سەبارەت بە ئاداپا ئەم بڕیارەی دەرکرد، دەبێت ئاداپا بگەڕێتەوە

بۆ سەر زەوی، دەبێت نەوەکانی ئەو ، کێڵگەکانی زەوی بکێڵن و لە لەوەڕگاکاندا ئاژەڵداری بکەن .

بەم جۆرە بە بڕیاری ئانو، ئاداپا گەڕایەوە بۆ سەر زەوی و لەگەڵیدا هەندێک جۆر تۆوی دانەوێڵەی نیبیرویان ڕەوانەی هەسارەی زەوی کرد، کە بتوانرێت لە خاکی زەویدا تۆو بکرێت و بەرووبوومی هەبێت ، پاشانیش هەر بە بڕیاری ئانو، نینگیشزیدا بوو بە مامۆستای ئاداپا، مەردۆخیش بە ئەنکی و ئەنلیلی گوت :دەبا منیش ببم بە مامۆستای دوو منداڵەکەی ئاداپا .ئەنلیلیش گوتی :با مەردۆخ ببێت بە مامۆستای یەکێکیان (با ئاماژەیەک بەوەش بدەین کە نینگیشزیدا کوڕی ئەنکیە ،واتە کوڕی خوا .وە مەردۆخیش کوڕی ئەنلیلە واتە کوڕی شەیتان، ئەمە بەگوێرەی بیروباوەڕی خەلک )وە نینورتاش ببێ بە مامۆستای ئەویتریان. نینگیشزیدا لەگەڵ ئاداپاو تیتی مایەوە لە(ئەریدۆ )ئاداپای فێری بیرکاری و نووسین کرد(لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە یەک خاڵی زۆر گرنگ بکەم ، ئەویش ئەوەیە کە ئەنوناکیەکان لاریان نەبووە لە فێرکردن و زانست بەخشین بە ڕۆڵەکانی زەوی، بەڵکو زۆر هاندەریش بوونە لەو بوارەدا ، بەڵام ئەوەی کە ئەوان بەلایانەوە گرنگ بووەو لە خەلکیان شاردۆتەوە، ئەویش خۆ لادان بووە لە حەقیقەت ،واتە هەرگیز نەیانویستوە ڕۆڵەکانی زەوی بە حەقیقەت بگەن و لە حەقیقەت تێبگەن، بۆیە هەرکاتێ کە ئاستی هۆشیاری ڕۆڵەکانی زەوی بەرز بۆتەوە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لە ڕێگەی بیرکردنەوەو زانین و فەلسەفەوە ، ئەوا خێرا ڕۆڵەیەکی زەویان هەڵبژاردوە بۆ پەیامبەرێتی و ئەو شارستانیەتەیان پێ لەناو بردوە ، وەک شارستانیەتەکانی عادو ثەموود و توببەع و شارستانیەتی فیرعەونەکان و ئیرەم و چەندانی تر ، جا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاریکاری ئەو پەیامبەرانەیان کردوە بۆ لەناو بردنی شارستانیەتی ڕۆڵەکانی زەوی .پێم وابێ مێژوو جارێکی تریش خۆی دووبارە دەکاتەوە لەو سەردەمەی ئێستامان داو ئەو شارستانیەتەی ئێستامان کە لە نەش و نما کردنە بۆ ئەوەی کە لە ڕاستیەکان تێبگەین ، دووبارە ئەوان دەستیان دەبێ لە وێران کردنی و دووبارە گەڕانەوەی سەردەمی جاهیلیەت لەسەردەستی ئاینەکان )نینورتاش یەکێک لە جمکە کوڕەکەی ئاداپای برد بۆ (باد تیبیرا )ناوی لێ نا (کا ئین )واتە :ئەو کەسەی لە

کێڵگەدا خۆراک تۆو دەکات، فێری ئاودێری و زەوی کێڵان و دروێنەی کرد، نینورتا داسێکی لە تەختەی بۆ دروست کرد بۆ ئەوەی ببێت بە جوتیار لەسەر زەوی.

مەردوخیش کوڕەکەی دیکەی، لە دووانەکەی ئاداپا برد بۆ لەوەڕگاکان، مەردۆخ ئەم کوڕەیانی ناو نا (ئابائیل، کە لە لای خەلکی ئێستا بۆتە هابیل )واتە :پیاوی لەوەڕگا ئاویەکان، فێری چۆنیەتیی دروست کردنی گەوڕی کرد، پاشان چۆنیەتی شوانیکردن و چاودێری کردنی مەڕوماڵاتی فێرکرد .

پاشان لە نیبیرووەوە کرۆکی تۆوی مەڕو ماڵات و ئاژەڵە ماڵیەکان گەیشتنە سەرزەوی وهەروەها بۆ یەکەم جاریش ئاژەڵە چوار پێکانی هەسارەی نیبیرو گواسترانەوە بۆ سەر هەسارەی زەوی .دیارە پێشتر لەسەر ئەم هەسارەیەی خۆمان مەڕوماڵات نەبووە، بۆیە پێشتر ئاژەڵداریش نەکراوە لە هەسارەی زەوی، بۆیە سەرکردەکانی ئەنوناکی لەسەر زەوی  ئەنکی و ئەنلیل و نینماهـ ونینگیشزیدا کە ئافرێنەربوون(خالق(،)بۆیە دەبینین لە پەڕاوە ئاسمانیەکاندا لە زۆر جێگادا لە باسی خەلقی مرۆڤەوە ، گوزارشتەکە بە -کۆ -دەردەبڕدرێ ، بۆ نموونە -نحن خلقناکم-یان-انا خلقنا الانسان-و چەندان نموونەی تر )هەر چواریان کۆبوونەوەو بڕیاریان دا ماڵی ئەفراندن و شێوەڕێژی (دیزاین )دابمەزرێنن .بەمجۆرە بەرهەم هێنانی دانەوێڵەو بەخێو کردنی مەڕوماڵات لەسەر هەسارەی زەوی دەستی پێکرد.

دەقی نووسراوەکانی سەر تاتە قوڕی سۆمەریەکان((نینورتا مامۆستای کا ئین بوو بۆ کشتوکاڵ و دروێنە، مەردۆخیش مامۆستای ئابائیل بوو بۆ هونەری پەروەدە کردن و شوانکاریکردنی مەڕوماڵات، کاتێک کە یەکەم بەروبووم دروێنە کرا، کاتێک یەکەم کاوڕ گەورە بوو، ئەنلیل یاداشتێکی ڕاگەیاند بۆ سازدانی ئاهەنگی سەرەتاکان .لەبەردەم ئاپۆڕای ئەنوناکیەکان، یەکەم دانەوێڵەو یەکەم کاوڕ نمایشکرا، بە ڕێنمایی نینورتا، کا ئین قوربانیەکەی خستە بەرپێی ئەنلیل و ئەنکی، وە بە ڕێنمایی مەردۆخ ، ئابائیل قوربانیەکەی خستە بەر پێی ئەنلیل و ئەنکی، ئەنلیل بەرەکەتی پیرۆزی خۆی بەهەردوو براکە بەخشی و هەوڵەکانیانی بەرز نرخاند .ئەنکێ باوەشی کرد بە مەردۆخی کوڕی و مەڕەکەی

بۆ ئامادە بووان بەرز کردەوەو گوتی ئێستا بۆ زەوی گۆشت بۆ خواردن و خوریشم بۆ جل و بەرگ فەراهەم کردوە ))سەیری ئەم بەسەرهاتە بکەن و تێبفکرن کە ئێستا لەنێو ئاینەکاندا چۆن ئەم بەسەرهاتە بەرگێکی پیرۆزی کراوە بەبەرداو کا ئین و ئابائیل کە کراون بە قابیل و هابیل ، هەردوو پیشەکەشیان لەزۆربەی پەڕاوەکان دا هەر بریتی بووە لە کاوڕێک و بەرووبوومی دانەوێلە بۆ نەزرکردن .بەڵام چونکە لێرە بەدواوە ئەنکی ڕۆڵی پاڵەوانێتیەکە لە ئەنلیلی برای دەباتەوەو لە ئاینەکاندا دەبێتە خواو ئەو قوربانیەش کە کاوڕەکەیە لەلای ئەو پەسەند دەبێت و ئەنلیلیش ڕۆڵی شەیتان وەردەگرێ لەلای خەڵک و پیشەی شوانکارەیی دەبێتە پیشەیەکی پیرۆزو زۆربەی پێغەمبەران کە لەلایەن ئەنکیەوە چاودێری کراون ،لە شوانکارەکان بوون ، تەنانەت لە ڕیوایەتەکانیش دا وا نیشان دەدرێ کە شوانکارەیی پیرۆزەو ئەو کەسەش کە کشتوکاڵ دەکا بەکەسێکی ناحەزودزێو نمایش دەکرێ، ئێتر ئەوەیە کە ڕیوایەتەکان باسی لێوە دەکەن بە پەسەند بوونی قوربانیەکەی هابیل و پەسەند نەکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی کا ئین .

پاش تەواو بوونی ئاهەنگی سەرەتایی، کا ئین ڕووی گرژ بوو (واتە قابیل )پیرۆز نەکردنی لە لایەن ئەنکیەوە (خوا )کاریگەریەکی گەورەی دەروونی کردەسەر، پاش ئەوەی هەریەک لە دوو براکە، گەڕانەوە سەر کارو ئەرکەکانی خۆیان، ئابائیل بەخۆ بە گرنگتر زانینەوە تانەی لە براکەی دەداو دەیگوت :بەزۆر بوونی بەروبوومەکەی من ئەنوناکیەکان تێردەبن، منم ئەو کەسەی هێز بە پاڵەوانەکان دەبەخشێت، هەر منیش خوری بۆ دروستکردنی جل وبەرگ دەهێنمە بەرهەم، بەهۆی ئەم قسانەی ئابائیل، کا ئین هەستی بەسووکایەتی کرد و ناڕەزایی توندی دەربڕی وگوتی :من دەشت و دەر دەژێنمەوە، من وا لە کەنار زێیەکان دەکەم دانەوێڵەی قورسی تیا بڕوێت، لەم کێڵگانەشدا باڵندەکان زیاد دەکەن، لەم زێیانەشدا ماسیەکان زیاد دەکەن، من پارێزگاری لە بەرهەمی نان دەکەم ، بە ماسی و مریشک وا دەکەم کە خۆراکی ئەنوناکی جۆراوجۆر بێت، ئەم ناکۆکیەی ئەم دوو برایە درێژەی کێشا هەتا هاوینی داهاتوو، زستانی ئەو ساڵە باران کەم بوو، وشکە ساڵی بوو، سەرچاوەی ئاوەکان کەم بوون و لەوەڕگاکان وشک بوون .بۆیە ئابائیل ڕانەکەی هێنایە ناو کێڵگەی براکەی بۆ ئەوەی لە زێیەکان و جۆگەلاوەکان ئاو

بخۆنەوە، کا ئین بەم کارەی براکەی تووڕە بوو، داوای لێکرد ڕانەکەی دوور بخاتەوە، ئابائیل گوێی نەدا بە قسەی براکەی ، بەم جۆرە کێشمەکێشی نێوان جوتیاروشوان، شەڕی نێوان دوو برا هاتەکایەوە .بە مستەکۆڵە کەوتنە یەکتر، پاشان لە ئەنجامی تووڕە بوون و ڕقێکی زۆردا، کا ئین بەردێکی هەڵگرت و کێشای بەسەری براکەیدا، چەند جارێک لەسەریەک ئەم کارەی دووبارە کردەوە، هەتا ئابائیل کەوت و خوێنی ڕژا .کا ئین کە خوێنی براکەی بینی، هاتەوە هۆش خۆی و هاواری لە براکەی کرد، بەڵام تازە کار لە کار ترازا، براکەی خۆی کوشت.

بەهۆی ئەو تاوانەیەوە لە ئەریدۆ ، ئەنکی بڕیاری دوورخستنەوەی کا ئینی دا بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ خاکی ون بوو،هەروەها بۆ ئەوەی خۆی و نەوەکانیشی جیا بکرێنەوە،لە نەوەکانی تری ئاداپا، ئەنکی بڕیاریدا دەبێت شێوەیان جیاواز بێت، بۆ ئەم مەبەستەش نینگیشزیدا دەسکاری بۆهێلی کا ئینی کرد بە جۆرێک کە ئیدی خۆی و نەوەکانی (کۆسە )بن ،( پێدەچێ مەبەست لە خاکی ون بوو ،کیشوەری ئەمریکابێ ،لەبەر دوو هۆکار ، یەکەمیان چونکە کیشوەری ئەمریکا خاکێکی دابڕاوە لە کیشوەرەکانی تر، وە لەبەر ئەوەی چونکە خاکی هیندیە سوورەکانە ، لەبەر ئەوەی هیندیەکان کۆسەن و سمێڵ و ڕیشیان نییە .وە کا ئینیش دەسکاری جیناتی کراو کرایە کۆسە

بەم جۆرە ئیدی کەس نەما کە کاری کشتوکاڵی و ئاودێری وئاژەڵداری بکات لە ئێدن بۆ تێرکردنی ئەنوناکی و بۆ بەدەستهێنانی خوری بۆ دروست کردنی جلوبەرگ.

نوسراوی سەر تاتەقوڕەکانی سۆمەری ((ئەنوناکی گوتی :با ئاداپاو تیتی نەوەیان زیاد بکەن ،بە پیرۆزکردنی ئەنکی، ئاداپاو تیتی چەندجارێک زاوزێیان کرد،

چەندین جار هەرکچیان بوو، لە کۆتاییدا لە(شار-ساڵی هەسارەی نیبیرو)ی نەوەدو پێنج، ئاداپاو تیتی کوڕێکیان بوو.تیتی ناوی لێ نا)ساتی (بە واتای ئەو کەسەی جارێکی تر ژیان کۆدەکاتەوە، بەمەش نەوەکانی ئاداپا هاتە ژماردن .بەگشتی ئاداپاو تیتی ، سی کوڕوسی کچیان بوو، هەندێکیان جوتیارو هەندێکیشیان

شوانکارە بوون، لە پێناو ئەنوناکی کاریان دەکرد، بەشە خۆراک بۆ ئەنوناکی و مرۆڤە شارستانیەکان هاتەوە بەرهەم))

ئێمە لێرەدا هاتینە کۆتایی باسەکەمان دەمانەوێ گرێی بدەینەوە بە تیۆریەکەی داروین کاتێک خۆی ڕەخنە لە تیۆریەکەی خۆی دەگرێت و ناوی ناوە(ون بوونی ئەڵقەیەک لە زنجیرەی گەشەکردنی مرۆڤ )کە بەهۆی دەسکاری پیتاندنەوە ، مرۆڤی شارستانی تێکەڵەیەکە لە بوونەوەرەکانی سەرزەوی بوونەوەرەکانی هەسارەی نیبیرو.

ئایا ئەم دەسکاریکردنەی بۆ هێلی ئەو بوونەوەرە سەرەتاییە (کە دەکرێت بە مرۆڤە سەرەتاییەکانی ناو ببەین )لە لایەن ئەنوناکیەکانەوە، وەڵام و ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکی نییە بۆ ئەو بازدانە ناسرووشتیەی ڕەگەزی مرۆڤ کە لە کەمتر لە پەنجا هەزار ساڵ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ئێسکە بەبەرد بووەکانی جۆرە جیاوازەکانی شێوە مرۆڤەکان و مرۆڤە سەرەتاییەکاندا پێی گەیشتوەو پۆلێنی کردوون، ئایا یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەم تاقیکردنەوە زۆرانەی ئەنوناکی بۆ هێنانە بوونی بوونەوەرێکی ژیری هۆشمەند کە ئێستا بە مرۆڤ ناسراوەو لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانەشدا گەلێک جۆر بوونەوەری لە مرۆڤچوو هاتنەکایەوە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەش ڕاست بێت ، کەواتە پێدەچێت مرۆڤی نیاندرتاڵ یاخود مرۆڤی ژیر، نەوەکانی (ئادەمو )بووبن و مرۆڤی کرۆمانیۆنیش یاخود مرۆڤی ژیری هۆشمەند،نەوەکانی (ئاداپا )بن (ڕای نوسەر-دانا زەندی)

کێشمەکێشی فەلسەفەو ئاین و زانست لە بارەی خودا .

من بۆ ئەو سێ لایەنە، نموونە بە گوێدرێژێک و گالیسکەیەک لێخوڕێک ، دێنمەوە .
ئەگەر سەیری ئەرک و وەزیفەی هەرسێکیان بکەی، بۆت دەردەکەوێ لەو حاڵەتەدا گوێدرێژ ئەرکە سەرەکیەکەی بریتیە لە ڕاکێشان .وە گالیسکەکە ئەرکەکەی بریتیە لە هەڵگرتن ، وە ئەوەی کە گالیسکەکەو گوێ درێژەکە لێ دەخوڕێ، ئەرکەکەی بریتیە لە یەکخستنی ڕاکێشان و هەڵگرتن بۆ یەک ئاڕاستەی دیاری کراو .

بەڵام کێشمەکێشەکە لێرەدا لەوەیە کە ئەگەر ئەو سێ ئەرکە بسپێرین بەفەیلەسوفێک و زانایەک و کاهینێک و ڕۆڵی ئەو سێ کارەیان بە ئارەزوومەندانە بەسەردا دابەش بکەین، ئەوا هیچکامێکیان ئامادە نین ڕۆڵی گوێ درێژەکە ببینن .وە ئەگەر دیقەت بدەین دەبینین هەرسێکیان ڕۆڵی لێخوڕەکە بە ڕەوا بۆخۆیان دەبینن .

لەو حاڵەتەشدا کۆمەڵگا دابەش دەبێ بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز

کۆمەڵەیەک کە ئارەزووی فەلسەفەیە. ئارەزوو دەکا باشترین ڕۆڵ بۆ فەلسەفەکە بێ کەلێخوڕینە ئەویش بەسەر دوو گرووپ دا دابەش دەبن

گرووپی یەکەم /ئەوانەی دژە ئاینن ،حەزدەکەن ،خراپترین ڕۆڵ بدرێ بەئاین

گرووپی دووەم کە دژەزانستن،ئەوانیش حەز دەکەن خراپترین ڕۆڵ بدرێ بەزانست.

کۆمەڵەیەکی تر کە ئارەزووی لە زانستە: پێی وایە دەبێ ڕۆڵی لێخوڕینەکە بدرێ بەزانست. ئەویش دابەش دەبێ بەسەر دوو گرووپدا.

گرووپی یەکەم کە دژەفەلسەفەن، حەز دەکەن ڕۆڵی گوێدرێژەکە بدرێ بە فەلسەفە

گرووپی دووەم / دژە ئاینن، حەز دەکەن ڕۆڵی گوێدرێژەکە بووری بە ئاین.

کۆمەڵەکەیتر کە ئارەزووی لە ئاینە، حەز دەکەن ڕۆڵی لێخوڕینەکە بدرێ بە ئاین . ئەوانیش دابەش دەبن بەسەر دوو گرووپدا.

گرووپی یەکەم کە دژە فەلسەفەن ،حەزدەکەن ڕۆڵی گوێدرێژەکە بدرێ بە فەلسەفە.

گرووپی دووەم کە دژە زانستن، حەز دەکەن ڕۆڵی گوێدرێژەکە بدرێ بە زانست.

بەڵام لە دەرەوەی هەرسێ کۆمەڵەو شەش گرووپەکەیان، کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی یەکگرتوو هەیە کە ئامانجیان حەقیقەتە. بەلایانەوە گرنگ نیە کامیان لە کام بارودۆخ دا کام ڕۆڵ دەبینێ.

پێڕست


وتەی نوسەر ٣

پێشەکی ٤

هەرگیز خودا خۆی ناکاتە بابەت ٥

(نەبوون ، عەدەم ، سفر ) حەقییقەتە ٦

ئەودیوی بوون ، جیهانی نادیار یان نەبوون ٧

ژیان و بوون و ئاگایی ٩

خواوزانست ١٠

دیاریکردنی شێوەو قەبارە بۆ خوا لەلایەن ئاینەوە ١١

جیاوازی نێوان خوداو الله ١٤

خودا چیە؟ یان خودا کێیە؟ یان خودا چۆنە؟ ١٨

ئێمە چین؟ ١٩

ئێستایی بوون ٢٠

ڕیزیەتی کاروبارەکانی ٢١

خودا ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی تۆیە ٢٣

خودا نەدروستکارەو نە پێکهێنەرە ٢٤

سرووشت خۆی خالیقە ٢٥

باوەڕدارو بێباوەڕکۆکن لەسەر بەجەستە بوونی خوا٢٨

باوەڕی ساختە(ئیمانی موزەییەف) ٢٩

خاڵی بەهێزو لاوڵزی باوەڕ،بۆتە موعجیزەی ئاین ٣١

خودا بەکارهێنان ٣٢

گرەو کردن لەسەر خوا ٣٣

ئەو سیفەتانەی دراونەتە پاڵ خودا ٣٤

ئایا دەشێ خوا دەزگای سیخوڕی هەبێ؟ ٣٦
ئایا ترس بۆ خوایە یان بۆ بت؟ ٣٨
ئەو سیفەتانەی کە دراونەتە پاڵ خوا، هی مرۆڤن ٣٩
ئێمە هەموومان هەڵبژێردراوی خواین ٤٠
هەموو کەسێک پێغەمبەرێکە ٤١
وەزیفەی پێغەمبەرێتی ٤٢
پەیامی خوا ٤٣
کیتابی خوا ٤٤
سرووش(وحي) ٤٥
وێستگەکانی خواناسی ٤٦
خودا بەر لە تۆ بڕیاری داوە ؟ یان تۆ هۆکاری ٤٧
ئاینی خوا کامەیە؟ ٤٨
زیاتر بزانە دەربارەی ئەو بابەتە ٥٠
ئاین بۆ شوێنکەوتەیە یان بۆ کۆمەڵگا؟ ٥٤
ئاین هاوتەریبە لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ؟ یان دژیەتی؟٥٦
پەڕاوی ئاسمانی ٥٨
وشە مردوەکانی ناو پەیامە ئاسمانیەکان ٦٠
ئاین و گوناهـ وتاوان ٦١
گوناهـ چیە؟ ٦٣
جۆرەکانی تاوان ٦٥
گوناهـ یان نەخۆشی؟ ٦٧
ئایا لێبووردنی گشتی ئاین، لێبووردنێکی تەندروستە؟٦٩
لەلای ئاین ماف گرنگترە یان موقەددەسات؟ ٧٠

(شرك)هاوەڵپەرستی چیە؟ ٧١
خورافەی میزان لە دوارۆژدا ٧٢
خورافەی شەیتان ٧٤
پێوەری ئاین بۆ پیسی ٧٥
خوداو ئاین و ژن ٧٦
خوداو ئازادی ٨٠
تۆ چیت لە خودا دەوێ؟ ٨١
قەدەروقەزا چیە؟ ٨٣
ژیان ومردن ٨٥
بەهەشت ودۆزەخ ٨٧
خوا سەلماندوویەتی کە بەخشیویەتی ٨٩
حەلال وحەرام ٩٠
ئاین وهاوسەرگیری ٩٢
نەقڵ لەجێی عەقڵ ٩٤
ئاگایی ئەزەلیە ٩٥
خودا تەنها بیرکردنەوەو ئەندێشەتی ئازاد کردوە ٩٦
سوننەتی خوا ٩٧
خوای میزاجی ٩٩
خوای وەهمی ١٠١
خوای خەیاڵی ١٠٢
جیهانێکی جوانتر ١٠٤
ئەرک پێ سپاردن ١٠٦
شەریعەتی الله یان یاسای مرۆڤ؟ ١٠٨

| | |
|---|---|
| حوكم وفەرمانی خوا | ١٠٩ |
| یاسای جێگرەوە | ١١١ |
| ئایا خوا دەست دەخاتە ناو کاروبارەکانەوە؟ | ١١٢ |
| بێدەنگی خوا،چیمان پێ دەڵێ؟ | ١١٤ |
| مرۆڤ لەنێوان سێ خوادا | ١١٦ |
| ئایا خوا هیچ ئەرکێکی لەسەر شانە؟ | ١١٨ |
| ڕەخنەگرتن لە دەق نەک لە گەیەنەری دەق | ١١٩ |
| شوێنکەوتەیی | ١٢١ |
| سرووشتی مرۆڤ | ١٢٢ |
| سرووشت گوزارشتی خوایە | ١٢٣ |
| دیسان دەربارەی سرووشت | ١٢٤ |
| مرۆڤ وژەنینی وەتەرەکانی ژیان | ١٢٧ |
| یاسای خۆ گونجاندن و مرۆڤ | ١٢٨ |
| هەموو شتێک دوو ڕۆحی هەیە | ١٣٠ |
| وەسفی ڕۆح بە دیدێکی عاریفانە | ١٣٣ |
| ڕاست کردنەوەی چەمکی موسوڵمان وکافر | ١٣٤ |
| بەندایەتی | ١٣٦ |
| عیبادەت بۆ خوا یان تێگەیشتن لە خوا؟ | ١٣٨ |
| تەنها خۆت بپەرستە | ١٣٩ |
| ئیمان بە الله یان خوداناسی؟ | ١٤١ |
| نوێژ ئەنجامدان | ١٤٥ |
| الدعاء | ١٤٨ |
| گەڕانەوە(التوبە)بۆ خود یان بۆ خودا؟ | ١٤٩ |

ساتەکانی خوداناسی ١٥٠
وێستگەکانی پەیوەندی نێوان خوداو بوون ١٥١
وێستگەی سۆزوخۆشەویستی ١٥٢
لە خواناسیدا پابەندبوون هەیە نەک خۆڕادەستکردن ١٥٣
تێگەیشتن لەخوا لە ئاست تێگەیشتنی عەقڵە ١٥٥
خواناسی ڕاستەقینە ١٥٦
هیجرەت ١٥٧
حیساب و موحاسەبە ١٥٨
خوا ناتوانێ لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ کەسێک بکا ١٦٠
ئاین وترس ١٦٢
مرۆڤ مەحکومە بەزانین ١٦٤
بتپەرستی ١٦٥
بەڕاستی خوا بناسە ١٦٦
دونیای ڕازاوە یان خەیاڵی ڕازاوە؟ ١٦٨
گەردوون ژوورێکی تاریکە ١٦٩
ئایا مرۆڤ بە دروستی دروست بووە یان بەهەڵە؟١٧٠
مرۆڤ بوونەوەرێکی پیتێنراوە لەلایەن ئەنوناکیەکانەوە ١٧٢
کێشمەکێشی فەلسەفەوئاین وزانست ٢١٣
پێڕست ٢١٤

ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ بینیون
١-قورئان
٢-حدیث

٣- کتێبی بوون (دانا زەندی)

٤-کتێبی (موسوعة تأريخ الاديان)فراس سواح

٦-وتارەکانی دکتۆر عدنان ابراهيم

٧-احمد عبده ماهر

٧- دکتور محمد شحرور

٨-چەندسەرچاوەيەکی تريش